# کوردایەتی
# و
# ئایندەخوازی

# کوردایەتی و ئایندەخوازی

عومەر شێخمووس

بەرگی یەکەم

ناوی کتێب: کوردایەتی و ئایندەخوازی- عومەر شێخمووس

دیزاین: یاسین حسێن

چاپخانەی:

تیراژ:

ژمارەی سپاردن:

# ناوەرۆك


پێشەکی........................................................ ٧
کوردایەتی لەکوێوە بۆ کوێ... !..................... ٩
یەکێتی و پارتی پەندیان لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو
وەرنەگرت................................................ ٣٨
ئۆپۆزسیۆنی سوریا مافی ئۆتۆنۆمیان بۆ کورد
قبوڵکردووە................................................. ٥٥
عەبدوڵڵا ئۆج ئالان و مەسەلەی کورد............... ٦٣
هەڵوێستی یەکێتیی و پارتی بەرامبەر بەحکومەتی
عێراق........................................................ ٧٢
نابێ هیچ هێزێکی سیاسی لەخۆبایی ببێت.......... ٧٦
بۆ کورد دەرچوونی مەکین باشترە لەئۆباما......... ٨٣
دەستکەوتەکانی ئێستا لەناو دەچن!................. ٨٩
یەکێتیی خاوەنی کادیری لێوەشاوە و شارەزایە.... ٩٩
پارتی و یەکێتیی نەگۆڕێن،راپەڕین دەست پێدەکات ١٠٥
هەندێک لەسەرکردەکانی یەکێتیی لەسەر تەکەتول
راهاتوون.................................................. ١٢٢
پارتی باوەڕی بەمۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات هەیە..... ١٣٤
ئایندەی دیبلۆماسیەتی کوردی........................ ١٤٣
دەبێ ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو بۆ هەموو
کوردستان هەبێت........................................ ١٦٨
تورکیا و مەسەلەی کورد............................. ٢١٠

موحافزكارانی ناو یەكێتیی، ڕێیان لەگۆڕان گرت... ٢٣١
دوور نیە دوای كۆنگرە، گۆڕان و یەكێتیی پێكەوە
كار بكەن............................................. ٢٣٧
سەركردایەتی تازەی یەكێتیی ناتوانێت چارەسەری
كێشەكان بكات..................................... ٢٤٣
مام جەلال نزیكترین هاوڕێمە........................ ٢٥٢
مێدیای ئەمریكا و كورد............................. ٢٩٥
شۆڕش و ڕاپەڕینی سوریا........................... ٣١٠

هەواڵنامەی كتێب

# پێشەکی

* دڵنیام پێویست بەوە ناکات باس لە ژیانی کاک عومەر شێخموس بکەم، چونکە ناوێکی دیار و ناسراوی نێو کایەی سیاسی، حزبی، ڕێکخراوەیی، ڕۆژنامەنووسی و کولتوری کوردە، بەڵام ئەگەر بەڕێزێک زانیاری سەبارەت بە ژیانی کاک عومەر نیە دەکرێت ئەم کتێبەم بخوێنێتەوە: " پشکۆیەک لە خۆڵەمێش دا.. کورتەی ژیاننامەی عومەر شێخموس".

* ئەمە سێیەم کتێبی کاک عومەر-ە کە کاریی تێدا دەکەم و بابەتەکان ئامادە دەکەم و بۆ چاپخانەی دەنێرم، ویستم خۆی پێشەکی بۆ ئەم کتێبەی بنووسێت، بەڵام گووتی دەرفەتم نیە. چونکە ئاگادارم ماوەیەکە لەگەڵ دەستەیەک لە کەسایەتییە سووریییەکان سەردانی ولاتان دەکەن تا دەستوورێکی نوێ بۆ سوریا بنووسرێتەوە و مافی کوردیشی تێدا پارێزراو بێت.

* ئەو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا عەوداڵی کۆمەڵگایەکی سیکولار و دیموکرات و مافی چارەنووسە بۆ نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان، کردەوە و گوتارەکانی لە واقیع و لە نووسین و چاوپێکەوتنەکانی ڕەنگی داوەتەوە، لە ژیانی پێشمەرگاتیشدا خاوەنی هەمان پراسیپ بووە.

* لەم کتێبەدا دید و بۆچوونەکانی عومەر شێخموس بۆ ڕووداو و دەرهاویشتەی ڕووداوەکان لەسەر گۆڕەپانی

کوردستان دەخوێندرێتەوە، ئەو لە میانی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانیدا وەڵامی جۆرەها پرسیاری حزبی و سیاسی و ئیدارەدانی وڵات دەداتەوە.

* ئەگەر هەڵوەستە لەسەر مێژووی چاوپێکەتنەکان بکەین، ماوەی نێوانیان دوور و جیاوازە، بەڵام ئەو هەمیشە لە وەڵامەکاندا لە چوارچێوەی نەتەوەیی و کوردستانی لاینەداوە، خەمی ئەو، خەمی نیشتمانێکی هاوبەش و هاوسەنگ و ئیدارەدانێکی هاوچەرخە.

* بە هیچ شێوەیەک دەستکاری پرسیار و وەڵامەکان نەکراوە، وەک چۆن دوێنێ چاوپێکەوتنەکان لە تەلەفزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە، ئەمڕۆ ئێوە دەیخوێننەوە، کە دڵنیام لە ئایندەشدا دەبن بە سەرچاوەی بە سوودی مێژوویی.

* ئەمە بەرگی یەکەمە لە کتێبی" کوردایەتی و ئایندەخوازی" هیوادارین بەرگەکانی تریشی بە دوادابێن، چونکە دەیان چاوپێکەوتن ماون فریای ئەم بەرگە نەکەوتن.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
**هەولێر**
**٢٠١٩/١٠/٣**

هەولێرنامەی کتێب

# کوردایەتی لەکوێوە بۆ کوێ... !

ئەم گفتوگۆیەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە دەقی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنییە کە لەچوارچێوەی بەرنامەی (هەزارەی سێیەم)دا لەگەڵ سیاسەتمەدارو روناکبیر هۆمەر شێخمووس سازکرا بوو. بەرنامەکە شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ی تشرینی یەکەم لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان (PUK)ەوە پەخشکراوە، دەربارەی رێڕەوی بزووتنەوەی کوردایەتیو ئاسۆی سەرکەوتنی مەسەلەی کورد بوو. تێیدا هۆمەر شێخمووس وەلامی پرسیارەکانی رۆژنامەنووس ستران عەبدوڵلا، ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکەی دایەوە.

بابەتی ئەمجارەیبەرنامەی هەزارەی سێیەم دەربارەی بزووتنەوەی کوردایەتییە، "کوردایەتی لەکوێوە بۆ کوێ"؟ پرسیاری وروژێنراوی ئەم گفتوگۆیەیە: رێبازی کوردایەتی چییە؟ رەهەندەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو رێڕەوی پەرەسەندنی چیو چۆنەو دواجار چانسی سەرکەوتنی کوردایەتی لەهەزارەی سێیەمو سەدەی تازەدا تا کوێ بردەکات؟

سەرجەم تەوەرەکانی ئەم گفتوگۆیە رووی لەمیوانی بەڕێزمان هۆمەر شێخمووسە، مامۆستا لەزانکۆی ستۆکهۆلم، کە وەکو ئەکادیمیستێکو هەروەها وەک هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی کوردایەتی (کە مامۆستا خۆی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ک-ە) بەشداریمان لەگەڵدا دەکات.



هەواڵنامەی کتێب

***مامۆستا هۆمەر شێخمووس بەخێربێن، تەوەرەکانیو پرسیارەکانی ئێمە زۆرن، جارێ با بەو پرسیارە دەست پێبکەین کە چەندین ساڵە لەپێناوییدا خەبات دەکرێت. مەبەستم کوردایەتییە، ئەرێ کوردایەتی چییە؟**

–نەک هەر بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بەڵکو بەشی زۆری، ئەگەر نەڵێم هەموو، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی گەلانی دنیا لەبەر چەند هۆیەک دەست پێدەکەن، جیالەوەی کە هۆشیاری نەتەوەیی، بابڵێین پاش شۆڕشی فەرەنسا دەستیپێکردووە، بەڵام فاکتەرەکانی تر کە دەورێکی باڵا لەوە دەبینێ مەسەلەی مەترسی لەسەر مانو نەمانیانە، وەک نەتەوە، وەکوفەرهەنگو زمان، وەکو فۆلکلۆر کە دەکەوێتە مەترسییەوە، هوشیارییێکی زۆر بەهێز لەلای ئەو گرووپە، ئەو نەتەوەیە، ئەو گەلە دروست دەبێت بۆ پاراستنی بەردەوام بوونی ژیانی خۆی. ئەوە یەکێکیانە. فاکتەری دوو، لەپاش ئەوەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی، بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لەبەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا سەری هەڵداوەو دروست بووە. بێگومان ئەمە لەدەرەوەی ئەورووپا چونکە لەئەووروپا لەسەدەی شانزەو حەڤدەهەمدا لەهەندێ وڵاتی وەک سوید، فەرەنسا، ئینگلستان مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی دەستیپێکردووەو دامەزراوە، پاشان مەسەلەی لاساییکردنەوە دێتەگۆڕێ، گەلانی تر بەهۆی کولونیالیزمەوە هوشیاربوونەتەوەو داوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی

خۆیان کردووە و ئەوە گەیشتە پلەی هەرەبەرزی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پاش شەڕی جیهانی یەکەم.

فاکتەری سێیەم لەوەدایە کە هەندێ دەوڵەتی گەورە لەکاتی خۆی دەوڵەتی فرەنەتەوەیی بوون، وەک دەوڵەتی عوسمانلی، یان ئێران، یان نەمسا، هەنگاریا، یان هەندێ دەوڵەتیتر، ئەوانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی تازەدا ویستیان بەزۆر نەتەوەکانی تری ناوچەکە کەلەوڵاتەکانیان بوون بەزۆر لەناو قەوارەی خۆیاندا بتوێنەوە بەبێ‌ئەوەی پێناسەیان هەبێت یان بتوانن کەلتورو فەرهەنگو زمانی خۆیان بپارێزن، بەمە مەسەلەی چەوسانەوە، مەسەلەی توانەوەی بەزۆر مەسەلەی فەرقو جیاوازی دێتەگۆڕێ لەمامەڵەکردن لەنێوان گەلی زۆربەو گەلی کەمایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەستپێبکات. ئەنجا لێرە کوردایەتی چییە بەکورتی کوردایەتی ئەو هەستەیە کە خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی دەردەبڕێ، ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە هەوڵیداوە، خەباتیکردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوە بزووتنەوەی ناسیونالستی کوردییە کەخەباتدەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهەموو لایەنەکانییەوە ئەنجا مەسەلەی نەتەوایەتییە، مەسەلەی کۆمەڵایەتییە، مەسەلەی فەرهەنگو زمانە، بەهەموو ئەمانە دەڵێن بزوتنەوەی کوردایەتی.

***کاک هۆمەر، لەقسەکانت وا تێگەیشتم بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕەدفیعلە، چەند نەتەوەیەکی سەردەست نەتەوەی**

**کورد یان هەر نەتەوەیەکی ژێردەستیتر دەچەوسێننەوەو لەئەنجامی ئەوەدا بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی دروست دەبێ، ئایا بزوتنەوەی کوردایەتی بزوتنەوەیەکی رەسەنە، یان رەدفیعلی فیعلێکە؟**

-من وا بزانم یاخۆم باش تەعبیرم لێنەکردووە یان لەقسەکانی من تێنەگەیشتی. من باسی چەند فاکتەرێکم کرد کە بەیەکەوە بەستراوە. یەک لەوانە چەوسانەوەیە، بەڵێ چەوسانەوەیە رەدفعلێک هەیە رەد فعلی مەترسی لەسەر بوونو نەبوون، بەلام ئەوی تر مەسەلەی لاساییکردنەوەی مۆدیلێکە ئەوە خواستێکی مەشروعە لەلایەن هەموو نەتەوەیەک کەبیەوێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێت.

*** بزووتنەوەی کوردایەتی هیچ خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە جیاواز بێت لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی یان با بڵێین لەبزووتنەوەی ناسیونالیستی ولاتانی رۆژئاوا و رۆژهەلاتو ناوچەکە.**

-نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەی کە تووشی کارەساتی زۆر گەورە بووە لەبەر خەباتیو تێکۆشانوخواستی خۆی، بەلام بزووتنەوەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بزووتنەوەکانی تر نییە. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لایەنەکانی بزووتنەوەکە تەماشا بکرێت. بەلام کورد تووشی گیروگرفتی زۆر گەورە بووە بۆ نموونە مەسەلەی دابەشبوون لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا. ئەگەرچی ئێمە لەوەدا تەنها نین، ئەوە گەلی

سۆماڵ ئەوەی دیوە، گەلی کوریا ئەوەی دیوە، زۆر گەلانی تر هەن لەدونیا کە وەکو ئێمە لەبەینی چەند وڵاتێکدا دابەشکراون، بەڵام خواستو خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی میللەتی ئێمەی تووشی فیداکارێکی یەکجار گەورە کردووە، تووشی کارەساتێکی زۆر گەورەی کردووە، تووشی کوشتنێکی بەکۆمەڵی زۆر گەورەی کردووە، ئەوە رەوشێکی تایبەتی بزووتنەوەی گەلی کوردە. زۆر گەلانی تریش تووشی ئەوە بوونەتەوە، بەڵام بەرادەی میللەتی کورد نا.

***کە بزووتنەوەی کوردایەتی تێدەکۆشێ بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ یان قەوارەیەکی سەربەخۆ، بۆچی زۆرجار خەڵکی تر چ دۆست وچ دوژمن دەڵێن ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی روون نین، ئایا وایە؟**

-من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم. ئەوە بۆچوونێکی ناراستە، بەڵام راستە خواستەکانی گەلی کوردیش گۆڕانکاری تێدا بووە، لەهەندێ قۆناغدا دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووو سەربەخۆی کوردستان بووە هەتا شەڕی جیهانی دووەم. لەشەڕی جیهانی دووەم بەولاوە رەنگێکی تری بەخۆیەوە گرتووە لەژێر چەند تەئسیرێکدا یەک لەوانە زاڵبوونی بۆچوونی خوێندنگەی وڵاتانی سۆسیالیستی لەمەسەلەی نەتەوایەتیدا بە بیانوویدروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەنێوان نەتەوەکانی کە دەچەوسێنرێن + خەباتی چینی کرێکار لەوڵاتانی پێشکەوتوو+ هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی پێشکەوتنخوازدا.. کە ئەوە پێوەرێکی زاڵ بوو لەوسەردەمەدا، بۆیە دەیان گوت کە بەپەسەند نازانرێ

هەواڵنامەی کتێب

هێزی پێشکەتنخوازو خەباتی پێشکەوتنخواز لەت لەت بکرێ، بۆیە تێزەکە وابوو کە مەسەلەی نەتەوایەتی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سۆسیالیستیدا چارەسەردەکرێ. جا یان بەرەنگی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی. بێگومان دەرچووکە ئەوبۆچوونە بۆچوونێکی ناڕاستە.

*** کاک هۆمەر تۆ پێت تەنها وایە ئەوتێز وبۆچوونە باوەی وڵاتانی سۆسیالیست رۆڵیان لە گۆڕانی ستراتیژی کوردیدا هەبووە یان ئاڵۆزبوونی زیاتری مەسەلەی کورد لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە؟**

-هۆی سەرەکی ئاڵۆزبوونو زەحمەتبوونی جێبەجێکردنی ئەو داخوازییە بەقەناعەتی من شەڕی ساردو سیستمی دوو جەمسەری بوو، سیستمی دوو جەمسەری سیستمێکی داخراو بوو، گەمەکە وابوو: هەر سەرکەوتنێک بۆ لایەنێک ژێرکەوتنە بۆ لایەنەکەی تر. سیستمی دوو جەمسەری ئەوەندە وشکو داخراو بوو کە نەدەبوو هیچ لایەنێک بەسەر لایەکەی تردا زاڵ بێت. هەر دۆرانێک لەلایەکەوە یان لەشوێنێکەوە بەژێرکەوتنێکی گەورە بۆ ئەو لایە دادەنراو بە سەرکەوتنی گەورە بۆ ئەویتر دەزانرا. هیچ ئیمکانی گۆڕانکاری سنوورەکانو تێکدانی دەوڵەتان نەبوو، ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیش کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوابکەوێ. چونکە دوو شوێن لەدنیا ئیمکانی ئەوە هەبوو کە ببنە هۆی دەستپێکردنی شەڕێکی ئەتۆمی، شەڕێکی سێیەم لەجیهاندا. ئەویش لە ئەوروپا مەسەلەی ئەڵمانیا بووەو دوو مەسەلەی

ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت کە نـــاوچەیەکی زۆر ئیســـراتیجیو دەوڵەمەنـدی نەوتـی بـوو کە پێویسـت بـوو بـۆ هەمـوو دنیـا. لەبەرئەوە گۆڕانکـاری سـنوورەکان لەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، وەکـو لەناوەڕاسـتی ئەوروپـادا، یەکجـار زەحـمەت بـوو. بەڵام بەلاچوونی سیستمی دووجەمسەری لە ١٩٨٩ کۆتایی بەشـەڕی سارد هات، ئەوەبوو کە دیمان نزیکەی ٢٣ دەوڵەتی نەتەوەیی تازەدروســتبوو بەبــێئەوەی هــیچ گیروگرفتێکــی سیاســییان دیبلۆماسـیی ڕوویـدات. ئەوە خـۆی لەخۆیدا تەئسـیری لەسـەر مەسـەلەی کوردیدانا لەکاتێکدا جاران داخوازییەکه داخوازییەکی ناواقعی بووزۆر بەزەحمەت بۆی جێبەجێ دەکرا. بەڵام بەرای من لەساڵانی ١٩٨٠و لەساڵانی ١٩٩٠دا ئیمکانی ئەوە هەبـوو کە گەلـی کـورد نـاوەڕۆکی داخوازییەکـانی خـۆی بگـۆڕێـتو پێشـی بخا بەڵام هەڵەی هەندێ لەسەرکردایەتی بزووتنەوەکانی گەلـی کورد لەوانەیە ڕێگر بووبێت.

***ئەو ڕێڕەوەی کە تۆ باست کرد پرسیارێک دێنێتەپێش تەبەنیـــی نەکردنـــی ســـتراتیژی ســـەربەخۆیی لەلایەن بزووتنەوەکەوە هۆکارەکەی واقیعی بوون بوو یان ترسێک لەناو دڵی ڕێبەرایەتی کورد هەبوو کەئاکامی ئەو ستراتیژە خراپ بکەوێتەوە.**

-ترسـەکە هەیە چـونکە لە جێگـای خـۆیەتیو مـومکنە زۆر مەشروعیش بێت، چونکە بۆئەوەی ئەو دەوڵەتانە هەموو کاتێک هێــزی خۆیــان کــۆنەکەنەوە لەدژی میللەتــی کــورد یــا بزووتنەوەیەکی گەلی کورد لەبەشێک لەبەشـەکانی کوردستاندا

داگیرکەران ئەگەر زۆر ناکۆکیش بن بەڵام زۆرجار هاوکاریان کردووە لەگەڵ یەکدا بۆئەوەی میللەتی کورد بەئامانجەکانی خۆی نەگات ئەوەیەک، دوو: واقیعەت بوونی بزووتنەوەی سیاسی کوردیی، سێ وەزعی جیوسیاسی کوردستان فاکتەرێکی زۆر گرنگە لەوەی کە نەتوانێ هەنگاوێکی وا گەورە بنێ. بەڵام ئەگەر دەریا یان سنورێکی دەریایمان هەبوایە یان سنوورێک هەبوایە بۆ دەوڵەتێک کە پارچەیەکی کوردستانی تیا نەبوایە مومکنە وەزعی سیاسی کوردستان زۆر جیاواز بوایە، بەڵام شتێکی تر هەیە ئەویش گۆڕانکاری پاش کۆتاییهێنانی شەڕی سارده واتا مەسەلەی مافی مرۆڤ، مەسەلەی دیموکراسی، مەسەلەی داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلەی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە بەهێزبوونی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یان غەیرە حکومییەکان، سیستمی سیاسیی جیهان ئەوەندە گۆڕاوە کە ئیتر لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا گەلی کورد دەتوانێ بەمافەکانی خۆی بگات بەبێئەوەی داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکات دەتوانێت لەچوارچێوەی سنووری ئەم وڵاتانە ئەگەر بوونە دەوڵەتی دیموکراتی رێکوپێکو مافی مرۆڤ تێیدا پارێزراوبێتو دەوڵەتێکی یاسایی بێتو مەسەلەی یەکسانی لەنێوان گەلی کوردو گەلی زۆربە تێیدا پارێزراو بێت یان رێزی لێبگیرێت ئەوە بەتەبیعەتی حاڵ میللەتی کورد بەئامانجەکانی خۆی دەگات بەبێئەوەی کە سنوورەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت یان دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت. من بەش بەحاڵی

خۆم خواستو ئاواتێکم هەیە مومکنە خەونێک بێت ئەویش ئەوەیە کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو ئەوروپا یەکێتییەکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببێت بۆ نمونە لەبەینی تورکیا و سوریاو ئێرانو عیراق هەتا ئیسرائیلیش. لەچوارچێوەی ئەماندا یەکێتیی ئابووریو سیاسییو کەلتوری کە لەبەینی ئەم وڵاتانە دروستبێت رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بەشەجیاوازەکانی کوردایەتی بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا بکەن هاوکاری لەگەڵ یەک بکەن بەبێئەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانە بگۆڕن. بەتەبیعەتی حاڵ کوردستان دەبێ بەناوچەیەکی هەرێمیی گرنگ لەو یەکێتییەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەش مومکینە پرۆسەیەکی سی ساڵی ئایندە بێت ئەنجا بۆ خۆشت دەزانێت بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناو سیستمی جیهانیو مەسەلەی عەولەمە ئێستا گرنگن نەک دەوڵەتە نەتەوەییەکان.

*** کاک هۆمەر شێخمووس ئێمە دێینەسەر ئەوگۆڕانکاریانەش، بەڵام پێش ئەوە بۆئەوەی هەقی بابەتەکە بدەین ئێمە رێڕەوێکمان هەیە لەبزووتنەوەی کوردایەتی ئەگەر واز لەهەوڵەکانی سەردەمی میرنشینە کوردییەکان بهێنینو بێین لەبزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە دەست پێبکەین کە بزوتنەوەی هوشیاریی نەتەوەییو شۆڕشێکی کوردستانییە لەوێوە بۆ شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو شێخ سەعیدو سمکۆودواتر کۆماری مەهاباد، تەجرەبەی حوکمڕانی ١٩٧٠-١٩٧٤ ئینجا شۆڕشی نوێو حوکمڕانی حکومەتیهەرێمی**

**کوردستان، ئەو تاقیکردنەوانەلەخەباتو لەماوەی حوکمڕانی ڕێڕەوێکی دوورو درێژە ئێوە چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

-ئەگەر تەماشای ئەم تاقیکردنەوانەی کە باستکرد، لەشێخ مەحمودەوە تا ئێستا بکەین دوو لایەنی زۆر گرنگ هەیە. لایەنێکی زاتی کورد خۆیەتی ماندووبوونێکی گەورەی تیایە فیداکارێکی گەورەی تیایە هەوڵدانێکی گەورەی داوە بۆ سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەکان، بەڵام لایەنی دەرەکیش هەیە هەموو ئەو قسەی کە قوڵی داوە بۆئەوەی ئەو تاقیکردنەوەیە سەرنەکەوێ، هاوکاری دەوڵەتانی دراوسێ یان دەوڵەتی مەرکەزیی هەوڵیداوە کە بۆئەوەی خێرا لەناومان ببەن. بێگومان تاقیکردنەوەکان لەهەموو کوردستان یان لەسەر ئاستی هەموو کوردستان نەبووە.

تێکۆشەرانی بەشێکی کوردستان هاتوونەتە ئەو شوێنەی کە ئەو حکومەت یان تاقیکردنەوە کوردستانییەی تێداهەبووە. مەسەلەن خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتوونەتە کوردستانی باشوور لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود، خەڵکی کوردستانی عیراق ئیلتیحاقیان کردووە بەکوردستانی ئێران لەکاتی دامەزراندنی کۆماری مەهاباددا. لەکاتی شۆڕشی ئەیلول تێکۆشەرانی کورد لەبەشەکانی تری کوردستان هاتوونەتە کوردستانی عیراق بەشداریان کردووە لەخەباتو تێکۆشان یەعنی ئەوە ئەو پرۆسەیە هەتا ئێستاش بەردەوامە بەڵام کەموکوڕییەکە بەقەناعەتی من لەگەڵ ئەوەی کە کەموکوڕی ناوخۆ هەبووە، بەڵام فاکتەری سەرەکی نەبووە کە ئەو

تـاقیکردنەوانە سـەرکەوتوونەبوون، بەڵکـو لەبەر بەگژاچـوونی ئەو دەوڵەتـانە چ دەوڵەتـی مەرکەزی بێـت یـان دەوڵەتـانی دراوسـێ بـێ بـۆ ئەوەی لەنـاوی بەرن کەمـی پشـتیوانی دەرەوەش ڕۆڵ دەگێـڕێ لەو مەسـەلەیەدا زۆرجـار لەهەنـدێک شـوێن خەڵـک ئەوە دەهێنێـتە گـۆڕێ کە گـوایە ئەوە خەتـای سـەرکردایەتی کـوردی بـووە نەیزانیـووە کە چـۆن پەیوەنـدی دامەزرێنێ بەڵام بەقەناعەتی من هیچ وانییە بەڵکو ئیهتمامێکی ئەوەندە لەلایەن رای گشـتی جیهـانو دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیـا نەبووە بۆ مەسەلەی کورد.

***دەمەوێت بپرسم کوردایەتی وەکو خەباتێک کە لەئەرزی واقع هەیە حەتمەن نەوعێک لەخیتابی سیاسی هەیە کە مومکنە ناوی بنێین فەلسەفەی کوردایەتی، بەرای جەنابت کوردایەتی فەلسەفەیە یان پرۆژەیەکی شارستانیی یان پرۆژەیەکی کورت خایەنە تارزگارکردنی کوردستانو ئیتر پرۆژەیەکی تر جێی دەگرێتەوە؟**

-من دەتـوانم بڵـێم هەمولایەنەکـانی هەیە چ وەک فەلسـەفە چ وەکـو مەشـروعێکی شارسـتانییو چ وەکـو فکـرییەک ئەویـش ئیعتماد دەکاتە سەر ئەو کەسانەی بەشداریان کردووە لەخەباتی سیاسـی یـان لەسـەرکردایەتی بـزووتنەوەی سیاسـی کـورددا. هەنـدێ لەسـەرکردەکان ویسـتویانە تـابعێکی سیاسـیو فکـری بەبزوتنەوەکە بدەن هەندێکیان ویستویانەکە تەنها مەشروعێکی نەتەوەیـی بەکـاربهێنن وەبەشـتێکی کاتیـان دانـاوە. بەڵام ئەوەی جێگای داخە لەناو بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیدا کە زۆر



هەموالعامەی کتێب

کەم لەڕووی فکرییەوە تۆژینەوە کراوە کە کوردایەتی چییە. مەسەلەن ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ بزووتنەوەی عروبی یان عروبە یان بزوتنەوەی ناسیونالیستی تورکی یان ئێرانێتی کەلەئێرانە زۆر بەهێز بووە واتا لەسەر بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو فکر زۆر کەم نووسراوە، هەندێ بزوتنەوەی ناسیونالیست نەبێ وەکو کاژێک بەڵام بزوتنەوەکانی تر لەبەر تەنها ناوەڕۆکێکی نەتەوایەتی رووتیان نەبووە بەڵکو ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازیو کۆمەڵایەتی لەگەڵ خواستی نەتەوایەتی لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا هەبووە لەبەرئەوە کەمتر تەرکیز کراوەتە سەر فیکرو بزوتنەوەی کوردایەتی.

*** بەڕای تۆ مەسەلەی تەرکیزکردنە سەر ئەدەبیاتی کوردایەتیو دەوڵەمەندکردنی ئەرکی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکەیە یان حزبەکان یاخود ئەرکی روناکبیرانە؟**

-هەردوکیان بەقەناعەتی من دەبوایە روناکبیرانو سەرکردەکان خۆیان لەسەر ئەو مەسەلە فکریانە زیاتریان بنووسیبایە، یعنی ئەوە کەمو کوڕێکە کە لەلایەن هەردوو لاوە هەیە چ روناکبیری کورد، یاخود روناکبیری سیاسی کورد. بەڵام کاریگەری ئایدۆلۆژیاکانی ترت لەبیرنەچێ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی هەرچەندە لەکۆنەوە هەیەو دەتوانم بڵێم لەزەمانی ئەحمەد خانییەوە هەبووە پاش شەڕی جیهانی دووەم زۆر گەشەی کردووە، بەڵام بەبەردەوامی لایەنە ئایدۆلۆژییە پێشکەوتنخوازەکە زاڵترو بەهێزتر بوو لەوەی کەڕەنگی

نەتەوایەتی تۆخ بێت. لەبەرئەوە زۆر کەم لەسەری نووسراوە چ وەکو روناکبیرو چ وەکو سەرکردەی سیاسی.

***تۆ کاریگەری ئەو لایەنە ئایدۆلۆژییە چۆن ئەبینی سلبییە یان ئیجابی؟ هەندێ جار وا هەست ناکەیت بزوتنەوەی کوردایەتی زیاد لەپێویستی خۆی بەهەندێ مەفاهیمی ئایدولۆژی بارکراوە؟**

-ئنجا ئەوە دەبێ بگەڕێنەوە سەر سەر ئەو زەمانە، زەمانی پاش شەڕی جیهانی دووەم. ئایدولۆژی کۆمەڵایەتی کارێکی زۆری هەبوو. مەسەلەن دەوڵەتی خزمەتگوزاری لەبەشی زۆری دنیادا دامەزرا. دەوڵەتی سوشیالیستی لە زۆر وڵاتی دنیا دامەزرا. وردە وردە پرۆژەی مۆدێرێنیزم (نوێباوی) لەدونیادا زاڵبوو، مەسەلەی نەتەوایەتی وردە وردە خەریک بوو خەڵک لەبیری بکات بزوتنەوەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم نەبێ کەخەباتیان دەکرد بۆ سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان لەکولونیالیزمو ژێر دەستی. بەڵام زیاتر ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازی هەبوو لەڕووی فکریی، لەڕووی سیاسییو لەڕوی فەرهەنگییەوە.

***کەی جارێکی تر بزووتنەوەی نەتەوایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی سەری هەڵدایەوە؟**

- ئەوە لەناوەڕاستی سالانی هەشتا یان لەکۆتایی هەشتا بوو کەجارێکی تر تەقییەوە بۆیە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کەلەکاتی گەشەکردنی خۆیدا بوو رەنگی کۆمەڵایەتی، رەنگی پێشکەوتنخوازیو رەنگی فەرهەنگی زۆر زیاترو

لەناویانــدا دەوڵەمەنــد بــوو هەر لەبەرئەویشــە نەک تەنهــا بزوتنەوەی کوردی بەڵکو بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلانی تریش مومکنە ئەو لایەنەی دیارو ئاشکرا بێت.

***باشە کاک هۆمەر ئەگەر بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی بزوتنەوەیەکی رەسەنە؟**

-ئاخر من وشەی رەسەن تێناگەم؟

***مەبەستم بزووتنەوەیەکی حەقیقیە، مێژووکردەو بۆ مافێکی واقیعی خەڵکی کوردستان تێئەکۆشێ، بۆچی ئەکەوێتە ژێر کاریگەری مودیلەکانی ترەوە؟ ئایا خۆی ناتوانێ مودیلێکی خاص بۆ خۆی بەرهەم بێنێ لەبوارە جیاجیاکاندا؟**

-مـن لەگــەڵ ئەوەنـیم چــونکە نەهــیچ ئینســانێک، نەگەلێـک لەدوورگەیەک بەتەنیا ناژی لەگەڵ هەموو دنیادا تێکەڵاوی هەیە. تەئسیراتی هەیە خۆی تەئسیر دەکاو تەئسیری لەسەر ئەکرێ.

***ئنجا ئەوەی کوردایەتی تەئسیری زیاتر کردووە یان زیاتر تێکراوە؟**

– تەئســیری زۆر زیــاتری تێکــراوە لەبەر چــی، لەبەر ئەوەی کەکۆمەڵی ئێمە زۆر بەداخەوە بەبەراورد لەگەڵ شارستانیەتی تر لەدنیادا کۆمەڵێکی کشتوکاڵییە ئەوەندە گەشەی نەکردووە لەڕوی خوێندەواریی‌و لەڕووی ئابووریی‌و تەکنەلۆژییەوە هەتا بتوانێت تەئسیر لەسەر دنیا بکات. هەر بۆیەش لەڕووی خوێندەواری‌و روناکبیری‌و فەرهەنگیـیەوە زۆر تەئسـیری تێکـراوە نەک خـۆی

بتوانێت تەئسیر لەسەر دنیا بکات. مومکینە ئێمەش لەڕووی شیعرو ئەدەبەوە خەڵکی ئێمە هەبێت کەتەئسیری کردۆتە سەر گەلانی تر بەلای کەمەوە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

***هەندێک مەفاهیم هەیە کەموزۆر پەیوەندی بەبزوتنەوەی کوردایەتییەوە هەیەو لەئەدەبیاتدا زۆرجار ناوی دێت مەسەلەی بڵێین کوردستانی بوون بەرامبەر بەوە بیرێکی تر هەیە کەبڵێین وەک جەنابت باست کرد چارەسەری لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کەبەشێک لەبەشەکانی کوردستان تیا دەژی واتا بیری سەرتاسەریی، جەنابت چۆن ئەڕوانیتە بیری کوردستانی بوون؟**

-من کوردستانی بوون تەنها بەوە نازانم کەدەوڵەتی کوردستانی گەورەی یەکگرتوو دابمەزرێ. من کوردستانی بوون لەفکرو لەهەڵسوکەوت دەبینم. مەبەستم چییە لەفکرو لەهەڵسوکەوت. من ئەگەر کوردێکی کوردستانی عیراق بم یان ئێران یان سوریا بم یان تورکیا بم دەبێ هەموو کاتێک بیر لەبەرژەوەندی گەلی کورد. لەهەمووبەشەکانی کوردستاندا بکەمەوە.ئەگەر بەشی خۆشم نەبێ ئەبێ هەمووکاتێک پەرۆشی ئەوەبم کەئەگەر ئەو بەشەی کوردستان هاتوو وەزعی بەرەو خراپی رۆیی یان زۆر بەشێوەیەکی خراپ چەوسێنرا بتوانم بەهاواریدا بچم، یارمەتی بدەم پشتیوانی لەخەباتەکەی بکەم. ئەوە لەڕووی فکرەوە. لەڕووی هەڵسوکەوتەوە من خۆمو سەدان کەس وەکو من وامان جێبەجێکردووە کەبتوانێ لەهەر بەشێکی کوردستان کار بکات. شەرت نییە لەبەشەکەی خۆیدا بێت کوردێکی سوریا بتوانێت لەکوردستانی ئێران کارو

هەوارنامەی کتێب

خەباتو تێکۆشـان بکات. کـوردێکی عیـراق بتوانێـت لەتورکیـا. هەروەهـا بەعەکسـەوە. یعنـی کوردسـتان ببێـت بەشـوێنی کـارو خەبـاتو تێکۆشـانی هەر کوردێـک یـان هەر تاقمێـک. ئەوە لەڕووی هەڵسوکەوتەوە. وەبتوانیً هەمـوو کاتێک بەرژەوەندی گەلـی کـورد لەهەمـوو بەشـەکانی کوردسـتاندا بکـاتەوە ئنجـا چ لەکوردسـتان بێـت یـان لەدەرەوە دانیشـتبیً یـان هەندەران یـان شـوێنێکی تـر لەپشـتیوانیکردنو یارمەتیدانـدا تەنهـا لەنـاوچەی خۆیو هەرێمی خۆیو بەشی خۆی نەکا، بەڵکو بیر لەهەمـوو کوردستان بکاتەوە. من کوردسـتانی بـوون بەوەوە دەبینم ئنجـا مـومکنە هەنـدێک کەس کوردسـتانی بـوون تەنهـا بەوە بناسـن کەبیـر لەخەبـاتو تێکۆشـان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتـی یەکگرتـووی کوردسـتانی گەورە بکـرێتەوە کەئەوە وایە بەڵام لایەنی تریش هەیە.

***بەڵام ئـیش کـردن لەیەکـیً لەو کوردسـتانانە کە هەر کوردستانە یاهەر بەشە کوردستانەو هەلومەرجی تـایبەتی خۆی هەیە، ئایا بەشداریکردن لەخەباتی بەشێک لەبەشەکانی کوردسـتان بەڕای تـۆ چـۆن ئەمە خـورد دەکرێتەوە چـۆن تەماشای کوردستانی بوون لای ئەم هێز یاخود ئەو هێزی کوردستانی دەکەین؟**

- ئـێمە کەلەدەرەوەی وڵات ژیـاوین بـۆ مـاوەیەکی دوورو درێـژ ئەوە گرفـت نیـیە مـومکینە ئەوانەی کەلەڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئەژیـن ئەوانە بەسـنورەکانەوە بەسـتراون بەڵام رونـاکبیرانی کـوردو خوێنـدکارانی لەدەرەوەی وڵاتـنو ئێسـتا

پەنــابەرنو ژمارەیــان ئەگــاتە یەک ملیــۆن ئینســان بەشــێکی زۆریان زۆر بەئاسانی ئەتوانن لەسـەر ئاستی کوردستانی بیر بکەنەوە بەبێ ئەوەی گیروگرفت بێتە رێگەیان.

***کاک هۆمەر دابەش بوونی کوردو کوردستان بەچوار بەش وای کردووە مەسـەلەی کـورد چـوار مەسـەلە بێت یاخود لەبەرئەوەی مەسەلەیەکی نەتەوایەتییە خۆی لەخۆیدا یەک مەسەلەیە؟**

–ئەوە راســتە لەڕووی فکــرییەوە، لەڕووی تیــۆرییەوەیەک مەســەلەیە چــونکە مەســەلەی نەتەوەیەکــی ژێردەســتە، بەزۆر دابەش کــراوە لەبەینــی وڵاتــانو بــۆ مــاوەیەکی دووروودرێــژ خەبــاتی کــردووە بــۆئەوەی خــۆی رزگــار بکــاتو دەوڵەتــی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ بەڵام بەفیعلی بەداخەوە بۆتە چوار مەسەلە. لەبەرچی بۆتە چوار مەسەلە سنوورانە لەپاش شـەڕی جیهــانی دووەم هەتــا ئێســتا زۆر بەهێــزو بەتونــدی راگیــراون. بۆیە پەیوەندی کردن بەیەکترییەوە ئەستەم بوو.

پەیوەنـدیکردن لەزەمــانی عەولەمەو ســەتەلایتو موبایــل و ئینتەرنێـت مـومکینەو خەریکە وردە وردە سـنوورە رێگرەکـان نــاوەڕۆکی خۆیــان بــدۆڕێنن بەڵام پێشــتر کــوردی بەشــەکانی کوردستان نەیان دەتوانی بەئاسانی تەلەفۆن لەگەڵ یەکدا بکەن تەنهـــا لەدەرەوەی وڵات کە یەکترمـــان ئەبینـــی. یەکســـەر تێدەگەیشتن جیاوازییەکی ئەوتۆمان نییە ئەگەر کوردی عیراق، کـوردی سـوریا، کوردی تورکیـا، یـان ئێـران بیت. بەڵام ئێسـتا

زۆر ئاسانە چونکە لەڕێگای تەلفزیۆن، لەڕێگای زۆر شتەوە یەکسەر زۆر شت هەیە یەکمان ئەخات.

ئنجا لێرە بۆچی بۆتەوە چوار مەسەلە، لەبەرئەوەی کەچوار سیستمی سیاسی هەیە چوار سیستمی فەرهەنگی سیستمی کۆمەڵایەتی هەیە. لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە هەتائێستا بمانەویٚو نەمانەویٚ ئەوە کاری خۆی کردووە. ئنجا لەڕووی فەرهەنگ بەشێوەیەکی زانستییەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەقەناعەتی من بەسیٚ یان چوار فەرهەنگ متەئسر ئەبێت. لەدروستبوونی کەسێتیو ناسنامەی فەرهەنگی خۆیدا دەوری دەبێت. یەکێکیان فەرهەنگی تایبەتی نەتەوەو ئەتنیکیخۆیەتی. دووەمیان دەتوانین بڵێین فەرهەنگی گشتی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژیت بەڵام دواتر دوو فەرهەنگ، ئەوەی کەپێی ئەڵێن مێگا کەلتور واتا کەلتوری گەورە کەتەئسیر ئەکاتە سەر هەموو ناوچەکە. یەکێکیان بمانەویٚو نەمانەویٚ کەلتوری عەرەبی ئیسلامییە. یان ئیسلامی عەرەبییە کەلەڕێگای ئیسلامەوە تەئسیری کردۆتە سەر فەرهەنگی هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام فەرهەنگێکی کەیش هەیە.کەئێمە وەکو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بڵێین دەریای سپی کەوتوینەتە ژێر کاریگەریانەوە، کەلتور یان فەرهەنگی رۆماو یۆنانە لەکۆنەوە هەروەها لەگەڵ فەرهەنگی فارسی میسری تەئسیری کردۆتە سەر هەموو ناوچەکە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ ئنجا ئەو چەند فەرهەنگە بەبەردەوامی لەگەڵ یەکدا تەفاعول ئەکەن، تەئسیر ئەکەنە سەر ناسنامەو شەخصیەتو بۆچوونی ئینسانی

هەولنامەی کێڕ

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئنجا بۆیە مەسەلەی کورد لەگەڵ ئەوەی بــزوتنەوەی نەتەوایەتیــیەو یەک مەســـەلەیە، بەڵام بەفیعلـــی بەدامەزرانــدنی ئەو دەوڵەتــانە، بەدابەشــکردنی کوردســتان بــۆ ئەوماوە دوورو درێژە خەریکە ئەبێ بەچوار مەسەلە.

***ئاسـتی گەشــەکردنی ئەو وڵاتــانە دەوڵەتە مەرکەزیـانە خۆیان، کاریگەری هەبووە لەئاستی گەشەکردنی سیاسییو کۆمەڵایەتی بەشە جیاجیاکانی کوردستان؟**

-بەڵـــێ بێگومــــان، ئەوەی کەزۆر ڕوونو ئاشـــکرایە ئەگەر گریمــان ئەو وڵاتــانە وڵاتــانی دیمــوکراتو دەوڵەتــی یاســاو دەوڵەتی پێشکەوتنخواز بونایە ئینسانیان هەبوایە، بەڵێ میللەتی ئێمە تووشی ئەو هەمووگیروگرفتە نەدەبوو.

***بەڵام بێگومان مەسەلەی دیموکراسی لەئاسـتی پرسـی نەتەوەیی یان پرسی کورد ئەوەستێت. بۆ نموونە ئێستا خۆ تورکیا وڵاتێکی دیموکراسییە، ئێران بابڵێین کەمو زۆر وڵاتێکی دیموکراسییە یان وادەگوترێت.**

-بەڵام ڕاسـتە مـومکینە تمـوحی دیموکراسـییان هەبێ، بەڵام ئەگەر تــۆ کەمو کوڕییەکــانی مــۆدێلی دیموکراســی لەڕووی تیۆرییەوە پراکتیک بکەن لەسـەر ئەم وڵاتـانە کەم کوڕیەکانیـان یەکجار زۆر گەورەن.

با مـن نمـوونەیەکی بچوکـت بـدەمێ یەکێتـی ئەورووپـا ئێسـتا کەداوای لەتورکیــا کــردووە هەنــدێک مەرج جێبەجێبکــات بــۆ ئەندامێتی داوای لێکردووە کە ئەبێ ١١٨ مادە لەدەستوری خۆی بگۆڕێ بۆئەوەی ڕێگا خۆش بکات تورکیا ببێت بەئەندام لەیەکێتی

ئەوروپا. ١٨٠مەرجیان لەسەر داناوە کەتورکیا ئەبێت جێبەجێی بکات پێش ئەوەی بتوانێت ببێ بەکاندیدێکی رێکو پێک. مەعنای ئەوەیە کەتورکیا دەوڵەتێکی دیموکراسی ئیدیال نییە بەعەکسی ئەوەی کەعبداللە ئۆجەلان دەڵێ کە تورکیای کردۆتە ئایدیالێکی دیموکرات بۆ خۆی. لەکاتێکدا خەڵکی دیموکراتی تورکیا خۆشیان رەخنەیـــان هەیەو خەبـــاتو تێکۆشـــانێکی زۆر دەکەن بـــۆ فراوانبـــوونی پرۆســـەی دیموکراســـی لەتورکیـــاو لابردنـــی ئەوکەموکوڕیـانەی هەیە. مـن قەنـاعەتم وایە ئەگەر دەوڵەتێکی دیموکراتی رێکو پێک لەڕووی تیۆرییەوە جێبەجێ بکەین بەشی زۆری وڵاتانی دیموکراسی لەدنیا وەکو بلجیکا، وەکو سویسرا وەکو کەنەدا کەدەوڵەتی فرەنەتەوەییو فیدراڵن ئیمکانی ئەوە هەیە کە لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاستیشدا سیسـتمی دیموکراسـی ئاوەهـا بێتەکایەوە کەمەسەلەی فرەیی قبوڵ بکات جا فرەیی سیاسیی فرەیی فەرهەنگی و هەموو جۆرەکانی تر.

ئەنجا ئەگەر هـاتوو ئەو دەوڵەتـانەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەگەڵ ئەوەی کەپروپاگەندە دەکەن کە دەوڵەتی دیمـوکراتن یـان هەنـــدێ لایەنـــی دیموکراســـییان هەبـــێ، بەڵام لەبەرئەوەی کە دیموکراتی تەواو نەبوون بۆیە نەیانتوانیوە مەسەلەی کورد یان کێشەی گەلی کورد چارەسەر بکەن.

***دێینە ناو بزوتنەوەی کوردایەتی خۆیەوە ئێمە قسەمان لەسەر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی کرد کەگوتمان کوردایەتی کەمو زۆر فەلسەفەی چەپ کاری تێکردووە. بەڵام من دەمەوێت نەک تەنها لەلایەنی چینایەتییەوە سەیری ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی**

**بزووتنەوەکە بکەین بەڵکو مەبەستم لەناوەڕۆکی ئیدارەدانی کوردەوارییە، مافەکانی تاکی کوردو دیموکراسی ئەمانە چوون بوون لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی؟ ئایا باری نائاسایی بزوتنەوەی کوردایەتی وای کردووە کە موسادەرەی دیموکراسیی بکەین یاخود لەبەرئەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی لەبنچینەدا ناوەڕۆکی دیموکراسییانەی هەیە سەرەنجام لەگەڵ کوردەواریدا دیموکراسیانە بووە.**

-ئەوە خەونی هەموومان بوو کەئەبێ وابێ لەناو کوردەوارییدا وەکو میللەتێکی چەوساوە، وەکومیللەتێک کەتووشی زۆر کارەساتی گەورە بووە بۆ پاراستنی خۆی وەکو میللەتێک لەدژی ئیستبداد خەباتو تێکۆشانی کردووە. هەموو کاتێک داوای دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراتی کردووە کەلەناو فەرهەنگی سیاسی کوردییدا فەرهەنگێکی دیموکراسیی قوڵو فراوان هەبێ. بەڵام ئەوەی ئینسان ناتوانێ لەبیری بکات ئەوەیە کەئینسانی کوردو بزوتنەوەی گەلی کورد منالّی ئەم ناوچەیە.

مرۆڤی ئێمە لەدایک بووە لێرە پەروەردە کراوە گەورە بووە تەئسیری لێکراوە لەڕووی فەرهەنگی سیاسییەوە ئێمە چەند فەرهەنگێک تەئسیری لێکردووین فەرهەنگی خۆمان، فەرهەنگی سیاسی بزووتنەوە ناسیونالیستەکانی ئەم ناوچەیە یان بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکانو مارکسیستەکانی ئەم ناوچەیە کەئەمانەش بەگشتی نا دیموکراتن، هەندێکیان تۆتالیتارو هەندێ دیکتاتۆر بوون، بەگشتی دیموکرات نەبوون.

ئینسانی نەبوون، هەر لەبەرئەوەش ئومێدی گەورە هەبوو کە بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەرئەوەی قوربانیی ئەم سیستەمانە بوو چاوەڕێ دەکرا زۆر دیموکراسی زۆر ئینسانی تر بێتو خواستی بەهێزی لەناو دابێ بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ. ئێستا زۆر جار لەناو بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورددا ئینسان دەبینێ کەجێگای داخەهێشتا کەدەسەڵاتی تەواویان دەست نەکەوتووە بەشێوەیەکی ناسیونالیستی توندڕۆ تەماشای کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی کوردستان دەکەن وەکو تورکمان، ئاشوری، ئەرمەنی. ئەنجا ئەگەر ئێمە زۆر وریا نەبین مومکینە بۆ خۆشمان بخزێینە ناو ئەو ڕێبازە شۆڤێنیستەی نەتەوەی زۆربە.

***لایەنێکی خەباتی کوردایەتی شێوازی کارکردنە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی کوردایەتی. لەخەباتی چەکداری، بۆ خەباتی دیموکراسی، بۆ خەباتی مەدەنی، بۆ ئەو شێوازە جیاجیانەی کەخەباتی کوردایەتی پێکراوە بەڵام لایەنی زاڵ بێگومان خەباتی چەکداری بووە ئێمە ئەگەر دوور لەوەی کەخەباتی چەکداری دوژمنان بەسەر ئێمەدا سەپاندوویانە هەروەها خەباتێک کەچەندین شەهیدو تێکۆشەری لەڕێگەیدا گیانیان بەخت کردووە، دوور لەو لایەنە مەعنەوییە جەنابت خەباتی کوردایەتی لەلایەنە چەکداریەکەوە چۆن هەڵئەسەنگێنی؟**

-من وابزانم ساڵی پار دیسان هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە لەرۆژنامەی کوردستانی نوێدا هەندێک ئاماژەم بەم مەسەلەیە داوە. من گەیشتومەتە ئەو قەناعەتە کەخەباتی چەکداری زۆر

زەرەرمەند بووە بۆ میللەتی کورد نەک هەر تەنها لەکوردستانی باشوور بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆچی.

هۆیەکانی ئەمانەن، یەکەم: میللەتی ئێمە میللەتێکی هەژارە. وڵاتی ئێمە وڵاتێکی دواکەوتووە. ئەو ژێرخانە بچکۆلەی کەلەپرۆسەی ئاسایی خۆیدا لەکوردستان دروست بوو بوو. لەئەنجامی خەباتی چەکدارییەوە ئەوەیش لەناو چوو

یەعنی وڵاتی ئێمە فەقیرترو هەژارتر بوو، ئەو ژێرخانە ئیقتسادییەی کە هەبووە ئەویش وێران بووە. دووەم: بیانوویەک دروست بوو بۆ ئەو حکومەتانە کە خۆیان سیاسەتی لەناوبردنی میللەتی کوردیان هەبوو، نەخشەیەکیان بۆ دروستکردبوو سەبەبێکیان بۆ دروستبوو بۆئەوەی بتوانن سیاسەتی توندو جینوسایددژ بە گەلی کورد بەکاربهێنن، ئیتر لەمەسەلەی راگواستنە، لەمەسەلەی کوشتنە، لەمەسەلەی هەوڵدان بۆ لەناوبردنمان. سێیەم ئەگەر تەماشا بکەیت لە١٩٦١ تا ئێستا لەکوردستانی باشوور وەکو نموونە، نزیکەی ٤ جیل یان ٥ جیل بێخوێندن ماوەتەوە یان خوێندنێکی خراپیان هەبووە ئەوە سەرمایەی رووناکبیری میللەتی ئێمەی زۆر فەقیرو هەژار کردووە. لەبەرئەوەی لاوی کورد بەگەنجی دەستی داوەتە چەک چۆتە شاخەکانو وازی لەکۆمەڵی مەدەنی هێناوە ئەمە خۆی لەخۆیدا تەئسیرێکی گەورەی لەسەر سەرمایەی نەتەوەیی ئێمە لەرووی رووناکبیریو لەرووی خوێندنەوە هەبوو. چوار: فەرهەنگێکی چەکدارانەی لەشکری لەدیسپلینێکی پۆلایندا زاڵکردووە کە دژ بەدیموکراسییە. بۆ

خــۆت دەزانیــت هەمــوو لەشــکرێک بەشــێوەیەکی عەمــودی ڕێکخراوە. فەرهەنگەکەی فەرهەنگێکی نادیموکراتە. دەبێ قسـەی دەزگاکــانی ســەرەوە جێبەجێبکــات. ئەو فەرهەنــگە لەشــکرییە مەسـەلەن لەنـاو پێشـمەرگایەتیو شـەڕدا زاڵبـووە وادەکـات کە نـادیموکرات بێـت.پێـنج: بەقەنـاعەتی مـن هەنـدێ بـزووتنەوە دروســـتبوون چ لەنـــاو کـــۆمەڵی کوردســـتانداو چ لەوڵاتـــانی دراوسێدا کەلەدەستێوەردانی ئیقلیمی دوور نەبوون، چونکە تۆ بەتەبیعەتـی ئەوەی کە خەبـاتی چەکـداری بکەیـن مەجبـوری وڵاتانی دراوسێ دەبیو ئەوان تەئسیرت تێدەکەن. تۆ مەجالی مــانۆلات کەمتـرە کەچـی ئەو دەتـوانێ بەکـارت بینـێ، تـۆش دەتـوانی بەکـاری بێنـێ بەڵام ئەو زیـاتر دەوڵەتێکـی دامەزراوەو دەسەڵاتدارترە. دەتوانێت کارت لێبکات. ئەنجا دێمە سەر لایەنی شەشـــەم کە بـــۆچی لەدژی ئەوەم؟ مـــن لەڕووی تیـــۆرییەوە گەیشـــتومەتە قەناعەتێــک ئەگەر ئــێمە لەســـاڵانی پەنجـــاوە سـەرەڕای دیکتـاتۆری ڕژێمەکـان دەسـتمان بکـردایە بەخەبـاتی دیموکراسـیو ئاشـتیخوازانەی فـراوان ئێسـتا دەسـتکەوتی زۆر گەورەترمان بەدەست هێنا بوو، وڵاتی ئێمەش تێکنەدەچوو.

***یاخود لەوانەیە نەتەوەی کورد تەواو بوایە.**

-من لەو قەناعەتەدا نیم کە کورد تەواو ئەبوو، کورد لەگەڵ هەمــــــوو ئەو چەوســــــانەوەی کە بەکــــــارهێنراوە لەدژی لەنــاونەچووە، ئەگەر تــۆ خەبــاتی ئاشــتیانەی دیمــوکراتی بەکارهێنابـایە تـۆ فراوانتـر خەباتـت دەکـرد ئەنجـا بـاڵەڕووی تەنکیکییەوە قسە بکەم. تۆ لەناو خەباتی چەکداریدا بەلای زۆرە

دەتوانیــت ١٥-٢٠ هەزار ئینســان بخەیــتە گەر لەخەبــاتی پێشــمەرگایەتییدا، بەڵام لەخەبــاتی ئاشــتیانەی دیمــوکراتیکی جەماوەری، دەتوانیت یەک ملیۆن ئینسان بهێنیتە سەرجادەکان.

***کە لەخەباتی ئیحترافی چەکدارانەدا بەشداری ناکات.**

-بەڵێ وایە، هەر بۆیە خەباتی مەدەنی کاریگەرترە دەتوانێت تەئسـیر بکـات. ئەنجـا ئەخیـر شـت کەفـاکتەری حەوتەمە کەتـۆ خەبـاتی دیموکراسـی ئاشـتیخوازی جەمـاوەری بەکـاربهێنی رای گشـتی جیهـان زۆر بەشـێوەیەکی ئاسـانتر پشـتیوانیت لێدەکات، یارمەتیـت دەدات، زوو بەهـاوارتەوە دێـت بەڵام کە تـۆ خەبـاتی چەکـداریت بەکارهێنـا میتـۆدی تیـرۆرت بەکارهێنـا، سیاسـەتی توندڕەوت بەکارهێنا رای گشتی جیهانی وا بەئاسانی پشتیوانیت لێناکات.

***تەنانەت ئەگەر ئەو خەباتە سیاسەتێکی دیفاعیش بێ.**

-هەتا ئەگەر هـاتوو سیاسـەتێکی دیفـاعیش بێت، ئەو زەمـانی جـاران بەشـێوەیەکی رۆمانسـیو لەسـەر شـێوازی چ گیڤـاراو ئەوانی تر ئەوە ساڵی پەنجاکانو شەستەکان بوو ئێستا وانییە.

***ئەمە ئەمانخاتە سەرئەوەی کە لەخەباتی شارستانی یان بەگشتی سیاسی بکەین، لەوە بپرسین کاک هۆمەر شێخمووس (رەنگە ئەویش سەیر بێت کەبڵێم قوربانیدانی کورد لەهەڵەبجەو لەئەنفالو لەکۆڕەو وایان کرد کورد لەئاستی نێودەوڵەتییدا بناسرێت)لەدوای ئەوەی کورد لەدونیادا ناسرا ئێستا چی**

**دەرفەتێک بۆ کورد هەیە کە خەباتی دیبلۆماسی پێش بخاتو کەرەستەکانی ئەم خەباتە چین؟**

-لەهەموو کاتێک زیاتر ئێستا فرسەت رەخساوە بۆ میللەتی کورد کە بتوانێ لەسەر ئاستی رای گشتی جیهان مەسەلەکەی خۆی بهێنێتە سەر ئەجندای سیاسی لەدنیادا، بۆ؟ یەک: گۆڕانکارییەکی گەورە لەیاسای نێونەتەوەیی هاتۆتەگۆڕێ. هەندێ پرەنسیپی زۆر گرنگ هەن بۆ نموونە مەسەلەی پاراستنی ئینسانی ئەگەر هاتوو دەوڵەتێک مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی فراوان پێشیل بکات کۆمەڵی جیهان مافی ئەوەی هەیە تەدەخول لەکاری ئەو دەوڵەتە بکات بۆ پاراستنی ئەو تاقمە یان ئەو گروپە یان ئەو نەتەوە کە لەناو وڵاتدا حکومەتەکەی خۆی مافی مرۆڤ پێشێلدەکات، ئێستا لەچەندین شوێن، لەکوردستانی عیراق، لەکۆسۆڤۆ، لەبوسنیا یان لەرواندا، لەسۆمالولەزۆر شوێنی تر کۆمەڵی جیهان ئەو دەستێوەردانەی کردووە.

هەربۆیە ئێستاش فشارێکی زۆر گەورە هەیە لەسەر حکومەتی عیراق هەروەها بۆ حکومەتی تورکیاو بۆ هەندێ شوێنی تر کە بۆ ئەوەی کەوا مافی گەلی کورد بدەنو قبوڵی ئەوە یەک، دوو زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان لەئاستی جیهاندا. جاران تەنها حکومەتەکانو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیتوانی لەسەر ئاستی کۆمەڵی جیهانی جموجۆڵی هەبێ بەڵام ئێستا ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان لەساڵی ١٩٨٥ وە تا ئێستا لە٣٠٠ ڕێکخراوەوە تەقریبەن بۆتە چوار پێنج هەزار ئەنجا ئەمانە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە

ســـــنوورەکانی ئەو وڵاتـــانە (وەکـــو دکتـــۆری بێســـــنوور، رۆژنامەنووسی بێ سنوور، پارێزەری بێ سنوور) یەکسەر ئەچن بۆ ئەو شوێنانەی کەکارەساتێکی گەورەی سیاسیی یان مرۆڤی هەیە بۆئەوەی بەهاوارییەوە بچن، بوونی ئەو رێکخراوە غەیرە حکومیـانە زیـاتر یـارمەتی پرسـی گەلـی کـورد ئەدات. سـێ: گۆڕانکارییە گەورەکان کەلەراگەیاندنی دنیابووە. کە خێرا دەنگو باسێک لەناوچەیەکی دنیا چەند دووربێت چەند شاخاویو چەند لەپەنـابێ بەزووتـرین کـات ئەگـاتە ژووری دانیشـتنی هەمـوو کەسێک لە هەموو وڵاتانی دنیادا. خەڵک دەکەوێتە گەر، دەکەوێتە جموجۆڵو بۆ ئەو مەسەلەیەو بۆ دیفاع کردن. شەشـەم: ئاسـتی ڕووناکبیریو هۆشیاری سەرکردەی سیاسی کورد بەقەناعەتی من زۆر زیاتر بووە. لێوەشاوەییو شارەزایی ئەوان بەرزبۆتەوە.

دواشـــت بەقەنـــاعەتی مـــن لێوەشـــاوەیی دیبلۆماســـی لەنـــاو بزووتنەوەی سیاسـی کوردیـدا زۆر زیـادی کـردووەو گەشـەی کـردووەو چەکـی دیبلۆماسـییەتی نێـو جیهـانیو پەیوەنـدیکردن لەگـەڵ دەوڵەتـانی جۆربەجـۆردا باشـتر بەکاربێـت دەتـوانم بڵـێم فاکتەرێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە تێگەیشتنی خەڵک لەسەر پرسی کورد زۆر زیادی کـردووە ئەنجـا هۆیەکانی زۆرن کەلەم پرۆگرامەدا ناتوانم بیانژمێرم. ئەم تێگەیشـتنە وای لەڕای گشـتی جیهان کردووە پشتگیری پرسی کورد بکەن.

***ئەم هەلومەرجە تازەیەی کە هاتۆتە پێشەوە بـۆ کـورد بەرای تـۆ وانـاخوازێ کەدامەزراوەکـانی کوردایەتیـو ئەو سلکانەی کە ئیش بـۆ مەسـەلەی کـورد دەکەن گۆڕانێکیـان**

**بەسەردا بێت. بەڕای تۆ چ جۆرە دامەزراوێکمان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین ڕەوشی درەوشانەوەی پرسی کورد لەدەرەوە بەقازانجی خۆمان ئیستیغلال بکەین؟**

-لەهەر شـوێنێک وردە وردە دەسـتی کـردووە مەسـەلەن جۆربەجـۆری کوردیـدا لەزۆر دەسـەڵاتی دنیـادا لەکوردسـتانی باشـوور چ لەبەشـەکانی تـری کوردسـتاندا لەنووسـیندا شـێوەی نووسـینو پێشـکەش کردنـی پرسـیگەلی کـوردا بەشـێوەیەکی موجوم لەسـەر خـوا وە بەشـێوەیەکی نەک لەشـتە گەشـەکانەوە چـوارەم بەقەنـاعەتی مـن ئەو بەڕێـوەبردنی ئیشـوکاری خـۆی، مەسـەلەن لەئیـدارەی کوردسـتانی باشـووردا بەرێـوەبردنی ئیشوکاری خۆی بەشێوەیەکی ڕێکو پێکو دیموکراسیانە ئەوە خۆی لەخۆیدا ئەنجامێکی زۆر گەورە ئەبێت کەپشـتیوانی رای گشتی جیهانی وەک نموزەجێک وەکو نموونەیەکی باش ئەگەر تەنهـا بەڵام بێگومـان شـەڕی نـاوخۆی هەنـدێ ممارەسـاتی نـادیموکراتی ئەوانەتـا تێرئەکـات بەڵام ئـێمە بتـوانین گەشـەی پێبدەین پێش ئەوەی باشتری بکەین بیکەینە نموونەیەکی باش لەرووی سیاسییەوە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لەرووی یەکسـانی بەبـێ ژن دیبـاردا ئەوە وا دەکـات کەهەمـوو دنیـا زۆر زیـاتر پشـتیوانی لەمەسـەلەی پرسـی ئـێمە بکـات دوژمنەکانیشـمان ئەوەندە ناشـرین لەرووی سیاسـیو فەرهەنگی هەمەلایەنەی کە خەڵک بە (تەبیعەتی)حاڵ جۆرە عەتفێکی هەیە لەسەر مەسـەلەی ئێمەدا بەڵام دەبێت ئێمە فێربین کەچۆن بتوانین ئەو عەتفەی کە هەیە خێزانێکی بەکاری بهێنن.

***ئێمە هیچ پرسیارێکمان نەما ئەگەر جەنابت گوتەیەکت هەبێ.**

-بەڕاسـتی ئەمەوێ بەم شـێوەیە کۆتـایی بەقسـەکانم بهێـنم تکـام هەیە کە هەمـوو کاتێـک رەخـنەی بـاشو رەخـنەی کە سوودی هەبێ بۆ حکومەتی کوردستان، بۆ گەلی کوردستانو ناوبـانگی باشـبکاتەوە لەکەناڵەکـانی راگەیانـدنی خۆتانـدا فورسـەتی پێبـدەن. لەمەسـەلەی بەڕێوەبردنـدا، لەمەسـەلەی یاسادانان، لەمەسەلەی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا، لەمەسەلەی یەکسانی لەبەینی ژنو پیـاودا، لەبەینی منـاڵو گەورە سـاڵاندا، لەبەینی چینی جۆربەجۆری نـاو کۆمەڵدا. هەرچەنـد حکومەتی خۆتـان رێکوپێـک بـکەن ئیـدارەی خۆتـان رێکوپێـک بـکەن، کەموکوڕییەکـان پـڕبکەنەوە، ئەوەنـدە قـازانجی ئێـوەیە. زۆر سوپاستان دەکەم.

***بەڵێ زۆر سوپاس کاک هۆمەر. خوشکو برایانی بەڕێز بەمجۆرە ئەڵقەی ئەمجارەی بەرنامەی هەزارەی سێیەم کە میوانداری مامۆستا (عومەر شێخمووس)مان کرد کۆتایی هات. ئێوەو کوردایەتی ساغو سەلامەت بن.**

**ئەم چاوپێکەوتنە ستران عەبدوڵڵا سازی کردووە.**

# یەکێتی و پارتی پەندیان لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو وەرنەگرت

عومەر شێخموس یەکێکە لەسیاسەتمەدارە دیارەکانی کورد لەدیدارێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی ئاسۆ، باس لەبارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکات و رەخنە لەپارتە فەرمانڕەواکان و ئۆپۆزسیۆن و پەرلەمانی کوردستان دەگرێت و لەتێڕوانینی خۆشیەوە رێگە چارەی دەربازبوون لەو بارودۆخە سیاسییە دەخاتەڕوو کەلەدوای رووداوەکانی ١٧ی شوباتەوە سەریهەڵدا.

شێخموس پێیوایە کە (هاتنی ئۆپۆزسیۆن ئەوە نیشاندەدات کەخەڵک و جەماوەر نارازییە بەرانبەر مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و تێکەڵاوکردنی کارەکانی حزب و حکومەت و کەمی خزمەتگوزاری)، رووداوەکانی ١٧ی شوباتیش ئەوەیان نیشاندا کە (زەمینەیەک هەیە بۆ تەقینەوەی نارەزاییەکان لەناو خەڵکدا).

عومەر شێخموس پێیوایە (سیستەمی پەروەردە رۆڵێکی گرنگی بەردەکەوێت) لەبنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵیدا، کەبەردەوام بێزاری لەبارەوە دەردەبڕێت و راشیدەگەیەنێت کەدەتوانرێت لەرێی (دانانی یاسای بەهێز لەدژی گەندەڵی) بەر بەو دیاردەیە بگیرێت و رەخنە لەپەرلەمانی کوردستانیش دەگرێت بەوەی لەو رووەوە سەرکەوتوو نەبووە.

لەو بڕوایەشدایە کە (تازەیی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان) پاساو نییە بۆ دواخستنی پرۆسەی چاکسازی، چونکە چاوپۆشیکردن لەگەندەڵی و دواخستنی چاکسازی (مەترسی) لەسەر ئەزموونی هەرێم دروست دەکات.

هاوکات رەخنەش لەئۆپۆزسیۆن دەگرێت بەوەی کە (بەتەواوی بەرۆڵی خۆی هەڵنەساوە و هێشتا وەکو هێزێکی دەرەوەی پەرلەمان بیر دەکاتەوە و مامەڵە دەکات) و دەڵێت: (هێشتا بیر لەدروشمی سیاسی و شەقام دەکەنەوە نەک لەناو پەرلەماندا رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە ببینن).

عومەر شێخموس کەخەڵکی شارۆچکەی عامودای رۆژئاوای کوردستانە، باسیش لەبارودۆخی کورد لەرەوشی ئێستای سوریا دەکات کەشەپۆلێک نارەزایی جەماوەری بەخۆوە دەبینێت و دەڵێت: (یەکێک لەو لایەنانەی قازانجی لەبارودۆخەکە کردووە، کوردە).

داواش دەکات هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستەکانی جەماوەری و رەسمی و حزبی پشتیوانی لەکوردانی رۆژئاوای کوردستان بکەن و یارمەتیان بدەن و دەشڵێت: (رژێمی سوریا بەرەو رووخان دەڕوات و دەرفەتی مانەوەی نەماوە).

*** لەئاستی گشتیدا باس لەچاکسازی دەکرێت لەسیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەبۆچوونی جەنابت کەموکوڕی و خراپییەکان لەکوێدان کەپێویستە چاک بکرێن؟ چاکسازی بنەڕەتی پێویستی هەنووکەییە؟**

– چەند نیشانەیەک هەن وایدەردەخەن کەسیستەمی سیاسی و ئیداری لەکوردستان پێویستیان بەگۆڕانکاری و چاکسازییە، ئەو هەڵبژاردنــانەی کەتــا ئێســتا لەکوردســتاندا کــراون، هــاتنی ئۆپۆزسـیۆن ئەوە نیشـاندەدات کەخەڵـک و جەمـاوەر نـاڕازییە بەرانـبەر بەو رەوشــەی هەیە لەکوردســتاندا، لەمۆنۆپـۆلکردنی دەسـەڵات، تێکەڵاوکردنـی کارەکانی حزب و حکومەت و کەمـی خزمەتگــوزاری، لەبەڕێــوەبردنی ئیشــوکاری خەڵکــدا، ئەم کەموکورِیانە هەموو وانیشاندەدەن کەپێویستمان بەچاکسازییەکی بـاش هەیە بـۆ رێکخسـتنی سیسـتەمی سیاسـی لەکوردسـتان، هەروەها دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی خێرا و پەلەش پێویستە، رووداوەکانی ١٧ی شوبات نیشانیدەدەن کەزەمینەیەک هەیە بۆ تەقینەوەی ناڕەزاییەکان لەناو خەڵکدا.

*** ئەوانەی باستکرد سیمای گشتی دەسەڵاتی کوردییە یان بەشێکە لەپرۆسەی گواستنەوە بەرەو دیموکراسیەت و فرەیی و دەوڵەتی دامەزراوەیی؟**

– ئەوە لەراسـتیدا سـێ فـاکتەری هەیە، یەکەم: دەسـەڵاتێکی تـازەیە، ئـێمە ئەزمـوونی حـوکمڕانی خۆمـان تـازەیە و لەسـاڵی ١٩٩٢ەوە دەســتپێدەکات و ئەو ئەزمــوونە مێژوویــی نیــیە کەلەزۆر وڵاتی تردا هەیە.

دووەم: هێزی سیاسی ئـێمە هـاتوونەتە سـەر وڵاتێکی وێـران بەئیمکانیــاتێکی زۆر کەمەوە، کــادری لێوەشــاوەی سیاســی و عەســکەرییان هەبــووە، بەڵام کــادری لێوەشــاوەیان بــۆ فەرمانڕەوایی نەبووە، لەهەموو ئەزموونێکیش کەتازە دروست

دەکرێت کاتی دەوێت تا دەبێتە دەوڵەتی دامەزراوەیی بۆ ئەوەی کارەکانی وڵات و خەڵک بەڕێوە ببات. دیاردەی گەندەڵی شتێکی تازە نییە تەنانەت لەپێشکەوتووترین وڵاتی دنیادا گەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام ڕێژەکەی جیاوازە، بۆیە دیاردەی گەندەڵی بەشێکی زۆری لەوڵاتی جیهانی سێ بوونی هەیە، لەبەرئەوەی کەوڵاتی کراوە و شەفاف و دیموکراتی نین، پەرلەمان دەسەڵاتی چاودێری تەواوی نییە.

سێیەم: یاسای وا دانەنراوە بۆ ئەوەی بەگژ گەندەڵیدا بچێت. دیاردەیەکی تر هەیە کەزۆرجار لەگەندەڵی خراپترە یان لەراستیدا بەشێکە لەگەندەڵی ئەویش مەسەلەی واسیتە و واسیتەکارییە، ئەمە گەیشتۆتە دۆخێک کەهاوڵاتی ئیشوکاری بەڕێوەنەچێت ئەگەر واسیتەی نەبێت، یان دەبێت پارە بدەیت یان ئەو پەیوەندییە بەکاربێنیت بۆئەوەی شتێکت دەستبکەوێت یان ئیشەکەت جێبەجێ ببێت، بێگومان ئەوە زۆر خراپە.

*** باشە بەتەنیا دەسەڵات بەرپرسە لەتەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە یان هاوڵاتییش وەکو لایەنێکی دیاردەکە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ؟**

- هەردووکیان بەرپرسن، بەڵام بەنیسبەت خەڵکەوە پەروەردەی دیموکراتی، فێربوونی بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەیەکی پاک پێویستە، بۆیە لێرە سیستەمی پەروەردە رۆڵێکی گرنگی بەردەکەوێت، بۆ نموونە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا هەر لەقوتابخانەی سەرەتاییەوە هەتا دەگاتە زانکۆ شتێک هەیە کەدانیشتوانی وڵات فێری چەند شتێک دەکات: شەفافیەت و

دەستپاکی لەناو بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەروەها شتێکی تریش فێری هاوڵاتیانی خۆیان دەکەن کەپێیدەوترێت ئەخلاق کەهاوڵاتیان فێردەکرێن کەبەچ پێوانەیەک کاربکات، بەرژەوەندی گشتی کامەیە و چییە؟ جیاوازی نێوان بەرژەوەندی حزب و حکومەت و خەڵک چییە و چۆن تێکەڵاو نەکرێت؟ ئەگەر هاتوو کارێکی وا بەو شێوەیە کرا دەبێت ئەو کەس و لایەنە بەرپرسیارێتیان هەبێت بەرانبەر بەو دیاردە خراپەی دەیکەن. لایەنێکی تر کەزۆر گرنگە دانانی یاسای بەهێزە لەدژی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی وڵات. دەزگای جۆراوجۆر هەیە کەلێپرسینەوە دەکات، دادگا و پەرلەمان و یاسای بەهێز هەیە.

*** جەنابیشت وەکو زۆر کەسی تر (ئەزموونەکە تازەیە و پێویستی بەکاتە)ت بەکارهێنا، ئەمە بیانوویەکی بەهێزە بۆئەوەی چاکسازی دوا بکەوێت؟**

- نەخێر بێگومان ئەوە پرس و پرسیارێکی زۆر گرنگە، ئەو ئەرگۆمێنتە تەنیا بەس نییە بۆئەوەی مرۆڤ چاو لەگەندەڵی بپۆشێت و رەخنە نەگرێت یان هەوڵنەدات کەئەو رەوشە چاک نەکات، بەڵکو ئەوە تەنیا وەک باکگراوندێک پێویستە لەبەرچاو بێت بۆ ئەوەی لەکاتی شیکردنەوەدا لێی تێبگات، بەڵام ئەبێت مرۆڤ هەموو کاتێک هەوڵ بدات چاکی بکات و رێگری لێبکات. ئەمەش پێویستە لەناو دادگاکان و پەرلەمان و دەزگاکانی حکومەتدا دژایەتی بکرێت و یاسای بۆ دەربکرێت، بەڵکو نەک بەشێوەیەکی نەرێنی و پێویستە جێگرەوە هەبێت.

*** هـیچ مەترسـییەکی وا دەبینیـت بـۆئەوەی پرۆسـەی چاکسازی و گۆڕانکاری دوابخرێت؟**

– نەخێر هیچ مەترسییەک نییە، بەڵکو دواخستنی پرۆسەی چاکسـازی دەبێـتە مەترسـی لەسـەر ئەزمـوونی هەرێمـی کوردسـتان، بـۆیە هـیچ هـۆیەک نـابینم بـۆئەوەی حکـومەت و حزبەکـانی کوردسـتان چاکسـازی دوابـخەن، بەڵام ئەوەی مـن دڵخۆش دەکات ئەوەیە کەنیەتی باش دەبینم بۆ چاکسازی لای هەموو لایەنەکـان: لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، یەکێتی و پارتی و حکـومەتی هەرێمـیش، هەروەهـا لای خەڵکـیش کەوا دەیانەوێـت کەبەزوویی پرۆسەی چاکسازی پێشبکەوێت.

*** باسی دانانی یاسات کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردانە کەئەوەش ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە، بەبۆچوونی جەنابت پەرلەمان بەئەرکی خۆی هەستاوە و لەئاستی پێویستدا بووە؟**

– هەوڵیداوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

*** بۆچی سەرکەوتوو نەبووە؟**

– بەداخەوە دوو هێـزە گەورەکەی کوردسـتان (یەکێتـی و پـارتی) ئامـادە نەبـوون کەئەو ڕەوشـە لەبەرچـاو بگـرن و وایاندەزانی خەڵکی زۆر لێیان ڕازین و پەندیشیان وەرنەگرت لەدوو هەڵبژاردنەکەی پێشوو لەبەرئەوەی زۆرینەیان هێنابوو وایانـدەزانی کەخەڵکـی پشـتگیری لەهەمـوو بۆچوونەکانیـان دەکـات، لەبەرئەوەی کەزۆرینـەی پەرلەمـان وایانـدەزانی کەوا

دەتوانن هەموو شتێک بەسەر حکومەت و پەرلەماندا بسەپێنن، بەڵام دیمان بەردەوامبوونی ئەو شێوازە سەری نەگرت، بۆیە ئەوانیش هۆشیارتر بوونەتەوە و بەخۆیاندا چوونەتەوە و بینیان رادەی نارەزاییەکان زۆرە و خەڵکی ئیتر قبوڵ ناکات، هەروەها لەخۆڕازیبوونی زلهێزەکان هۆکارێکی تر بووە.

*** لەهەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەممووزی ٢٠٠٩ەوە ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەشێوەیەکی جددی دەرکەوت، زۆر باس لەوە دەکرێت ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست نییە، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان لەهەناوی یەکێتییەوە هاتۆتە دەرەوە. بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینت چییە لەسەر ئۆپۆزسیۆن؟ توانیویەتی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست بێت و کاریگەری لەسەر دەسەڵات دروستبکات بۆ پێشخستنی پرۆسەی چاکسازی؟**

- ئەمە دوو لایەنی هەیە، لایەنی پرەنسیپی و لایەنی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا، من هەر لەزووەوە لەوکاتەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا لەساڵی ١٩٩٢ەوە سیستەمی پەنجا بەپەنجام زۆر بەلاوە خراپبوو، زۆریشم پێ باش بوو چەند حزبێکی جیاواز لەکوردستان هەبێت بۆئەوەی تەرازوو هەبێت و ئەمەش بۆ پرۆسەی دیموکراسی زۆرباشە و هەتا هەوڵیشماندا هەندێک حزب و رێکخراو دروستببن بۆئەوەی بتوانن ببن بەهێزی سێیەم و چوارەمیش، بۆ تەندروستبوونی سیستەمی سیاسی لەکوردستان ئەوە زۆر پێویستە بۆ ئەوە یەکێتی و پارتی بەتەواوی ئیحتیکاری دەسەڵات نەکەن، بەڵام بەداخەوە نەکرا و لەدواییشدا بەهۆی هەڵبژاردنەکەی ٢٥ی تەممووزەوە ئەم هێزە

دروســتبووە کەئۆپۆزســیۆن بێــت، بەڵام پرەنســیپەکە لەوەدایە بوونی ئۆپۆزسیۆن لەهەر سیستەمێکی سیاسییدا دیاردەیەکی تەندروست و باشە ئەگەر بتوانێت رۆڵی خۆی بەچاکی بگێڕێت. چاودێری و لێپرسینەوە بکات و هەموو کات رەخنە لەدەسەڵات بگرێت و جێگرەوەی خۆی پێشکەش بکات، دەسەڵاتیش پێویستە هەمووکات لەگفتوگۆدا بێت لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا، لەهەموو دنیادا وایە ئەو هێزەی بۆ نموونە ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنە مومکینە سبەینێ دەسـەڵات بگـرێتە دەسـت، بـۆیە پێویسـتە لەدەرەوە و نـاوەوەی پەرلەمان لەگفتوگۆدابن لەگەڵ یەکتر بۆئەوەی تەوافوقێک بهێنرێتە کـارەوە لەسـەر ئەو بڕیـارانەی کەلەلایەن پەرلەمـانەوە دەدرێ. بەبڕوای من ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان بەتەواوی بەرۆڵـی خـۆی هەڵنەسـاوە و هێشـتا وەکـو هێزێکـی دەرەوەی پەرلەمـان بیـر دەکـاتەوە و مـامەڵە دەکـات، هێشـتا بیـر لەشـیعاراتی سیاسـی و شەقام دەکەنەوە نەک لەناو پەرلەماندا کاری خۆیان بکەن و لەناو پەرلەماندا رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە ببینن.

*** دوو زاراوەمـان زۆر گـوێ لـێ دەبێـت کەدەسـەڵات و ئۆپۆزســیۆن بەرووی یەکیــدا ئەیڵێــنەوە (ئۆپۆزســیۆنی ناتەندروست) و (دەسەڵاتی زۆر خراپ)، لەدنیای دیموکراسیدا شتی وا هەیە؟**

- بەشـێوەیەکی گشـتی نییە، بەڵام لەهەنـدێک وڵاتـدا مـومکینە ئۆپۆزسیۆن دەورێکی خراپ ببینێت و لەهەمانکاتدا دەسەڵاتیش، بەڵام لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا شتی وا نییە، مەبەستم ئەوانەیە

کەخاوەن سیستەمی سیاسی و دیموکراسی راستەقینەن، بەڵام ئەوانەی خاوەن سیستەمی بەناو دیموکراتین بەڵێ شتی وا هەیە.

*** بۆچوونت چییە لەسەر دانیشتنی پێنج قۆڵی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان، چاوەڕوانی دەرەنجانی چی لێدەکەیت؟**

- زۆر خۆشبینم، لەبەرئەوەی یەکەم: یەکێتی و پارتی لەسیاسەتکردنیان، هەڵوێست و دەربڕینیان، لەزاری وتەبێژەکانیانەوە دانیان بەوەدا ناوە و بەڵێنیشیان بەخەڵک داوە کەوا گۆڕانکاری و چاکسازی بکەن لەناو سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستاندا. دووەم: هەر لەرۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکانەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی چ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و چ نوێنەری خۆپیشاندەران، ئۆپۆزسیۆن لەسەرەتاوە رازی نەبوو گفتوگۆ لەگەڵیانبکاتو هەندێک مەرجی قورسی دانا، بەڵام لەئەنجامی ئەو رەوشەی هاتە کایەوە و پاش پەیوەندیکردن بەیەکەوە لەقۆناغی دواتردا پرۆسەی گفتوگۆ دەستیپێکرد، من لەنزیکەوە ئاگام لەپرۆسەی گفتوگۆکردنەکە هەیە و تا ئێستایش زۆر بەباشی بەڕێوەچووە، خاڵە هەرە قورسەکانی نێو پرۆژەکان خەریکە رێککەوتنی لەسەر دەکرێت، ئەو چەند خاڵەشی کەماوە دوور نییە لەکۆبوونەوەی ئایندەدا رێککەوتنی لەبارەوە بکرێت.

*** تێڕوانینت لەسەر ئەو شەپۆلی گۆڕانکارییە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟ هۆکارەکەی چەوساندنەوەیە لەلایەن**

**دەسەڵاتەوە یان وەکو زۆرجار دەوترێت دەست و سیاسەتی زلهێز یان دەرەکی لەپشتەوەیە؟**

– بەشبەحاڵی خۆم لەرووی تیۆرییەوە زۆر لەسەر ئەمە کارم کردووە، کاتی خۆی ویستم تێزی دکتۆراکەم لەسەر ئەمە بنووسم بەناونیشانی: بۆچی شۆڕش لەلایەن خەڵکەوە دەکرێت لەهەندێک وڵات؟ یان هۆیەکانی شۆڕشکردن چییە؟ تیوریسیاتەبەناوبانگەکانی جیهان کەلەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە هاتوون بەراوردی چەند شۆڕشێکیان کردووە لەجیهاندا، ئەوان باسی چەند هۆکارێکی گرنگ دەکەن یەکێکیان ئەو تێزەیە کەگوایە خەڵک بەهۆی هەژاری و برسێتییەوە شۆڕش دەکەن ! وانییە، ئەوان وایان نیشانداوە کەئەم شۆڕشانە لەکاتێکدا کراون کەرەوشی ئابووری لەو وڵاتانە بەرەو باشی ئەڕواتوهیواکانی خەڵکیش بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کەجیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان هەژار و دەوڵەمەنداندا درزەکە زۆر گەورە دەبێت و رادەی ناڕازیبوونیش بەرزتر دەبێتەوە. ئێمە تەماشا بکەین لەتونس و میسر رەوشی ئابووری لەم ساڵانەی دواییدا بەرەو باشتر دەڕۆیشت، ئەوەش وایکردووە هیوا و داخوازییەکانی خەڵک بەرزبۆتەوە و چاوەڕوانی شتی زیاتر لەحکومەت دەکرا، بەڵام حکومەت نەیدەتوانی تەواوی داواکارییەکان جێبەجێبکات، هۆکاری دووەم بوونی دیاردەی گەندەڵییە، سێیەم کەموکوڕی لەئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگواری، سەرەڕای ئەوی رەوشی ئەم وڵاتانە باش بوو، بەڵام ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاو و کارەبا و...هتد هێندە خراپ

بــوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵکــی زیــاتر بێــزار دەکــرد، ســێیەم پەیوەنــدی بەجــۆری حــوکمڕانییەوە هەیە لەهەڵبــژاردنەوە بــۆ حوکمی بنەماڵەیی، منداڵەکانیان دێنە پێشــەوە، ژنەکانیان ڕۆڵی گەورە دەبینن، خزم و دۆست و بنەماڵەکانیـان و ئەوانەی لێیان نـزیکن دەبـن بەنـوخبەی تـازەی وڵات و وڵاتەکە وێـران دەکەن، چــوارەم درز کەوتــنە نــاوی نــوخبەی دەســەڵات هۆکــارێکی سەرەکییە و دەبێت بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕش وەکو لەتونس و میسر بینیمان، پێنجەم هۆکار لاساییکردنەوەیە. یەک دوو ساڵی پێش ئێستا و پاش هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران کاتێک لەوێ خۆپیشــاندان کــرا هەنــدێک نووســەری عەرەب وتاریــان نووسی و دەیانوت بۆ لەئێران خۆپیشاندان ئەکرێ و لای ئێمە نا؟ ئەگەر سەیر بکەیت لەساڵانی پەنجاوە تا ئێستا لەوڵاتانی عەرەبی یەک سیستەمی سیاسی عەرەبی دیکتاتۆری حوکم دەکات.

*** ئەو هۆکارانەی باستکرد لەگەڵ چ هۆکارێکی تر بوونە مایەی هەڵگیرسانی ئەو ڕاپەڕینانەی ئێستا لە سوریا؟**

- بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانە لەگەڵ هۆکاری تائیفی ئەویش خۆی لەحـوکمکردنی کەمینەیەکـی ئـایینی عەلەویـدا دەبینێـتەوە. هەروەهـا حکومەتی سـوریا ڕۆڵێکـی خـراپ دەگێڕێت لەئاسـتی سیاســەتی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا بەتــایبەت پشــتگیریکردنی لەگروپە تیرۆریستییەکانی وەکو حزبوڵڵا و حەماس. هەروەهـا لەسـوریا ڕادەی گەنـدەڵی لەهەمـوو وڵاتـانی تـر زیـاترە لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی هەژاریشـە، نوخبەی دەسـەڵات بەشـێکی زۆری سەروەت و سامانی میللەت بۆ خۆی دەبات، من پێموایە هۆکاری

لاساییکردنەوەیش بۆ سوریا راستبوو کاتێک خەڵکی ئەویَ بینیان تـونس و بەدوای ئەودا میسـر و پاشـان گەیشـتە وڵاتەکەی ئەوانیش، بەبڕوای من ئەگەر شۆڕشەکە لەسوریا سەرکەوتن بە دەستبهێنێت ئەوا لەئێرانیش دەستپێدەکات.

*** لایەنی کوردی چ رۆڵێکی هەیە لەخۆپیشاندانەکانی سوریا؟**

– دەرفەتێکی مێژووییە، چونکە لەماوەی ساڵانی رابردوودا چەوسـاندنەوەیەکی یەکجـار زۆر لەدژی کـورد بەکارهـاتووە ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد قبـوڵ نەکـراوە لەلایەن رژێمـی سـوریاوە، پاشـان لە ١٩٦٣ ناسـنامە لە ١٠٠ هەزار کـورد وەرگیرایەوە، هەروەها قانونی ٤٩یان دەرکرد کەکورد لەمافی خوێندن و چالاکییەکانی تری قەدەغەکرد، تەملیککردن و کڕین و فرۆشتنی خانووشی لەکورد قەدەغە کرد.

ئەو رەوشەی ئێستا لەسوریا دروستبووە یەکێک لەو لایەنانەی قازانجی لێکردووە بەبڕوای من کوردە، بۆ نموونە حکومەت بەجـددی دەسـتیکردۆتە گفتوگـۆ لەگەڵ لایەنە کوردییەکـان، هەروەها بڕیاری پێدانەوەی رەگەزنامەی بەکورد دەرکردووە، رەوشـێکی زۆرباش لەناو هێزە کوردییەکان هاتووەتە پێش بەبەراورد لەگەڵ جاران، ئێمە یەک لەگلەییەکان هەمانبوو لەهێزە کوردییەکانی سوریا و من بۆ خۆم لەساڵانی شەستەوە هەوڵم لەگەڵداون ئەوەبوو کەواز لەپەرتەوازەیی بێنن و یەکگرتووبن و پێکەوە کار بکەن.

*** ئێستا پێکەوە کار دەکەن و یەکگرتوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم رەوشە؟**

- بەڵـی ئێسـتا ئەو یەکگرتـوویيە پەیـدابووە، ١١ حـزب و بـزووتنەوەیەک کەلەسـەر سـاحەی سیاسـیدان کیـانێکی یەکگرتوویـان دروسـتکردووە بەنـاوی بـزووتنەوەی کـوردایەتی لەسوريا، هەفتانە دادەنیشـن و بەرنـامە دادەنـێن و پلاتفۆرمێکی یەکگرتـووی سیاسـییان هەیە و لەسـەر دروشـم و چـۆنێتی بەشداربوون و پاراستنی گیانی خۆپیشاندەرەکان رێککەوتوون، سیاسـەتێکی زۆر عاقڵانەیـان بەکارهێنـاوە و نەئۆپۆزسـیۆن و نەحکومەت نەیتوانیوە ریزەکانیان تێکبدات.

*** لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی ئاسـتی هاوکـاری هێـزە کوردییەکان چۆنەلەگەڵ بزووتنەوەی کوردی لەسەر سوريا بەتایبەت حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ پێتباشە چۆن و بەچی میکانیزمێک هاوکاری یەکتر بکەن؟**

- من پێمباشـە هەر لەرێگای رۆژنامەی ئاسۆوە بـانگەواز یـان پەیامێک بۆ هەموو لایەک بنێرم بەو پێیەی کوردی سـوریام و چـالاکوانبووم لەنـاو بـزووتنەوەی کـوردایەتی لەوێ و لێـرەش، ئێسـتا کـاتی ئەوە هـاتووە بەشـێوەیەکی فـراوان پشـتیوانی لەخەبات و تێکۆشانی کوردی سوريا بکرێت، من لەوە تێدەگەم حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان یـان حـزبە گەورەکـان لەبەر لایەنی دیپلۆماسی نەتوانن بەزەقی هەندێک هەنگاو بنێن، بەڵام من پێمخۆشە لەکاتی پێویست و لەچەند ئاستێکەوە یارمەتی و پشتیوانییەکی زۆر لەکوردانی سوريا بکرێت:

**یەکەم:** پێمباشــە لەهەمــوو شــارەکانی کوردســتان لەلایەن خەڵک و رووناکبیرانەوە کۆمیتەی پشتیوانی لەخەباتی کوردی سوریا دروستبکرێت.

**دووەم:** شــاڵاوی کــۆکردنەوەی مــاددی و بەدەســتهێنانی پشتگیری مەعنەوی لەلایەن ئەم کۆمیتانەوە دەستپێبکرێ بۆ کوردی سوریا.

**ســێیەم:** گەنجانی ئێرە شارەزان لەبواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، دەکرێ هاوکاری باشیان بکەن بۆ کردنەوەی ماڵپەر و بڵاوکــردنەوەی دەنگوباســەکانیان لەتــۆڕە جیاوازەکــانی ئینتەرنێت بۆئەوەی دەنگی ئەوان بگاتە دنیای دەرەوە.

**چوارەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان کارئاسانی بکات بۆ هاتوچۆکردنی نوێنەرانی ئەو حزبانە بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە ئێستا ئەو حزبانە لەدەرەوەی وڵاتیش خەریکی سازکردنی کۆڕ و کۆنفرانسن بۆ دارشتنی بەرنامەی تۆکمەتر. ئەمە پێویستە، چــونکە ئەوان پێویســتە پەیوەنــدی بــکەن لەگەڵ وڵاتە کاربەدەستەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەوروپا.

**پێنجەم:** هەقە یارمەتیان بدەن لەوەی هێزە کوردییەکانی سوریا لێرە بێت یان ئەوروپا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ساز بکەن بۆ رای گشتی جیهانی. بۆ نموونە ئێستا دەنگوباس هەیە سعودیە و تورکیا بەلێشاو کۆمپیوتەر و تەلەفۆنی سەتەلایتی ئەنێرن بۆ هێزەکانی نزیک لەخۆیان لەناو سوریا، میللەتی ئێمەش لەکوردستانی سوریا چاوەڕێی ئەوە لەکوردی بەشەکانی تر دەکەن یارمەتیان بدەن ئیتر ئەم یارمەتییە چ

بەناردنی کۆمپیوتەر و تەلەفۆن و کامێرای ڤیدیۆ چ هێنان و بردنی خەڵک و بەڕێوەبردنی خەباتی ئاشتیانە.

**شەشەم:** دەکرێ دەوڵەمەندەکان و ژوورەکانی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان هاوکاری ماددی خەڵکی ئەوێ بکەن.

**حەوتەم:** هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەتایبەت رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش گرنگی زیاتر بەرووداوەکانی ئەوێ بدەن و بەرنامەی تایبەت لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکان و چالاکوانەکانی ئەوێ بدەن.

زۆر گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراو لەبەرچاودایە، پێویستە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر لەپڕێکا پەلاماری کوردی سوریا بدەن دوور نییە پەنابەر روو لەکوردستانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بکەن.

*** ناوی تورکیات برد، دەنگۆی ئەوە هەیە تورکیا نیازی دەستێوەردانێکی یەکلایەنەی هەیە لەرووداوەکانی سوریا، پێتوایە تورکیا بتوانێت ئەو کارە بکات و ئایا ئەوە قازانج یان زیانی بۆ کورد دەبێت؟**

– بەبڕوای من تا ئێستا هیچ جموجۆڵێکی تورکیا لەبەرژەوەندی کورددا نەبووە، تورکیا کەزۆرجار هەندێک هەنگاو دەنێ لەترسی کاردانەوەی ئەو رووداوانەیە لەسەر رەوشی خۆیوەکو بینیمان ساڵی ١٩٩١ داوایکرد ناوچەی ئارام و پارێزراو لەکوردستان دروستبێت بەهۆی بوونی یەک ملیۆن کوردی ئاوارە لەوڵاتەکەیدا، ئێستا ئەوەی کەهەیە هەنگاوی تورکیا سەربەخۆ نییە، ئەمە جموجۆڵێکە لەناو

ئەنجــومەنی ئاسایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکـــان، چـــونکە ئەو ئەنجـوومەنە دەیەوێـت بڕیارێـک دەربکـات دژ بەسـوریا وەکـو ئەوەی بـۆ لیبیـا دەریکـرد، چـوونی دە پـازدە هەزار پەنـابەر بـۆ نـاو خـاکی تورکیـا زۆر نـاڕەحەتی کـردووە، بۆیە تورکیـا بیـری لەوە کـردۆتەوە دیسـانەوە نـاوچەیەکی ئـارام لەسـەر سـنووری تورکیـــا، بەڵام لەنـــاو خـــاکی ســـوریا دروســـتبکرێت، بەڵام نە مـومکینە تورکیـا خـۆی ئەوە بکـات و نە کـۆمەڵگەی جیهـانیش ئەوە لەتورکیـا قبـوڵ دەکـات و وڵاتـی عەرەبـیش ئەوە قبـوڵ نـاکەن، لەگەڵ هەمـوو ئەوانەدا هەوڵ و فشـار لەسـەر سـوریا هەیە بۆ ڕاگرتنی توندوتیژی و چاکسازی بنەڕەتی.

*** پێشبینی چـی دەکەیـت بـۆ ئەو ڕووداوانەی سـوریا و ئایندەی بزووتنەوەی کوردی لەوێ؟**

- ڕاســـتییەکەی زۆر زەحـــمەتە مـــرۆڤ پێشـــبینی هـــیچ دەرەنجامێـک بکـات لەم وڵاتـانە، بەڵام هیـوادارم سیسـتەمی دیموکراتی ڕێکوپێک لەسوریا بێتە کایەوە، دان بەمافی گەلی کورد بنێی و بەرەسمی بیناسێ و لانیکەم بەمـافی (ئۆتۆنـۆمی) بگـات، خۆشبەختانە بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی یەکگرتوو بووە ئۆپۆزسیۆنی سوری ڕازی بووە لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و قورساییەکی تەواوی هەیە، چونکە هیچ یەک لەو هێزانە بەتەنیا بەقەدەر ئۆپۆزسـیۆنی کـوردی نـین و ئەوان حسـابی ژمـارەی کـــوردی بەشـــەکانی تـــری کوردســـتانیش دەکەن، ئەو لـــۆبیە کوردییەی هەیە لەدەرەوە وڵات گرنگی تەواو بەرەوشی کوردی سوریا دەدەن. دواجار بڕوام وایە ڕژێمی سوریا بەرەو ڕووخان

دەڕوا و دەرفەتی مانەوەی نەماوە، چونکە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ هاتە پێش کاتێک لەتونس و میسر ئەو رژێمانە تووشی رووخان دەبوون دەستبکات بەگفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی سوریا و چاکسازی بکات و دیموکراسی فراوانتر بکات و یاساکانی تاک حزبی و بارودۆخی نائاسایی لاببات کەلەساڵی ١٩٦٣ەوە دانراوە، ئەمانەی نەکرد، هەروەها کۆمەڵگای نێودەولەتی هەموو کات فشاریان لەسوریا کردووە هەولیانداوە بەشار ئەسەد لەسەرکردەکانی تری عەرەب جیا بکەنەوە، بەڵام ئەسەد نەیتوانی ئەوە بکات.ئەوەشی هەمووکات باسی دەکەن دەستی دەرەکی لەپشتەوەیە ئەوە قسەیەکی سواوە و کەس بڕوای پێ ناکات.

**لە رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ١٥٠٤ ی رۆژی ٢٠١١/٧/٦ بڵاوبۆتەوە.**
**سازدانی: خەلەف غەفور**

# ئۆپۆزسیۆنی سوریا مافی ئۆتۆنۆمیان بۆ کورد قبوڵکردووە

عومەر شێخموس وەک کەسایەتییەکی سیاسی سەربەخۆی کوردی رۆژئاوای کوردستان، لەم دیمانەیەی لەگەڵ (سڤیل)دا، لەسویدەوە باسی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئامادەیی کورد دەکات لەئەگەری گۆڕانکارییەکانی سوریا و ئایندەی پرسی کورد لەناوچەکە روناک دەبینێت.

*** ئێستا سەرهەڵدان و ئاڵۆزی لەناوچەکەدا هەیە و لەسوریاش بەتوندی راپەرین و خۆپیشاندان هەیە، ئۆپۆزسیۆنی سوریاش لەئامادەکاریدایە بۆ ئەگەری روخانی رژێمی سوریا، پێگەی کورد لەناو ئەو ئامادەکارییانە و لەناو ئۆپۆزسیۆن لەچ ئاستێکدا دەبینی؟**

– یەکێک لەلایەنە باشەکانی رۆڵی کورد لەسوریا ئەوەیە کەبۆ یەکەمین جارە لەساڵی ١٩٦٥ەوە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەشی زۆریان کە ١١ حزب و بزوتنەوەیەکن یەکیان گرتووە و کۆمیتەیەکی هاوکاریان لەنێوان خۆیان دامەزراندووە، خەریکن ئەنجوومەنێکی نیشتمانی دروست دەکەن، ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر شیعارەکان لەسەر بۆچوونەکان، لەسەر رێکخستن و پاراستنی خۆپیشاندانەکان، وایکردووە کەرێزێکی

زۆر پەیــدا بــکەن لەلایەن ئۆپۆزســیۆنی ســوریا و لەلایەن دەسەڵاتیشـەوە، هەروەهـا ئێسـتا لەلایەن هێـزە سیاسـییەکانیش لەدەرەوەی وڵات و لەئەوروپا و لەئەمریکا و لەجێگەی تـریش، بەچاوێکی پڕ لەڕێزەوە تەماشای هێزی کوردی دەکەن، بەهـۆی یەکگرتووییان و بەهۆی ئەو بەرپرسیارەتییە گەورەی نیشـانیان داوە لەشێوەی بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکان و ئەو شیعارانەی بەرزیــان کــردۆتەوە لەســەر جــادە، هەروەهــا لەپەیوەنــدی بەردەوامدان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن لەناوەوەی وڵات و لەدەرەوەی وڵاتـیش، ئەوە ئێسـتا خەریکـی رێکخسـتنین، لەنـاوەوەی وڵات هەمـوو ئۆپۆزسـیۆنی سـوری لەپەیوەندیـدان لەگەڵ لایەنەکـانی کــورد و بەشــێکی زۆر لەئۆپۆزســیۆن زۆر لەداخوازییەکــانی میللەتی کوردییان قبوڵکردووە، وەک مـافی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کـورد یـانی ناوچەکـانی کوردنشـین مـافی خۆبەڕێوەبردنیـان هەبێـت بەشـێوەی ئۆتۆنـۆمی نەک بەشـێوەی فیـدرالی، چـونکە شـێوەی فیدرالی بۆ کوردستانی سوریا مەنتقی نییە، بەهۆی ئەوەی ناوچە کوردنشـینەکان بەسـەریەکەوە نـین، قوڵاییـان لەنـاو کوردسـتانی تورکیا و کوردستانی عێراق هەیە.

*** بەڵام لەم ماوەی رابردوو ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەتورکیا خەریکی کۆبوونەوە بوون، کـورد بەشـداری کـرد و دواتـر کشایەوە، ئایا مانای ئەوە نییە دان بەکێشەی کورددا نانێن، ئەی کشانەوەکان تا چەند لەخزمەتی پرسی کورد دا دەبێت؟**

- دەبێت لێرەدا وردبینی بکەین، ئەوەی یەکەم: زۆربەی ئەو کۆبـوونەوانەی لەدەرەوەی وڵات ئەنجـام دەدرێـت نـوێنەرایەتی

هەموو ئۆپۆزسیۆن ناکەن. دووەم: ئەوەی لەتورکیا لەئەنتالیا و ئەوەی ئێستاش لەئەستەنبول دەکرێت. بڕیار بوو کۆبوونەوەیەک لەمیسریش بکرێت، حزبی ئاکەپەی تورکی و ئیخوان موسلمین بەرادەی یەکەم لەپشتی کۆبوونەوە و کۆنگرەکانن، ئەوەش مانای ئەوەیە کەهەموو هێزی ئۆپۆزسیۆن نین، هەندێک لەکوردەکانیش کەچووبوون بەشدارییان کردبوو، نوێنەری ئەحزابەکان نەبوون، کەسانی سەربەخۆ بوون و نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ناوەوەی وڵاتیان نەدەکرد، بەڵام بزوتنەوەی کوردی لەناوەوەی وڵات لەدژی ئەوە نەبوو کەهەندێ کورد بچن بەشداری بکەن، بۆئەوەی بزانن چی لەوێ دەگوزەرێت و ئاگایان لەجموجۆڵەکان هەبێت، بەڵام وەکو بینیمان لەکۆنگرەکانی تورکیا، مادام دانیان بەمافی کورددا نەنا، کورد کشایەوە، وەکو گوتم ئەوە بەشێک لەئۆپۆزسیۆنی سورییە، ئەوە هەمووی نییە و ئەوانە ئەجندایەتی تایبەتی ئیسلامیان لەدواوەیە.

*** کام لایەنی ئۆپۆزسیۆن وەک لایەنی سەرەکی لەسوریا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ تێگەیشتنی ئەوان لەچ ئاستێکدایە بۆ پرسی کورد؟**

– ئەوەی هەیە، دوو لایەنە، یەکەم شتێک دروستکراوە بەناوی لیژنەی تەنسیق لەنێوان هێزە سیاسییەکانی سوریا، دووەمیش ئیعلانی دیمەشقە، ئەم دوو لایەنە وەک دوو کوتلەی گەورە نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن لەسوریا دەکەن و بەشی زۆریشیان عەلمانین، بەڵام ئیخوانیشی تێدایە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم، بەڵێ تێگەیشتنیان هەیە بەڵام بەمانای ئەوە نییە بڵێم هەموویان

دانیـان بەوەدا نـاوە و مافەکـانی کوردیـان قبـوڵە، وەک وتـم زۆربەیـان قبوڵیـــانە، ئەگەر تەماشــــای نووســـینەکانی ئەو دوو کـــوتلە گەورە بـکەی، بەگشـتی دانیـان بەمـافی کەلتـوری و زمـانەوانی و سیاسـی میللەتـی کـورددا نـاوە و وەک نەتەوەی دووەم لەسـوریا پێناسـەی دەکەن، بێگومـــــان ئەوەش مەســــــەلەیەکە بەســــــتراوەتەوە بەوەی لەدوارۆژدا تـا چەنـد هێـزی کـوردی یەکگرتـوو دەبێـت و دەتوانێـت قورسایی خۆی بەکار بهێنێت، تا داخوازییەکانی خۆی بسەپێنێت.

*** ئەی لەئەگەری لێکترازانی لایەنە کوردییەکان چاوەڕێی چیت؟ تا چەند ئەگەری لێکترازان هەیە؟**

– بێگومـان هەڵوێسـتی کـورد لاواز دەکـات، لەوەهـا حاڵەتێکدا دوور نیـیە لایەنە ئۆپۆزسـیۆنەکانی کـورد ئیتـر بەو قورسـییەی ئێســتاوە لێیــان نەڕوانــن، بەڵام ئەوەی کەئێســتا لەبەرچــاوە و دیومانە و کوردیش بۆ خۆی هەستی بەوە کردووە، لەناوەوە و لەدەرەوەی وڵات، ئەوەیە یەکگرتوویی لەقازانجی پرسی کوردە، وانەیەکی باشیان لەکوردستانی عێراق وەرگرتووە، کەکاتی خۆی لەساڵی ١٩٨٧ بەرەی کوردستانی دروستکرا و توانیان بەهۆیەوە قورسایی خۆیان لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەکاربهێنن، لەوکاتەی گۆڕانکاری لەعێراقدا روویدا، ئەمانیش ئێستا ئەوەیان لەبەرچاوە، بینیویانە کەدەستکەوتی گەورەیان بەدەستهێناوە، بەپاراستنی ئەو یەکێتییـەی ریزەکانیـان، دوور نیـیە یەک دوو هێـز گیروگرفـت دروســـت بـــکەن، بەڵام زۆربەی هێزەکـــان کەئەو ١١ حـــزب و بـزوتنەوەن یەکیـان گرتـووە، ئێسـتا بەبەشـداری کەسـایەتیە نیشتمانی و روناکبیر و ئاینیە کوردەکان لەناوەوە و لەدەرەوەی

وڵات خەریکی ئەوەن ئەنجومەنێکی نیشتمانی دروست بکەن، ئەو ئەنجوومەنەش لەدواجاردا لقی خۆی دادەمەزرێنێت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەکوردستانی عێراق و لەتورکیا و لەلوبنان و لەئەوروپا و لەو جێگایانەی بەپێویستی بزانن، بۆئەوەی نوێنەرایەتی داخوازییەکانی کورد بکەن لەداهاتوودا.

*** دەسەڵاتی سوریا هەندێ هەنگاوی نا بەئاراستەی مافی کورد، داوای حیواریشی کرد لەگەڵ لایەنە کوردییەکان، پێتوایە لەم کاتەدا حیوار لەگەڵ دەسەڵاتی سوریا هیچ ئەنجامێکی دەبێت؟**

- بەرای من ئەو تاکتیکەی کەبزوتنەوەی کوردی لەناوەوەی وڵات بەکاری هێناوە زۆر سەرکەوتوو بووە، وەک ئەوەی کەحکومەت لاواز بووە و هەڵوێستی لاواز بووە و هەوڵیداوە جۆرە حیوارێک لەگەڵ هێزی کوردی دروست بکات، هەروەها بەرەسمی بڕیاری داوە کەجنسیە بدرێتە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کورد، هەموو زیندانیە سیاسییە کوردەکان ئازاد کران، سەرۆکی دەوڵەت داوای کردبوو کەلایەنە کوردییەکان وەفدێک بنێرن، بەڵام مادام کورد لەسەر ئەو پرسە هەڵوێستیان یەکگرتوو نەبوو بڕیاریان دا نەچن. چونکە لەو ١٦ حزبە ٣ لایان لەدژی ئەو حیوارە بوون، ئەوەش نیشانی دا کەلایەنی کوردی چەند یەکگرتوون، دوور نییە مەبەستی دەوڵەت ئەوە بووبێت هەوڵی تێکدانی یەکێتییەکەیان بدات، بەڵام ئەوەی من لێیان تێگەیشتووم ئێستا ئەوان سیاسەت و تاکتیکیان ئەوەیە کەلەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و لەگەڵ دەوڵەتیش گفتوگۆ نەبڕن و هەر دەستکەوتێکیان هەبوو قبوڵی بکەن.

*** بەڵام ئەمە سیاسەتی دووفاقی نابێت، لەیەک کات حیوار لەگەڵ هەردوو بەرە بکەیت؟ یان مەزادی سیاسی نابێت؟**

– ڕەوشی کورد زۆر تایبەتە، کورد لایەنگری ئەوەن کەدەبێت ڕژێمێکی دیموکراتی دامەزرێت، لەگەڵ ئەوەدان کەدەبێت حکومەت گۆڕانکاری بکات و یاسای‌تەواری هەڵبگیرێت، لەگفتوگۆی بەردەوامن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن کەئەو گۆڕانکارییانە جێبەجێ بکرێت، خۆ بەشی زۆری ئۆپۆزسیۆنی سوریاش هەتا ئێستا شیعاری ڕوخانی ڕژێمیان نییە، ژمارەیەکیان هەڵیانگرتووە، بەڵام ژمارەیەکیان لەو نێوانەدان کەهێشتا نازانن بەچی لایەنێکدا دەشکێتەوە، بۆیەش هێزی کوردی هەتا ئێستا بڕیاری قەتعی و نیهائی نەداوە کەچ جۆرە ستراتیژیەتێک بەکاربهێنێت، چونکە ئیمکانی ئەوە هەیە ئۆپۆزسیۆنی سوری لەنیوەی ڕێگا، دەست بەگفتوگۆ بکات لەگەڵ ڕژێم و ئەویش قبوڵیان بکات، ئەوکاتە ڕەوشی کورد چۆن دەبێت، ئەگەر خۆی بەتەنیا یەکلا کردەوە.

*** بەگشتی چاوەڕێی چ ئایندەیەک بۆ دۆخی سوریادەکەیت؟**

– پاش گۆڕانکارییەکانی تونس و میسر و لیبیا، ڕژێمی سوریا دەیتوانی هەنگاو بنێ بۆئەوەی ڕەوشێکی وا لەسوریا دروست نەبێت، ئەویش بەقبوڵکردنی دیالۆگ بەدەستپێکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری، ریفۆرم و ئازادی سیاسی، هەڵگرتنی ئەو قانونە تایبەتانەی کەلە ٦٥ەوە هەتاوەکو ئێستا هەبوون، بەڵام بەداخەوە ئەوەی نەکرد هەتا ئەگەر سەیری کۆمەڵگای جیهانی بکەیت، کاتێک سزاکانیان لەسەر ڕژێمی سوریا دانا، لەسەرەتاوە لەسەر

هەندێک سەرکردەیان دانا، بەڵام لەسەر سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەدیان دانەنا، بەئومێدی ئەوەی کەقبوڵبکات چاکسازی و گفتوگۆ بکات و ئەو پرۆسەیە بەڕێبخات. بەڵام قبوڵی نەکرد، ئێستا رۆژ بەرۆژ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئۆپۆزسیۆن داوای گۆڕینی رژێم و رووخانی دەکەن، من بڕوام وایە کەرەوشەکە زیاتر بەرەو ئەوە دەڕوات ئۆپۆزسیۆن بەرەو بەهێزی بچێت و رژێم بەرەو رووخان بچێت، بەڵام نیشانەیەکی سیاسی هەیە کەئینسان هەندێ لێی دەسڵەمێتەوە، ئەویش ئەوەیە کەپرۆسیەی لیبیا بەتەواوی نەگەشتۆتە ئەنجام، پرۆسەی یەمەن و بەحرەین بەهەمان شێوە و ئەو دەوڵەتانە مقاوەمتیان کردووە، ئەگەر هات و کۆمەڵگەی جیهانی وازی لەفشاری خۆی هێنا و هەوڵیاندا چارەسەرێکی سیاسی بدۆزنەوە، دوور نییە حکومەتی سوریاش جورئەتی زیاتر پەیدا بکات و بڵێت ئەوە ئەو وڵاتانە خەریکی گفتوگۆ و چارەسەری سیاسین، نەک روخانی رژێم، تا چاوەڕێ بکەن سوریاش هەروای بەسەر بێت، بەڵام ئەوەی کەئێستا هەیە و دەتوانرێ بەهەند وەربگیرێت، ئەوەیە کەئەمریکا بەفەرەنسا و ئینگلستان و بەشێک لەئەوروپا و ئۆپۆزسیۆنی سوریاشەوە هەموو داوای روخان و گۆڕینی رژێمی سوریا دەکەن.

*** لەهەموو ئەگەرەکان، چ شتێک چاوەڕێی کورد دەکات؟**

- ئایندەی کورد زۆر باش دەبینم، چونکە هەندێ لەو یاسایانەی کەسەپێنرا بەسەریاندا لادانیان بەسودی میللەتی کورد تەواو بوو، گەڕانەوەی جنسیە هەنگاوێکی یەکجار گەورە و مێژوویی بوو، کەلەساڵی ٦٣ەوە تاکو ئێستا قورساییەکی زۆر

گەورە بوو لەسەر رەوشی کورد لەسوریا، هەروەها داننان و قبوڵکردنی گفتوگۆ لەگەڵ هێزی کوردی، چ لەلایەن حکومەتەوە، چ لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، ئاستی ناسینی مافەکانی گەلی کورد بەرز دەکاتەوە، بۆیە رەوشی دوارۆژی گەلی کورد لەسوریا رووناکتر لەجاران دەبینم، بەتایبەتی کەحکومەت بەرەو روخان و گۆڕان دەڕوات، بەڵام ئەگەر هەر ماشەوە حکومەتێکی لاواز دەبێت، ناچار دەبێت کەدەستور بگۆڕێت و ئازادی بدات و گۆڕانکاری و ریفۆرم بکات، بێگومان دروستبوونی ئازادی و دیموکراسیش لەسوریادا لەبەرژەوەندی گەلی کورد دەبێت.

**گۆڤاری سڤیل، ژمارە ٩٤، رۆژی ٢٠١١/٧/٣٠. سازدانی: رزگار رەزا چوچانی- سوید**

# عەبدوڵڵا ئۆج ئالان و مەسەلەی کورد

لەماوەی مانگی رابردوودا خەڵکی کوردستان لەناوخۆ و دەرەوە و هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان سەرگەرمی هەواڵی دەستگیرکردن و رفاندنی (عەبدوڵڵا ئۆج ئالان)ی سەرۆکی (پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K) بوون.
هەر راستەوخۆ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە پەنجەی تاوان بۆ دەزگا جاسوسییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و یۆنان و کینیا، سەرەڕای تورکیا درێژکران.
بێگومان خوێنەرانی بەڕێز لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهان و ناوخۆوە بەوردی ئاگایان لەرەوتی رووداوەکانە. ئێمە بەپێویستی نازانین دووبارەی بکەینەوە.
بەڵام بۆ ئاشنا بوون بەهەندێ لایەنی تری ئەم مەسەلەیە و داهاتووی (PKK) و خەباتی ئەو پارتە. لەرێگای فاکسەوە پەیوەندیمان بەبەڕێز (هۆمەر شێخموس)ەوە کرد کەسیاسەتمەدار و رووناکبیر و شارەزایەکی کوردە و پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە ئاگاداری رەوتی رووداو و گۆڕانکاریەکانە و ئێستا لەسوید دائەنیشێ و چەندین پرسیارمان ئاراستەکرد. فەرموون لەگەڵ دەقی پرسیارەکانی ئێمە و وەڵامەکانی بەڕێز (هۆمەر شێخموس)دا.

*** بەرای بەڕێزتان لەپیلانی رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالاندا، تا چەند هەریەک لەیۆنان، کینیا، ئیسرائیل و ئەمریکا دەستیان لەو مەسەلەیەدا هەیە؟**

– بەگوێرەی ئەو راپۆرتانەی هەتا ئێستا ئاشکرا کراون جگە لەتورکیا، هەردوو وڵاتی ئەمریکا و کینیا تاوانباری هەرە گەورەن. ئەوەی جێگەی داخێکی زۆرە ئەوەیە، کەئەمریکا رۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەری بینیوە بۆ دەستگیرکردنی سەرۆکێکی (پ.ک.ک) عبدالله ئۆج ئالان. پێ ئەچێ ئەم کارەی بۆ رازیکردنی تورکیا و دوورخستنەوەی لەرژێمی (صدیم حسین) کردبێت. هەواڵەکانی ئەم دوایەش (بەتایبەت لێدوانی وەزیری دەرەوەی پێشووی یۆنان و قسەکانی (شەمسەکلیچ) کەلەکینیا لەگەڵ ئاپۆ بوو) وائەگەیێنن کەیۆنانیش رۆڵی هەبووە لەتەسلیم کردنی ئۆجەلان بەکۆماندۆی تورکی. بەگوێرەی قسەی یۆنانییەکان پاش ئەوەی (هەڤاڵ ئاپۆ) رازی بووە بچێتە وڵاتی سێهەم کەلەلایەن ئەوان و ئیتاڵیەکانەوە بۆی جێبەجێ کرابوو، یۆنانییەکان ئەڵێن قبوڵکردنی وەکو پەنابەر لەیۆنان یان قوبرس مەحاڵ بوو، وڵاتی سێیەم کەباسی لێئەکرێت لەئەوروپا نەبوو، بۆیە ئۆج ئالان قبوڵی نەکرد. ئەو هەر سوور بوو لەسەر مانەوە لەئەوروپا تا بتوانێت لەخەباتی سیاسی خۆی بەردەوام بێت.

ئیسرائیلیش (هەرچەندە بەتوندی ئینکاری ئەکات) بەشداربوون لەراگەیاندنی شوێنە جۆراوجۆرەکانی کاک عبدالله ئۆجەلان بەدەوڵەت و دەزگاکانی تورکیا، ئەمەش لەرێگەی (رصد)ی تەلەفۆنە زۆرەکانی هەڤاڵ ئاپۆ لەگەڵ رێکخراو و لایەنگرانی خۆی

لەهەموو ئەوروپا.هەروەها دەنگوباسێک هەیە کەیەکێک لەپۆلیسە نهێنییەکانی یۆنان کەلەپەیوەندی دا بووە لەگەڵ ئۆجەلان لەکینیا پیاوی دەزگای جاسووسی ئیسرائیل (مۆساد) بووە.

*** لەکاتی مانەوەی ئۆجەلان لەئیتاڵیا زۆر کەس ئاگاداریان کردبوو، کەئیتاڵیا بەجێ نەهێڵێ تەنانەت ئەگەر زیندانیشی بکەن. لەوانە خاتوو دانیال میتران کەنامەیەکی تایبەتی لەم بارەیەوە بۆ ناردووە و چارەنووسی (نیلسۆن ماندێلا)ی بیر ئەخاتەوە. بەرای بەڕێزتان بۆچی ئیتاڵیای بەجێ هێشت و ئەگەر لەوێ بمایەتەوە باشتر نەئەبوو؟**

– گومانی تێدا نییە کەمانەوەی لەئیتاڵیا لەهەموو شتێک باشتر ئەبوو، بەتایبەتی کەئێستا ئەزانین ئەنجامەکەی دەستگیرکردنی بوو. هۆی نەمانی لەئیتاڵیا بڕیاری خۆی بوو پاش ئەوەی قبوڵی نەکرد بچێتە وڵاتێکی تر کەلەلایەن ئیتاڵییەکانەوە بۆی دۆزرابوەوە (وڵاتەکە لەدەرەوەی ئەوروپا بوو). لەهەمان کاتدا پێویستە لەبیرمان بێت کەئیتاڵیا وەک ئەندامێکی پەیمانی ناتۆ لەژێر گوشارێکی زۆر گەورەی ئەمریکا، ووڵاتانی ناتۆ و تورکیادا بوو. عبداللە ئۆجەلان بەگوێرەی قسەی خۆی نەیویست پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیتاڵیا تێک بدات پاش ڕەفتاری باشیان لەگەڵی.

*** پێتان وایە لەناو (پ.ک.ک) کەسی دووەم هەیە کەبتوانێ ئەو بۆشاییەی ئۆجەلان پڕ بکاتەوە؟**

– بەڵێ. بەرای من کاک جەمیل باییک (هەڤاڵ جومعە) پیاوێکی زۆر مەعقوولە و بۆچوونی زۆر دیموکراسیانە و سنگ فراوانی

(ليبرال)ی هەیە. بۆچوون و ئایدۆلۆژیا و ڕێکخستنی تر لەناو کۆمەڵی کوردستاندا قبوڵ ئەکات. یەکێ لەلایەنە هەرە باشەکانی ئەوەیە کەبەبەردەوامی لەناو پێشمەرگە و خەڵک و جەرگەی خەباتدا بووە لەناوەوەی وڵات. بۆیە بۆچوونەکانی بەڕای من زۆر واقعی تر ئەبن و ئەتوانێت سەربەخۆیی بزوتنەوەکەیان باشتر بپارێزێت. لەبەرئەوەشی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی (پ.ک.ک)، زیاتر شوێنی بەهێز ئەبێت لەناو ریزەکانی پارتەکەدا، دەنگوباسەکانی ئێستا وائەگەیێنن کەسەرکردایەتیەکی سێ قۆڵی هەڵبژێردراوە کەبریتین لەهەڤالان: جەمیل بایک، عوسمان ئۆجەلان و کانی یەڵماز. ئەمڕۆ (٣/٤) دەنگ و باس هەبوو کەکاک جەمیل بەسەرکردەی یەکەم هەڵبژێردراوە. من ئەوانی تر ناناسم، ئومێدەوارم ئەم دەنگ و باسە راست بێت. لەکاتی ئێستادا (پ.ک.ک) پێویستی بەکەسێکی وا ئارام و تێگەیشتوو هەیە، نەک کەسێکی توندڕەو و نامەوزوعی.

*** ئایا هیچ مەترسییەکی دروستبوونی ململانێ لەسەر سەرۆکایەتی لەناو (پ.ک.ک)دا نییە؟**

- لەپێیشان ئەترسام (پ.ک.ک) تووشی قەیرانێکی گەورە و ورە رووخاندن ببێت، بەڵام جموجۆڵی خێرا بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی تازە، لەگەڵ هەندێ هەنگاوی تریان، وا نیشان نادات کەتووشی گیروگرفتی ململانێ لەسەر سەرۆکایەتی ببن. هەرچەندە جارێ زووە و ماوەیەکی کورتە بۆ زانینی تەواوی رووداوەکانی داهاتوو لەناو ریزەکانی (پ.ک.ک)دا. ئێمە هەموو ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە سەربەخۆیانەی

کورد لەدەرەوەی وڵات کەخەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستانین، زۆر یارمەتی هەڤالانی (پ.ک.ک) ئەدەین بۆ ورە بەرزکردنەوەیان و ڕێگا نیشاندانیان و پشتیوانی کردنیان، بەبێ ئەوەی لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوون و شێوەی کارکردنیان بین.

*** (پ.ک.ک) تا چەند ئەتوانێ سوود لەو بارودۆخە وەرگرێ کەگرتنی ئۆجەلان لەتورکیا و ئەوروپادا دروستی کردووە؟**

– هەتا ئێستا (پ.ک.ک) توانیویەتی سوودێکی باش وەرگرێت لەڕووداوەکانی پاش ڕفاندنی هەڤاڵ ئاپۆ. شێوەی دەستگیرکردنی لەڕێگەی فێڵێکی هەرزان و ئیهانەکردن و سوکایەتی پێ کردنی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بۆتە هۆی تەقینەوەی نارەزاییەکی زۆر توند لەناو کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان لەهەندەران. ئەو یەکێتییەی ناو ریزەکانی کوردی دەرەوەی وڵات کەم وێنەیە. ئەتوانم بڵێم زیاتریشە لەساڵانی ١٩٦٣، ١٩٧٠، ١٩٧٥، ١٩٧٩ و کاتی کارەساتی هەڵەبجە و رەوەکەی پاش شەڕی کەنداو. لەگەڵ ئەوەی (پ.ک.ک) هێندێ کاری نابەجێی کردووە و هێندێ بۆچوونی تەسک بینانەیان هەبوو و ویستیان چالاکییەکان تەنها بەناوی خۆیان تەواو بن، بەڵام هەموو ئەو کارانە بەگشتی بۆ بەرژەوەندی هەموو نەتەوەی کورد کران و تەواو بوون.

رای گشتی ئەوروپاش ئێستا خەریکە بۆچوونە سلبیەکانی خۆی لەسەر (پ.ک.ک) بگۆڕێت، شۆفینیزم و بۆچوونە نامەعقولەکانی حکومەتەکانی یەڵماز و ئەجەوید لەتورکیا، بەتەواوی ریسوا بوون و مەحکوم کران. ئێستا حکومەتی تورکیا لەژێر گوشارێکی زۆر گەورەدایە بۆ پاراستنی ژیانی هەڤاڵ ئاپۆ،

بەستنی دادگایەکی عادیلانە بۆ ئۆجەلان و قبووڵ کردنی هەندێ مافی کلتووری و سیاسی گەلی کورد لەتورکیادا.

*** هەڵوێستی ئەوروپا لەنەگرتنە خۆی ئۆجەلان چۆن لێک ئەدەنەوە؟ ئایا دوای گیرانی، هەست بەتاوانباری ناکەن؟**

- ئەوروپا ئێستا تووشی شەرمەزارییەکی زۆر گەورە بووە، زۆر رووناکبیر و نووسەر و سیاسەتمەداری ئەوروپی، رەخنەی زۆریان لەوڵاتەکانی خۆیان گرتووە و داوای گوشاری زیاتر دەکەن بۆ سەر تورکیا. ئەم رووداوە ئەبێ بەسەرمایەیەکی سیاسی گەورە بۆ گەلی کورد لەئایندەدا.

*** پێتان وایە ئەوروپا بتوانێ گوشار بخاتە سەر تورکیا، بۆ دادگایکردنی عادیلانەی ئۆجەلان؟ و تورکیا تا چەند نیگەرانییەکانی ئەوروپای مەبەستە؟**

- ئەوروپا لەئێستاوە توانیویەتی تورکیا ناچار بکات کەپارێزەرەکانی ئۆجەلان سەری لێ بدەن و چاودێر بەشداری دادگاییەکە بکەن و هەروەها چوونی نوێنەرانی دادگای ئەوروپی بۆ سەردانی ئۆجەلان. تورکیا چەندین پەیمان و رێکەوتنی ئەوروپایی ئیمزاکردووە، یان ئەندامە لەهەندێ ئەنجوومەنی ئەوروپایی دا، وەکو دادگا و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەوروپا، شورای ئەوروپا، رێکخستنی ئەمن و ئاسایشی ئەوروپا، و رێککەوتنی دژی بەکارهێنانی ئەشکەنجە لەزیندانندا. ئەمانە هەمووی هەندێ ئیلتیزامات بەسەر تورکیادا ئەسەپێنن، کەئەگەر رێزیان لێ نەگرێت، ئەوروپا هەڕەشەیان لێ کردووە کەدەوڵەتی

تــورک وەکــو تەرەف دەردەکرێــت لەم ڕێکەوتــن و دەزگــا و شورایانە. هەروەها تورکیا بەئومێدە لەئایندەدا وەکو ئەندام لەناو (بــازاڕی یەکگرتــوو)ی ئەوروپــادا وەربگیــرێ، بــۆیە ناتوانێــت بەتەواوی گوێ نەداتە داخوازییەکانی ئەوروپا، ئێستا ئەمریکاش پاش ئەنجامدانی ئەو کارە ناڕەوایە لەدژی گەلی کورد، گوشار بۆ ســەر تورکیــا دێنێــت بــۆ دادگــایەکی عــادیلانە و هەنــدێ مــافی کەلتووری بۆ گەلی کورد بسەلمێنرێت.

*** ئایا ئەوروپا نەیدەتوانی بوونی ئۆجەلان لەئەوروپا بقۆزێتەوە بۆ کارکردن لەپێناو دۆزینەوەی چارەیەک بۆ کێشەی کورد لەتورکیا؟**

- بەڵــێ ئەوروپــا دەیتــوانی ئەو کــارە بکــات، بەڵام زۆر ترســنۆکانە جــووڵایەوە و گرنگییەکــی بــێ مەعنــای دا بەهەڕەشــەکانی تورکیــا. ئەمە یەکەم جــار نیــیە کەئەوروپــا پشــت لەگەلێــک دەکــات لەکــاتی تەنگانەیــدا، نمــوونەی ئەرمەنییەکــان و جــوولەکە لەم ســەد ســاڵەدا هێشــتا زینــدوون. هــۆیەکی تــر بەرای مــن خراپــی (بەدیــل) و تەرەفــی کوردی بوو، لایەنێکی توندڕەو کەهێندێ کاری تیرۆریستی کردبوو لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا و هێشتا بەخــۆی دەڵێت کۆمۆنیست و مارکسیســت- لینینیســت و هەڕەشــەی لەگەشــتیار (تۆریســت) و خەڵکــی تــری بــێ گونــاە دەکــات. دوور نیــیە کەئەگەر ڕەنگــی لایەنە کــوردییەکە بەشــێوەیەکی تــر بــووایە، لەوانە بــوو ئەوروپــا بەشێوەیەکی تر بجووڵابا، بەڵام لەسەدا سەد لەوە ئەمین نیم؟!

*** لەسایەی ئەم بارودۆخەدا چارەنووسی:**
**+ ئۆجەلان خۆی.**
**+ (پ.ک.ک) وەک پارت.**
**+ مەسەلەی کورد لەتورکیا.**
**+ پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەوروپا.**
**+ سەرەنجام مەسەلەی کورد بەگشتی... چۆن ئەبینن؟**

- دەربارەی چارەنووسی ئۆجەلان: بەرای من حوکمی ئیعدام دەدرێت بەڵام حوکمەکە جێ بەجێ ناکرێت، ئەگەر ئیعدامیش کرا دەبێتە اسطورە (ئەفسانە)یەکی سەیر لەمێژووی گەلی کورددا و بەبەڵایەکی گەورە بۆ دەوڵەتی تورکیا. باوەڕ ناکەم ئۆجەلان بڕووخێت، بەڵام ئەگەر رووخاش تەئسیرێکی ئەوتۆ لەسەر خەبات و بزووتنەوەکە ناکات، ئەگەر نەڕووخێت لەئەنجامی بەهێزبوون و گەشەکردنی خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی باکووردا، دوور نییە حکومەتی تورکیا ناچار بێت هەر لەزینداندا گفتوگۆی لەگەڵ بکات بۆ ناساندنی مافی گەلی کورد لەو بەشەدا، هەروەک چۆن لەکاتی خۆیدا فەرەنسا و دیگۆل ناچار بوون لەجەزائیر گفتوگۆ لەگەڵ (ئەحمەد بن بلا) بکەن و چۆن حکومەتی ئەفریقای باشوور ناچار بوو گفتوگۆ لەگەڵ (نیلسۆن ماندێلا) بکات و چۆن ئێستا حکومەتی (ئەندۆنیزیا) ناچار بووە سەرۆکی بزووتنەوەی (خەڵکی تەیمووری خۆرهەڵات) لەزیندان ئازاد بکات و گفتوگۆی لەگەڵ بکات بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی. بەرای من مەسەلەی گەلی کورد زۆر لەجاران زیاتر گەشەدەکات و بەهێزتر دەبێت و رەنگێکی جەماوەری فراوان بەخۆیەوە دەگرێت.

حکومەتی تورکیا وای دەزانی بەم کارە مەسەلەی گەلی کورد تەواو دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم کارە هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی تورکیا بوو و لەئایندەدا زۆر گران لەسەری دەکەوێت.جموجۆڵی جەماوەری گەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان و لەهەندەراندا ئەوە نیشان دەدات کەدروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، چەند بەهێزە لەناو دەروون و هەست و خواستی مرۆڤی کورددا، ئەمە یەکێک لەهۆیە سەرەکییەکانی تەقینەوەی نارەزایی بوون لەناو جەماوەری گەلی کورد لەهەموو شوێنێکی جیهاندا.

**گۆڤاری خاک، ژمارە ٢١،ساڵی دووەم، رۆژی ١٩٩٩/٣/١٠.**

# هەڵوێستی یەکێتیی و پارتی بەرامبەر بەحکومەتی عێراق

عومەر شێخموس کەسایەتی سیاسی و یەکێک لەدامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەم دیمانە تایبەتەی گۆڤاری (شەپۆڵ)دا تیشک دەخاتە سەر ئەگەری یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان و بەدووری دەزانێت ئەوە رووبدات. لەبەشێکی تری دیمانەکەدا باس لەوە دەکات حاڵەتێکی ئاساییە، یەکێتی و گۆڕان بەلیستێکی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن، شێخموس ئەوەشی راگەیاند کەجیاوازی لەنێوان هەڵوێستی پارتی و یەکێتیدا نییە سەبارەت بەحکومەتی ناوەندی عێراق، لەبەشی کۆتایی دیمانەکەشدا پێیوایە تا ئێستا باڵباڵێن لەناو یەکێتیدا ماوە و گەشبینە بەوەی کەلەکۆنگرەی ئایندەدا یەکێتی ئەم گرفتە چارەسەر بکات.

*** باس لەیەکگرتنەوەی یەکێتیی و گۆڕان دەکرێت، بەبۆچوونی ئێوە ئایا یەکێتیی و گۆڕان یەکدەگرنەوە؟**

- لەکاتی ئێستادا و بەمزووانە هەر باسێک سەبارەت بەیەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان، پێشوەختە ئێستا وردە وردە پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەبنەوە و جۆرە هاوکارییەک لەنێوانیان

پەیدا بووە. بەقەناعەتی من یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان ماوەیەکی تری دەوێت. ئەویش ئەگەر ببێت، بەگوێرەی تێگەیشتنی من، گۆڕان بڕیاری خۆی داوە کەهەر رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت و لەدوارۆژدا بتوانێت ببێت بەئەڵتەرناتیڤێک بۆ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لەکوردستاندا.

*** دەنگۆیەک هەیە لەهەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکاندا، یەکێتیی و گۆڕان بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن، پێتانوانییە ئەمە دەرخەری ئەوەیە گۆڕان سیناریۆیەکی تری یەکێتی بووە دژی پارتی؟**

- بەدووری نازانم کەهەوڵبدرێت بۆ هاوکارییێک لەنێوان یەکێتی و گۆڕان لەکاتی هەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکاندا، ئەمەش بەشتێکی ئاسایی دەزانم و مافی دیوکراتی خۆیانە، وەکو دوو حزبی نێزیک لەیەک لەناوچەکانی نفوزی خۆیاندا. ئەو پەیوەندی و دیالۆگانەی نێوان پارتی و گۆڕان، یەکێتی و گۆڕان، کەلەم دواییانەدا روویانداوە بەدیاردەیەکی تەندروست دەزانم بۆ چەسپاندنی سیستەمی سیاسی دیموکراتی لەهەرێمی کوردستاندا.
لەناو هەر سیستەمێکی دیموکراتی راستەقینەدا، پێویستە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەردەم لەدیالۆگ و راوێژکردندا بن سەبارەت بەکێشە سەرەکییەکانی وڵاتی خۆیان. سەبارەت بەوەی کەگوایە دروستبوونی گۆڕان هەر لەسەرەتاوە سیناریۆیەکی تری یەکێتی بووە دژی پارتی، ئەم بۆچوونە لەبنەڕەتەوە بەراست نازانم و بەبەشێک لەعەقڵییەتی سیاسەتی پیلانگێڕیرۆژهەڵاتی

ناوەڕاســـتی دەزانـــم. نەمەنتیـــق و نەمەعقـــولییەتی تێـــدایە. ڕووداوەکانیش ئەوە دەسەلمێننەوە.

*** دەوترێت بەشـێک لەسـەرکردەکانی یەکێتی بەتـایبەت سەرکردە سەربازییەکان دژی نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕانن. بەڕای ئێوە بۆچی بەشێک لەسەرکردایەتی یەکێتی دژی ئەو نزیکبوونەوەیەن؟**

– ئاگام لەوە نییە کەچی فراکسیۆنێک لەدژی نێزیکبـوونەوەی یەکێتـی و گـۆڕانن لەنـاو ریزەکـانی هەردوولادا. بەڵام بەگشـتی دەتوانم چاوەڕێی ئەوە بکەم کەئەو دوو لایەنانەی بەرژەوەندییان لەجیـابوونەوە و نـاکۆکی هەبـووە لەنێـوان هەردوولا، ئێسـتا دژ بەهەر جۆرە نزیکبوونەوەیەک دەبن لەنێوانیان.

*** هەندێک لەمیدیاکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەیەکێتی کار لەسەر هێنانەوەی جەماوەری گۆڕان دەکـات بەتـایبەت بـۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەیکاتە بابەتێکی گرنگی بانگەشەی هەڵبژاردن چۆن سەیری ئەمە دەکەیت؟**

– لەکاتی شاڵاوی هەڵبژاردنەکان، ئەنجا چی بۆ پەرلەمان بێت یـان بـۆ پارێزگاکـان یـان هەر دەزگـایەکی تـر بێـت، هەر حزبێـک تاکتیک و پلان و ستراتیژی جۆراوجۆر دادەڕێژێت بۆ ڕاکێشانی خەڵـک و جەمـاوەر بـۆ بەرنـامە و کاندیـدەکانی خۆیـان، هـیچ بەدووری نازانم کەیەکێتی و پارتی و گۆڕان و حزبەکانی تر هەر لەئێستاوە کۆمیتە و کۆمیسـیۆنی جۆراوجۆریـان دانـاوە بـۆ ئەم مەبەستە. ئەو حزبەی ئەو کارە نەکات زیان لەخۆی دەدات.

*** یەکێتی بەوە تاوانبار دەکرێت نایەوێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ نوری مالیکی تێکبدات. ئایا بۆچی یەکێتی نایەوێت پەیوەندی لەگەڵ مالیکی تێکبدات؟**

– هەر ئەو گفتوگۆیەی کاک نێچیرڤان بۆ رۆژنامەی (هاوولاتی) کەمام جەلال نامەی ئیستیقالەی خۆی داوە بەسەرۆکی هەرێم ئەوە هەڵوێستی بەهێزتر بکات بەرامبەر بەمالیکی، نیشانی ئەوە دەدات کەجیاوازی نییە لەنێوان هەڵوێستی یەکێتی و پارتی بەرامبەر بەحکومەتی ناوەندی عێراق سەبارەت بەکێشە سەرەکییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد. ئەگەر جیاوازییەکی بچکۆلەش هەبێت لەسەر شێوەی بۆچوونەکانە نەک ناوەڕۆک.

*** تێبینی دەکرێت یەکێتی قورسایی خۆی لەسەر سلێمانی هەڵگرتووە. ئەمە مانای ئەوە نییە کەگۆڕان لەهەڵبژاردنی پارێزگاکاندا دەبێتە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی سلێمانی؟**

– شیکردنەوەی وا زۆر دەکرێن، بەلام راستییەکان پاش هەڵبژاردنەکان دەردەکەون.

*** د. دانا سەعید سۆفی لەدیمانەیەکی شەپۆلدا وتی باڵباڵێن و ناوچەگەری شێرپەنجەی یەکێتییە. تۆ لەبارەی باڵباڵێن و ناوچەگەری ناو یەکێتییەوە چی دەڵێیت؟**

– منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەم، بەلام ماوەیەکە یەکێتی خۆی زۆر ماندوو دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم رەوشە. بەدووری نازانم لەکۆنگرەی ئایندەی یەکێتیدا زۆر لەم گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن.

گۆڤاری شەپۆل، ژمارە ١٠، مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢.

# نابێ هیچ هێزێکی سیاسی لەخۆبایی ببێت

عومەر شێخموس کەسایەتی سیاسی ناوداری کورد، کەپێشتر یەکێک بووە لەدامەزرێنەر و سەرکردەکانی یەکێتی، لەچاوپێکەوتنێکدا کە(دەستوور) لەگەڵیدا سازیداوە، بڕوای وایە کورد دەتوانێت داخوازییە سەرەکیەکانی لەعێراق بەدیبهێنێت و پۆستی سیادی گەورەش وەربگرێت، بەبێ ئەوەی هیچیان بکاتە قوربانی ئەوی تریان.
لەبارەی کۆنگرە و داهاتووی یەکێتییەوە، عومەر شێخموس پێیوایە یەکێتی لەکۆنگرەدا دەتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات، دەڵێت: گرنگ ئەوەیە کەکۆنگرە نەبێت بەکۆنگرەی تۆڵەسەندن.لەبارەی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە شێخموس بڕوای وایە سەرەڕای سەرکەوتنەکانی، بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی ببێتە بەدیلی یەکێتی و پارتی و لەسلێمانیدا قەتیسماوە.

*** ململانێی هێزە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت بەردەوامە و لایەنە کوردستانییەکانیش سەنگێکیان هەیە، لەگەڵ شیعە مەزهەبییە پەڕگیرەکاندا هاوپەیمانی بکرێت، یان لەگەڵ عەلمانییە نەتەوەپەرستەکاندا؟**

– بەرای من پێویستە هێزەکانی کوردستان خۆیان بەهیچ لیستێکی تایبەتییەوە نەبەستنەوە، پێوانەی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر لیستێک دەبێ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەلی کوردستان بێت، وەکو ماددەی ١٤٠، ناوچە جێناکۆکەکان، یاسای نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان، لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی، دیموکراتی و عەلمانی لەعێراقدا.

هەردوو لیستی عەلاوی و شیعەکان لایەنی خراپ و باشیان هەیە، لەرەوشی ئێستادا باشترین چارەسەر حکومەتێکی ئیئتیلافی نیشتمانییە لەنێوان هەموو لیستەکاندا، لەناو حکومەتێکی وادا کورد دەتوانێت رۆڵێکی قورس و کاریگەر ببینێت.

*** دوو بۆچوونی جیا هەیە لەسەر داخوازییەکانی کورد، یەکێکیان پێداگیری لەوەرگرتنی پۆستی سیادی دەکاتەوە، ئەویتر دەڵێت جێبەجێکردنی داوا سەرەکییەکانی لەنموونەی ماددەی ١٤٠، یەکێک لەسیاسییە عێراقییەکانیش پێش ماوەیەک وتی لەو دوو داوایە دەبێت کورد یەکێکیان بکاتە قوربانی؟**

– من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، کورد دەتوانێت پۆستی سیادی وەربگرێت و داخوازییەکانی تریش جێبەجێ بکرێن، پێویست ناکات هیچ داخوازییەک بکرێتە قوربانی ئەوی تر، سیاسەتکردن خۆی لەگەمەی گفتوگۆدا دەبینێت، رەوشی گەلی کوردستان ئێستا زۆر بەهێزە پێویستە لەگفتوگۆدا هەوڵبدات بەشی زۆری داخوازییەکانی خۆی بەسەر لایەنەکانی تر بسەپێنێت، رەوشیان بەهێزە بەبەراورد لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان.

*** ماوەیەکە قسەی زۆر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی دەکرێت، لەواقیعیشدا ئەوە بەدیدەکرێت پارتی، یەکێتی بەهاوسەنگ و هاوشانی خۆی نازانێت، دانەنانەوەی کۆسرەت رەسوڵ بەجێگری سەرۆکی هەرێم، وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و پێنەدانی وەزارەتێکی زیاتر لەبەغداد بەیەکێتی، هێرشکردنە سەر شەخسی بەرهەم ساڵح، بەبۆچوونی بەڕێزت هیچ پاساوێک بۆ هێشتنەوەی (رێککەوتننامە ستراتیژییەکە) ماوەتەوە؟**

- من پاراستنی رێککەوتننە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتی و پارتی هەروەها رێکخستنی ماڵی کورد و یەک هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەئەرکێکی نیشتمانی و مێژوویی دەزانم، بۆ چەسپاندنی داخوازییە گرنگەکانی خەڵکی کوردستان لەناو سیستەمی سیاسی عێراقدا، بۆچوونی جیاواز و مشتومڕی دیموکراسیانە لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەشتێکی ئاسایی دەزانم، هەتا گەیشتن بەهەڵوێستێکی یەکگرتوو، هیچ هێزێکی سیاسی لەکوردستان نابێ ئەوەندە کورتبین بێت و لەخۆبایی بێت لەبەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی کوردستان و عێراق، مێژوو زۆر درێژخایەنە و پێویستە ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کەرەنگە لەهەڵبژاردنی ئایندە لەبەرژەوەندی ئەوان تەواو نەبێت، هێزێکی سیاسی تێگەیشتوو خاوەن بەرپرسیارێتی هەردەم بیر لەدوارۆژ دەکاتەوە بەگوێرەی ئەوە هەڵوێست وەردەگرێت و رەفتار دەکات.

*** بەو پێیەی بەڕێزت دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بوویت، پێتوایە کۆنگرە گۆڕانکاری جەوهەری بهێنێتە ئاراوە، لەسیاسەت و دیدگای یەکێتیدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی هەرێم و عێراقدا، پێشبینی ئەوە دەکەیت لەبری بەڕێز تاڵەبانی کۆنگرە کەسێکی دیکە بکات بەسکرتێری یەکێتی، یان وەک جارانی پێشوو کۆنگرە جێگەیەکە بۆ ململانێی باڵەکان بۆ دەستکەوتی زیاتر؟ لەکاتێکدا یەکێتی کێشەی قوڵ و ئاڵۆزی بۆ کۆنگرە هەڵگرتووە و هەوادارانی ئومێدێکی زۆریان لەسەر کۆنگرە هەڵچنیوە؟**

- ئەگەر تەماشای پڕۆژەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بۆ کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بکەین، هەست دەکەین هەوڵێکی جدی دراوە بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرم و نوێبوونەوە لەهەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی نیشتمانیدا بەپۆستی سکرتێری گشتیشەوە، بڕوایەکی تەواوم هەیە کەیەکێتی دەتوانێت کەموکوڕییەکانی خۆی لەکۆنگرەدا چارەسەر بکات، بەتایبەتی دیاردەی ناشیرینی تەکەتول و باڵباڵێنە، گرنگ ئەوەیە کەکۆنگرە نەبێت بەکۆنگرەی تۆڵەسەندن، بەڵکو ببێت بەکۆنگرەی شیکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری باش و زانستیانە بۆ دیسان بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مێژووی یەکێتی زۆر دەوڵەمەندە بەو جۆرە ئەزموونانە.

*** بزوتنەوەی گۆڕان لەدوو هەڵبژاردندا بەشداریکرد، لەیەکەم سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێنا، بەڵام لەدووەمدا پاشەکشەیەکی چاوەڕواننەکراو روویدا؟ بەبڕوای بەڕێزت ئەوە**

**بۆ روویدا؟ بۆچی گۆڕان لەهەولێر و دهۆک وەک سلێمانی و گەرمیان گەشە ناکات؟**

- بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێ لەسەر ساحەی کوردستان توانی گەشە بکات، هەندێک سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەمە بۆ رێکخراوێکی نوێ دەستکەوتێکی گەورەیە، بەڵام لەم شیکردنەوەیەدا نابێت دوو راستی باس نەکەین، یەکەم ئەوەیە کەگۆڕان نەیتوانی ببێت بەهێزێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ یەکێتی و پارتی لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا وەکو ئامانجیان بوو، گۆڕان بەفیعلی تەنها لەناوچەی سلێمانی پێگەی هەیە، لەکەرکوک و گەرمیان و دهۆک یان موسڵ و دیالە، نەیتوانی پشتیوانیێکی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت. دەنگەکانی هەولێریش دەنگی ناڕازیبووانە، نەک دەنگدان بۆ بەرنامەی سیاسی و فکریان، بۆیە دەبێت زۆر وریابن کەئەنجامی ناڕاست لەو ژمارانە وەرنەگرن، راستی دووەم ئەوەیە کەجیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، زیانێکی زۆر گەورەی بەیەکێتی و بەخۆیان گەیاند، لەبەرئەوە بەشی زۆری دەنگەکانیان جیا لەناڕازیبووان دەنگی بەشێک لەجەماوەر و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، ئەنجامی ئەمەش بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە ئیسلامییەکان بوو.

*** هەست بەوە دەکرێت گۆڕان موجامەلەی پارتی دەکات، پێتوایە ئەوە لەبەرژەوەندی خودی گۆڕاندا بێت؟ تێبینی ئەوە**

**دەکرێت گۆڕان کەمتر رەخنە ئاڕاستەی پارتی دەکەن، رەخنەکان رووبەڕووی کاربەدەستانی یەکێتی دەکرێن؟**

– بۆ منیش جێگای سەرنجە، کەبزووتنەوەی گۆڕان رەخنەکانیان تەنها ئاڕاستەی یەکێتی دەکەن، نازانم ئایا ئەمە لەبەر پراگماتیزمی سیاسییە یان ترسە یان ئومێدی بەکارهێنانی هێزی پارتییە بۆ تەرازوو راگرتن بەرامبەر بەیەکێتی یان ئومێدی وەرگرتنی یارمەتییە لەپارتی؟ زۆر بەپێویستی دەزانم کەبرادەرانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەم لایەنە بۆ جەماوەری کوردستان روونبکەنەوە، لەرووی فیکری و سیاسییەوە.

*** ئایندەی گۆڕان چۆن دەبینی؟ پێتوایە سەرانی بزووتنەوەکە هەلومەرجەکە بقۆزنەوە و ئۆپۆزسیۆنێکی جدی بهێننە ئاراوە؟ ئەو رێوشوێنانەکامەن کەدەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بێتە ئاراوە بێ ئەوەی توشی پێکدادان و گرژی بن لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا، کەئەم دوانەی دواییان هێزی چەکداریان هەیە؟**

– زۆر زەحمەتە بتوانم پێشبینی دوارۆژی بزووتنەوەی گۆڕان بکەم، لەبەرئەوەی زۆر نوێیە، ئەوە بەندە بەرەفتار و شێوەی کارکردنیان لەئایندەدا، هەروەها بەندە بەشێوەی رەفتاری یەکێتی و پارتی بەرامبەریان و پرۆسەی ریفۆرم لەناو ریزەکانی خۆیاندا، ئەو گرژییەی کەلەنێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان هەبووە لەکاتی هەڵبژاردنەکان خەریکە وردە وردە ئارام دەبێتەوە، رەوشێکی ئاسایی بەخۆدەگرێت و جۆرە گفتوگۆیەک لەنێوان

هەردوولاش دەســتیپێکردووە، لەگفتوگــۆی نێــوان فراکســیۆنە کوردســتانییەکان بەشــداریپانکردووە، ئومێــدەوارم ئەم شــێوە کــارکردنە دیموکراتیــانە و شارســتانیانە لەنێــوان هێزەکــانی کوردستان بەردەوام بێت.

**هەفتەنامەی دەستوور، ژمارە ٣٠، رۆژی ٢٠١٠/٥/٥**
**سازدانی: وریا حەمە تاهیر**

# بۆ كورد دەرچوونی مەكین باشترە لە ئۆباما...

ئەو یەكێكە لەدامەزرێنەرانی (ی ن ك) و هاوڕێیەكی نزیكی سەرۆك كۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی-یە. شەش ساڵ بەر لەوەی لەبەشی كوردی رادیۆی دەنگی ئەمەریكا وەك سەرنووسەر دواتریش وەك بەڕێوەبەر دەست بەكار بێت، وەك لێكۆڵەڤانێكی سیاسی لەوڵاتی سوێد كاری دەكرد. لەبواری لێكۆڵینەوەی سیاسی و زانستیدا ژمارەیەكی زۆر لێكۆڵینەوەی نووسی، كەهەندێكیانی لەكۆنفرانسە زانستییەكانی جیهاندا پێشكێش كردوون. عومەر شێخموس تەمەنی شەشت و شەش ساڵە و لەشاری ئاموودەی رۆژئاوای كوردستان لەدایك بووە. دوای ئەوەی كارەكەی لەدەنگی ئەمەریكا لەواشنتۆن كۆتایی هات، جارێكیتر گەڕایەوە پایتەختی سوێد. هەر لەوێش عومەر شێخموس وەڵامی پرسیارەكانی (رووداو)ی دایەوە.

*** ئەمڕۆ تەواوی وڵاتانی جیهان لەهەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێزارن، بەڵام کورد بەپێچەوانەوە ئەمەریکا بەدۆستێکی خۆیان دادەنێن، ئەم هەڵوێستە تا چەند راستە بۆ کورد؟**

- کورد سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە کەتوانی بەرژەوەندییەکانی بەبەرژەوەندی ئەمەریکاوە ببەستێتەوە و وەک دۆستێکی نزیک تەماشای بکات. ئەمەریکا لەدوای ساڵی ۱۹۹۱ەوە گەلی کورد لەباشووری کوردستان دەپارێزێت، جگە لەوە لەلادانی سەدام حوسێندا رۆڵێکی سەرەکی بینی، هەروەها هاوکاری کوردی کردووە لەبوارەکانی ئابووری و ئاسایش و بوارەکانی دیکە تا پێشبکەوێ. خەونێکی گەورەمان ئەوەبوو کەدەوڵەتێکی مەزنی جیهان پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ببەستێ و پشتگیری بکات. ئەو خەونە بەدیهات. ئێستا وڵاتانی وەک ئەمەریکا، بەریتانیا، چین و رووسیا هاوکاری کورد دەکەن. ئەگەر بزووتنەوەی کوردی بەگشتی سیاسەتێکی ماقوڵ و میانڕەو، دیموکراتخواز و ئاشتیخوازانە بگرێتە بەر و دەسەڵاتی کوردی لەباشووری کوردستان ببێتە دەسەڵاتێکی دیموکراتی نموونەیی، ئەوکات کورد دەتوانێت سۆزی رای گشتی جیهان بەلای خۆیدا رابکێشێت.

*** بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەکورد، دەڵێن ئەمەریکا تەنیا بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ و جارێکیتر کورد بەتەنیا جێدەهێڵێتەوە؟**

- ئەوانەی وادەڵێن، قووڵ بیرناکەنەوە. هیچ دەوڵەتێک لەجیهاندا نیـــیە، بەدوای بەرژەوەنـــدییەکانیەوە نەبـــێ، هەنـــدێجار بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە دەگەنە یەکتر، لەوکاتەدا پێویستە بەیەکەوە کار بکەین. کەبەرژەوەندییەکانیشمان لەیەکتر جیاواز بن، ئەوکات پێکەوە کار ناکەین. لەناو کورداندا ئەوانەی تا ئەمڕۆ پشتگیری ئەمەریکا ناکەن، تەنیا برادەرانی PKKەن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە PKKسیاسەتێکی توندڕەوانە پێڕەو دەکات و خۆیان وەک ڕێکخراوێکی مارکسی دەبینن، دەیانەوێ لەرێگەی توندوتیژییەوە رژێمی تورکیا بگۆڕن. بێگومان ئەمەریکا پشتگیریان ناکات. ئەگەر PKK بەسیاسەتەکانی دا بچێتەوە و سیاسەتێکی میانڕەو و دیموکراسیانە بگرێتەبەر، بێگومان ئەوکات ئەمەریکا پشتیوان و هاوکاری بەدەستهێنانی مافەکانی کورد دەبێ. ئاشکرایە ئەمەریکا وەک زلهێزێکی رۆژئاوایی پشتگیری لایەنێکی توندڕەو ناکات. لایەنە چەپەکانی ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە هەڵەی زۆر گەورە دەکەن. کـاتی ئەوە بەسـەرچوو مـرۆڤ بڵێـت ئەمەریکـا پێشڕەوایەتی ئیمپریالیزمی جیهان دەکات. ئەمەریکا هەندێجار کاری باش و هەندێجاریش کاری خراپ دەکات، پێویستە مرۆڤ پشتگیری کـارە باشـەکانی و بەرامـبەر کـارە خراپەکانیشـی بەهەڵوێست بێ. ئەمەریکا و سەرۆک بۆش رۆڵێکی زۆر باش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگێڕن. بۆش لەلایەک رژێمی سەدامی رووخاند، لەلایەکی دیکەش هەوڵدەدات گۆڕانکاری لەسیستەمی وڵاتـانی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا ئەنجـام بـدات. هەوڵـدەدات

دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێنێتە کایەوە، ئەمانەش بەقازانجی کورد دەشکێنەوە.

*** بۆش هەرچەند کاری گەورەشی بۆ کورد کردبێ، بەڵام جیهان لێی ناڕازییە، ئەوانەی رەخنە لەبۆش دەگرن هیوادارن کەباراک ئۆباما لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا سەربکەوێت، ئایا ئۆباما شایەنی ئەوەیە ببێتە سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورە وەک ئەمەریکا؟**

– لەدوای هاتنە سەر کاری ئیدارەی بۆش، ئەمەریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد. لەو ئیدارەیەدا دەستەیەک بەنێوی (نیو کۆنسەرڤاتیڤ- پارێزکارە نوێیەکان) هەیە، کە وابیردەکەنەوە لەجیهاندا هیچ هێزێک لەئەمەریکا گەورەتر نییە لەبوارەکانی ئابووری، سەربازی، ئەتۆمیدا. لەبەرئەوە ئەو دەستەیە وادەزانێ ئەمەریکا تاکە هێزی بڕیاردەرە لەجیهاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکا هێزە هاوپەیمانەکانی لەخۆی تووڕەکردن.سیاسەتێکی تاکڕەوانەی پێڕەوکرد، بێ ئەوەی رای هاوپەیمانەکانی وەربگرێ ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵک زیاتر رەخنە لەئەمەریکا بگرێت. سیاسەتە تاکڕەوییەکانی ئەمەریکا بەسەرنەکەوتن، نەلەئەفغانستان و نەلەعێراق. نارەزایی نێوخۆ و دەرەوە لەحکومەتی ئێستای ئەمەریکا وادەکات خەڵک زیاتر پشتیوانی پارتی دیموکرات بکات و هەوڵدەدات بەسیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە. لەبەرئەوەش چانسی بوونی باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکان زۆر گەورەتر بوو. بەڵام ئەوانەی پشتیوانی هیلاری کلینتۆنیان دەکرد دەڵێن ئێمە دەنگ نادەینە باراک ئۆباما. لەلایەکی دیکەوە شتێکی

زەحمەتە کۆمەڵگەی ئەمەریکا ڕێگە بدات کەسێکی ڕەشپێست ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا. بەڵام خەڵکە نێوەنجییەکە بڕیار دەدات کێ ببێتە سەرۆک. ئۆباما تاوەکو ئێستا خۆی وەک چەپگرێک نیشاندەدات، جۆن مەکینی ڕکابەریشی، کەپاڵێوراوی پارتی کۆمارییە وەک کەسێکی بەرەی ڕاستگر خۆی نیشاندەدات. ئۆباما هیوایەکی زۆری لەلای ئەمەریکییەکان دروستکردووە، بەتایبەتی گەنجانی ئەمەریکا. لەلایەکی دیکەشەوە ئۆباما سیاسەتێکی نەرم پێڕەو دەکات.

*** ئەمە ئەو واتایە دەگەیێنێ کەهاتنەسەر کاری ئۆباما بۆ ئەمەریکا و باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا باشە، بەڵام بۆ کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەکین باشترە؟**

– بەڵێ جۆن مەکین لەگەڵ ئەوەیە هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق بمێننەوە، هەروەها هەڵوێستێکی توندتری بەرامبەر ئێران هەیە.

*** ئایا ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی درێژ سوپای خۆی لەناوچەکە دەهێڵێتەوە؟**

– بەگوێرەی وتەی پسپۆرە سەربازییەکانی ئەمەریکا، ڕێی تێناچێ ئەمەریکا تا ١٥ ساڵی دیکە هێزی سەربازی خۆی لەعێراق بکێشێتەوە. هەبوونی هێزی ئەمەریکاش لەبەرژەوەندی کوردە، لەبەرئەوەی گەلی کورد لەتورکیا، ئێران و سوریا و هێزەنەتەوەپەرستەکانی عەرەب لەعێراق دەپارێزێت. کەکورد یارمەتی هاوکاری ئەمەریکای کرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، ئەوە هاوسۆزییەکی زۆر گەورەی بۆ کورد لەئەمەریکا پەیدا

کــردووه. لەبەرئەوە پێویســـتە کــورد پێوەنـــدییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا بەهێزتر بکەن، بەڵام دەبێت ئەم پەیوەندییە لەسـەر حیسـابی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ چین و رووسـیا نەبێت، دەبێت کورد پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوانیش بەهێز بکەن.

**هەفتەنامەی رووداو، ژمارە١٩، رۆژی ٢٠٠٨/٨/١١**
**سازدانی: سیروان حەجی بەرکۆ- ستۆکهۆڵم.**

# دەستکەوتەکانی ئێستا لەناو دەچن!

لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتی گۆڤاری (بەڵگە)دا، عومەر شێخموس یەکێک لەدامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەند راستییەکی مێژوویی دەخاتەڕوو، جگە لەوەش باس لەدەستکەوتەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکات و پێیوایە بەیەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنە کوردییەکان دەتوانرێت سیستەمێکی سیاسی بەهێزتر بۆ کوردستان بەدیبهێنێت.

*** با لەوەوە دەست پێبکەین بەڕێزتان خەڵکی کوردستانی سوریان، چی وایکرد ئێوە خەبات بکەن لەرێکخراوێک کەئامانجی یەکەم رزگاری بەشێکی تری کوردستان بێت ئەویش کوردستانی عێراقە؟**

– هەر لەسەرەتای هۆشیاریم و بوونم بەئەندام لەناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا و لەساڵی ١٩٥٨ بیروبۆچوونێکی کوردستانیم لەلا گەڵاڵە ببوو، ئەم بۆچوونە لەساڵانی شەستەوە بەهێزتر بوو، لەکاتی چوونم بۆ خوێندن لەئینگلستان و ئیشکردنم لەناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا کەکوردی هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا ئەندام و چالاک بوون بۆ دۆزی کوردستان، هەر لەو کاتانەشدا لەگەڵ ژمارەیەک لەروناکبیر و تێکۆشەری کورد کەلەئەوروپا

دەژیان کەهەمان بیروبۆچوونیان هەبوو بەیەکەوە کارمان دەکرد، بڕیارماندا لەهەر بەشێکی کوردستان بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دروست ببێت یارمەتی بدەین و بەشداری تێدا بکەین، هەر بۆیە لەئەنجامی ئەو بیروبۆچوونانە یارمەتی بزووتنەوەی نەتەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردم لەکوردستانی عێراق، لەئێران و تورکیا و سوریا دەدا، بەبێ هیچ جیاوازییەک و بەگوێرەی پێویستییەکانیان بۆ من زۆر ئاسایی بوو، لەناو ریزەکانی هەر رێکخراوێکی کوردستانی و چەپ و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕدا کار بکەم، پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کەخەڵکی کورد لەکوردستانی عێراق پێویستی بەپشتیوانی و یارمەتی هەیە بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نوێ دوای ئەو کارەساتە گەورەیە و هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی نوێ، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە کار بکەم بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێ کەلەرووی بیروباوەڕیشەوە لەگەڵ بۆچوونە فکرییەکانیشمدا دەگونجا.

*** لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا ئێوە کەسێک بوون لەدامەزرێنەرانی یەکێتی، دەمانەوێت بزانین پەیوەندی ئێوە لەدەرەوە لەگەڵ برادەرانی ناو وڵات، شەهیدان خاڵە شیهاب و جەعفەر و ئەنوەر و برادەرانی تردا چۆن بوو؟**

-بەشی زۆری ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ مام جەلال لەدیمەشق و بەیروت دەکران، هەروەها لەگەڵ هەندێک لەئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، لەوانەی کەلەسەرەتادا هاتن بۆ پەیوەندی شەهید شیهاب و شازاد سائیب و فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر دەبابە

و حەمە چاوشین و ژمارەیەک تێکۆشەری تر بوون، ئەگەر ڕێگای کەسێکیان بکەوتایەتە ئەوروپا پەیوەندیان لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا دەکرد لەڤیەننا، یان دکتۆر کەمال فوئاد لەبەرلین، یان لەگەڵ منیان دەکرد لەستۆکهۆڵم، پەیوەندییەکان لەڕێگەی نامە یان راسپاردەی دەمی یان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە بوون، هەندێکجار لەڕێگەی وڵاتی کوێت-ەوە پەیوەندیمان لەگەڵ دەکرا.

*** لەکاتی دروستبوونی بزووتنەوەی سۆسیالیست و لەوکاتەی کەشەهیدان عەلی عەسکەری و د. خالید لەژیاندا بوون، ئەوەی لەو کتێبانەی لەسەر مێژووی شۆڕشی نوێ دەیخوێنینەوە هەندێک باس لەوە دەکەن گوایە سیاسەتێکی تاکڕەوانە هەبووە لەناو یەکێتی بۆیە ڕەسوڵ مامەند و ئەوان جیابوونەتەوە ئەوە تا چەند راستە؟**

- لەناوەوەی وڵات لەسەرەتادا هێز و ژمارەی ئەندام و پێشمەرگەی بزوتنەوە زیاتر بوون لەناو یەکێتی، برادەرانی کۆمەڵە کەمتر بوون گلەیی و رەخنەیان دەکرد لەبۆچوون و دەسەڵاتی برادەرانی بزووتنەوە، ئێمە لەدەرەوە تەنها بەیەک ڕێکخستن بەناوی یەکێتیی نیشتمانیي کوردستان کارمان دەکرد، بەڵام پاش کارەساتی هەکاری لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٧٨ و شەهید بوونی عەلی عەسکەری و د. خالید سەعید و شێخ حسێن بابا شێخ، نفوزی کۆمەڵە زیاتر بوون، هەڤاڵانی بزووتنەوە گلەیی و رەخنەیان هەبوو لەکۆمەڵە و مام جەلال، جیابوونەوەی رەسوڵ مامەند و بەشی زۆری ئەندامان و پێشمەرگەکانی بزووتنەوە لەیەکێتی لەنەورۆزی ١٩٧٩دا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ، گلەیی

و رەخنەگرتن لەسیاسەتی تاکڕەوانە تەنها یەکێک لەو هۆیانە بوو، ئەوەشمان لەبیر نەچێت ژمارەیەک لەسەرکردە و پێشمەرگەی بزووتنەوە هەر لەیەکێتیدا مانەوە وەک کاک عومەر دەبابە، مامۆستا عەلی حەوێز و جەمال ئاغا.

*** ئێوە ئەوەندەی کەلەدەرەوەی وڵات بوون ئەوەندە لەشاخ نەبوون ئەمە واینەکردووە لەبڕیارە سیاسییەکاندا تووشی تانە و توانج بن، چونکە وەک دەزانن لەو سەردەمەدا ئەوەندەی خەباتی چەکداری گرنگ بوو خەباتی دیپلۆماتی ئەوەندە گرنگ نەبوو؟**

– نەخێر. سەبارەت بەخۆم قەت هەستم بەبۆچوونێکی وا نەکردووە، لەبەرئەوەی لەکاتە هەرە سەخت و پێویستییەکان من لەناوەوەی وڵات بووم، من لەو کاتانەی لەناوەوەی وڵات بووم، جاری یەکەم لەمانگی ١٢ی ١٩٧٨ تا ١٩٧٩ و تا ١٩٧٩و مانگی ٨ی ١٩٨١ کەچوومە ئەوروپا بۆ ئیشی تایبەتی و دیپلۆماسی بوو، دواتر ڕێگەم لیگیرا و نەمتوانی بگەڕێمەوە، بۆیە راسپاردرام ببم بەلێپرسراو و نوێنەری یەکێتی لەدەرەوەی وڵات، بۆ مێژوو بەویژدانەوە دەیڵێم هەموو هەڤاڵانی یەکێتی بەهەموو لایەنەکانەوە هەموو کاتێک ڕێزێکی تایبەتیان هەبووە بۆ من و بۆ راوبۆچوونەکانم، ئێستاش وایە، ئەگەر رەخنەیەک یان هەڵوێستێکی وا هەبووبێت ئاراستەی هەندێک لەهەڤاڵانی تری دەرەوەی وڵات دەکران، بەڵام ئێمە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی بڕیارێکمان دابوو، کەسەرکردایەتی ناوەوەی وڵات هەموو کاتێک خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکی و بڕیاردەر دەبێت.

*** ساڵی ١٩٨٤ کاتێک یەکێتی دەیەوێت گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی عێراق بکات، هەرچەندە تۆ ئەندامی سەرکردایەتی بوویت، بەڵام لەدەرەوەی وڵات بووی، یەکێک بوون لەوانەی کەگفتوگۆتان رەتکردەوە، ئەمە بۆچی؟**

–هەڤاڵانی دەرەوە لەدژی گفتوگۆی ١٩٨٤ نەبوون تەنیا هەندێک سەرنجمان هەبوو لەسەر شێوەی گفتوگۆ و پێشتر پرسمان پێنەکرابوو، بۆ ئاگاداریشتان من وەکو سەرۆکی وەفدی یەکێتی بۆ خولی دووەمی گفتوگۆکان دانرام و رازی بووم و خۆم ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەوەی رەتکردەوە بەبەهانەی ئەوەی من عێراقی نیم و خەڵکی سوریام، ئەمەش بووە هۆی کێشەیەکی گەورە لەنێوان مام جەلال و تارق عەزیزدا.

*** بۆچی لەدوای راپەڕین خۆتان دوورەپەرێز گرت لەیەکێتی هیچ پلەیەکی حزبی و حکومیتان وەرنەگرت؟**

– من لەمانگی چواری ١٩٨٦ بەفەرمی ئیستیقالەمدا لەئەندامێتی مەکتەبی سیاسی و ئەندامێتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاش راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان هەرچەندە چەندینجار داوام لێکرا کاری حکومی وەرگرم، بەڵام پێم باشبوو هەر دۆستێکی نزیکی یەکێتیی بم و لەکاتی پێویستیشدا یارمەتیان بدەم.

*** کورد ئەوەی بەدەستی هێنا لەدوای راپەڕین بەرای تۆ ئەوە بوو کەئێوە لەشاخ یەکێتیتان بۆ دروست کرد؟**

- بەرای من دەستکەوتەکانی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق پاش راپەڕین و روخانی سەدام حسێن دەستکەوتی زۆر گەورەن و دەبێت بەهەمــوو شــێوەیەک بپــارێزرێن، بەڵام پێویســتیان بەریفۆرم و گۆڕانکاری و رێکوپێکردنی لەسەرخۆ هەیە، لەبیرمان نەچێت یەکێتیی لەسەرەتا دروشمی (ئۆتۆنۆمی راستەقینەوعێراقی دیموکراتی) هەڵبژاردبوو، پاش ١٩٨٢ دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی پەسەند کرد، ئێستا حکومەتێکی هەرێمی بەهێزی هەیە لەناو عێراقی فیدراڵدا، ئەمە بەدەستکەوتێکی گەورە دەزانم، لەگەڵ هەمــوو کەموکوڕییەکــانی، زەمیــنەی باشــی دانــاوە بــۆ دەستکەوتی گەورەتریش لەدوارۆژدا.

*** بزووتنەوەی سۆسیالیست جیابۆوە، دواتر ئاڵای شۆڕش دەتوانین بڵێین ئەو دوو لێکترازانە کەمتر لەجیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا کاریگەری لەسەر یەکێتی هەبوو، کەتا ئێستاش پێوەی دیارە؟**

- بەڵــێ راســـتە جیــابوونەوەی بــزووتنەوەی گــۆڕان زۆر زەرەمەنـدتر بـووە بـۆ یەکێتـی لەرووی ژمـارە و رێکخســتن و فیکرەوە، یەکێک لەئەنجامەکانی لاوازبوونی یەکێتی و تێکدانی تەرازووی هێز بوو بەرامبەر بەپارتی، دووەم ژمارەیەکی زۆر لەکادر و پێشمەرگەی بەئەزمون و لێوەشاوە لەناو ریزەکانی یەکێتی چوونە دەرەوە، ئەمە رێکخستنەکانی یەکێتی هەژار کرد لەزۆر رووەوە، سێیەم بۆ ماوەی چەند ساڵێک یەکێتی تووشـی شــەڕێکی راگەیانـدن و فیکـری لابەلا کـرد، چـوارەم دۆڕانـدنی ژمارەیەکی زۆر لەکورسییەکانی پەرلەمان، هەرچەندە لایەنێکی

جیابونەوەکە بۆ یەکێتی زۆر بەباش گەڕایەوە، ئەویش بەخۆداچوونەوە و هۆشیاربوونەوە لەکەموکورییەکان و دەستکردن بەپرۆسەی ریفۆرم لەناو ریزەکانی یەکێتی بوو.

*** بەرای تۆ بۆ یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان رێککەوتنیان زۆر قورسە؟**

- ئێستا دەبیستم کەپەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان بەرەو ئاساییبوون دەچن و بەدوری نازانم لەئایندەدا هاوکاریش لەگەڵ یەک بکەن بۆ زۆر کێشەی سیاسی لەکوردستان وەک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام یەکگرتنەوەی ریزەکانیان بۆ ماوەی کورت خایەن بەدوور دەزانم، بەڵام مەحاڵیش نییە.

*** هەندێک هەن لەناو یەکێتی پێیان باشە، یەکێتی لەگەڵ گۆڕان رێککەوێت، هەندێکیش بەپێچەوانەوە، رای تۆ چییە وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانەی گۆڕان و یەکێتیش کارت کردووە؟**

- من پشتگیری لەوە دەکەم کەهەموو هێزێکی دیموکرات و چەپ وپێشکەوتوخواز لەکوردستان یەکبگرن بۆ گەشەکردن و ریفۆرم و رێک و پێکردنی سیستەمی سیاسی لەکوردستاندا، هەروەها بۆ زیاتر دیموکراتکردنی، بێگومان زۆرم لا پەسەندە یەکێتی و گۆڕان نزیک بن لەیەک و هاوکاری لەگەڵ یەک بکەن، لەهەمانکاتدا زۆر بەپێویست و گرنگی دەزانم هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر هەبێت لەناو سیستەمی سیاسی

لەکوردستان بۆ چاودێری و رەخنەگرتن لەدەسەڵات، هەروەها خۆپێشکەشکردن وەک ئالتەرناتیڤ بۆ دەسەڵات، جیا لەوە یەکێتییەکی فراوانی هێزەکانی سەرەوە رێگا لەبەهێزبوونی رەوت و فیکری ئیسلامی لەکوردستان دەگرێت.

*** سەبارەت بەمەسەلەی کورد لەعێراقدا تۆ بەشێکی ژیانت لەئەمەریکا بەسەر بردووە، بۆچی ئەمەریکا هێشتا نەبووە بەو هێزەی کەکورد وا لێبکات سەربەخۆی خۆی هەبێت؟**

– لەراستیدا من بەشی زۆری ژیانی خۆم لەسوید بووە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر لەئینگلستان و لەئەمریکا ژیاوم، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەمەریکا یەکەمین زلهێزی جیهانە و ژمارەیەک بەرژەوەندی ستراتیژی و جیۆسیاسی و بازرگانی و دارایی و پەیوەندی دیپلۆماتی و سیاسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ تورکیا، لەگەڵ چەندین وڵاتی تر لەو ناوچەیەدا، ئەمەریکا چەند سۆزیشی هەبێت بۆ نەتەوەی کورد وەکو دۆستێک، هەرچەندە هەموو هێزە کوردییەکانیش دۆستی ئەمەریکا نین بۆ نموونە PKK، بەڵام ئەمەریکا ئامادە نییە هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ پرۆژەیەکی وا، بەڵام دوور نییە رۆژێک بێت کەبیر لەپرۆژەیەکی وا بکاتەوە، بەڵام ئێستا بەدووری دەزانم، بەتایبەتی ئەگەر بەمزووانە رژێمی سوریا و ئێرانیش بڕوخێن، ئەمە لەسەر پلان و داڕشتن و ستراتیژی کورد خۆی راوەستاوە.

*** کورد لەدەوڵەتی عێراقدا ئاوا بمێنێتەوە و لەناو ململانێدا ژیان بەسەربەرێت، یان واز لەحکومەتی عێراق بهێنێ و هەرێم بکاتە کیانێکی سەربەخۆ باشترە؟**

– لەکاتی ئێستادا هیچ بژاردەیەک لەبەردەم کورددا نییە لەعێراق جیابێتەوە، لەهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی نەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراق لەرێگەی فشار و گفتوگۆ، کردنی هەرێم بەکیانێکی سەربەخۆ وا بەئاسانی و بەقسە جێبەجێ نابێت، بەبێ خۆئامادەکردن و وەرگرتنی پشتیوانی جیهانی هەموو دەستکەوتەکانی ئێستاش لەناو دەبات.

*** بەرای تۆ بۆچی هێزە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستان و تەنانەت پارچەکانی تریش لەسەر مەسەلەی دەوڵەتی کوردی روانینی جیاوازیان هەیە؟ تەنانەت کەم حزبی کوردستانی هەیە دروشمی سەربەخۆی بۆ کوردستانی هەڵبژاردبێت؟**

– ئەوەی من ئاگاداربم هیچ حزبێکی کوردستانی بەهێز دروشمی سەربەخۆی هەڵنەگرتووە، **PKK** تا دەستگیرکردنی ئۆجەلان ئەو دروشمەیان هەبوو، بەڵام دواتر وازیان لێهێنا، ئێستا دوو حزبی بچکۆلە هەن لەدەرەوەی وڵات کەناویان لەخۆ ناوە پارتی سەربەخۆی کوردستان، ئەم دروشمەیان هەڵگرتووە.

*** با لەسەر وەزعی سوریا قسە بکەین؟ پێتوایە ئەم شۆڕشەی لەسوریا هەڵگیرساوە کورد قازانجی لێدەکات یان نەخێر ئیسلامییەکان بۆ قازانجی خۆیان بەکاریدەهێنن؟**

– هەر لەئێستاوە کورد سوودێکی زۆری لەشۆڕشی سوریا وەرگرتووە، بەشی زۆری ناوچەکان لەژێر دەستی هێزە کوردییەکاندان، هەندێکی بەرێککەوتن لەنێوان **PYD**و حکومەتی

سوریا بووە، هەندێکی لەبەرئەوەی حکومەت مەجبور بووە هێزەکانی بکشێنێتەوە و بیانباتە ناوچەکانی تری سوریا، تا ئێستا کوشتاری بەکۆمەڵ و وێرانی ناوچەکانی کوردنشینی نەگرتوەتەوە، هێزی کوردی هاوکاری دەکەن بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی و خزمەتکردنی خەڵک، بەزەحمەتی دەزانم هێزە ئیسلامییەکانی سوریا هەموو دەسەڵات بگرنەدەست، بەشی زۆری هێزی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن دانیان بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ناوە و قبوڵیانە، مەترسی هەیە، بەڵام هێزی کوردی گەر بەیەکگرتووی بمێنێتەوە دەتوانن مەترسییەکان دوور بخەنەوە.

*** چۆن دەڕوانیتە چارەنووسی رژێمی ئێستای سوریا؟**

– هەموو چاودێرانی سیاسی لەجیهان دەڵێن کەرژێمی ئەسەد بەرەو نەمان دەڕوات و دەڕوخێت، هەندێکیان تەنانەت چەند هەفتەیەکی تریان داناوە، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن سوریا بەرەو شەڕێکی فراوانتری ناوخۆ دەچێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەبەر پشتیوانی زۆری روسیا و ئێران و عێراق و حزبوڵڵای لوبنان، لەبەرئەوەی وڵاتانی تری دنیا بەباشی یارمەتی شۆرشگێڕانی سوریا نادەن، بەڵام هەموو ئاماژەکان وا نیشان دەدەن کەرژێمی بەعس و ئەسەد لەناوخۆدا تێکچووە و بەمزوانە لەناودەچێت لەبەر رەوشی ئابوری و لەشکری و لەهەمانکاتدا بەهێزبوونی رۆژانەی شۆرشگێڕان، روخانی ئەسەد دوور نییە.

**گۆڤاری بەڵگە، ژمارە ٦٩، رۆژی ٢٠١٢/١٠/١٥**

**سازدانی: جەزا سوارە محەمەد- سوید**

# یەکێتیی خاوەنی کادیری لێوەشاوە و شارەزایە

دەقی چاوپێکوتنی گۆڤاری هۆنیا لەگەڵ عومەر شێخموس

*** لەساڵی ٢٠٠٨ لەچاوپێکەوتنێکدا باسی ئەوەت کرد کەیەکێتی ٨٠% ئەو ئامانجەی بەدیهێناوە کەبۆی دروستبووە، ئەو ڕێژەیەی تریش کەمابوو هەندێ ئامانجی کۆمەڵایەتی بوون. پێت وایە لەئێستادا یەکێتی چەندە خاوەن ئامانجێکی ترە کەلەگەڵ بارودۆخی ئێستا و گۆڕانکارییەکانی ئێستای ناوچەکەدا بگونجێت؟**

- یەکێتی زۆر هەنگاوی تازەی ناوە لەرووی چاکسازی وگۆڕانکاری و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەل و جەماوەر بەبەشی دادپەروەری کۆمەڵایەتیشەوە، بەڵام هێشتان پێویستە هەنگاوی زیاتر و گەورەتر بنرێن لەئاستی پرسی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی دا.

*** ئەوکاتەی کەیەکێتی هاوپەیمانی کرد لەگەڵ پارتیدا، زۆرجار ئەو قسەیە دەبیستین کەیەکێتی بۆتە کۆپیەکی پارتی لەچەند لایەنێکدا لەوانە ڕێگەنەدان بەهەبوونی بیروڕای جیاواز کەپێم وابێت ساڵی ١٩٨٦ جەنابتان هەر لەسەر ئەوە دەستتان کێشایەوە؟ قسەتان چییە لەسەر ئەمە؟**

– لەراستی دا وازهێنانەکەم لەکاردا پەیوەندی راستەوخۆی نەبوو بۆ هەبوونی بیروڕای جیاواز لەناو یەکێتیدا، بەڵکو هۆی تر بوون. بەڵام بەگشتی دەتوانم بڵێم کەپرۆسەی دیموکراسی ولەناویاندا ئازادی دەربڕینی بیروڕا و مافەکانی مافی مرۆڤ، رۆژ بەرۆژ بەرەو گەشەکردن و بەهێز بوون دەچن لەناو سیستەمی سیاسی کوردستاندا لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان کەهێشتا ماون.

*** ئامانجی یەکێتی لەسەرەتادا وانەبوو، بۆچی یەکێتی ترسی لەهەبوونی رای جیاواز هەیە، ئایا مەترسی ئینشقاق و بچووک بوونەوەیە یان مەترسی لەناوچوون؟**

– من وا تێناگەم کەیەکێتی ترسی لەبیروڕای جیاواز هەبێت، بەعەکسەوە هەموو کاتێک لایەنگری ئەوە بووە. هەموو مێژووی یەکێتی زۆر دەوڵەمەندە بەئەزموون و نموونەی جیاواز بۆ ئەو دیاردەیە. بەڵام فاکتەری کە رۆڵیان بینیووە لەپرۆسەی جیابوونەوە و لێکترازان لەناو یەکێتیدا.

*** تۆ کاتی خۆی نەلەگەڵ هەبوونی حوکمڕانی یەک حزب بووی (لەشێوی حزبی قائید)، نەلەگەڵ هەبوونی ئەو دوو جەمسەرییە بووی کەهەبوو.دروستبوونی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەئێستادا هەیە چەندە پێویست بوو؟ وەکو کەسێکیش کەلەناو سیاسەت بوویت چەندە لەئەدا و کاریان رازیت؟**

– بەرای من ئەزموونی حیزبەکانی دەسەلات وەئۆپۆزسیۆنیش لەکوردستان تازەن لەبیست ساڵ زیاتر نییە، بەڵام لەم ماوە کورتەدا هەردوولا بەپرۆسەی فێربووندا تێدەپەڕن، کەم و کوڕی

لەئەدای هەردوولا زۆرە، بەڵام گەشبینم بەگەشەکردنی فەرهەنگی دیموکراتیوچەسپاندنی لەناو سیستەمی سیاسی کوردستاندا.

*** ئەوەی ئێمە دەبینین پارتی و یەکێتی هەمیشە، ترسیان لەگۆڕانکاری و نوێبوونەوە هەبووە، پێت وایە ڕۆیشتنیان لەسەر ئەو نەهجەی ئێستادا ئایندەی ئەو دوو حزبە بەرەو کوێ دەبات؟**

– لەچەندین گفتوگۆی پێشتریش، ئەو مەترسیەم باس کردووە کەئایندەی یەکێتی و پارتی روونـاک نابێت ئەگەر خێرا دەست بەپرۆسەی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە نەکەن ئەزمـوونی حیزبە شیوعیەکانی سۆڤێت و ئەوروپای رۆژهەڵات و سیستەمەکانی وڵاتـانی عەرەبـی لەبەر چـاون و تـازەن. پێویسـتە زۆر بەجـدی دەرس لەو ئەزموونانە وەربگرن.

*** بۆچی هەمیشە یەکێتیی ترسی لەباسکردنی دوای تاڵەبانی هەبووە؟ پێت وایە جێگرەوەی نییە یانیش پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتەنیا کەسێک حاکم و بڕیار بەدەستی تەواوی حزبەکەیە؟**

– زۆر بەداخەوە، نە مـام جەلال خـۆی وە نەسـەرکردایەتی ی.ن.ک ئامـادە نەبـوون بیـر لەرۆژێکـی وا بـکەنەوە وپلانێکـی داڕێـژراوی قـووڵ و فـراوان و رێـک و پێـک دابنـێن، بـۆ ئەوەی یەکێتی تووشی قەیران و کارەسات نەبێت و بەشێوەییێکی ئاسایی گۆڕانکارییەکان بەدی بێن.

*** پێتان وایە یەکێتیی دوای تاڵەبانی چی بەسەر دێت؟**

- یەکێتـــی ڕێکخراوێکـــی خـــاوەن ئەزمـــوون و بەرنـــامە و مێژووییێکـــی دەوڵەمەنـــدە، هەروەهـــا خـــاوەن کـــادیرێکی زۆری لێوەشـــاوە و شـــارەزایە. بەڕای مـــن دەتوانێـــت بەشـــێوەییێکی سەرکەوتووانە لەو بارە دەربچێت، هەڵسوکەوتی ئەم دووایییەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیی باشترین نموونەن.

*** لەهەبوونی هەر دۆخێکی لەو شێوەیەی ئێستا کەلەناو یەکێتیی دا هەیە، ئەگەر هەمان حاڵەت لەحزبێکی تردا هەبێت لەدەرەوە بەتایبەت حزبێکی سۆسیال دیموکرات، چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- لەناو بەشی هەرە زۆری حیزبە پێشکەوتووەکانی جیهان، ئەنجـا سۆسـیال دیمـوکرات بـن یـان حیزبـی تـر، کەتووشـی ڕەوشـێکی وا دەبـن، سـەرکردایەتی ئەو حیـزبە بەشـێوەییێکی بەرپرسانە و بەکۆمەڵ کۆ دەبنەوە و یەکێتیی ریزەکانی خۆیان دەپـارێزن و سـەرکردایەتییێکی کـاتی دادەنـێن هەتـا بەسـتنی کۆنگرەی حیزبەکە بەزووترین کات بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتی تازە و داڕشتنی بەرنامە و پلاتفۆرمی ئایندەی حیزبەکە.

*** کاتی خۆی لەقسەکردن لەسەر سەرکردە کوردەکان لەبەغدا باسی ئەوەت کرد کەئەوان سیاسەت ناکەن، بەڵکو جوامێری دەکەن یان تەنازول، ئێستا قسەت چییە؟**

- هەڵوێســتی حکــومەتی هەرێمـــی کوردســتان و حیزبەکـــانی کوردســـتان ســـەبارەت بەکێشـــەکانی لەگەڵ حکـــومەتی ناوەنـــدی لەبەغـدا، ئێسـتا زۆر لەجـاران باشـترە، بەبەرنـامە و بەشـێوەییێکی

داڕێـژراو دەکرێـت، لەهەمـووی گرنگتـر بەرای مـن ئەوەیە کەهەمـوو کاتێـک یەکێتیـی هەڵوێسـت و ریزەکـانی هێـزە کوردسـتانیەکانیان پارێزراوە، لەئەنجامی راوێژکردن هەڵوێستی یەکگرتوو وەرگیراوە.

*** بوونی تەکەتول لەناو یەکێتیی دا دەمێکە هەیە، هەرچەندە یەکێتیی لەپلینیۆمی خۆیدا پەیمانی ئاکاری بەست لەنێو سەرکردەکانیدا، بەڵام بەڕێزتان پێشتر قسەیەکتان هەبوو کە (ئەو تەکەتولە هەر دەمێنێت، چونکی هەندێ کەس مانەوەیان بەندە بەتەکەتولەوە)، پێتان وایە لەئێستا و لەقۆناغی دوای تاڵەبانیش ئەو تەکەتولە هەر دەمێنێت؟**

- زۆر زەحمەتە بتوانم پێشبینی ئەوە بکەم. لەکاتی ئێستادا سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی بەشێوەیێکی یەکگرتوو و بەرپرسانە کار دەکەن وەئاگاداری و زانیاری گرنگیان داوە سەبارەت بەکێشە سەرەکییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. زۆر ئومێدەوارم لەسەر ئەم رێبازە بەردەوام بن.

*** پێت وایە یەکێتیی و گۆڕان لە ئایندەشدا وەکو دوو هێزی جیا دەمێننەوە، یانیش دەبنەوە بە یەک بە تایبەت بۆ قۆناغی دوای مام جەلال؟**

- بەدووری نازانم یەکێتی و گۆڕان نێزیک تر ببن وەهاوکار بن لەگەڵ یەک، بەڵام بۆ کاتی ئێستا یەکگرتنەوەیان بەدوور دەزانم.

*** لە ئێستادا باسی ئەوە دەکرێت کە تاڵەبانی تاکە کورد بێت لە مێژوودا کە سەرۆک کۆماری عیراق بێت، بەو مەبەستەی کە لە دوای تاڵەبانی هیچ کوردێکی تر نابێت بە سەرۆک کۆمار؟**

- بەرای من، پێویستە کورد واز لەمافی خۆی نەهێنێت بۆ وەرگرتنی یەکێک لەپۆستە سیادیەکانی عێراق. ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمار نەبێت، پێویستە پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان یان سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران وەرگرێت.

*** لەئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کەرەنگە مەسعود بارزانی وەکو کەسی یەکەمی پارتی و تەعامولی هەبوو لەگەڵ کەسی یەکەمی حزبە هاوپەیمانەکەی، بەڵام لەدوای تاڵەبانی، بارزانی ئامادە نابێت هاوشێوەی تاڵەبانی تەعامولی لەگەڵ کەسانی دوو و سێی ناو حزبەکەی هاوپەیمانی بکات؟ قسەی بەڕێزتان چییە لەسەر ئەمە؟**

- من باوەڕم بەو تەفسیر و بۆچوونە نییە، یەکێتی و پارتی دوو حیزبی هاوپەیمانن و زۆرجار کۆبوونەتەوە لەئاستی جۆراوجۆردا. هێندێ کۆبوونەوەی یەکگرتوو بەسەرۆکایەتی مام جەلال بووە وەهێندێکی بەسەرۆکایەتی کاک مەسعود یان بەسەرۆکایەتی هەردوولا بووە. قەت باوەڕ ناکەم گیروگرفتێکی وا بێتە پێش.

**لە گۆڤاری هۆنیا بڵاوبۆتەوە.**

# پارتی و یەکێتیی نەگۆڕێن، ڕاپەڕین دەست پێدەکات

عومەر شێخموس لەدامەزرێنەرە سەرەکییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، هەرچەندە (٢٢) ساڵە وازی لەکاری حیزبایەتی هێناوە، بەڵام زۆر نیگەرانە لەو بارودۆخەی کەئێستا یەکێتی پیایدا تێپەڕ دەبێت، هەربۆیە ئێستا هاتووەتەوە بۆ کوردستان و بەنیازە میانگیری بکات لەنێوان باڵی تاڵەبانی و نەوشیرواندا.
کاتێک لەبەرامبەری دادەنیشیت، بەو تەمەنەشەوە هەستدەکەیت لەبەرامبەر کەسێک دانیشتوویت کەزۆر بەدیقەتەوە قسە دەکات و حیساب بۆ یەکە بەیەکەی وشەکانی دەکات، سیاسەتمەدار عومەر شێخموس یەکێک لەدامەزرێنەرانی یەکێتییە، ئەو کەسێکی قاڵبووی نێو سیاسەتە و وەک شارەزایەک لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چاودێرێکی سیاسی بارودۆخی کوردستان، لەم دیمانەیەدا تیشک دەخاتە سەر زۆر شت، لەوانە: بارودۆخی ناوخۆی ئێستای یەکێتی نیشتمانی و ئەو نارەزاییەی خەڵکی کوردستان کەلەبەرانبەر دوو حیزبەکە هەیانە، ئەمە ئەو دیمانەیەیە کە (لڤین) لەدواین سەفەری عومەر شێخموسدا بۆ کوردستان، لەگەڵی سازیداوە.

*** بەڕێزت وەک یەکێک لەدامەزرێنەرانی یەکێتیی، پێتوایە دوای تێپەڕبوونی (٣٣) ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی دا، ئەم حیزبە پابەندە بەو ئامانجانەوە کەلەپێناویدا دروستبووە، یان پشتیکردووەتە ئامانجە راستەقینەکانی خۆی؟**

- دەتوانم بڵێم لەو ئامانجانەی کەبۆ خۆمانمان دانابوو، (٨٠%)یان بەدیهاتوون، لەوانەیە (٢٠%)یان بەدەستنەهاتبێت. (٨٠%)ی لەوەدا بەدەستهاتووە کەرژێمی سەدام رووخا و کوردستان بووەتە هەرێمێکی فیدراڵی. میللەتی کورد مەترسی راگواستن و ئەنفالی لەسەر نەماوە، ئێستا کوردستان یەکێکە لەهەرێمە بەهێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو ئامانجانەشی کەیەکێتی نەیتوانیوە بەدەستیان بهێنێت، هەندێک ئامانجی کۆمەڵایەتیمان هەبوو، وەک مەسەلەی گۆڕینی کۆمەڵ و مافەکانی ژنان و دابەشکردنی زەوی و چەندانی دیکە، ئەمانە دواخراوە لەبەر ئەو رەوشەی کەلەدوای (١٩٩١)ەوە هاتوونەتە پێش. لەدوای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا، چەندان رووداوی ناخۆش روویانداوە، وەکو شەڕی ناوخۆ، بەڵام ئێستا وا خەریکە حکومەتی یەکگرتوو دروست دەبێت. بەڵام هەندێک دیاردە پەیدا بوون لەنێو لێپرسراوانی یەکێتی نیشتمانی و حیزبەکانی تریش کەبەدڵم نین، ئەو لێپرسراوانە خەریکن دەبن بەنوخبەیەک وەک بەرپرسانی زۆرێک لەوڵاتانی جیهانی سێیەم، لەکاتی خەباتی رزگاریخوازی شتێک بوون، کەچی کەهاتنە سەر دەسەڵات، بوونەتە شتێکی دیکە. من بەشبەحاڵی خۆم، ئێستا زۆرێک لەدۆستەکانی خۆم ناناسمەوە،

ئەوە پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە هەیە، ناڵێم هەموویان، بەڵام زۆریان وایانلێهاتووە. دەبێت وریا بن.

*** ئێستا لەهەموو کات زیاتر، یەکێتی بەدەست گرفتی ناوخۆیی خۆیەوە دەناڵێنێت، بەبڕوای تۆ، لەسایەی ئەم بارودۆخەدا یەکێتی بەرەو کوێ دەچێت؟**

- ئێمە کەیەکێتیی نیشتمانیی-مان دامەزراند، بیرمان لەڕێکخراوێکی یەکگرتوو کردبووەوە، نەک لەسەر بنەمای تەیاراتی ڕێکخراو بێت، بەڵکو قبوڵمان بوو کەفیکری جیاواز و بۆچوونی جیاواز لەناو یەکێتیدا هەبێت، بەڵام لەناو ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا.ئێمە ئەوانەی لەدەرەوەی وڵات بووین، بەو شێوەیە بیرمان لێی کردبووەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرانەی لەناو وڵات بوون، بەشێوەیەکی دیکە جموجۆڵیان کرد و ئێمەش ناچار بووین ئەوە قبوڵ بکەین. ئەویش بوو بەتەیاراتی ڕێکخراو، کۆمەڵە و بزووتنەوە و خەتی گشتی بوون، ئەو حاڵەتە بەردەوام بوو تا ئەم ساڵانەی دوایی، تەیاراتی ڕێکخراو نەما و یەکێتی نیشتمانی بوو بەیەک ڕێکخراو، بەڵام ئەو جیاوازییە فیکرییەی کەهەبوو، ئێستا ڕەنگی تەکەتولی بەخۆیەوە گرتوە. ئەوە زەرەرێکی گەورەی لەیەکێتی نیشتمانی داوە، لەجیاتی ئەوەی یەکێتی ڕێکخراوێکی بەهێزی گەورە بێت، ئەو تەکەتولاتە خەریکە کاریگەری دەبێت بۆ کەمبوونەوەی نفوز و توانای یەکێتی نیشتمانی. ئەو سروشتەی یەکێتی، هۆی بەهێزی و هۆی لاوازیشییەتی. هۆی بەهێزییەکەی ئەوەیە کەڕێکخراوێکی لیبراڵە و ڕێگە دەدات بەبۆچوون و دەربڕینی جیاواز، لەکاتی خۆی ڕێگەی

بەدروســـتبوونی ڕێکخــراوی جیـــاوازیش دەدا، بەڵام هەر ئەو تەیاراتانە خۆیان دەتوانن ببن بەهۆی لاوازبوونی یەکێتی، چونکە سەرئەنجام ناکۆکی لەنێوان ئەم تەیاراتانە دروست دەبێت، نەک ململانێــی ڕێکــوپێکی دیموکراتییـــانە، بەداخەوە خەریـــکە وای بەسەربێت. بەڵام ئێستا بیریان لەوە کردووەتەوە کەئەوە زەرەر لەیەکێتی دەدات و بیریان لەئالیەتێک کردووەتەوە بۆ کۆنگرەی داهاتوو، کەبەلایەنی زۆرییەوە لەبەهاری ئایندەدا دەبێت.

*** ئەگەر مەسەلەی ئازادی یەکێک بێت لەئامانجەکانی یەکێتی، ئێستا دەبینین لەسەر بۆچوون و ڕای جیاواز خەڵک لەیەکێتی دەردەکرێت، ئەوە لەکوێی یەکێتیدا جێگەی دەبێتەوە؟**

– من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کەلەسەر ڕای جیاواز خەڵک لەیەکێتی دەربکرێت، بۆیەش من لەوەختی خۆی لەساڵی (١٩٨٦) ئیستیقالەم داوە، چونکە من بۆچوونێکی دیکەم هەیە، من پێمباشە یەکێتــی وەکــو حیزبــی سۆسیالیســتی فەرەنســا بێــت، کەرێــگە بەتەیاراتی جیاواز دەدات لەناو حیزبەکەدا. یەکێتی نیشتمانی ئێستا بڕیاری داوە کەقبوڵی موعارەزەی ڕێکخراو ناکات لەناو حیزبدا، ئەوانەی کەخۆیان ناویدەنێن حیزب لەناو حیزب. یەکێتی دەڵێت ئــێمە ڕێــگە دەدەیــن بەبیــروڕا و بۆچــوونی جیــاواز، بەڵام لەچوارچێوەی حیزبدا.

*** پێتوانییە ئەو ڕێگەنەدانە، ترسی لەدەستدانی کورسییەکانیانە لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە؟**

– دوور نییە، من لەوە دڵنیا نیم، چونکە من ماوەیەکی زۆر نییە کەهاتوومەتەوە، بەڵام ئێستا وا پێدەچێت کەمەترسی ئینشیقاقێک لەناو یەکێتیدا هەبێت.

*** پێتوانییە دوورکەوتنەوەی نەوشیروان مستەفا ئەم رەوشەی ئێستای یەکێتی دروستکردووە؟**

– ئەو ململانێیەی کەهەیە ململانێی بۆچوونی فیکری جیاوازە، ئەوە هێشتا ساغنەبووەتەوە کەبەکام لادا دەڕوات. کاک نەوشیروان خۆشی بڕیاری نەداوە کەئایا لەناو یەکێتیدا دەمێنێت یان لەدەرەوەی یەکێتی دەبێت. دەبێت لەنێوان خۆیان گفتوگۆ بکەن کەبەرەو کام لا دەڕۆن، من ئەوەی کەدەبینم سێ چوار بۆچوونی جیاواز لەناو یەکێتیدا هەیە، بەڵام ئەوانەی کەبەزەقی بیروڕای خۆیان دەردەبڕن، کاک نەوشیروان و ئەو برادەرانەن کەلەگەڵیدان.

*** چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کەسەرهەڵدانی ئەو باڵانە لەناو یەکێتی و سەرقاڵبوونی یەکێتی بەناوخۆی خۆیەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کەپارتی بەهێز بێت و تەرازووی هێز لەکوردستان لاسەنگ بێت، بەبۆچوونی ئێوە، ئەو ململانێیەی ئەم دواییەی ناو یەکێتی تەرازووی هێز لەکوردستان تێکدەدات؟**

– بێگومان هەر کەسێک لەئەلف و بای سیاسی تێبگات، دەزانێت کەئەو رەوشەی ئێستای یەکێتی زەرەر لەیەکێتی نیشتمانی دەدات. من بەشبەحاڵی خۆم، زۆر بەزەرەری دەزانم کەتاکە حیزبێک لەکوردستاندا زاڵ ببێت بەسەر رەوشی سیاسی

لەهەموو کوردستان. من زاڵبوونی هەردوو حیزبەکەش بەخراپ دەزانم بۆ ئایندەی سیاسی لەکوردستان، من پێمخۆشە بەدیلی سێیەم و چوارەمیش هەبێت، پێمباشە حیزبێکی سێیەمی بەهێز و حیزبێکی چوارەمی بەهێز هەبوایە، بۆ ئەوەی ئەو دوو جەمسەرییەی کەلەکوردستان هەیە نەمێنێت. ئێمە لەسیستەمی جیهانی سیاسی دەزانین کەلەکاتی سۆڤیەت و ئەمریکا ململانێکە چەندە سەخت و داخراو بوو. من ئەو دوو جەمسەرییەم پێ خراپە بۆ پرۆسەی دیموکراسی کوردستان، نەک ببێت بەهۆی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ.

*** پێتوانییە کەیەکێتی و پارتی خۆیان ڕێگرن لەدروستبوونی هێزی سێیەم و چوارەم لەکوردستاندا؟**

- دوور نییە ئەوان پێیان ناخۆش بێت، بەڵام ئەگەر خەڵک خۆی کۆبکاتەوە و ڕێگە خۆشبکات و ڕێکخستن دروست بکات، ئەوان ناتوانن ڕێگری بکەن، بەڵام بێگومان کەس بەئاسانی دەسەڵات بەجێناهێڵێت. ئەمە لەهەموو دونیادا وایە، دوور نییە پارتی و یەکێتی دروستبوونی هێزێکی لەو جۆرەیان پێناخۆش بێت، دوور نییە ڕێگەشی لێ بگرن.

*** تۆ لەسەرەتا ئاماژەت بەوە کرد کەبرادەرانی سەردەمی شۆڕش ئێستا ناناسیتەوە، زۆر جار دەوترێت ئەوانەی لەسەردەمی شۆڕش لەپێناو ئازادیدا خەباتیان دەکرد، هەمان ئەو کەسانەن کەئێستا بوونەتە مەترسی بەسەر ئازادییەوە، ئێستا لەکوردستانیش هەمان شت دەبینرێت، ئێوە تێبینیتان لەسەر ئەمە چییە؟**

– وەکو باسمکرد لەزۆر شوێنی دونیا هێزە رزگاریخوازەکان کەدەسەڵات دەگرنە دەست، جۆرە گۆڕانێکیان بەسەردا دێت کەلەگەڵ سروشتی پێشوویان ناگونجێت. پێموایە ئەمە سروشتی دەسەڵاتە، هەندێک لەو برادەرانە چ لەناو پارتی و چ لەناو یەکێتی، بەداخەوە دیارە دەسەڵات گێژی کردوون.

*** پێتوایە یەکێتی پێویستی بەگۆڕانە لەسیستەم یان پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی بگۆڕێت و کۆمەڵێک کەسی دیکە بێنە پێشەوە؟**

– بەبۆچوونی من، پێویستە هەردوو گۆڕانکارییەکە بکرێت، یەکێتی پێویستی بەگۆڕانکاری لەرێکخستنەکانی هەیە، پێویستی بەبەرنامە و پێڕەوێکی ناوخۆی تازە هەیە. پێویستی بەگۆڕانکارییەکی گەورە هەیە لەسەرکردایەتی و لەرێکخستنەکانیدا، نەک هەر تەنیا یەکێتی بەڵکو پارتی و تەواوی هێزەکانی دیکەش پێویستیان بەو گۆڕانکارییانە هەیە، ئەگەر خۆیان نەگۆڕن وەکو حیزبەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات و سۆڤیەتیان بەسەردێت و لەشوێنی خۆیان دەمرن. ئەگەر سەیری سەرکردایەتی حیزبەکان بکەین، زۆربەیان لەجیلی یەکەمی ئەو حیزبانەن، جیلی دووەم و جیلی سێیەم زۆر بەکەمی هاتوونەتە سەرکردایەتی. ئەو حیزبانە تووشی جۆرە چەقبەستنێک بوون، ئەو پێڕەوی ناوخۆییەی یەکێتی لەساڵی (١٩٧٥) نووسراوە، لە (١٩٧٥)ەوە تاکو ئێستا دونیایەک گۆڕان روویداوە، ئەگەر لەیەکێتییەوە سەیر بکەین، یەکێتی لەحیزبێکی بچوکی رزگاریخوازیی بووەتە یەکێک لەحیزبە گەورەکان، دەسەڵاتی لەعێراق و لەکوردستاندا هەیە، پێویستە

پێڕەوێکی تازە و ئامانجی تازە بۆ خۆی دابنێت. دونیا بەشێوەیەک گۆڕاوە، ئەگەر خۆی تازە نەکاتەوە، ئایندەی باش نابێت.

*** ئەگەر سەیری پارتی و یەکێتی و تەواوی حیزبە کوردییەکان بکەین، دەبینین زۆر لەنوێبوونەوە و کۆنگرە ترسیان هەیە، لەتەواوی مێژووی یەکێتیدا تەنیا دوو کۆنگرەی بەستووە، هۆکاری ئەو ترسە لەگۆڕان چییە؟**

– من بەپلەی یەکەم بەرپرسیارێتی ئەمە دەخەمە ئەستۆی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە، نەک لەبەرئەوەی کەدەترسن، بەڵکو ئەوان رازین بەو رەوشەی کەهەیە، بۆ خۆیان باشە ئەگەر حیزبەکانیان نوێببنەوە، چونکە گوڕوتینێکی تازە دەدرێتەوە بەحیزبەکان بەهۆی نوێبوونەوەیان. ئەوە بۆچوونێکی ناڕاستە کەوا دەبینن ئەگەر ئەم رەوشە وەها بمێنێتەوە، بەقازانجی ئەوانە، من ئەمە بەپێچەوانەوە دەبینم.

*** لەکاتێکدا کەگۆڕان لەبەرژەوەندی رەوشەکە و حیزبەکە بێت، دەبینین کەهەر رەوتێک لەناو ئەو حیزبانە دروست ببێت بۆ چاکسازی و گۆڕان، هەوڵی بچووککردنەوە و لەناوبردنی دەدرێت، ئەمە هۆکارێک نییە بۆ مانەوە لەدەسەلات تا مردنی کەسەکان؟**

– ئەوە سەرەتای ململانێکەیە، مەرج نییە هەتا هەتا وا بێت، دوور نییەرێگەچارەیەکی دیکە بدۆزنەوە، ئەوە دیاردەیەکە پەیوەندی بەسەرهەڵدانی ململانێکانەوە هەیە، بەڵام لەناوەوە دەبێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

*** خوێندنەوەت بۆ ئایندەی یەکێتی چییە؟ ئایا وەکو ئێستا بەو حاڵەوە بەردەوام دەبێت، یاخود لێکترازانی باڵەکان روودەدات و دەبنە چەند هێزێکی جودا جودا، یان دەبێتە هێزێکی تۆکمەی بێ تەکەتول؟**

- ناتوانم هیچ پێشبینییەک بکەم، بەڵام من لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی قسەم کردووە. دەزانم کەکۆنگرەیان لەپێشە و بڕیاریانداوە بۆ هەندێک هەنگاوی ریفۆرم و نوێکردنەوە. بڕیاریشیان داوە لەکۆنگرەی ئایندەدا، بەرنامەیەکی تازە دابنێن.

*** بەڵام زۆرجار بەرپرسانی یەکێتی گلەیی ئەوە دەکەن کەبڕیارە یەکلاییکەرەوەکانی یەکێتی (بەکۆنگرەشەوە)، تەنیا تاڵەبانی بڕیاری لێدەدات، پێتوانییە یەکێتیش ببێتە حیزبێکی بنەماڵەیی؟**

- من ناتوانم بڵێم یەکێتی دەبێتە حیزبێکی بنەماڵەیی، چونکە هێشتان نەگەیشتووەتە ئەو رادەیە، پارتیش خەریکە دەبێتە پارتێکی دامەزراوەیی، نەک تەنیا بنەماڵەیی بێت. بۆیە من ئەو بۆچوونە بەراست نازانم، جاران رەنگە ئەو بۆچوونە راست بووبێت، بەڵام کەدەبینین کوردستان بەرەو دەوڵەتێکی موئەسەساتی دەچێت، ئەو دوو حیزبە ناچار دەکات کەبگۆڕێن.

*** ئەمە رەنگە بڵێین تا رادەیەک راستە، بەڵام دەبینین پارتی و یەکێتی ئەوەندەی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە حیزبییەکانیان**

**هەوڵدەدەن، ئەوەندە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان هەوڵنادەن.**

– ئەوە کارێکی خراپە، من لەوەدا لەگەڵتدام، کاتی ئەوە هاتووە کەیەکێتی و پارتی تەنیا بیر لەبەرژەوەندی حیزبی خۆیان نەکەنەوە، دەبێت بیر لەبەرژەوەندی نەتەوەیی بکەنەوە. هەر حیزبێک مافی خۆیەتی کەهەوڵی ئەوە بدات، نفوزی خۆی زیاتر بکات، بەڵام کەتۆ دەوڵەتێکت دامەزراند و حکومەتێکت هەبێت و دەسەڵاتت بەسەر گەلێکدا هەبێت، دەبێت بیر لەو گەلە بکەیتەوە، زۆرجار دەبێت واز لەبەرژەوەندی حیزبی بهێنرێت لەپێناو بەرژەوەندی میللەتدا، بۆیە بەو رەفتارە زەرەر لەخۆیان دەدەن. نابێت بیریان وا سنووردار بێت، تەنیا بیر لەبەرژەوەندی حیزبی بکەنەوە، ئەوە دەبێتە هۆی ناڕازیبوونی خەڵک لەدەستیان، لەوەشدا چەند شتێک هەیە رەنگە ئەوە ببێتە هۆی ناڕازیبوون و تەقینەوە بەروویاندا، یەکێک لەهۆکارەکان مەسەلەی گەندەڵییە، هەروەها شتێکی دیکەش دەسەڵاتی حیزبییە، خەڵک هەتا هەتا ئەوە قبوڵ ناکات، دەبێت خۆیان بگۆڕن و بۆچوونەکانی خۆیان بگۆڕن، ئەگەرنا لێرەش راپەڕین دەستپێدەکات.

*** پێتوانییە بنەماکانی ئەو راپەڕینە بەدەرکەوتووە لەکوردستاندا، بۆ نموونە باسی دوو خاڵت کرد کەگەیشتوونەتە لوتکە، گەندەڵی و دەسەڵاتی رەهای حیزب؟**

– من نازانم ئەو شتانە گەیشتوونەتە لوتکە یان نا، بەڵام خەڵک زۆر باسی دەکەن، پێموایە ئەوە زیادبوونی ناڕازیبوونە، بۆیە

خوێندکار و خەڵک بۆ ئاو و کارەبا خۆپیشاندان دەکەن. چەندین خۆپیشاندان روویداوە، من دەڵێم دەبێت زوو بەخۆ بکەون و ریفۆرم و چاکسازی بکەن، من ئەو شتەم بەبەرپرسانیش وتووە، بەکاک هۆشیار و کاک بەرهەم و بەمام جەلال-م وتووە. مەسەلەی راپەڕین هەقی خەڵکە، کەشتێک بوو داوای گۆڕین بکات و داوای مافی خۆی بکات، هەقی خۆیەتی، بەڵام شتێکی دیکە کەزۆر لێی دەترسم، ئەویش ئەوەیە کەهێزی ئیسلامی سیاسی لەدەرئەنجامی ئەو رەوشە بەهێز ببن، وەکو فەڵەستین و تورکیا، وەکو زۆرێک لەولاتانی ئاسیا و رۆژهەلاتی ناوەڕاست کەدەسەلات بگرنە دەست.

*** ئەوە نزیکەی حەڤدە ساڵە کورد لەکوردستان حوکمی خۆی دەکات، بەڵام دەبینین رۆژ بەرۆژ کێشەکان زیاتر دەبن و گەورەتر دەبن، بەتایبەت ئەو نادادییەی هەیە و مەسەلەی گەندەڵی و ئازادی رادەربڕین و دەیان شتی دیکە، کەئەزموونی هەرێمی کوردستان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، بیروڕای ئێوە لەو بارەوە چییە؟**

-مرۆڤ کەحوکم لەسەر هەر شتێک بدات، دەبێت بەویژدانەوە حوکمی لەسەر بدات. مێژووی حوکمڕانی کورد لەساڵی (١٩٩٢)ەوە دەستپێدەکات، لەوکاتەی کەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا حکومەتی هەرێم دامەزرا. ئەوکات کوردستان وێران بوو، حکومەتی هەرێم ئەوکات لەژێر ئابلۆقەی دوو لایەندا بوو، نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراقی، ئەو حکومەتە یەکگرتووەی هەرێم تەنیا دوو ساڵ بەو شێوەیە مایەوە،

دواتــر شــەڕی نــاوخۆ هەڵگیرســا و بــوو بەدوو حکــومەت و ناکۆکییەکی تونـد لەنێـوان هەردوولا هەبـوو. وڵاتـانی دراوسـێ لەیەکەم رۆژەوە شـــەڕی ئەم کیانەیـــان کـــردووە، دووەمجـــار کەحکـومەتی یەکگرتـوو دروسـتکرایەوە لەسـاڵی (٢٠٠٦) بـوو، کەواتە ئەو حکـومەتە تەمەنـی تەنیـا دوو سـاڵە، بەڵام بەگشـتی ئەگەر تەماشا بکەین لەساڵی (١٩٩٢)ەوە تاوەکو ئێستا، بەکەمی ئیمکانیاتیشـەوە، دەسـتکەوتەکانی حکـومەتی هەرێـم بەبەراورد بەهەنـدێک لەوڵاتــانی دونیــا دەســتکەوتی گەورەن. هەروەهــا گەمارۆدرانی حکومەتی هەرێم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، یەکێکی ترە لەفاکتەرەکانی پێشنەکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، بەڵام سـەرەڕای ئەوانەش، لەنـاوخۆ کەموکـوڕی هەیە، هەردوو حیزبەکە خەڵکی لێوەشاوەیان لەشوێنی بەرپرسیارێتی دانەناوە، خەڵکی حیزبییان داناوە، کەلەوانەیە شارەزایی لەو شوێنە نەبێت کەلێـی دانـراوە، ئەوە زیـانێکی زۆر گەورەی لەکوردسـتان داوە. دەکـرا زۆر لەوە زیــاتر بکــرایە کەئێســتا هەیە، ئەگەر خەڵکــی لێوەشـاوە لەبەرپرسـیارێتی دانرابـایە، ئەوا دەسـتکەوتمان زۆر زیاتر دەبوو و پێشکەوتووتر دەبووین.

*** زۆرجار باسی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، پێتوایە لەکوردستان بۆچی تاوەکو ئێستا ئۆپۆزسیۆن دروستنەبووە؟ ئایا زەمیـنەکە لەبـار نیـیە، یـاخود پـارتی و یەکێتـی رێگـرن لەدروستبوونی ئۆپۆزسیۆن، چونکە لەکورسییەکانی خۆیان دەترسن؟**

- نـــاتوانم بەتەواوی بڵـــێم کەهۆکارەکـــانی دروســـتنەبوونی ئۆپۆزسـیۆن لەکوردسـتان، ئایـا ڕێگـری پـارتی و یەکێتییـە یـان نـا، بەراســتی مــن پێمخۆشــە کەپــارتی ســێیەم و چــوارەم هەبێــت لەکوردسـتان. من سـاڵی (١٩٩٣) کەسـەردانی کوردسـتانم کـرد لەگەڵ ژمــارەیەک ڕۆشــنبیری ئێــرە دانیشــتم و زۆر هــانم دان کەپــارتی ســێیەم دروســت بــکەن، بەڵام بەداخەوە پێیــان نەکــرا، هــۆی دروسـتنەبوونی پـارتی سـێیەم لەکوردسـتان، بەبۆچـوونی مـن دوو ســێ هۆکــاری هەیە، یەکێکیــان لەوانەیە ئەم دوو حیــزبە پێیــان نــاخۆش بێـت کەپـارتی سـێیەم دروسـت بێـت و لەکورسـییەکانی خۆیـان دەترسن، دووەم: حیزبێک دروست ببێت کەبتوانێت ململانێ لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکات، دەبێت ئیمکانیـاتێکی زۆری هەبێت یان هێزێکـی جەمــاوەری زۆری هەبێـت. سـێیەم: ئەگەر دیموکراسـییەت هەبێــت، دەبێــت ئەو هێــزە دروســت ببێــت. لەدەرەوە لەســەر ئەم بابەتـانە فشـار دەخـرێتە سـەر سیسـتەمی سیاسـی کوردسـتان و رەخـنەی لێدەگیرێت، بـۆ نمـوونە: ئەو ڕاپۆرتـانەی سـاڵانە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکــا بڵاویانــدەکاتەوە و بــاس لەو مەســەلانە دەکــات، هەروەهــا بەرپرســانی یەکێتــی ئەوروپــا بەبەردەوامــی چــاودێری رەوشــی کوردســتان دەکەن. هەروەهــا مەســەلەی پێشــێلکارییەکانی مافەکـانی مـرۆڤ کەسـاڵانە ئەمنسـتی و هیومـان رایـتس وۆچ باسـی لێوە دەکەن، بۆیە پێویسـتە رای گشـتی جیهانی بۆخۆمـان رابکێشـین، رای گشــتی کەئێســتا لەگەڵ ئــێمەیە، بەهــۆی ئەو عەلمــانییەتەیە کەهەیە. پێویســتە ڕێــز لەمافەکــانی مــرۆڤ و بیــرورا دەربــڕین و

رۆژنامەگەری و راگەیاندن بگرین، ئەگەر هاتوو رێ لەمانە نەگیرا، ئەوا کاریگەری لەسەر ناوبانگی هەرێم دەبێت.

*** پێتوایە لەکوردستان زەمینەسازی بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن هەیە؟**

- بەڵێ رەوشی مەوزوعی لەبارە، ئەوە سروشتی هەر حکومەتێکە لەدونیا کەخەڵکی لێی ناڕازییە، ئەگەر هەر حکومەتێک داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێ نەکات، ئەوا خەڵک لێی ناڕازییە. لەهەڵبژاردنی ئاییندە بەدیار دەکەوێت کەئایا خەڵک دەنگ بەمانە دەدات یان نا، بەبۆچوونی من ئێستا لەکوردستان زەمینەیەکی لەبارهەیە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن. ئەو حیزبانەی کەئێستاش لەسەر ساحەکەن، هیچ کامیان ناتوانن ئەو رۆڵە ببینن و ببن بەئۆپۆزسیۆن، زەحمەتکێشان و حیزبی شیوعی و سۆسیالیست و ئیسلامییەکان، هەریەکێکیان هەوڵدەدات یەکێتی یان پارتی رازی بکات بۆئەوەی بەشدار بێت لەدەستکەوتەکان. من بەئۆپۆزسیۆنی راستەقینەیان نازانم، بەڵام دوور نییە لەئێستاوە تاکو هەڵبژاردنی ئاییندە ئۆپۆزسیۆن دروست ببێت.

*** سەبارەت بەپەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر، ئایا پێتوایە دەسەڵاتدارانی هەولێر مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا کردووە، بەتایبەت کەدەبینین کۆمەڵێک کێشە هەیە، چەندین ساڵە نەتوانراوە لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکرێتەوە، وەک ماددەی (١٤٠) و کێشەی گرێبەستەکانی نەوت و چەندانی دیکە؟**

– یەکێک لەو هۆیانەی کەزۆر کێشەیە و یەکلایی نەبووەتەوە، ئەوەیە کەسەرکردەکان زۆر پشوو کورتن و لەبەغدا نامێننەوە، گفتوگۆکان بەدوور و درێژی ناکەن، ئەلفبایەکی گفتوگۆ ئەوەیە کەدەبێت لەگفتوگۆدا تۆ بەرامبەرەکەت ئەوەندە ماندوو بکەیت، ئەوەندە لەسەرخۆ بیت و لەسەر داواکانت سور بیت، بۆ ئەوەی هەموو داخوازییەکانت قبوڵ بکات، دەسەڵادارانی کورد زۆر پشوو کورتن. ئێمە وەکو کورد بەگشتی سیاسەتمەدارانمان وا مامەڵە دەکەن کەمامەڵەی تاکە کەسی بێت، بۆ نموونە: جوامێری دەکەن و تەنازولی زۆر دەکەین، بەڵام لەمەسەلە نەتەوەییەکان نابێت وا رەفتار بکەیت، سیاسەت بەرژەوەندییە، دەبێت شت وەربگریت و بیدەیت، چونکە مەسەلەکە بەرژەوەندییە. نابێت لەبەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خۆت بێیتە خوارەوە، شتێکی دیکە هەیە کەرێککەوتنەکانمان بەنووسین نەبووە، بەشی زۆری رێککەوتنەکان تەنیا زارەکی بووە، بۆیە تەفسیری زۆری بۆ دەکرێت. لەرۆژی یەکەمەوە دەبووایە شتەکان یەکلایی بکرابانایەوە، دەشتوانرا وا بکرابا، ئێستاش ئێمە لەبەرامبەر عێراقدا لەبەهێزترین کاتین، چونکە هەموو لایەنەکانی دیکە لەلایەنی کوردی بێهێزترن. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کەنابێت کورد ئەوەندە فشار لەئەمەریکا قبوڵ بکات، ئەمەریکا فشاری خۆی دەکات، کەیفی خۆیەتی، بەڵام نابێت (١٠٠%) فشارەکانی قبوڵ بکرێن، بەبۆچوونی من، سەرکردایەتی کوردستان هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، ئەویش ئەوەیە کەجەماوەری خۆیان نەخستووەتە گەڕ.

*** بۆچوونێک هەیە کەهەندێک چاودێری سیاسی پێیانوایە بەهێزبوونی بەغدا، یەکسانە بەلاوازبوونی حکومەتی هەرێم، بۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

– نەخێر، مەرج نییە ئەوە وابێت، دوور نییەحکومەتی ناوەندی ئەو خواستەی هەبێت، وەک جەعفەری هەوڵی دا، وەک مالیکی هەوڵی بۆ دەدا، بەڵام دەستوور خاوەن دەسەڵاتە، ئەگەر دەستوور چوارچێوەیەکی رێکوپێک بێت بۆ حوکم، بەهێزبوونی حکومەتی فیدراڵ نابێت لەسەر حیسابی حکومەتی هەرێم بێت، یان بەهێزبوونی حکومەتی هەرێم نابێت لەسەر بێهێزبوونی حکومەتی فیدراڵ بێت.

*** پێتوانییە حیزبە کوردییەکان مامەڵەیەکی ناچوونیەک و ناجۆر لەگەڵ حیزبە عەرەبی و شیعەکانی عێراق دەکەن، جەوهەر نامیق پێیوایە حیزبە کوردییەکان جۆکەرن، رێککەوتننامەی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و چوار قۆڵی دەکەن لەعێراقدا، بۆچوونی ئێوە چییە لەو بارەیەوە؟**

– بەڵی ئەم جۆرە بۆچوونە وایە، دەبینین یەکێتی و پارتی و هەندێک حیزبی تر هاوپەیمانێتی کوردستانییان هەیە. دەبێت لەسەر بەرنامەیەک رێکبکەون کەبەرنامەیەکی روون و ئاشکرایان هەبێت و بەو بەرنامەیە بچنە ناو گفتوگۆکانەوە. ئەو حاڵەتەی کەئێستا هەیە، لەئەنجامی ئەوەیە کەهەڵوێستێکی یەکگرتوو و بەرنامەیەکی یەکگرتوویان نییە.

*** نەبوونی ئەم هەڵوێستە یەکگرتووە، ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیە حیزبییە نییە کەلەکوردستان هەیە؟**

- بەڵـــێ وایە، تـــا رادەیەک وایە. بەڵام هۆکـــارێکی دیـــکە ئەوەیە کەدەبینـین عەرەبەکـان بەشـی هەرە زۆریـان حیزبـی ناسیۆنالیسـتی عەرەبین، بەشـێکی کەمیـان عەلمـانی دیمـوکراتین، شـیعەکان ئیسـلامی سیاسین و لەفیکریاندا نییە کەدان بەمافەکانی کورددا بنێن.

**گۆڤاری لڤین، لە ژمارە ٧٨، رۆژی ٢٠٠٨/١١/١ و ژمارە ٧٩، رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٥ بڵاوبۆتەوە.**
**سازدانی: ئیبراهیم عەلی و هەڵگورد سەمەد.**

# هەندێک لەسەرکردەکانی یەکێتیی لەسەر تەکەتول راهاتوون

عومەر شێخموس، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان رەخنە لەتاڵەبانی دەگرێت و دەڵێت "پێمخۆش نەبوو مام جەلال لەپلینۆمدا باسی کاک نەوشیروانی کرد" هەروەها دەڵێت: "نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک مام جەلال ئەوەندە تەرکیزی بخستایەتە سەر کاک نەوشیروان".

شێخموس بڕوای خۆی دەخاتەڕوو سەبارەت بەنەمانی تەکەتول لەناو یەکێتیدا بەهۆی پەیمانی ئاکارەوە و ئاماژە بەوە دەکات هەندێک لەسەرکردەکانی یەکێتی لەسەر تەکەتول راهاتوون و ئەستەمە بەئاسانی بتوانن وازی لێبهێنن، چونکە وەکو ئەو وتی "مانەوەیان بەندە بەتەکەتولەوە".

عومەر شێخموس هەرچەندە بەفیعلی لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی نییە، بەڵام هەمیشە لەیەکێتیدا وەکو خاوەن ماڵ حسێبکراوە و وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی فەخری حسێبکراوە، شێخموس بەوە دەناسرێت لەکێشە ناوخۆییەکانی ئەم دواییەی یەکێتیدا هەڵوێستێکی مام ناوەندی گرت و هەوڵی میانگریشی لەنێوان نەوشیروان مستەفا و مام جەلال دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

*** لەماوەی رابوردوودا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی پلینیۆمی بەست. بەبۆچوونی بەڕێزتان کێشەکان ئەوەندە ئاسانن کەبتوانرێت بەبەستنی پلینیۆم چارەسەر ببن؟**

- بێگومان نەخێر، پلینۆم تەنها هەنگاوێک بوو بۆ بەئاراستەی چارەسەری کێشەکان، هەروەها پلینۆم ئامادەکاری بوو بۆ کۆنگرە، چونکە بەشی هەرە زۆری کێشەکان لەکۆنگرەدا دەتوانرێت چارەسەری ریشەییان بۆ بدۆزرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند بڕیارێکی باش لەپلینۆمدا دران. یەکێکیان دامەزراندنی کۆمسیۆنێکی نەزاهەیە لەلایەن پێنج پارێزەرەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەروەت و سامانی بەرپرسانی یەکێتی، بڕیاری ئەوە وەرگیرا لەمانگی نیسان یان ئایاری ساڵی داهاتوو کۆنگرە ببەسترێت، ئەگەر لەو کاتەدا کۆنگرە نەبەسترێت ئەوە سەرکردایەتی شەرعی نامێنێت، ئەوەی گرنگ بوو ئەوەبوو کەهەڵوێستێکی نەرمیان وەرگرت بەرانبەر بەجیابووەوەکان، دەرگاشیان دانەخست بەرامبەر ئەوانەی پەشیمان دەبنەوە، تەنیا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی نەبێت، چونکە گورزێکی کوشندەیان لەیەکێتی نیشتمانی دا. بەبۆچوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەوانە زیانێکی گەورەیان گەیاندووە بەدەسەڵات و هەیمەنەی یەکێتی لەناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا، جیا لەوە بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی چاودێری درا، کەئەمەش دەتوانێ چاودێری بکات بەسەر تەواوی کار و چالاکییەکانی یەکێتی لەهەر

ئاستێکدا بێت. بەگشتی دەتوانین بڵێین پلینیۆم هەنگاوی باشی نا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری باشتر لەکۆنگرەدا.

*** پەیمانی ئاکار بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەی تەکەتول یەکێک بوو لەدەرەنجامەکانی پلینیۆم، بەڵام کۆسرەت رەسوڵ لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەوەی خستەڕوو کەتا ئێستا هەنگاو نەنراوە بۆ کۆتاییهێنان بەتەکەتول، پێتوانییە سەرکردەکانی یەکێتی توانای ئەوەیان نەماوە پابەندی ئەو بڕیارانە بن کەواژوویان لەسەر دەکەن؟**

– پەیمانی ئاکار کەراگەیێنراوە هەموو بەشدارانی پلینیۆم دڵیان پێیخۆش بوو، هەروەها بەئومێدی ئەوە بوون کەکۆتایی بەکێشەی تەکەتول بێت لەریزەکانی یەکێتیدا، سەرکردەکانی یەکێتی نابێ ئەوەیان بیر بچێ ئەوان بەڵێنی ئەوەیان داوە کەکۆتایی بەتەکەتول بهێنن، بەڵام بەبۆچوونی من ئەو کارە پێویستی بەماوەیەکی زۆر هەیە، دوور نییە هەندێک سەرکردە لەوە راهاتبن کەکار بەتەکەتول بکەن، ئەگەرنا بەرژەوەندییەکانیان دەکەونە مەترسییەوە، بێگومان ئەوانە وا بەئاسانی دەستبەردانی تەکەتول نابن، ئومێد دەکەم بەیەکجاری کۆتایی بەتەکەتول بێت. دەبێت سەرکردەکانی یەکێتی ئەوە بزانن‌ئەگەر پابەندی پەیمانی ئاکار نەبن، ئەوە رێکخستنەکانی یەکێتی لێیان قبوڵ ناکەن و دوور نییە وەک چۆن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا سەرکردەکانی یەکێتی تووشی شکست بوون ئاواش لەکۆنگرە رووبەڕووی هەمان سیناریۆ ببنەوە، هەرکەسێک لەو پەیمانە لابدات لەلایەن

ئەنجوومەنی چاودێرییەوە سزا دەدرێت بەوەی کەنابێت خۆی هەڵبژێرێت لەکۆنگرەدا.

*** لەماوەی رابردوودا یەکێک لەو خاڵانەی کەیەکێتی جیادەکردەوە لەهەر هێزێکی دیکە، بوونی بۆچوونی جیاواز بوو، بەڵام لەئێستادا ئەو کادیرانەی کەبەگوێڕایەڵی کار نەکەن و خاوەن بڕیاری خۆیان بن، یان دووردەخرێنەوە لەپۆست، یان پەراوێز دەخرێن. ئەم حاڵەتە چەند لەبەرژەوەندی یەکێتیدایە؟**

– ئەوەی روون و ئاشکرایە لای من جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان یەکێتی و پارتی لەرووی لیبرالیەت و ئازادی کارکردن و رێگەدان بەبۆچوونی جیاواز، بەڵام ئەوەی یەکێتی قبوڵی ناکات ئەوەیە کەناکرێت رەوتی رێکخراو لەنێویدا دروستببێت، بەڵام پلاتفۆرمی جیاواز قبوڵ دەکەن لەنێوان ریزەکانی خۆیاندا. بەشێوەیەکی گشتی یەکێتی خواستێکی بەهێزی هەیە کەببێت بەحیزبێکی سۆشیال دیموکراتی راستەقینە، ئەگەر بیەوێت ببێت بەحیزبێکی سۆشیال دیموکراتی راستەقینە نابێ لەسەر شێوازی حیزبە ستالینییە تەقلیدییەکان حیزبایەتی بکات و رێگە لەبیروڕای جیاواز بگرێت، چونکە ئەوکات تووشی رەخنەی توند دەبێتەوە لەلایەن حیزبە سۆشیالیستە دیموکراتەکانەوە و دوور نییە ئەندامێتی خۆی لەدەست بدات، دوور نییە هەندێک کادری سەرکردایەتی هەبن کەلەلاکەشێکی نادیموکراتییانە پەروەردەکراون و بۆچوونی لینینییان هەبێت بیانەوێ بیروڕای جیاواز نەبێت لەناو یەکێتیدا، ئەوانە پێویستیان بەکات هەیە کەخۆیان رابهێنن لەگەڵ بارودۆخی نوێی یەکێتی.

*** لەساڵانی رابردوو کادرانی یەکێتی رەخنەیان لەپارتی دەگرت بەوەی کەحیزبەکەیان حیزبی بنەماڵەیە و لەپارتیدا جگە لەبنەماڵەی بارزانی کەسی تر دەسەڵاتی نییە، بەڵام لەئێستادا یەکێتیش لەژێر هەیمەنەی بنەماڵەی تاڵەبانی بەڕێوەدەچێت و تەواوی ئەندامانی خانەوادەی تاڵەبانی پۆستی گرنگیان لەبەردەستە و بڕیار بەدەستی یەکێتین، هەندێک دەڵێن لەم رووەوە ئەو جیاوازییە کۆتاییهات کەلەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەبوو.**

– یەکێتی هێشتا نەگەیشتووەتە پارتی لەرادەی نفوز و دەسەڵاتی بنەماڵە، وا هەستدەکەم پارتیش دەیەوێ نفوز و دەسەڵاتی بنەماڵە کەم بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نکۆڵی لەوە ناکرێت کەچەند کەسێک لەنێو بنەماڵەی تاڵەبانی هاتوونەتە نێو دەسەڵاتەوە، بەڵام هەندێکیان مافی خۆیانە، چونکە لەناو شۆڕش بوون و کاریانکردووە، تۆ ناتوانی تەنیا مافی وەرگرتنی پۆست لەوانە وەربگریتەوە تەنیا لەبەرئەوەی ئەندامی خانەوادەی تاڵەبانین، بەڵام ئەگەر کەسێکیش لەبنەماڵەی تاڵەبانی هاتە نێو دەسەڵات کەکارەکانی دیار نەبن و بەمافی خۆی پۆستی حکومی و حیزبی وەرنەگرێت، ئەوە ئەوکات خەڵک مافی خۆیەتی گلەیی بکات، ئەگەر ئەو کەسانە شیاوی وەرگرتنی پۆست بن با وەریبگرن، چی تێدایە؟ مەترسییەکە لەوەیە ئەگەر کەسێک پۆست وەربگرێت تەنیا لەبەرئەوەی ئەندامی بنەماڵەی تاڵەبانییە، نەک مافی خۆی بێت.

*** ئەوەی باسدەکرێت لەپلینیۆمی یەکێتیدا جەلال تاڵەبانی ئۆباڵی تەواوی شکستە مێژووییەکانی یەکێتی خستە ئەستۆی نەوشیروان مستەفا، بەڕێزتان لەم بارەوە چی دەڵێیت؟**

– بەراستی من پێمخۆشنەبوو کەمام جەلال لەپلینیۆم ئەم باسانەی کرد، ئەگەر زووش بهاتمایەتەوە کوردستان ئەوە پێشنیاری ئەوەم دەکرد کەتاڵەبانی ئەو باسانەی نەورووژاندایە لەسەر کاک نەوشیروان، بەڵام بەداخەوە پێرانەگەیشتم. نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک مام جەلال ئەوەندە تەرکیزی بخستایەتە سەر کاک نەوشیروان، چونکە پلینیۆم بۆ پێداچوونەوە بوو بەکارەکانی یەکێتی و هەروەها خۆ ئامادەکردن بوو بۆ بەستنی کۆنگرە، نەک ئەو شتانە باسبکرێن. رەنگە ئەوە کاردانەوەی رەخنەی سەرکردەکانی گۆڕان بێت کەبەردەوام ئاراستەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و مام جەلال-ی دەکەن. مام جەلال-یش رەنگە ئازاری زۆری چەشتبێت و موعاناتی زۆری بینیبێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش دەکرا لەشوێنێکی دیکە لەکاتێکی دیکە لەئاستێکی دیکەدا باسی لێوەبکرایە، یان مام جەلال چی هەبووایە لەیاداشتەکانیدا باسیبکردنایە.

*** هۆکاری ئەوە چییە کەپێتان باش نەبوو تاڵەبانی لەو کاتەدا ئەو قسانە بکات؟ لەبەر ئەوە بوو کەئەم شتانەی باسیان لێوە دەکات حەقیقەتیان نییە، یان کێشە سیاسییەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی قووڵتر دەبنەوە؟**

– من بەهۆی ئەوەی ئاگاداری تەواوی مێژووی یەکێتیم پێم باش نەبوو، هەروەها قەناعەتیشم بەو قسانە نەبوو. ڕەنگە هەندێک شتی ڕاست بێت و هەندێکیشی هەڵە، بەڵام ناکرێت تۆ لەراپۆرتی حیزبێکی سیاسیدا باسی ئەو شتانە بکەی، چونکە ئەم شتانە پێویستیان بەسەلماندن هەیە. هەست دەکەم لەئەنجامی ئەو هێرشانەی کەکراونەتە سەری بەپێویستی زانیوە کەوەڵام بداتەوە، بەوردی ناتوانم ڕادەی ڕاستی و ناڕاستی ئەو شتە باس بکەم.

*** یەکێک لەئەگەرەکان ئەوە بوو کەلەسەر ئاستێکی سیاسی نزیکبوونەوە لەنێوان گۆڕان و یەکێتی بێتە ئاراوە، بەڵام لەئێستادا دەوترێ ئەم وتارەی تاڵەبانی کۆتایی بەئەگەرێکی وا هێنا و بگرە ئەگەری ئەوە هەیە کێشەکان قووڵتر ببنەوە. پێتوانییە قسەکانی تاڵەبانی بۆ ئەوە بوون کەپێکەوە ژیانێکی سیاسی لەنێوانیان نەیەتە ئاراوە؟**

– ساڵی ڕابردوو من هەوڵێکی زۆرم دا کەنزیکبوونەوە لەنێوان کاک نەوشیروان و مام جەلال بێتە ئاراوە، ئەوکات ئەنجامی باشیشی هەبوو، بەڵام دواتر بەهۆی هاتنە پێشی هەڵبژاردنەکانەوە دیارە کاک نەوشیروان ئەوەی بەهەل زانیوە کەهێزی سێیەم لەکوردستان دروست بکات و جیابوونەوە ڕوویدا. بۆیە وەکو ڕێکخستن هیچ هیوایەک نییە بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کەئێستا تەواوی حیزبە سیاسییەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کەدەبێ دانیشتن و لێکنزیکبوونەوە هەبێت. ڕاستە ئێستا گۆڕان و بگرە چەند هێزێکی دیکەش بڕیاری ئەوەیان داوە کەبەلیستی جیاواز بڕۆنە

هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق، بەڵام هەموویان بەڵێنی ئەوەیان داوە لەگــرفتە نەتەوەییەکــان یەک هەڵوێســت بــن و بتــوانن بەهەموویانەوە باشتر مافەکانی کورد مسۆگەر بکەن. ناکرێ لەو جیابوونەوەیەی کەئێستا هەیە بەچاوێکی دوژمنکارانە لەیەکتر بــڕوانن. زۆریــش ئاســاییە کــاراکتەری سیاســی جیــاواز لەگۆڕەپــانەکەدا بــوونی هەبێــت، بەڵام گرنــگ ئەوەیە لەیەک تێگەیشتن لەنێوانیاندا هەبێت. پێموایە ئەو گرژییەی کەهەبوو لەنێوان هێزەکاندا لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا خەریکە کۆتایی پێدێت و ئاراســتەیەکی سیاســی دروســت دێــتە ئــاراوە. مــن بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە بیر دەکەمەوە کەقسەکانی مام جەلال بۆ ئەوە بووبن کەپەیوەندی لەنێوان گۆڕان و یەکێتی دروست نەبێت، چونکە لەپلینیۆم من سەرۆکی ئەو لیژنەیە بووم کەبزانرێت هەڵوێستی پلینیۆم چی بێت بەرانبەر جیابووەوەکان، توانیم قەناعەت بەو لیژنەیە بێنم کەهەڵوێستێکی زۆر مەعقول بەرانبەر ئەو کەسانە وەربگیرێت. ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو کاک نەوشیروان هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا بەرانبەر ئەو قسانە، هەرچەند بڕوام وایە کەرۆژێک لەرۆژان ئەویش قسەی خۆی بکات لەو بارەوە.

*** کۆمەڵێک خەڵک کەلەیەکێتی جیابوونەوە، ئێستا دەبینین دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو حیزبە، ڕاگەیاندنی یەکێتی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئەوانە پێشتر هەڵخەڵەتێنرابوون و ئێستا پەشیمان بوونەتەوە لەپشتگیری بزوتنەوەی گۆڕان، لەلایەکی دیکەوە سەرکردەکانی بزوتنەوەی گۆڕان پێیانوایە**

**لەرێگەی پارەوە ئەو کەسانە ئیغراکراون، یان هیچ نەبێت ئەو کەسانە گرفتی مادداییان هەیە بۆ دەگەڕێنەوە، پێتوایە دەکرێت حیزبێکی سۆشیال دیموکرات پارە بەکاربهێنێ بۆ کڕینی خەڵک؟**

– (بەپێکەنینەوە) من بەو حاڵەتە ناڵێم کڕین و بەو کەسانەش ناڵێم هەڵخەڵەتاو، ئەوانە ژمارەیەک کەسی دڵسۆزی نێو ریزەکانی یەکێتی بوون لەسەردەمی شاخ و شاریش. بۆیە ئەوانە هەڵناخەڵەتێن و بزوتنەوەی گۆڕانیش کار لەسەر هەڵخەڵەتانی خەڵک ناکات، ئەوانە بەشێوەیەکی ئازادانە و بەخواستی خۆیان بڕیاری ئەوەیان دا کەبچنە ناو بزوتنەوەی گۆڕان و چی تر ناتوانن لەریزەکانی یەکێتیدا کار بکەن. باوەڕ ناکەم ئەوانە لەژێر فشاری ماددیش بگەڕێنەوە ناو یەکێتی، چونکە ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیە یەکەم جار نییە ئەو شتە رووبدات لەناو یەکێتیدا.

*** سەرکردەکانی گۆڕان بەڵگەی راستی قسەکانیان بەوە دەسەلمێنن کەئەو هۆکارانەی کەئەو کەسانە لەپێناویدا دەستبەرداری یەکێتی بوون تا ئێستا هیچیان چارەسەر نەکراون، کەواتە ئەوانە لەبەر نەبوونی مووچە گەڕاونەتەوە نێو یەکێتی، نەک لەسەر بنەمای مەبدەئو قەناعەت.**

– مەسەلەی نانبڕین، شتێکی خراپە، بەڵام دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کەبڕینی مووچەی کارمەندانی حکومەت و ئەو کەسانەی لەکەرتی حکومەتدا کار دەکەن شتێکی خراپە و ئەوە دەسەلمێنێت کەحیزب و حکومەت تێکەڵە. بەڵام کادری حیزبی کەبچێت بۆ حیزبێکی دیکە کار بکات، ئەوە ئەو حیزبە مافی خۆیەتی

مـووچەکەی ببڕێـت، بەڵام لەشــەڕی راگەیاندنـدا بەردەوام ئەو فـاکتەرانە بەکـاردەهێنرێن کەبۆچوونەکـان بەهێـز بکـات، ئەگەر یەکێتـیش فشـاری مـاددی بـۆ ئەو کەســانە بەکاربهێنێـت، ئەوە کـارێکی هەڵە دەکـات و دەرەنجامەکەشـی زۆر خراپتـر دەبێـت لەوەی هەیە، بەڵام بەهــۆی ئەوەی کەتــازە گــۆڕان لەیەکێتـــی جیـابووەتەوە، بـۆیە برینەکـان جـارێ نـوێن، ئەگەر نـا دڵنیـام لەداهاتوودا چوارچێوەیەکی زۆر باش دەدۆزرێتەوە بۆ کارکردن.

*** بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لەیەکێتی نـانبڕاو کـراون ئەوانەی کەلەهێزی پێشمەرگەدان. پێتوانییە بەهۆی ئەوەی کەیەکێتی دەسەڵاتی رەهای هەیە بەسەر پێشمەرگە و یەکێتی هێزی پێشمەرگە بەهی خۆی دەزانێ، بۆیە وا مامەڵە دەکات؟ بۆیە تا ئێستاش پێشمەرگە وەک میلیشیا سەیر دەکرێت، نەک وەک هێزێکی نیزامی؟**

- لیژنەیەک دروست بووە بۆئەوەی کەهێزی پێشمەرگە بکاتە هێزێکی نیزامی و حیزب دەسەڵاتی نەبێت بەسـەر پێشـمەرگە و بەڵکو پێشمەرگە دەبێ ئەرکەکەی دوور بێت لەئەرکی حیزبی و بەهەموو شێوەیەکیش رێکخستنی حیزبی لەناو پێشمەرگە دەبێت قەدەغە بێت. حیزبەکانیش دەبێ قەناعەتیان بەوە هەبێت کەنـابێ چیتر کاری رێکخستن لەناو پێشمەرگەدا بکەن.

*** لەدیمـــانەیەکی بەڕێزتـــدا لەگەڵ (لڤــین) کەلەژمـــارە ٧٨ بڵاوکراوەتەوە وتووتە ئەگەر یەکێتی و پارتی خۆیان نەگۆڕن، ئەوە دەبێ چاوەڕێی راپەڕین بکەن. پێتوایە کەدەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموز راپەڕینێک بوو لەدژی یەکێتی و پارتی؟**

- بەڵێ، دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان راپەڕینێکی دیموکراسییانە و سیاسییانە و شارستانییانەی خەڵک بوو دژ بەپارتی و یەکێتی، دڵم بەوە خۆشە کەئەو راپەڕینە دروست بوو، بەتایبەت کەبەشێوەیەکی مەدەنییانە کارەکان تەواو بوون. ئەوەی زۆر دڵی من خۆش دەکات ئەوە بوو کەدەنگە نارازییەکان بۆ هێزێکی عەلمانی بوون نەک بۆ هێزێکی ئیسلامی، چونکە ئەو دەنگانەی کەبۆ گۆڕان رۆیشتن بۆ داهاتووی کوردستان زۆر سوودیان هەیە.

*** زۆرجار بەرپرسانی پارتی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشکست دەدەنە قەڵەم بۆ یەکێتی نەک پارتی، بەهۆی ئەوەی گۆڕان لەسنووری ئیدارەی سلێمانی توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت.**

- ئەگەر بەرپرسانی پارتی وا بیر بکەنەوە، ئەوە خۆیان دەخەڵەتێنن، چونکە ئەو دەنگانەی کەگۆڕان هێناونی ئەوانەن کەبەسیستەمی حوکمڕانی پارتی و یەکێتی رازی نین، تەنانەت لەدەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیش بینیمان کەدکتۆر کەمال میراودەلی دەنگێکی زۆری هێنا و لەگەڵ کاندیدەکانی دیکە نزیکەی ٣٠%ی دەنگەکانیان هێنا، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کەخەڵکێکی زۆر هەیە بەسەرۆکایەتی کردنی مەسعود بارزانی رازی نییە، بەڵام بەبڕوای من پارتیش بۆچوونی گۆڕاوە، ئەوە نییە نێچیرڤان بارزانی ناچارە لەگۆڤاری (لڤین)ەوە رایبگەیێنێت کەخۆی سەرپەرشتی ریفۆرمی ناو پارتی دەکات؟ لەلایەکی دیکەوە مەسعود بارزانی لەبەردەم یەکێتی ئەورووپا وتی پێویستە یارمەتیمان بدەن بۆ

بەدامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم. کەواتە لەرابوردوودا گرفت هەبووە و دامودەزگاکان دامەزراوەیی نین و پێویستە گۆڕانی ریشەیی بێتە ئاراوە.

*** چاودێران پێیان وایە سیستەمی حیزبی پارتی ریفۆرم قبوڵ ناکات، چونکە پارتی حیزبێکە زیاتر حیزبی بنەماڵەییە. پێتوایە پرۆژەی ریفۆرم لەناو پارتیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- زۆرم پێخۆشە کەگۆڕان وایکرد یەکێتی بەخۆیدا بچێتەوە و رایبگەیێنێت بەرنامەی ریفۆرم جێبەجێ دەکات، هەروەها لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەپارتییش هەمان بۆچوونی بۆ دروست بووە. نارازییەکانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکان کارتی سیاسی خۆیان بەکارهێنا لەدژی پارتی و یەکێتی و ناچاری ئەوەیان کردن کەچی تر بەو سیستەمەی جاران کار نەکەن، ئەگەر نا شکستی گەورەتریش چاوەڕێی پارتی و یەکێتی دەکات. هیوادارم پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی جدی کار لەسەر بەرنامەی ریفۆرم بکەن. لەناو ریزەکانی پارتییشدا خەڵکی رەخنەگر دروست بووە و پارتی تا هەتایە ناتوانێ حیزبی بنەماڵە بێت، بەتایبەت ئەگەر بیەوێت لەگۆڕەپانی سیاسیدا بمێنێتەوە.

**گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٠٩، ٢٠٠٩/١١/٢٠**
**سازدانی: ئیبراهیم عەلی.**

# پارتی باوەڕی بەمۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات هەیە

یەکێک لەدامەزرێنەرەکانی یەکێتی باس لەوە دەکات هێشتا عەقڵــیەت و بۆچــوونی دوور لەگفتوگــۆ هەیە بــۆ دەستاودەست کردنی دەستەڵات و هیوادارە پارتی لەژێر فشــاردا بەرەو دیمـوکراتی هەنگـاو بنێـت، هەروەهـا لەم دیـدارەدا ئامـاژە بەو هۆکـارانە دەکـات کەبـووە بەهـۆی شکســتی پـڕۆژەکەی بـۆ ئاشــکردنەوەی مـام جەلال و نەوشیروان مستەفا.

*** بـا لەوێـوە دەسـت پێـبکەین هۆکـاری جیـابوونەوە و دوورکەوتنەوەی بەڕێزت لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە و هۆکارەکەی چی بوو؟**

– من لەساڵی (١٩٨٦) ئیستیقالەم لەئەندامێتی مەکتەبی سیاسی و ریزەکانی یەکێتیدا کرد، بەڵام هەر دۆستێکی نزیکی یەکێتیم و پەیوەندیشم زۆر بەهێزە لەگەڵیان، هۆکانیش زۆر بوون، بەڵام وەکو کەسایەتییەکی خەڵکی بەشێکی تری کوردستان گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کەیەکێتی ئیتر پێویستی بەیارمەتی من نییە، لەبەر

ئەوەی بەهێز بووە و رەوشی رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو باشبوون دەچوو.

*** ئێستا لەکوێی هاوکێشە سیاسییەکانی یەکێتی دایت وەک کەسێک کەلەدەستەی دامەزرێنەرەکانی یەکێتی نیشتمانی لەشاخ دەستی باڵات هەبووە لەدروستکردنی ئەو لایەنەدا؟**

– هەردەم هەوڵم داوە یەکێتی ریزەکانی ناو یەکێتی بپارێزم و وەکو دۆستێک و ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر ناوبژی بکەم لەناو باڵە جیاوازەکانی ناو یەکێتی و قەت بەپەسەندم نەزانیوە کەبەشداری کێشەکانی ناو یەکێتی بکەم، بەڵکو هەردەم هەوڵمداوە بۆ چارەسەریان.

*** بارودۆخی ئێستای کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت بەتایبەت کاتێک دەبینین ساڵێک بەسەر خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا تێپەڕ بووە و بەهاری عەرەبی لەناوچەکەدا بەردەوامە؟**

– لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکانی، سیستەمی سیاسی و فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبەرایەتی لەکوردستانی عێراق بەرەو گەشەکردن دەڕوات، رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو گۆڕانکاری و ریفۆرم دەڕوات، هەرچەندە هێشتا هەنگاوی گەورە پێویستن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی گەندەڵی و قبوڵکردنی پرۆسەی دیموکراتی و بەهێزکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ مرۆڤ و تاقمە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان، شۆڕشەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە باش

نیشـان دەدەن کەخەڵـک و جەمـاوەر هەتـا هەتـایە رازی نـابن لەژێـر دەسـتی رژێمـی نـاڕەوا بـژین و رۆژێـک دێـت لەدژی رادەپەڕن و داوای رووخـــانی دەکەن، شـــیعار و پارۆڵەکـــانی ئەم شۆڕشـــانەش زۆر زەق و دیـار بـوون، داوای ئـازادی و نـان (واتە کـار) و پاراسـتنی کەرامەت و سـەروەری مرۆڤایەتیـان دەکـرد، لەدژی رژێمـی بنەمـاڵە و گەنـدەڵی و نەبـوونی خزمەتگـوزاری رێکوپێکبـوون، پێویسـتە سـەرکردەکانی کـوردیش دەرس لەم شۆڕشـانە وەرگـرن و دەسـت بەپرۆسەی گۆڕانکاری و ریفۆرم بکەن.

*** لەهاوپەیمـانی سـتراتیژی نێـوان یەکێتیـی و پـارتی و تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو رێککەوتنەدا پێتوایە ئەو رێککەوتنە کورد زیانی زۆری لێ کردووە، بەشێوەیەک پشکی شێری ئەو زیانە بەر یەکێتی کەوتووە؟**

- هاوپەیمـانی سـتراتیژی نێـوان یەکێتـی و پـارتی بـۆ کـاتی ئێستای کوردستان زۆر بەپێویست دەزانم بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی گەشەکردنی سیستەمی سیاسی لەوڵاتدا، بەڵام لەدوارۆژدا هەر حیزبە دەبێت پرۆفایلی ئایدۆلۆژی و سیاسی خۆی بپارێزێت و لەسەر ئەو بنەمایە بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بکەن، بۆ ئەوەی خەڵک و جەماوەر بەشێوەیەکی ئازادتر رای خۆیان دەرببڕن، ئەوەش رێگە لەوە ناگرێت کەپاش هەڵبژاردنەکان حیزبە جۆراوجۆرەکـانی کوردسـتان هاوپەیمـانی دروسـت بـکەن بـۆ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم.

*** پێنەدانەوەی سەرۆکایەتی حکومەت بەیەکێتی لەلایەن پارتییەوە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بەگــوێرەی ئاگادارییەکــانم، پــارتی لەدژی ئەوە نەبــوو کەیەکێتی بۆ دوو ساڵی تریش سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بکــات، بەڵام زۆر بەداخەوە رەوشــی نــاو یەکێتــی خــۆی ئەو دەرفەتەی لەدەستدا.

*** پەیوەندی سارد و گەرمی نێوان یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنیت لەم کاتەدا؟**

- چاککردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و گۆڕان بەشتێکی باش و پەسەند دەزانم، نزیکبوونیان بەشتێکی چاوەڕێکراو دەبینم لەبەرئەوەی لەرووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە نزیکترن لەیەک، هەروەها مێژوویەکی درێژخایەنیان هەیە لەگەڵ یەکتــر، هەنگــاوێکی واش لەبەرژەوەنــدی سیســتەمی سیاســی لەکوردستان دەبینم.

*** یەکێک لەو هەوڵانەی درا بۆ یەکخستنەوەی گۆڕان و یەکێتی بەڕێزت بوویت، بەڵام شکستی هێنا؟**

- لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاک ملازم عومەر و لەدوایشدا لەگەڵ کــاک فوئــاد بابــان و مامۆســتا جەمــال عەبــدول و کــاک سەعدی دزەیی و کاک کەمال محێدین وحاکم فاروق جەمیل و هەندێک هاوڕێی تر هەوڵی زۆرماندا بۆ ناوبژیوانیکردن، بەڵام زۆر بەداخەوە سەرنەکەوتین، لەهەردوولا هەندێک هێز و لایەن هەبوون کەدژی ئەو پرۆسەیە بوون.

*** پەیوەندیت لەگەڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەت خودی سەرکردەی ئەو بزووتنەوەیە چۆنە، تا چەند پشتگیری لەبۆچوونەکانیان دەکەیت و لەکوێدا هاوڕایت لەگەڵیاندا و لەکوێدا لەدژیانیت؟**

– پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێیانی گۆڕان زۆر باشە و بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەی لەزۆر شتدا لەگەڵ بۆچوونەکانیان نیم، بەرنامەی چاکسازی و ڕێکوپێککردنی سیستەمی سیاسی لەکوردستان پشتگیری دەکەم و بەباش و پێویستی دەزانم، زۆر ناڕەحەتم لەهاوکاری و هاوپەیمانی نێوان گۆڕان و هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان بەجێگەی مەترسی دەزانم، لەگەڵ ئەوەم وەک ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان کار بکەن نەکلائۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان، هەروەها بەڕای من زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنییان زۆر توندە و پرۆفیشناڵ نییە، هەرچەندە لەم دوایەدا باشتر بووە.

*** ئایندەی ئۆپۆزسیۆن بەم شێوەی ئێستا و دەسەڵاتیش بەم مامەڵەی ئێستای لەکوردستاندا چۆن دەبینیت؟**

– هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز و ڕێکوپێک لەکوردستان بەپێویستییەکی سیاسی گرنگ دەزانم بۆ چاودێری و ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات، بەرای من وردە وردە خەریکە پرۆسەیەکی سیاسی باش لەکوردستان دێتە دی، هەردوولا بەرەو فێربوون و دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان دەچن، ئەویش لەڕێگای راوێژ و گفتوگۆی دیموکراتییانە، ئالقەی لاواز لەم پرۆسەیەدا پارتییە کەهێشتا باوەڕێکی بەهێزی

بەمۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات هەیە، بەڵام هیوادارم ئەوانیش لەناو خۆیاندا گەشە بکەن و لەژێر فشاردا بەرەو دیموکراتی بوون بچن.

*** ساڵێک زیاتر بەسەر رووداوەکانی سلێمانیدا تێپەڕ دەبێت، هەڵوێستی یەکێتیت پێ چۆن بوو بەرانبەر خۆپیشاندەران، لەکاتێکدا بەبەرچاوی هەموو لایەکەوە یەکێتی شارەکانی کردە سەربازگە و بەچەندین شێوە هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران؟**

- بەگشتی پشتیوانی تەواوی خۆپیشاندان و دەربڕینی رای ئازاد دەکەم بەشێوەیەکی ئاشتییانە و بەهەموو شێوەیەک دژی بەکارهێنانی توندوتیژیم، بەرای من یەکێتی لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی خۆپیشاندانی سلێمانی بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەوتیان کرد لەگەڵ رووداوەکان، لەگەڵ هەندێک دیاردەی خراپ وەک سوتاندنی تەلەفزیۆنی نالیا و گرتنی رووناکبیران وەک رێبین هەردی، ئەمانەش بەبڕیاری ناوەندی نەبوون، لەبیریشمان نەچێت کەرەوشەکە زۆر ئاڵۆز بوو.

*** پێتوایە بەدیلی دوای مام جەلال کێیە، کێ دوای مام جەلال دەتوانێت سەرکردایەتی ئەو حیزبە بکات بەم کێشە و ململانێیانەی ئێستاوە کەتێیدایەتی؟**

- زۆر شیکردنەوەی پەلە دەکرێت لەسەر یەکێتی دوای مام جەلال، بەڕای من لەجێگەی خۆی نییە، یەکێتی خاوەنی مێژوویەکی زۆر زیندووە و دەوڵەمەندە دەتوانێت زۆر بەچاکی رووبەڕووی رەوشێکی وا ببێتەوە، یەکێتی خاوەنی کادری

لێوەشاوەی وەکو بەرهەم ساڵح و مەلا بەختیار و خالد شوانی و نەرمین عوسمان و ئاڵا تاڵەبانی-ن، هەزاران کادری تر.. بەرای من لەبەر رەوشی تەمەن و تەندروستی مام جەلال و پاش تەواو بوونی خولی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ببێت بەسەرۆکی فەخری یەکێتی و سەرکردایەتی سێ قۆڵی بۆ یەکێتی دابنرێت بۆ ماوەیەک بۆ پاراستنی ریزەکانی یەکێتی و بەهێزکردنی رێکخستنەکانی و بۆئەوەی تووشی گێروگرفت نەبێت.

*** بەرنامەی گەڕانەوەت هەیە بۆ کوردستان و دانیشتن لەگەڵ دۆست و نەیارەکانت بۆ یەکخستنی ریزەکانی یەکێتی و دەستکردنەوەت بەکاری سیاسی؟**

- بەڵێ، بەبەردەوامی سەردانی کوردستان دەکەم و راوێژ لەگەڵ رەفیق و هاوڕێکانی خۆم دەکەم، بەڵام ئێستا زیاتر خەریکی یارمەتیدانی تێکۆشەرانی بەشەکەی خۆمم لەکوردستانی سوریا بۆ رووخانی رژێمی فاشستی بەعس و بەشار ئەسەد، بەئومێدی هێنانی رژێمێکی دیموکراتی لەو وڵاتە.

*** ئەگەر تۆزێک بگەڕێینەوە بۆ مێژوو،ساڵی (١٩٨٤) کەسێکی ناو یەکێتی نیشتمانی لەبانکی مەرکەزی بەغدادەوە ویستی دوانزە ملیۆن دیناری ئەوکاتە تەحویل بکات بۆ یەکێتی، بڕیار بوو تۆ ئەو پارەیە لەدەرەوەی وڵات وەربگرێت لەهەمان رۆژدا، بەڵام دواتر سەری نەگرت؟**

- زۆر بەداخەوە لەئەنجامی هەندێک هەڵە لەلایەن من و برادەرانی وڵات ئەو پارەیەمان لەدەستچوو. دادگاکانی بەریتانیا

لەحــوزەیرانی (١٩٩٠) بڕیاریانــدا کەبــۆ حکــومەتی عێراقــی بگەڕێتەوە، لەو کتێبەی کەکاک نەوزاد عەلی ئەحمەد لەسەر من نووسیویێتی بەناوی (پشکۆیەک لەخۆڵەمێش دا) بەوردی باسی ئەو رووداوەم کردووە.

*** بەو پێیەی خەڵکی کوردستانی رۆژئاوایت پەیوەندیت لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ لەچ ئاستێکدایە؟**

- پەیوەندیم زۆر بەهێزە لەگەڵ زۆربەی حیزبەکانی ئەو بەشە، هەروەها لەگەڵ کۆمیتەکانی گەنجانی راپەڕین و شۆڕش لەهەموو ناوچەکـانی ئەو بەشــە و یـارمەتی زۆریـان دەدەم، ئەنجـومەنی نیشــتمانی کــورد لەســوریا لەســەر پێشــنیار و داخــوازی مــن دامەزراوە و پەیوەندییەکانیش لەسەر ئاستی هەرە بەرزدایە.

*** کەواتە کار و پڕۆژەت بۆ کوردانی رۆژئاوا هەیە؟**

- ئێســتا خەریکــین ژمــارەیەکی زیــاتر لەروونــاکبیران و کەسایەتی نیشتمانی و کۆمیتەکانی گەنجان بێنە ناو "ئەنجوومەنی نیشـتمانی کـوردی لەسـوریا"، هەروەهـا دامەزرانـدنی پەیوەنـدی لەگەڵ هێــزی جیهــانی و نــاوچەیی بــۆ ناســاندنی مــافی کوردلەسوریای ئایندە.

*** بورهان غەلیۆن دان بەهەرێمێکی کوردیدا نانێت لەو وڵاتەدا، پێت باشە لەئێستادا کوردانی باشوور چیبکەن بۆ کوردانی سوریا؟**

- كوردی باشوور دەتوانن بەزۆر شێوە یارمەتیمان بدەن، یارمەتی راگەیاندن، وەرگرتنی پەنابەر لەکاتی پێویستدا دانانی کۆمیتەی پشتیوانی لەمیللەتی کورد لەسوریا لەهەموو شارەکانی کوردستانی عێراق، کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی، کردنەوەی کۆرسی مەشق و راهێنان و ناساندنمان بەدۆست و هاوپەیمانەکانی خۆیان لەئاستی جیهاندا.

**گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٩٩، مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢**
**سازدانی: محەمەد هەورامی.**

# ئایندەی دیبلۆماسیەتی کوردی

رۆژی ١٩٩٩/١١/٢٤ لەزنجیـره کـۆڕە بەردەوامەکـانی دەزگـای ناوەنـدی راگەیانـدنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان(رۆژنـامەی کوردسـتانی نـوێ) میوانـداری لەسیاسەتمەدارو رۆشنفکری نەتەوەکەمان بەڕێز عومەر شێخموس کرد، بەمەبەستی تیشک خستنە سەر چەند لایەنێک لەمێژووی گەلەکەمان لەپێش هەموویانەوە ئایا کورد بەشێوەیەکی دیبلۆماسییانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە تازەکاندا دەکات؟ دەقی کۆڕەکە( بە سێ زنجیرە لە سێ ژمارەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە).

**دەقی بابەتی کۆڕەکەی بەڕێز: عومەر شێخموس**

زۆرم پێ خۆشە لەگەڵ رۆژنامەنووسی کوردی قسە بکەم و گفتوگۆ بکەم، چونکە ئەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا بەشێوەیەکی زۆر پێویست لەنێوانماندا پەیدا دەکات، دەزانم هەتا ئێستا چەندین دەورە و دەرس و موحازەرەتـان پێشـکەش کـراوە بەتـایبەتی کەئێمە خـاوەن حکومەتی خۆمـان و خـاوەن ئیدارەی خۆمـان نەبوینە زۆر شتمان هەیە کەپێویستمان بەلێوەشاوەیی و فێربوون هەیە من پێش هەموو شتێک زۆر سوپاستان دەکەم کەئەوەندە خۆتـان مانـدوو دەکەن، رۆژنامەکـانی خۆتـان بەرێکـوپێکی دەردەخەن، رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانتان بەرێکوپێکی بەرنامەکانی

بڵاو دەکاتەوە و ڕۆژ بەرۆژ هەست دەکەم گەشـە دەکـات، یانی من نووسینەکانی کاتی خۆی لەگەڵ ئێستا و نەوعیەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەوعیەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەوعیەتی پرۆگرامی رادیـۆ و تەلەفزیۆنەکـان مرۆڤ دەیبینـێ کەبەبەردەوامـی بەرەو بـاش بـوون دەڕۆن لەرووی نەوعـیەتەوە ئەوا جـێگەی ڕێـز و سوپاسە بۆ ئێوە هەمووتان کەلەبەشی ئیعلامدا کار دەکەن، بەڵام بێگومان ماندوو بوونی زیاتری دەوێ، کاری زیاتری دەوێ ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکی باش بەدونیا پێشکەش بکەین، بەخۆشـتان زۆر باش دەزانن ئێمە تەجروبەیەکی دیموکراتیمان نەبووە پێشتر لەناو ڕژێمـی دکتـاتۆری و نادیموکراسـی ڕژێمـی موتەسـەلیت و فەردی دا ژیـاوین، کوردسـتانی تورکیـا رەنگە جـار جـار نـیمچە دیموکراتییەکی تیا هەبووە، دوو حزبە سیاسییەکانی ئێمە پێشتر لەکـاتی خـۆی زۆر موتەئەسـیر بـوون لەرووی ئایـدۆلۆژییەوە لەرووی ڕێکخسـتنەوە لەرووی کـارکردنەوە بەحـزبە کۆمۆنیسـتەکان یـا حـزبە نەتەوەپەرسـتەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، هەمووومـان ئێسـتا لەپرۆسـەی فێربـوونی فەرهەنگـی سیاسـی دیموکراتین و ئەوە ماوەیەکی زۆری دەوێ و لەشەو و ڕۆژێکـدا پەیـدا نـابێ و دانـامەزرێ لەنـاو لەلای هـیچ کەسـێک، مەسـەلەی دیموکراتی بوون و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵێک یـان مرۆڤێک مـاوەیەکی زۆری دەوێ چەنـدین فاکتەری جۆراوجـۆر کەئێسـتا کـاتی نییە بۆتـانی بـاس بکەم، بەڵام ئەوەی ئەیبینم و جـێگەی شـانازییە ئێـوە خۆتـان مانـدوو دەکەن کەهەوڵ دەدەن بەنووسینی خۆتانەوە بەبۆچوونی خۆتان لەباسکردنی خۆتـانە

لەبیروبۆچـوونی دیموکراتیـانە بـخەنە نـاو کـۆمەڵی خەڵکـی کوردستان، ناو جەماوەری کوردستان ئەمە وەکو کۆمنتارێکی گشـتی بۆ باسـەکەمان پێش ئەوەی بچمە نـاو شـێوەی کـاری سیاسی و دیبلۆماسی لەدەرەوەی وڵاتدا.

دەمەوێ لەپێشـان باسـی دوو شـتتان بۆ بکەم، دوو راسـتی گرنـگ هەیە پێویسـتە سـەرنجی ئێـوەی بـۆ رابکێشـم یەکێکیـان ئەوەیە کەلەگەڵ رەوابـوونی پرسـی گەلـی کـورد و لەگەڵ ئەو چەوساندنەوەی کەلەدژی گەلی ئێمە بەکارهـاتووە دەمەوێ لەو راستییە تێبگەن کەتەنیا وەزعی میللەتـی ئێمە لەوەزعـی هەمـوو گەلانـی دونیـادا خراپتـر نییە لەدونیـای ئێسـتادا نزیکەی (٢٥٠٠) گروپـی ئەتنیـک هەیە، لەنـاو ئەمـانە (٥٠٠) گـروپ یـانی تـاقمی نەتەوەیی هەیە لەئاستی جیهاندا هەموو ئەوانەی کەسەرکەوتوون و بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکـان و دەوڵەتـی خۆیان دامەزراندووە ١٨٧ دەوڵەتن، یانی لەنـاو ئەمـانە لە (٥٠٠) گروپی نەتەوەیی دونیادا زائیدەن (٢٥٠٠) گروپی ئەتنیک تەنها (١٨٢) لەم تاقمـانە توانیویـانە دەوڵەتـی نەتەوەیـی خۆیـان دابمەزرێنن، مانای ئەوەیە ئێمە بەتەنها نین کەبەشـمان خـوراوە، یانی پێویستە پەریسپیکتیڤێکی واتان لا هەبێ،راستە پرسی گەلی ئێمە پرسێکی رەوایە لەجێگای خۆیەتی دەبێ خۆمانی پێوە ماندوو بکەیـن، بەڵام هەمـوو سیاسـەتی جیهـان هەمـوو سیاسـەتی نێونەتەوەیی لەپرسی گەلی ئێمە، یەکێکە لەپرسـەکانی جیهـان، یەکێـک لەپرسـە مەرکەزیەکانیجیهـانیش نیـیە یەکێـک لەپرسـە لاوەکییەکـانی جیهـانە، ئـێمە مەسـەلەی خۆمـان بەلامـانەوە زۆر

گـرنگە، بەڵام ئەگەر بـیخەنە نـاوەرۆکی سیاسـەتی جیهـان و پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی گرنگی و قورسایی پرسی گەلی کورد لەسیاسەتی هەرێمدا لەسیاسەتی ناوچەکە لەسیاسەتی جیهانـدا نەبـێ بەرپرسـێکی زۆر بچکـۆڵەیە، ئەوە یەکێـک لەو شتانەیە کەپێویستە هەردەم بیری لێ بکەنەوە لەنووسینەکانی خۆتـانەوە لەبەرچاوتـان بێـت کەجـاری وا هەیە گلەیـی دەکەن بۆچیبە هاوارمانەوە نایەن بۆچی لەسەرمان نانووسرێ، ئێوە وەکو رۆژنامەنووس دەمەوێ راستییەکی ترتان بخەمە بەرچاو زۆر کەس لەئـێمە یـانی ئینسـانی کـورد تـاخم لەنـاو کـۆمەڵی کـوردەواری دا وا تـێ دەگەن کەدونیـا باسمان ناکـات کەدونیـا لەسەرمان نانوسێ کەفەرامۆش کراوین، بەڵام هەریەک لەئێوە کەرۆژنامەنووسن بچێ لێکۆڵینەوەی زانستی بکات لەرۆژنامەی هەر وڵاتێ بگرە لەئاستی جیهاندا، رادیۆ و تەلەفزیۆنی جیهانی، گوێ بگرە، بەراوردی بکە لەگەڵ پەیوەندی پرسی گەلی کورد لەگەڵ ئەم وڵاتە و یان ئەم کۆمەڵە چییە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو نوسینانەی کەلەسەر کورد ئەنووسرێ لەو وڵاتەدا کەلەوانەیە لەوڵاتێکی ئەمریکی لاتینی بێت بەراوردی بکە وەکو پرسی گەلی کـورد بـزانە چەنـدی لەسـەر ئەنووسـرێ، مـن بەبـێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ئـاوام کردبێ دەزانـم ١٠٠% نووسـینەکان لەسـەر پرسی گەلی کورد زۆر زیاترە لەگەڵ پرسەکانی تری وەکو ئەو میللەتانەی وەکو ئێمە لەدونیادا هەیە یانی ئەوە وانییە کەلەسـەر ئێمە نانووسرێ یا باس ناکرێ، لەرادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بەرنامە لەسـەر پرسـی گەلـی کـورددانییە دەبێ گرنگی پرسـی خۆمـان

مەسـەلەی خۆمـان لەبەرچـاو بگـرین کەلەئاسـتی جیهانـدا چەنـد گـرنگە ئینجـا نیسـبەتی ئەوەی کەچەنـدی لەسـەر ئەنوسـرێ و چەندی لەسەر هۆیەک هەیە کەنووسین لەسەر ئێمەدا زۆر زیاترە لەوانی تر باس و لێکۆڵینەوە ئێجگار زۆر زیاترە لەسەر مەسەلەی کورد ئەوە راستە هەتا سـالآنی (٥٠) و (٦٠)ەوە ئەوە وا نەبوو، بەلآم لەساڵی شەستەوە بەولاوە چەند فاکتەرێک هۆی سەرەکی بینیـووە لەوەی کەزۆر زیـاتر لەسـەر مەسـەلەی گەلـی کـورددا بنووسرێ، یەکێک لەو هۆیانە ژمارەی کورد زۆر زیادی کردووە لەدەرەوەی ولآت.

پێمـان نـاخۆش بـوو خەڵکێکـی زۆر بـڕوا و ببـێ بەپەنـابەر، بەرامبەر بەکۆچ کردوو لەولآتی جۆربەجۆری کوردستاندا هەتـا لەپـاش ١٩٧٥ هەمـوو هەوڵ و توانایەکمـان ئەوەبـوو کەخەڵـک بگەڕێــتەوە نــاوەوەی ولآت نەک لەدەرەوە بمێنێــتەوە، لایەنە خراپەکانی کۆچکردن زۆرە دەتـوانن ئەمشـەو دیسـان تەماشـای ئەو موقابەلەیە بکەن لەگەڵم کراوە لە T.Vخاک بۆ ئەوەی بزانن، چونکە مەسەلەکە لێکدراوەتەوە بەلآم لایەنی باش هەیە یەکێک لەلایەنە باشــەکانی ئەوەیە کەژمــارەی کــورد لەدەرەوە زیــادی کردووە، جۆرە لۆبیەکی کوردی پەیدا بووە ئەو کوردانەی لەو ولآتە جۆربەجۆرانە ئەژین پەیوەندی دەکەن، شـت دەنووسـن و قورسـایی خۆیـان دەخەنە نـاو کـۆمەڵی ئەو ولآتـانەی کەتیایـدا دەژیـن، چـالاکی دەکەن، چـالاکی سیاسـی و فەرهەنگـی دەکەن، زۆرجار سەرنجی ئەو ولآتانە بۆ لای خۆیـان رادەکێشـن، زیـاتر لەسەری دەنووسرێ ئێوە بەخۆتان دەزانن وەکو رۆژنامەنووس

فەیس تو فەیس یانی رووبەڕوو چەند گرنگە لەنووسیندا لەتەسهیلکردن لەسەر بیروڕادا لەتەکوینکردنی بیروڕای جۆراوجۆردا، ئەمە یەکێکە لەفاکتەرەکان، فاکتەری دووەم کەزیاتر باسی گەلی کورد دەکرێ ئەوە لەرووی مێژووییەوە گەلانی ئەوروپا لەبەر هەندێ رووداوی مێژوویی رقیان لەعەرەب و لەتورکە لەبەرئەوەی کەلەکاتی خۆی لەشەڕی سەلیبیدا هەندێ شت رووی داوە یان ئیسلام کەزۆر فراوانتر بووە خەریک بوو هەموو ئەوروپا بخاتە ژێر نفوزی خۆی، بەڵام لەجەنگی پواتیە لەفەرەنسا شکا، ئەوە هێزی عەرەبەکانی شیمالی ئەفریقا بوون ئەمەویەکانی ئەو وەختە، دوو: دەوڵەتی عوسمانلی کەلەلایەن تورکیاوە حوکمڕانی دەکرا ٣/١ ئەوروپای خستبووە ژێر نفوزی خۆی هەتا دەرگای ڤیەننا رۆیشت، ئەوە لەدەروون و ویژدان و هۆشی ئینسانی ئەوروپیدا ماوەتەوە، لەمەکتەبدا باس ئەکرێ ئەمە بەتەبیعەتی ئەم شتە مێژووییە دەورێکی باڵا ئەبینێ کێ ئێستا زەحیەی ئەم دوو میللەتانەیە کەلەلایەن ئەوانەوە ئەچەوسێنرێتەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە ئێمە ئیحتیاتێکی عەتفمان هەیە کەجارجار مومکینە توانیبێتمان سودی لێوەربگرین یانی ئەوە ئێمە ئیحتیاتێکی تەبیعیمان هەیە لەمەسەلەی عەتفەوە لەلایەن ئینسانی ئەوروپییەوە بۆ مەسەلەی ئێمە، سێ: لەئەوروپا لەساڵانی شەستەوە تاکو ئێستا مەجموعەی ئینسانی سیاسی بەناوبانگی ئەم وڵاتانە لەگەڵ هەندێ رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەم وڵاتانە لەسەر کوردیان نووسیوە، ئەو نووسینانە خۆی لەخۆی دا کارێکی گەورەی کردۆتە سەر رای گشتی ئەم وڵاتانە بەنسبەت

مەسەلەی کورد، بەڵام ئێمە هەتا ئەو کاتە دەستەڵاتمان نەبوو هەمــوو وەختێــک خەباتمــان کــردووە، تێکۆشــانمان کــردووە میللەتێکین لەژێر چاوساندنەوەدا بووین.

دەسـەڵاتمان کەوتە دەسـت بەداخەوە خەریکە خۆمـان تێکـی ئەدەین یەعنی ئەو ئینتیباعە گشتییەی کەهەبووە لەسـەر ئێمە وەکو میللەتێکی ژێر دەست میللەتێک بۆتە قوربانی جینۆساید و ئەنفالەکـان و بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی...هتـد راگواسـتنی بەکۆمەڵ، کەدەسەڵاتمان کەوتە دەست دوو کاری زۆر خراپمان کرد کەخەریکی ئەو ئیحتیاتە سیماتیکیەی کەلەسەرمان هەبووە نامێنێ.یەک: شەڕی ناوخۆ، دوو: نموونەی دیموکراتی یان نیمچە دیمـوکراتی کەهەڵبژاردنـی ئـازاددا لەدامەزرانـدنی حکـومەت و پەرلەماندا، ئومێدێکی زۆر گەورە لەلایەن کەسانی ئەوروپی پەیدا بوو کەمومکینە میللەتێکی هەژارکەزۆر زوڵمی لێکراوە وڵاتەکەی وێـران کـراوە لەگەڵ ئەوەشـتروحاتیدیموکراتی هەیە و دەتـوانێ هەڵبژاردنــی ئــازاد بکــا، دەتــوانی حکــومەتێکی دیمــوکراتی دابمەزرێنێت.

ئەو ئەتروحەیە بەداخەوە دوو ساڵی بەسـەرا نەچـوو شـەڕی ناوخۆ ئەو تاقی کردنەوەی لەناوبرد بێگومان تەئسیراتی دەرەوە و فــــاکتەری دەرەوە هەیە بەڵام مەســــئولییەتی هەرە گەورە لەشەڕی ناوخۆدا مەسئولیەتی خۆمانە نەک مەسئولیەتی وڵاتانی ناوچەکە یانجیهان، دوو: من لەزۆر ئینسانی ئەوروپییەوە چەندین جار بیستوومە و لەلایەن شەخسیاتی سیاسییەوە کەزۆر یارمەتی ئێمەشیان داوە لەوەختی خۆی، کەئێمە بەداخەوە وەختی خۆی

بەچـاوێکی ئیـدیال یـا بڵێـین بەچـاوێکی زۆر میسـالی تەماشـای میللەتـــــی کوردمـــــان کـــــردووە، بەڵام ئەوە ڕێکخــــراوی لێبوردنیگشــتیکە خەڵکیــان هەیە لەکوردســتان و لێکــۆڵینەوە دەکەن، تەماشـــا ئەکەیـــن کەحکـــومەتە کـــوردییەکە و حـــزبە کوردییەکان کەدەسەڵاتیان کەوتۆتە دەست چۆن مرۆڤی کورد دەچەوسێتەوە، مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، گوێ نادەنە پرەنسیپە سیاســییەکانی دەوڵەتــی یاســا و دیمــوکراتی، ئەو ڕاپۆرتــانە لەدەرەوە زۆر بڵاوکراونەتەوە زۆر لەو دۆستانە بەزەقی بەمنییان وتووە ئێمە ئیتر بۆمان دەرکەوت، کەئێوەش هیچ جیاوازیەکتـان نییە لەگەڵ گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێوەش نەوەی ئەوفەرهەنــگەن کەفەرهەنگــی پێشــێلکردنی مــافی مــرۆڤ و دژ بەدیموکراتی و تێکدانی دەوڵەتی یاسایە، ئەوانە زەرەرێکی زۆر گەورەی لەئــێمە داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ماڵیـــان ئـــاوابێ دەستیان لەئێمە هەڵنەگرتووە و یارمەتیمان دەدەن، هەوڵ دەدەن کەئەو تاقی کردنەوەیەی هەیە جارێکی تر بەرەو ئاسایی بوون و بەرەو سەرکەوتن بڕواتەوە.

بەشــی دووەمــی قســەکانم دەربــارەی ئەوەیە ئێــوە وەکــو ڕۆژنـامەنووس پێویســتە لەســەر چەنـد گۆڕانکـارییەکی گەورە لەئاستی جیهاندا بزانن ئەو شتەی کەپێی دەڵێن جیهانگیری، ئەو دیاردانە چین؟ یەکێک لەدیاردەکان ئەوەیە تێکدانی سنوورەکان، لای ئێمە ئەوانەی کەمارکسی بوون یان مارکسی لینینی بـوون لەبەشێکی گرنگی تیۆری مارکسی- لینینزمدا هـاتووە کەکۆمەڵی کۆمەنیسـتی دامەزرا ئیتـر دەوڵەت بەرەو نەمـان دەڕوات، بەرەو

تێکچـوون دەچـێ، ئێسـتا بەپـێچەوانەوە خەریـکە لەئەنجـامی گەشەکردنی سەرمایەداریدا و گەشـەکردنی جیهانگیری دا وردە وردە دەوڵەتی نەتەوەیی نرخی نامێنێ، سنوورەکان لەناو دەچن، ئینجـا ئەو شـتە سـەیرەی کەئـێمە ئەو هەمـوو قوربـانییە و فیداکاریەمان بۆ داوە؟ ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە وردە وردە خەریکە لەئەنجامی پرۆسـەی جیهانگیری لەدونیـادا دەوڵەتـی نەتەوەیـی نرخـی نـامێنێ، هەرێـم و نـاوچەی تـایبەتی لەجیهانـدا خەریکـن سـەروەری تـایبەتی خۆیـان هەیە، دەوڵەتـی نەتەوەیی ئێستا نفوز و کۆنترۆڵی بەسەردا نییە، بۆ نموونە زۆر روون و ئاشـکرایە لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لەباشـووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و باکووری ئەمریکا لەئەوروپا ئینجا لەهەندێ وڵاتی تایبەتی لەئەوروپا بۆ نموونە لەسوید ناوچەی یوتوبوری کەدەکەوێـتە خۆرئـاوای سـویدەوە لەئەمریکـا سـلیکون ڤـالی لەولایەتی کالیفۆرنیا و چەندین ناوچەی و لەدونیادا خەریکە وردە وردە گەشە ئەکا و دەبێت بەسەنتەرێکی گرنگ لەدونیادا.

جیا لەدەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوە یەکێکیانە، ئەوی تر سەرمایە و کـار ئێسـتا خەریکە پەیوەندی بەدەوڵەتـی نەتەوەییـەوە نەمێنـێ لەئەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆژی وەکو ئینتەرنێت، تەلەفۆنی مۆبێل، سەتەلایت، ئەم وەسیلەیە و وەسیلەی هاتووچۆی جیهانی ئەوەندە خێرابـووە، سـەرمایە بەکەیفی خـۆی لەنـاو ناوچەکانی جیهانـدا هاتووچۆ ئەکا بەبێ ئەوەی هیچ حکومەتێک ئاگای لێبێ، جاران حکـومەت ئەیتـوانی رێگـا لەوە بگـرێ کەسـەرمایە ئـاڵوگۆڕ بکـا لەنێوان ولایەتێک و ولایەتێکی تردا لەنێوان بانکێک و بانکێکی تردا

گۆڕینەوەی پارە ئەبوایە لەبانکی مەرکەزی بکرێ و بەرەزامەندی یەکتری بکرێ، هیچ حکومەتێک لەدونیادا ئێستا ناتوانێ بازاڕ کۆنترۆڵ بکات، بۆ؟ چونکە سەرمایە ئازادی خۆی وەرگرتووە، کۆمپانیای نێو نەتەوەیی، لەئەنجامی ئەو پرۆسەیەی جیهانگیریەدا سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەرگرتووە وەک کۆمپانیاکانی ئوسترالی و ژاپۆنی و ئەمریکایی و ئەوروپی و ئاسیا و ئەفەریقا.. بەکەیفی خۆیان رێککەوتنەکان ئەکەن، لەدوایدا ئەگەر هاتوو لەشوێنێکدا دەوڵەتێک ویستی ناچاریان بکا لەشوێنێک ئیستسمار بکا یان نرخی شت بگۆڕێ و بەسەریانا بچەسپێنێ یەکسەر ئابووری زیاترە یانی ئێستا لەئەنجامی ئەو سەربەخۆییەی خۆی لەلایەن کۆمپانیا نێو نەتەوەییەکانەوە و لەلایەن سەرمایەوە.

بۆکاریش ئێستا لەزۆر شوێنی دونیادا حکومەتەکان هەوڵ دەدەن سنورەکانی خۆیان داخەن بۆئەوەی خەڵک هاتوچۆ نەکا لەنێوان وڵاتانەوە، ناتوانێ بەتەواوی کۆنترۆڵی بەسەردا بکا، ئەمە یەکێکیان، ئەوەی تر لەمەسەلەی پەیوەندی کردندا، جاران یەکێک ئەگەر پێویستبایە لەناوچەیەکدا بۆ ناوچەکی تری جیهاندا بڕوات، ئێوە هەمووتان دەزانن کەکاتی خۆی باپیرەکانتان چوونەتە حەج یان بازرگانیان کردووە بەچ زەحمەتیەک لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر رۆیشتوون، چەندین مانگ بەرێگاوە بوونە، ئێستا لەماوەی یەک سەعاتدا یان دوو سەعاتدا دەتوانی لەکیشوەرێک بۆ کیشوەرێکی تر بڕۆیت، بەنرخێکی زۆر هەرزانیش بە (٥٠٠ یا ٦٠٠) دۆلار ئەتوانی لێرەوە هەتا ئەمریکا بڕۆی و هاتووچۆ بکەی، ئەمە خۆی لەخۆیدا وای کردووە کەخەڵک زۆر زیاتر بتوانێ

هاتووچۆ بکا، دوو: ئەوەی کەگرنگە بۆ ئێوە وەکو رۆژنامەنووس، هیچ شوێنێکی دونیا نەماوە داخراو بێت بۆ ناردن و وەرگرتنی دەنگوبــاس لەبچــووکترین گۆشـــەی جیهانـــدا کەکارەســـاتێک روودەدات، ئێستا هۆیەکانی ئاگاداری لەجیهاندا دەتوانی بەرێگەی سەتەلایت TV، وەک BBC, CNNجۆرەها تۆڕەکانی ئاگاداری و رۆژنامەگەرییەوە یەکسەر ئەو دەنگ و باسە بڵاو دەکرێتەوە، جاران ئێمە دەنگ و باسێک لەکوردستانەوە هەتا ئەمان گەیاندە دەرەوە چاومان دەردەچوو، کەئەگەیشتە دەرەوە و لەگەڵ ئەو هەموو ئیسپاتانەی کەهەمانبوو، ئەیانگوت باوەڕی پێ ناکەین چونکە لایەنێکی بێ لایەن نییە کەبڵێ ئەو هەواڵە راستە، بەڵام ئێستا خۆیان بەکەیفی خۆیان ئەتوانن زۆر بەئاسانی ئەو دەنگ و باسە تەئکیدی بکەنەوە و یەکسەر بگاتە هەموو ناوچەکانی جیهان بەرێگای تەلەفزیۆن و تەلەفۆن و فاکس و ئینتەرنێت و هتد. جامن با نموونەیەکی بچکۆلەتان پێشکەش بکەم،ئەو شۆڕشە گەورەیەی لەوەسائیلی تەکنەلۆژی و جیهانگیری لەدونیادا چۆن کاری کردۆتە سەر پرسی گەلی کورد. عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەگیرا لەکینیا، کات (١٢)ی شەو بوو، یەکێک لەو کچانەی کەلەگەڵی بوو، تەنها تەلەفۆنێکی کرد بۆ کەسێک لەئەوروپا، لەنێوان (١٢) شەو تا (٦)ی بەیانی بەرێگای تەلەفۆنی مۆبێل، بەرێگای ئەنتەرنێت بەرێگای ســەتەلایت و فــاکس و ئەو دەنــگ و باســە گەیشــتە هەمــوو شوێنەکانی ئەوروپا و وڵاتانی جیهان، لەنێوان (١٢)ی شەو تا (٦)ی بەیانی لە (٦) شوێنی جۆراوجۆری جیهاندا لەلایەن گەنجانی کورد نەک تەنها کەسانی سەر بە PKK، گەنجی کورد بەکچ و

کوڕەوە کەتەمەنیان لەنێوان (١٥ تا ٢٥) ساڵ بوو چالاکییەکی زۆر فراوانیان لە (٦٠) وڵات و شوێنەکانی ئەوروپادا ڕێکخست و دەنگی دایەوە لەجیهاندا، ئەو وڵاتانە خۆیان نەحکومەتی ئەو وڵاتانە نەدەزگاکانی پۆلیسی ئەو وڵاتانە نەئاگایان لێبوو نەسیاسەتێکیان هەبوو کەچۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم ڕووداوە بکەن، نەپێڕاگەیشتن بتوانن ڕێگای لێبگرن تاکو ئەو چالاکیانە نەکەن، یانی ئەوە خۆی لەخۆیدا شتێکە کاریگەرێتی زۆر گەورەی بووە لەراگەیاندنی دەنگوباس و ڕووداوەکانی جیهان.

کەکارەستی هەڵەبجە ڕوویدا، سەعات (٥)ی بەیانی برادەرێک هاتەلام کەلەلێرەوە ناردرابوو، گەیشتە تاران و لەتارانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی شتێکی وا ڕوویداوە، کارەساتێکی زۆر گەورە و فراوان لەلایەن حکومەتی عیراقی چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە دژی خەڵکی ئەم ناوچەیە، بەڵکو خێرا بتوانن بەرۆژنامەکانی جیهانی رابگەیەنن و تەعبیئەی بکەن بۆئەوەی بگەنە کوردستان، من کەبەهەندێ ڕۆژنامەی سویدم راگەیاند سەعات (٩) بەیانی بوو، سەعات (٩)ی بەیانیش ئەوانیش وتیان ئەوە سەفارەتی ئێرانی پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە کردووە و چەندین ڕۆژنامەنووسیان داوەت کردووە کەبچین بۆ ئێران و خێرا ئیشەکەیان جێبەجێکرد و خێرا گەیشتنە هەڵەبجە.

ئێستا جانتایەکی بچووک هەیە هەموو وەسائیلێکی تێدایە، وەسائیلی تەلەفزیۆن و سەتەلایتی تێدایە، تۆ ئەتوانی فیلمەکە بگری و جانتاکە بکەیتەوە بەرێگای سەتەلایتەوە بۆ هەموو تەلەفزیۆنەکانی دونیای بنێری، پێویست بەوە ناکا خۆت ماندوو

بکەیت و ڤیدیۆکە بەپۆستە بنێری و نامەیەک بنێری یان بەرێگای تەلەفۆن هەواڵەکە بنێرییە دەرەوە، بەم هۆیە یەکسەر دەتوانی هەرچی راپۆرتێک دەنووسی، کۆمپیوتەرێکی بچکۆلەی لەگەڵدایە، هەرچ رووداوێکە بەڤیدیۆ بیگری، یەکسەر ئەتوانی بگەیێنیتەوە بەهۆیەکانی دەنگوباس و راگەیاندنی جیهانی.بۆ نمونە تا ئێستا نزیکەی (٧٠٠) هەزار کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان لەدەرەوەی وڵاتدا دەژین، پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ وڵاتانی خۆیان، لەگەڵ خزم و کەسی خۆیان، لەگەڵ هاوڕێیەکانی خۆیان، ئاڵوگۆڕی نامە و بیروڕا ئەکەن و تەلەفۆن ئەکەن، شت ئەنێرن، ئەم پەیوەندییە و هاتوچۆیە لەنێوان کوردی دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵات و زۆر خێراترە لەجاران، ئاگاداری لەسەر ئەو کۆمەڵانەی کەتێیدا دەژین، بەمان ئەگەیەنن، ئەمانیش دەنگوباسی خۆیان بەوان دەگەیەنن، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر خێراتر جاران، ئەمانگووت وەڵڵا کوردێکمان لەقەفقاز هەیە یان کوردێکمان لەئوستورالیا هەیە یان خزمێکمان لەشوێنێک هەیە، ئەوە وەزعەکە بەتەواوی گۆڕیوەتەوە ئێستا ئەو کۆچکردوانە دەتوانن ببن بەهەوێنی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی کوردستان و هەوێنی گەیاندنی دەنگوباسی دەرەوە بۆ ناوەوەی کوردستان.

ئینجا با بێینە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەم لەسەر مەسەلەی شێوەی کارکردنی سیاسی و دیبلۆماسی کورد لەدەرەوەی وڵات، جاران باسی ناکۆکی چینایەتی و ناکۆکی جۆراوجۆرمان دەکرد لەو کۆمەڵگەی جیهاندا ناکۆکیە سەرەکییەکانی ئێستا لەناو گروپ و تاقمی ئەخلاقی و مەقایسی ئەخلاقی مەسەلەی مافی مرۆڤ،

مەسەلەی دیموکراسی، مەسەلەی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو، مەسەلەی یەکسانی لەنێوان چینە دەوڵەمەندەکان و چینە هەژارەکانی ناو کۆمەڵ. ئەمە گۆڕانی سروشتی ناکۆکییەکانە لەجیهاندا کارێکی وای کردووە، کەئێستا دەبێ شێوەی کارکردنمان، شێوەی خەباتی سیاسیمان، شێوەی بۆچوون و لێکۆڵینەوەمان زۆر جیاوازی بەسەرا هاتووە، ئینجا ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی باش بتوانین کاری سیاسی و دیپلۆماسی خۆمان لەدەرەوەدا بەڕای گشتی جیهان بگەیەنین دەبێ چی بکەین؟ یەکێک لەفاکتەرە هەرە گرنگەکانمان فێربوونی چاکی زمان و فەرهەنگی ئەم وڵاتانەیە کەئینسان تێیدا دەژی یان پەیوەندی لەگەڵدا ئەکا، ئەگەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ژاپۆنی و سویدی و عەرەبی فێر نەبێ نەدەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵ و ئەو گەلانە بکەین نەدەتوانن لێشیان تێبگەین، تۆ بەفێربوونی زمانێک کەتێیدا دەژی یەکەم لەعەقڵیەتی ئەم میللەتە تێدەگەیت، دوو: لەفەرهەنگەکەی تێدەگەیت، سێ: یاسا نەنووسراوەکانی ناو کۆمەڵەکە تێ دەگەیت، پەیوەندییە نارەسمیەکانی ناو کۆمەڵ چۆن ئیش دەکا، چۆن دەتوانی کاری لێ بکەیت، سەیری ئەوانە دەکەیت.

یەکێک لەمەرجە سەرەکیەکان کاتێ مرۆڤ بیەوێ کار لەسەر کۆمەڵێک و خەڵکێک بکا ئەویش فێربوونی زمانی بێگانەیە، ئەو وڵاتانەی کەدەمانەوێ پەیوەندییان لەگەڵدا بکەین، ئەوە بەش ناکا کەمەسەلەیەکی گرنگ و رەوامان هەبێ بۆئەوەی بتوانین کار لەخەڵک بکەین، دوو: دەبێ گوتارێکی سیاسی رێکوپێکمان هەبێ،

گوتـارێکی سیاسـی گشـتی، (پـڕ لەئیحساسـیات و عـاتیفە پـڕ لەموهاتەرات) ئەمانە هیچ کاریگەریی نییە لەسـەر خەڵک، دەبێ گوتارێکی سیاسی ڕێکوپێکی بێ لایەنی پڕ لەفاکت پڕ لەراستی، ئەوە هـۆیەکی کـاریگەرە لەسـەر خەڵـک، ئەبـێ بەشـێوەیەکی موجەڕەد بێ، با من دوو نمونەتان بدەمێ، ئێوە هەمووتـان زۆر باش دەزانن کەخوارووی ئەفریقا رەش پێستەکان.لەگەڵ خەڵکی کۆسـۆڤۆ، ئەوانـیش وەکـو میللەتـی کـورد دووچـاری کوشـتنی بەکۆمەڵ و چەوسانەوەیەکی زۆر توند بوون بەدرێژایی دەیەها سـاڵ، بـاوەڕیش نـاکەم بارودۆخیـان لەمیللەتـی کـورد باشـتر بووبێـت، بەڵکـو لەوانەیە زۆر خراپتـر بووبێـت، بەڵام کـاتێ لێپرسراوێک یان نوێنەرێکیان دەبینی لەسەر رادیۆ، تەلەفزیۆن، یاخود لەرۆژنـامەدا، قەت نـابینی رۆژێک لەرۆژان بەشـێوەیەکی عاتیفیانە یا بەهەیەجان و تووڕەبوون لەسەر تەلەفزیۆن یـاخود رادیۆ قسە بکا، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر واقیعیانە و بەشێوەیەکی زۆر هێمنـانە، لەوانەیە باسـی ڕووداوێکـی ناخۆشـیش بـکەن، هەندێکیان بەتایبەتی بینیمـان ئەوانەی کۆسـۆڤۆ باسـی کوشـتنی بەکـۆمەڵی خـزم و کەسـی خۆیـان دەکـرد باسـی هەمـوو بنەماڵەکەیان، بەڵام نابینی رەفتار بکەن بەشـێوەیەکی عاتیفیـانە، یان بەهەیەجان و تووڕەبوونەوە باس لەکێشەکەی خـۆی بکـات بەزمانی خۆی بدوێ، بەڵکو زۆر بەشێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ دەدوێت، ئەمە کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤانەی هەیە لەسەر رای گشتی ئەو وڵاتانەی دەرەوە بەتـایبەتی وڵاتـانی ئەوروپی، بەڵام گەر تۆ بەشێوەیەکی جنێودان و تورەبوون و هەڕەشـەکردن و

بەشێوەیەکی زۆر عاتیفانە ئەو کێشانە بخەیتەڕوو، موبالەغەیەکی ئێجگار زۆری بخەیتە سەر ئەوە کار و کاردانەوەیەکی سلبی دەبێت لەسەر مەسەلەکە و خەڵکەکە، بۆیە دەبێ لەنووسینی خۆماندا (من بەبەردەوامی ئەمە دەڵێم لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەموو کوردەکانی تریش کەموحازەرەیان ئەدەمێ) ئێمە جاران هەڵەی زۆر گەورەمان دەکرد لەنووسینەکانی خۆماندا.

یەک: پڕبوو لەموهاتەرات، موهاتەراتێکی هێجگاریش، ئەمەش تەقلیدێکی مارکسیانە بوو، بەداخەوە رێکخستنەکانی مارکسی زمانی زۆر توندڕەو بوو، ئەوە یەکێکیانە.دوو: تەئکیدمان لە مەسەلەی چەکداری دەکردەوە، خەباتی چەکداری و خەباتی شۆڕشگێڕی، بۆ نموونە دەمان وت ئەمڕۆ ئەمەندە سەربازمان کوشتوە، ئەمڕۆ پێشمەرگەکانمان لەهێرشێکی قارەمانانەدا توانیان چەند چالاکییەک بنوێنن، ئەمانە هەمووی هیچ کاریگەریەکی نییە بۆ سەر رای گشتی جیهانی، من هەموو جارێ، لێم ببوورن ئەوانەی کەسمێڵیان ئەستورە، سمێڵی زل و کلاشینکۆف کاریگەریەکی ئەوتۆی نەماوە لەئاستی جیهاندا، لەوانەیە لەسالانی پەنجاوە و لەسالانی شەستەوە، بەلام تۆ منداڵێک، گەنجێک، کچێک لەسەر مەسەلەکی فەرهەنگی بهێنیتە پێش، باسی بکا لەسەر فەرهەنگی کوردستاندا، کاریگەری ئێجگار زۆری زیاترە لەوەی کەتۆ مەفرەزەیەکی چەکدار بەکلاشینکۆفەوە وێنەیان بگری و پێشکەش بەدونیای بکەی، ئەمەیان بۆیە بەم شێوەیە دەڵێم، ئەبێ یەک: نووسینەکانمان زۆر بێ لایەن بێ و زۆر راستگۆبێ، هەتا

پێمـان دەکـرێ، پـڕ لەفاکتـابێ نەک لەشـتی گشـتی، ئێسـتا شـتە عومومییەکان هەموو کەسێک دەزانێ بینووسێ بەڵام شتی تایبەتی، شتی فاکتا زمانێکی بێ لایەنە بۆ پێشکەشکردنی مەسەلەکە.سێ: ئـێمە لەنـاو کـۆمەڵی خۆمانـدا راسـتە میللەتێکـین، زۆر زوڵـم و تەعەدامان لێ ئەکرێ وەکو نەتەوەیەک، بەڵام لەناو کۆمەڵی ئێمەدا زۆر شـتی ئیجـابی و باشـیش هەیە، ئـێمە هەمـوو کاتێـک تەنهـا تەرکیزمان کردۆتە سەر لایەنەباشەکان،کۆمەڵی خۆمان بەدونیا ناگەیەنین، وەکو چۆن دوژمنەکانی میللەتـی ئێمە ویسـتویانە وا نیشان بدەن کەئێمە تەنها میللەتێکی شەڕخوازین، حەزمان لەچەکە هەردەم دەچینە سـەر شـاخەکان و خەبـاتی چەکداری دەکەیـن، بەڵام کەدەبیـنن چ ئەدەبێکمـان هەیە چ فەرهەنگێکمـان هەیە، چ فۆلکلۆرێکمـان هەیە، چ مۆسـیقایەکمان هەیە، چ سروشـتێکی جوانمان هەیە، ئەو فەرهەنگە زۆر زیاتر کاریگەرترە بۆ راکێشانی خەڵک بۆ کێشـەی ئـێمە وەک ئەوەی کەبڵێین مەسـەلەکەی ئـێمە رەوایە و تەنهـا لایەنە چەکدارەکان و لایەنـی خەبـاتی چەکداری بەجیهان پێشکەش بکەین، بۆیە دەبێ لایەنە ئیجابییەکان بەدونیا بگەیەنین.

ئەو کـوردانەی دەرەوەی وڵات ئەگەر بیـانەوێ کـاریگەربن لەسەر ئەو وڵاتانەی کەتیایدا نیشتەجێن، دەبێ بچنە ناو حزب و رێکخراوەکانی ئەو وڵاتە، بچـنە نـاو رێکخـراوە دیموکراتییەکـانی ئەو وڵاتە، بـۆئەوەی فێـری ژمـارەیەک شـت بـبن، یەک: فێـری فەرهەنگێکی دیموکراتی بن لەکاری سیاسی دا. دوو: فێری کاری رێکخراوەیی ببن، سێ: فێری هەندێک کەفائەت و لێوەشاوەیی ببن

کەلەوانەیە لێرە دەست نەکەوێ، چوارەم: وەکو دانیشتووی ئەم وڵاتانە ئەگەر بیەوێ کاریگەر بێ لەسەر وەزعی خۆی و تاقمی خۆی و منداڵەکانی خۆی لەئایندەدا، دەبێ کاری سیاسی بکا، دەبێ بچێتە ناو سەندیکاکان و بچێتە ناو کۆمەڵە دیموکراتییەکان، دەبێ بچێتە ڕێکخراوی سیاسی و حزبی، یەک لەشتە هەرە خۆشەکان کەئێستا دەیبینم لەجیلی دووەمی کوردەکانی دەرەوەی وڵاتدا، لەچەند پەرلەمانی ئەوروپی کچی کورد و گەنجی کورد بونەتە ئەندامی پەرلەمان، لای ئێمە لەسوید کچێکی کوردمان هەیە کچێکی کوردستانی باکورە، زۆر کچێکی عاقڵە لەسوید پەروەردە بووە، لەتەمەنی (١١)ساڵیدا هاتۆتە سوید، کوردییەکی زۆر باش دەزانێ، ئێستا ئەندامی پەرلەمانە، ئەوە دەورەی دووەمە لەپەرلەمان، زۆریش خۆشەویستە لەناو پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدداو خەریک بوو ببێتە وەزیر بەڵام بەداخەوە باوکەکەی هەڵەیەکی گەورەی کرد زۆر درەنگ داوای جنسیەی کردبوو، چونکە لەیاسای سویدی ئەبێ کەسێک بەلای کەمەوە (١٠) ساڵ بێ کەهاوڵاتی سویدی بێ تاکو بتوانێ ببێتە وەزیر، من لەو باوەڕەدام کەرۆژێک لەرۆژان دەبێتە وەزیر، تەجروبەکانم ئەوە نیشان دەدات، بەپێچەوانەی بۆچوونی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەهەموو کۆمەڵی جیهاندا دیومە ژنەکان لەپیاوەکان زۆر عاقڵترن و ئەگەر حوکمڕانی لەدەست ئەواندا بێ، وەزعی جیهان بەم شێوەیە نەدەبوو کەئێستا هەیە، لەئەمریکا کچێکی کورد بۆتە فەرمانبەرێکی گەورە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەئاستی شارەوانیدا، لەئاستی پارێزگاکاندا لەزۆر وڵاتی ئەوروپادا

ئێستا گەنجی کورد هەنە بوونەتە سیاسی و لەئەنجومەنی شارەوانی و لەئەنجومەنی پارێزگادا هەڵبژێردراون بونەتە سیاسەتمەداری مەحەلی.

ئێستا وردە وردە خەریکە لوبییەکی جیا لەلوبییەکی ئابووری و سیاسی، لوبییەکی سیاسی مەحەلی لەکوردەکانی دەرەوەی وڵاتدا پەیدا دەبێ، ئەوەش زۆر سوودی هەیە، ئینجا ئەو کوردانەی کەلەدەرەوەی وڵاتن، ممکینە سوودیان بۆ ئێمە ببێ، ئەویش ئەوەیە، هەرچەند لەو شارە، کوردەکانی ئەوانەی لێوە هاتوون لەناو کۆمەڵی خۆیاندا، فەرهەنگێکی سیاسی و دیموکراتی لەگەڵ خۆیان بهێنێتەوە تەئسیر بکاتە سەر بۆچوون و شێوەی کارکردنی ئەو خەڵکانەی کەلەوێوە هاتوون، ئەوە خۆی لەخۆیدا چونکە ئاسۆی بیرکردنەوەیان، ئاسۆی تێگەیشتنیان، ئاسۆی ئاگادارییان زۆر فراوانتر دەبێ لەوانەی کەلەناوەوەی وڵاتن، من مەبەستم ئێوە نییە، زۆر کەسم دیوە لەناوەوەی وڵات لەناو نیزامی زۆر ناخۆشدا ژیاوە لەگەڵ ئەوەش زۆر خۆیان ماندوو کردووە، دەخوێنن، هەوڵ دەدەنئاگایان لە ڕووداوەکانی دونیا بێ، بەڵام ژیان لەدەرەوەی وڵات، بتەوێ و نەتەوێ ئاسۆی بیرکردنەوەت زۆر فراوانتر دەبێ وەک ئەوەی لەژێر سیستەمێکی نادیموکراتی بژی، دیسان بۆ کوردی دەرەوەی وڵات ئەگەر بمانەوێ چالاک بین لەتەکوینکردندا دەبێ چالاک بین لەنووسیندا، بۆ نمونە، (د. فەیسەڵ ئەلقاسم) لەچاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ مەشعان ئەلجبوری دا لەیەکێک لەتەعلیقاتەکانی د. فەیسڵ ئەلقاسم ئەوەبوو جارێک تەلەفۆنی بۆ کردم بۆئەوەی موقابەلەیەکم لەگەڵدا

بکا وتی من زۆر بەلامەوە سەیر بوو، لەکاتی ئەوەی کەموناقەشە گەورەکەی مەشعان ئەلجبوری لەسەر مافی چارەنووسی گەلی کورد و دەوڵەتی کوردی بڵاودەکرایەوە، وتی ژمارەیەکی زۆر کەم لەکوردەکان فاکسیان بۆ ناردووین، تەلەفۆنیان بۆ کردووین، وتی هەتاکو ئێستا کوردێک سوپاسی نەکردووم لەسەر ئەو بەرنامەیەی کەکردوومە، یانی خەڵک لەدەرەوە ئەزانێ شێوەی کارکردنی سیاسی، شێوەی هەوڵدانی گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی تایبەتی بەنووسین دەبێ بەپەیوەندی کردن دەبێ، ئەگەر هاتوو هاوڵاتییەکی سویدی یان ئینگلیزی و یان فەرەنساوی لەسیاسەتی ناوچەکەی خۆیدا بەدڵی نەبێ چی ئەکا؟ یەکەمین شت کەدەیکا نامەیەک بۆ ئەندامانی پەرلەمانی ناوچەی خۆی دەنووسێ یان تەلەفۆنی بۆ دەکات یان داوا دەکا کەبچێ ببینێ، پاشان گلەیی و شکایەتی خۆی لەلای ئەوانەوە دەکا، یاخود نامە بۆ رۆژنامەکان دەنووسێ، نامە بۆ رۆژنامەی مەحەلی و رۆژنامەی وڵات دەنووسێ، مەقالە دەنووسێ، تەلەفۆن دەکا بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن دەڵێ ئەوە گیروگرفتێکی وا هەیە، بۆچی نایەن لەسەری بنووسن یان باسی ناکەن؟ بۆئەوەی بەو شێوەیە ئەو کەم و کوڕییە یان ئەو گلەییەی کەهەیانە، بەیەکەم: دەزگاکانی راگەیاندن بگەیەنن، دوو: بەسیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتەی بگەیەنن.

دەزگای راگەیاندن ئێستا لەدونیادا بۆتە یەکێک لەهێزە هەرە گرنگەکانی دونیا، ئێوە لەحکومتیش بەهێزترن چونکە ئێوەن، کەتەئسیر دەکەنە سەر رای گشتی خەڵک، لەبەر ئەمە مەسئولییەتێکی زۆر گەورەتان لەسەر شانە، نابێ ئەو مەسئولیەتە

بەشێوەیەکی زۆر خراپ بەکار بهێندرێ، ئێوە ئەو دەسەڵاتەی کەهەتانە، یانی لەدەزگاکانی نێو نەتەوەیی، لەدەزگاکانی حکومەتیش زۆر زیاترن چونکە ئێوە مادە هەڵدەبژێرن، شێوەی نووسینی مادەکە ئێوە پێشکەشی دەکەنەوە، ئێوە بەخۆتان بڕیار دەدەن کەچ مەسەلەیەک لەسەری دەنووسرێ و چ مەسەلەیەک لەسەری نانووسرێت.

ئەگەر رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی نامەسئولانە، ئەو مەسئەلانە بڵاوبکاتەوە، تەئسیراتی زۆر خراپی دەبێ لەسەر رای گشتی. بۆئەوەی مەسەلەی کورد لەو وڵاتانە بەشێوەیەکی چاکتر و بەشێوەیەکی فراوانتر باسبکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ، شێوەی پەیوەندیکردن چ لەناوچە، چ لەدەرەوە، دەبێ موراعاتی چەند پرنسیپێک بکرێ لەپەیوەندی کردندا، زۆرجار کەشتێک دەنووسرێ بەدڵمان نەبێ، یەکسەر تەلەفۆن دەکەین و (١٠٠) جنێوی پێدەدەین، ئەوە بۆچوونێکی زۆر خراپە، تۆ بتەوێ یەکێک ببێت بەدوژمنت بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵدا بکەی، بۆیە دەبێ لەپەیوەندی کردندا هەموو وەختێک زۆر دیپلۆماسی بی، هەتا لەو کاتەی کەشتێکی زوو خراپی لەسەر ئێمە نووسی بێت، یان هەڵوێستێکی زۆر خراپی وەرگرتبێ، دەبێ بەشێوەیەکی زۆر دیپلۆماسیانە لەگەڵیان بدوێی و پەیوەندی بکەین، هەوڵ بدەین کەبۆچوونەکانیان لەسەر ئێمە، ئەگەر بۆچوونێکی باشی هەبێ، زیاتر هانیان بدەین، ئەگەر بۆچوونێکی خراپ بێ راستیەکانیان بۆ روون بکەینەوە، هەوڵ بدەین کەبەلای خۆمان رایانبکێشین، بەڵام بەتووڕەبوون و بەجنێودان و بەهەوڵدان، بەزۆر چەسپاندنی

بیروڕای تایبەتی خۆمان دووچاری ڕەدفیعلی سلبی دەبینەوە، ئینعکساتی زۆر خراپی دەبێ، بەزەرەر بۆمان دەگەڕێتەوە نەک بەقازانج، پەیوەندی ئینسانی تێگەیشتوو، یانی ئینسانێ بیەوێ سوود لەپەیوەندییەکانی دەرەوە وەربگرێت، دەبێ مرونەتی تیابێ، بۆچوونی وشک، بۆچوونی داخراو، ڕێگا لەحیوار و لەدیالۆگ دەگرێ، دەبێ هەموو کاتێک ئیستعدادی ئەوەمان تیابێ، کەزۆر نەرم بین، بۆچوونەکانمان ئەوە نییە بڵێم من بیروڕایەکم هەبێ ئیتر ئەوەندە کەڵلەڕەق بم هیچ بیروباوەڕێکم قبوڵ نەبێ، ئەو رایەی کەخۆم هەمە ئیتر بەسەر هەموو خەڵکا بیچەسپێنم، بڵێم ئەوە راستە و تەواو، ئەوە ڕێگا لەوە دەگرێ کەتۆ بتوانی ئیتر دیالۆگ لەگەڵ تەرەفەکەی موقابیلت بکەی یا بۆچوونێکی زۆر نادیموکراتیانە نیشان دەدات، بۆ دەبێ لەگەڵ هەموو پەیوەندیەکدا، هەمــوو کاتێــک ئێجگــار زۆر مەرن بیــت، دەمەوێ لەتــاقی کردنەوەکەی خۆمدا لەکارکردن لەپەیوەندییەکانی دەرەوە پێشتر کەلەگەڵ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و ئینجـا بـۆ یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دا بـووم، مـن دەمەوێ ئەوە تـێ بـگەن کەلەناو هەموو ڕێکخراوێک، لەناو هەموو دەزگایەک، لەناو هەموو شەریکەیەکدا شەخسێکی ستراتیژی هەیە لەناو ئەو دەزگا، تاقمە، شــەریکەیە، حــزب، حکــومەت...هتــد، شــەرت نیــیە ئەو کەســە ســتراتیژیانە زۆر ناســراو بــن لەنــاو ئەو ڕێکخــراوە یــان ئەو حکومەتە یـان ئەو دەزگـایە، مـومکینە ئینسـانی زۆر شـاراوەش هەبن زۆر پێویستە ئینسان بزانێ کەئەو شەخسیە ستراتیژییە، ئەگەر بتەوێ تەئسیر لەسەر دەزگایەک، حکومەتێک، شەریکەیەک،

حزبێک بکەی، ئەبێ هەوڵ بدەی بزانی ئەو شەخسە ستراتیژیانە کێن، پەیوەندی خۆتان لەگەڵیانا چاک بکەن و بتوانی تەئسیریان لـێ بکەیـت بـۆئەوەی بتـوانی بۆچوونەکـانی خـۆت بەوانەوە بسـەلمێنی، ئەوە ئاسـان نییە بەڵام چۆن دەکرێ، یـان مـن بەش بەحاڵی خۆم، لەتاقی کردنەوەکانی خۆمدا، کەلەسوید کەسێکی وام دۆزیبێتەوە، بمەوێ پردێک بۆ کەسێکی وا لەئەڵمانیا یا لەئینگلتەرا یان شوێنی وا بدۆزمەوە یەکسـەر پێم وتووە ئەگەر مـن بمەوێ کەسێک لەناو حکومەتی بەریتانیا بناسـم عەینی تەئسـیری تۆی هەبێ، تکات لێ دەکەم پێم بڵێی کێیە؟ مەوعیدێکیشم بۆ وەربگرە، لێـرەش بـۆ نمـوونە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، حزبـی سۆشیالیسـتی دیمـوکراتی کوردسـتان، حزبەکـانی تـر، حزبـی شیوعی، رێکخراوەکانی تر، دەزگاکانی رۆژنامەنووسـی، هەمـوو کاتێک شەخسـی سـتراتیژی وا هەیە، دەبێ ئینسـان هەوڵ بدات ئەوانە بدۆزێتەوە، پەیوەندی خۆی لەگەڵیاندا چاک بکات.تاکو خەڵکی دونیا بێ و یارمەتیمان بدات و بەهاوارماندا بێ و زۆرجار لێـرە ئەڵـێن بـۆچی کۆمەڵگـای جیهـانی نـایەت دەوڵەتێکمـان بـۆ دروست بکا، کۆمەڵەی جیهان پێش هەموو شـتێک، شـتێکی زۆر فراوان و جۆراوجۆر و دەزگـایەکی یەکگرتووی نییە، لەلایەک، کۆمەڵی جیهان بێ و دەوڵەتی نەتەوەییت بۆ دروستکا، مەجبوری چییە؟ ئێمە ئەبێ گرانـی و قورسـایی خۆمـان بەتەواوی بزانین، راسـتە ئێسـتە ئـێمە میللەتێکـی (٤٠) ملیـۆنین لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، جـاران هەمـوو کاتێـک دەمانووسـی ئەمـانگوت لەناوچەیەکی زۆر سـتراتیژی لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئەژیـن،

ئێستا ئەو ناوچەیە ئەوەندە ستراتیژی نییە لەئاستی جیۆ سیاسی تر لەدونیادا هەیە کەزۆر لەم ناوچەیە گرنگترە، جاران ئەمانگوت کەنەوتەکە چەکێکی ستراتیژییە و زۆر گرنگە بۆ دنیا، نەوتی ئێمە وا خەریکە تەواو دەبێ، نەوتی ئێمە ئەسڵەن هەر نەماوە، بەرەو نەمان دەڕوا، ئاوەکەیە، ئاوەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نییە، مومکینە ئێستا، ئاوەکە لەئایندەدا ببێت بەچەکێکی ستراتیژی زۆر گرنگ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئاوەکە لەژێر نفوزی ئێمەدا نییە، لەژێر نفوزی ئێران، تورکیادایە، لەژێر نفوزی میللەتی ئێمەدا نییە، بۆیە ناتوانین بەکاری بهێنین، بەڵام چیمان هەیە کەدەتوانین پێشکەش بەدونیای بکەین، من بۆیە دەمەوێ زۆرجار تەوەقعێکی وا هەیە چاوەڕوانکردنێکی وا هەیە کەدونیا مەجبور دەبێ یارمەتیمان بدا، هانمان بدا، رزگارمان بکا، بۆچی؟ هیچ، چیمان داوە بەدنیا؟ چیمان هەیە ئەسڵەن بیدەین بەدونیا کەببێتە ئەوەی دونیا مەجبور بێ یارمەتیمان بدا یان بەهاوارمانەوە بێ، یەکێک لەشتەکان کەهەمانە ئەگەر بتوانین ببین بەنموونەیەکی باش، ئەگەر ئێمە وەکو میللەتێکی چەوساوە و وەکو میللەتێک کەلەناوچەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببین بەنموونەیەکی دیموکراتی ئاشتیخوازانە، ئەگەر بتوانین ئەم نموونەیە پێشکەش بەدنیا بکەین رەنگە رای گشتی جیهان زۆر زیاتر ئیستیفادەمان لێبکا و وەک لەوەی کەلەئیسرائیلدا هەیەتی. ئەگەر فەرهەنگی خۆمان، ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کەهەمانە بتوانین بەدونیای بناسێنین یان هیچی کەمان نییە لەرووی فیکرییەوە لەرووی ئایدۆلۆژیەوە، لەرووی ئابوورییەوە لەرووی سەربازییەوە لەهەر

روویەکەوە چیمان هەیە؟ ئێمە میللەتێکی هەژاری دواکەوتوو، چی هەیە پێشکەش بەدونیای بکا، هەتا دنیا بەهاواری بێ و یارمەتی بدا.. دەبێ ببین بەنموونە، یانی دەبێ کاری وا بکەین ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کەهەمانە، ئەو لایەنە باشەی کەلەناو کۆمەڵی ئێمەدا هەیە لەناو فەرهەنگی ئێمە هەیە بەدونیای بناسێنین، بۆئەوەی دونیا یارمەتی و پشتیوانیمان لێبکا، من کۆتایی بەقسەکانم دەهێنم و زۆر سوپاستان دەکەم.

**ئەم بابەتە لەم سێ ژمارەیەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە؛ ژمارە ٢٠١٢ی رۆژی ١٩٩٩/١١/٢٨. ژمارە ٢٠١٣ی رۆژی ١٩٩٩/١١/٢٩. ژمارە ٢٠١٤ی رۆژی ١٩٩٩/١١/٣٠. لە رۆژنامەکەدا ئەم بابەتە بەناوی بەشی لێکۆڵینەوە بڵاوبۆتەوە، نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە،کە ئەوسا بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەی رۆژنامەکە بووە، بۆیە بەناوی خۆی بڵاوینەکردۆتەوە.**

# دەبێ ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان هەبێت

*** کاک عومەر زۆر سپاست دەکەین دەرفەتت داینێ بێینە خزمەتت و خوێنەرەوانی گۆڤاری گزینگ، هێندێک لەبیر و ڕاکانت ئاگادار بن، بەڵام سەرەتا وەکو هەموو وتووێژێک پێمان خۆش بوو.. خۆت بناسێنی.**

– منیش زۆر سپاستان دەکەم کەئەو فرسەتەتان داومەتێ، منیش بەدڵ و گیان دەمەویست لەگۆڤاری گزینگ دا، بەشداری بکەم و یارمەتیتان بدەم و هێندێک لەبیر و رای خۆمتان پێ راگەیێنم، دەربارەی خۆم، ژیان و چالاکی سیاسی خۆم بەکورتی دەتوانم ئەوە بڵێم: ئەمن لەساڵی ١٩٤٢دا لەدایک بووم، خەڵکی شاری (عاموودە)ی کوردستانی سووریام، شاری عاموودە دەتوانرێ لەگەڵ شارەکانی سابڵاخ و سلێمانی و دیاربەکر بەراورد بکرێ کەشارێکی کوردە و تەبیعەتی کوردەواری تەواوی هەیە.من لەناو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا پەروەردە بووم. باوکم لە (خۆیبوون)دا چالاک بووە، سەرۆکی گەنجانی کورد بووە لە (جزیرە) لەساڵی ١٩٣٨دا. تێکۆشەرە بەناوبانگەکانی ئەو زەمانی تورکیا کەلەسووریا دەژیان وەکو (قەدری جان)، (عوسمان سەبری)، (جگەرخوێن) (نورەدین زازا) و (مەمدووح سەلیم) کەئەوکاتە سکرتێری (خۆیبوون) بوو. هەموویان لەشاری

عامووده کۆببوونەوە و ئەوکاتە چالاکیان لەوێ دەکرد، ئەوان تەئسیرێکی زۆریان لێکردم لەبەشداربوون لەخەباتی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا، زوو چاوم بکرێتەوە. من لەساڵی ١٩٥٨دا وەکو گەنجێکی ١٦ ساڵی، بووم بەئەندامی (پدک) لەسووریا کەساڵێک پێشتر دامەزرابوو لەئاوگۆستی ١٩٥٧، خێرابووم بەلێپرسراوی رێکخستنی خوێندکارانی هەرێم لەکۆمیتەی ناوچەیی پارتیدا. پاش ئەوە لە ١٧ ساڵی زیندانی کرام لەگەڵ هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی، هەمووومان زۆر ئەشکەنجە دراین لەزینداندا، بەڵام من بەرێگەی پارە و بەرتیل لەلایەن بنەماڵەکەمەوە لەزیندان ئازاد کرام، رەفیقەکانی ترم پێشکێش بەدادگا کران و چەند ساڵێک حوکم دران. لەدوایە لەساڵی ١٩٦٢ کوردستانم بەجێهێشت و وەکو خوێندکارێک چوومە ئینگلستان، بەتەبیعەتی حاڵ کەئەندامی پارتی بووم لەسوریا، جۆرە هاوکارییەک ئەوکاتە لەبەینی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پدک لەسووریا هەبوو و رێککەوتنەکە ناوەرۆکی ئەوەبوو کەئەندامی هەرسێ حیزبەکە لەدەرەوەی وڵات لەناو یەک رێکخراودا کار بکەن، بووم بەئەندامی رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات کەئەندامانی، بەشی زۆریان سەر بەپارتی بوون، بەڵام ئینسان هەستی دەکرد کەئەو کوردانەی ئەندامی پارتی سووریا بوون و ئی حدکاش، بۆچوونەکانیان چەپانەتر بوو لەئەندامانی پارتی. ئێمە لەناو ترادیسیۆنێکی فکری دیکە راهاتبووین. زۆرجار ناکۆکی لەبەینماندا دەبوو، چونکە ئێمە لەناو ریزەکانی خۆماندا بەبیری مارکسیستی

پەروەردە کرابووین، بۆچوونەکانمان زۆر چەپانە بوو وەکو هەر حیزبێکی رادیکاڵی جیهانی سێیەم، بەڵام هەستمان دەکرد ئەندامانی پدک کەهێشتا ناکۆکیش لەناو ریزەکانیاندا نەبوو، ترادیسیۆنێکی میللی روونیان لەناودا زیادتر بەدی دەکرا، تا حیزبەکانی تر. پاش ئەوە بووم بەلێپرسراوی رێکخراوی پارتی و سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئینگلستان و ئەندامی کۆمیتەی گشتی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (کوردستان) بووم کەلەلایەن خوێندکارانەوە بەئینگلیسی دەردەچوو. هەتا ساڵی ٦٦...

*** ساڵی مەشهوور...**

- بەڵێ ساڵی بەناوبانگی ناکۆکی لەکوردستانی عێراق، ئێمە بڕیارمان دا، یانی ئەو کوردانەی کەلەدەرەوەی وڵات بوون (بڵێین ئەندامانی کوردی سووریا) حیزبەکەشمان پێشتر ئاگاداری کردبووین، کەنەبین بەبەشێک لەو ناکۆکییە، بەڵام من خۆم وەکو شەخس و ئینسانێک زیادتر پشتیوانیم لەمەکتەبی سیاسی کرد تا باڵەکەی دی و زۆر چالاک بووم لەو جیناحەدا، بەڵام ساڵی ٦٦ کەمەکتەبی سیاسی دەستی کرد بەهاوکاریکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق، ئیتر من وازم هێنا.

بەینی ٦٦ تا ٧٥: کەمن لە ٦٧ هاتمە سوێد هیچ چالاکییەکی سیاسی ئەوتۆم نەبوو لەناو هیچ حیزب و رێکخراوێکدا، نەرێکخراوەکانی سوورییەیی، نەرێکخراوی بەشەکانی تری کوردستان. بەڵام لە ٦٩ بەولاوە زۆر نزیکیم لەگەڵ حدکادا هەبوو. ئەویش لەبەر چەند هۆیەک سیمپاتییەکی زۆرم هەبوو

بەرامبەریـان. زۆر تەعەدیـان لێـدەکرد لەلایەن بەشـەکانی تـری کوردستانەوە بەتایبەتی سەرکردایەتی بزووتنەوە لەکوردستانی عێراقدا. بەهەموو شێوەیەک کەئیمکانم هەبا یارمەتی و پشتیوانیم لێــدەکردن. ســاڵی ٧٥ کەئاشــبەتاڵی بەناوبــانگی شۆڕشـــی کوردستانی عێراق بوو، من یەکێک لەو کەسانە بووم کەبەشداریم کـرد لەدامەزرانـدنی (یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان) و ئەنـدامی ســەرکردایەتی کــارم دەکــرد، لە ٨٠ وە تــا ٨٦ کەئیســتیعفام دا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و لێپرسراوی پێوەندییەکانی دەرەوە بـووم.. لەمـاوەی ٧٨ تـا ٨١ لەکوردسـتانی عێـراق لەنـاو ریـزی پێشمەرگەدا چالاکیم بووە و کارم کردووە.

*** باشە هێندێکیش لایەنی ژیانی ئەکادیمیمان بۆ باس بکە..**

– مـن لەئینگلســتان **BA**م تەواو کــردووە یــانی بەکــالوریوس لەپێوەندییەکانی نێو نەتەوەییدا **International Relations**. پاش ئەوەی هاتمە سوید علوومی سیاسیم خوێند و لەنێوان ٧٠-٧٢ (ماسـتەر)م کـرد. لەسـاڵی ٧٣ەوە لەبەشـی دوکتـورا لەعلـوومی سیاسی بەتایبەتی بابەتی سیاسەتی جیهانی وەرگیرام و لەهەمان کاتدا بووم بە (ئاسیستانت) لەزانکۆی ستۆکهۆڵم تا ساڵی ١٩٧٨ دەرسی علوومی سیاسیم دادەنا و لێکۆڵینەوەی تـایبەتی خۆشـم دەکـرد، لە ٧٨ وازم لێهێنــا. لەســاڵی ٨٦ کەهــاتمەوە ســوێد بــۆ جـارێکی دیکە لەو مەرکەزەی ئێسـتا واتە: (نێوەنـدی لێکـۆڵینەوە لەکۆچکردنی نێونەتەوایەتی و پێوەندییەکانی ئێتنیکی) **Center for Research in International Migration and Ethnic Relations**

CEIFO)) جۆربەجـۆر کــارم کــردووە و لەســـەر لێکــۆڵینەوە بەردەوامم.

*** باشە پرسیارێک بۆ من دێتە پێشێ، وەک دەزانین خاکی کوردستان دابەش کراوە و لەسەر ئەساسی ئەوەش چالاکی سیاسی و رێکخراوەیی لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کەبەشێکی کوردستانی کەوتووەتێ، بەڵام پێوەندی نێوان بەشەکان هەر بووە و ئەودیو ئەم دیو هەر کراوە، کەچی لەسەر یەک رووناکبیری کورد زۆر کەم هەن توانیبێتیان تا رادەیەکی زۆر لەباری رووحی و بۆچـوونەوە چوارچێـوە و سـنووری دانـدراو بشـکێنن. بەبۆچوونی من ئەتۆ یەک لەوانەی کەسنوورت شکاندووە، لەبۆچوونەکانتدا، لەلێکداوەکانتدا، هەر تەنێ مەسەلەی رۆژئاوای کوردستان یانی کوردستانی سووریا نابینی، لەباری قسەکردن و زمانیشەوە هەروایە و بەلەهجەی غەلیزتر لەکوردێکی خەڵکی سلێمانی قسە دەکەی، بەلای تۆوە چۆنە کەئەو هەستەت تێدا پێگەیشتووە؟**

– بێگومـان.. بـۆ خـۆت بـاش دەزانی،تانداسـێک هەبـوو لەنـاو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، تانداسـێکی هەمەلایەنە بوو، تانداسـێکی ناسیۆنالیستی کەهەمـوو کوردسـتانی گرتبووە خـۆیەوە، هێنـدێک هەنگـاوی بـۆ نـرایەوە، ئێسـتا زۆرجـار بـاس دەکــرێ کەبــۆچی شــیعاری ســەربەخۆیی کوردســتان یــان یەکبـوونەوەی کوردسـتان هەڵنـاگیرێ. دە حەقیقەتـدا یەکەمـین هەنگاوی کەبۆی هەڵێنرا دوای شەڕی جیهانی دووەم لە ١٩٥٩ بـوو، یەکەمـین کۆبـوونەوەی نهێنـی کەمـن ئاگـادار بـووم لە

(بەيرووت) كرا، لەبەينى پدک و حدكا و پارتی دیموکراتی کورد لەسووریا و کوردەکانی دەرەوەی وڵات کەکاک (عیسمەت شەریف) بەشداری تێدا کرد، لەوێوە بنکەیەک داندرا بۆ کۆمیتەیەکی کوردستانی. بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو هاوکارییە هەڵوەشێنرا.

ئەو هەستی کوردستانی بوونە لەئەوەڵەوە لەلامان پەیدا بوو، کەهاتمە دەرەوەی وڵات لەناو چوارچێوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، ئەو رووحە بەهێز بوو. ئێمە ژمارەیەک رووناکبیری کورد کەبۆچوونەکانمان کوردستانی بوو، دە حەقیقەتدا زیادتر ئینترناسیۆنالیستی بوو، بەڵام ئەو ئینترناسیۆنالیستییە لەجیاتی ئەوەی بەسەر نیکاراگوا و ئەفریقای خواروو و شوێنی دیکەدا تەتبیق بکەین، لەپێش هەموو هەنگاوێکدا بۆ میللەتی خۆمانمان تەتبیق دەکرد. یانی ئەگەر خۆمان بەئینترناسیۆنالیست و کۆمۆنیست دەزانی دەبوایە خاک و نیشتمان و میللەتی خۆمان لە پێشدا رزگار بکەین ئینجا بتوانین بە تەنگ میللەتی دیکەوە بێین، یانی ئەوە لەو چاوە فکرییە هاتە پێشەوە کەئەو رووحیەتە کوردستانییە لەلای ئێمە بەهێز بوو. مەسەلەن هێندێک کورد هەبوون، کوردی ئێران ئامادەبوو لەناو کوردی تورکیا کار بکا، یان کوردی عێراق لەناو کوردی سووریا، یان ئێران کار بکا، من ئامادەبووم لەناو کوردی ئێران و عێراق کار بکەم، یان لەناو کوردی تورکیا، ئەوە لایەنێکی مەسەلەکە. لایەنەکەی تر ئەوەیە ئەگەر بەشێوەیەکی فکری بیر لەکوردستانی

بوون بکەیەوە دەبێ هەنگاویشی بۆ هەڵبهێنی نابێ تەنها وەک تیۆری بمێنێ.

هەنگاوە فیعلییەکان چ بوون.. بەگوێرەی لێکدانەوەکانی خۆم ئەوەبوو کەدەبوو یەکێک لەلەهجەکانی تری کوردی فێربم، بۆئەوەی بتوانین لێک تێبگەین، بتوانین پێکەوە هاوکاری بکەین.. دەبوو لەپێش هەموو شتێک لەهجەی یەکتر بزانین.. مەسەلەن ئەمن دەمتوانی لەهجەی کوردستانی خواروو و رۆژهەڵات باش فێربم، ئەوانیش لەهجەی کرمانجی، زۆر مەبەستم بوو هەورامی و زازایش فێربم بەڵام بەداخەوە بۆم نەکرا.. ئەتۆ خۆت بەکوردستانی بزانی و خاکی کوردستان بەیەک بزانی نابێ بڵێی ئەوە کوردستانی ئێرانە و ئەوە عێراقە و ئەمە تورکیایە و ئەمیان سووریایە و هەرکەس دەبێ لەبەشی خۆی کار بکا. وەک ئینسانێکی کوردستانی دەبێ ئەو ئامادەییەت هەبێ کەلەهەموو بەشەکانی کوردستاندا کار بکەی و دەبێ قازانجی هەمووان لەبەرچاوی خۆت بگری. لەکوێ ئیمکان و فرسەت و شەڕایەتی سەرکەوتن هەیە، ئیش لەسەر ئەو بەشە بکەی، مومکینە کوردستانی تورکیا بێ یان عێراق، یان ئێران. بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆم کوردستانی سووریا هەموو وەختێک دەورێکی لاوەیی بینیوە، ناتوانێ مەسەلەی کوردستان تەعین کا. کوردستانی تورکیا یان کوردستانی عێراق و ئێران دەتوانێ مەسەلەی کوردستان تەعیین کا.

مەسەلەی کوردستانی سووریا وەکو کەمایەتییەکی یەکجار زۆر بچکۆلە کەخاکەکەی بەشێوەیەکی جوگرافیایی بەیەکەوە

نەبەستراوەتەوە بەڵکو لەسێ قۆڵەوە لەناو خاکی تورکیا و عێراقەوە دێتە ناو سووریا. ئیمکانی سەرکەوتنی خەباتێکی فراوان لەوێ نییە و ئەگەر سەریش کەوێ ئایندەی کوردستان و مەسیر و قەدەری کوردستان تەعیین ناکا. بۆیە بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆم بەباشم دەزانی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا کار بکەم. لەشتە سەیرەکانی کەلای کورد دەیبینم هەتا ئێستا ئەویش ئەوەیە، داوای خاک و رزگاربوونی کوردستان دەکا، داوای دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان دەکا بەڵام کەدێتە سەر مەسەلەی لۆیالیتێت یانی لەمەسەلەی (ویلاء)دا یەکسەر خۆی بەناوچە و شار و بەشەکەی خۆی دەبەستێتەوە. زۆر دەبینم کەهەستی ئەوە فلان کوردی تورکیایە یان عێراقە یان ئێرانە، چاک لەمێشک و هۆشی ئینسانی کورد چەسپاوە، ئەگەر قبوڵیشی نەکا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئاوا رەفتار دەکا.

تۆ لەلایەک ئەو سنوورانە قبوڵ ناکەی و دەڵێی داگیرکەران ئەو سنوورەیان داناوە، بەڵام بەکردەوە تۆ ئەو سنوورانەت قبوڵ کردووە و بەگوێرەی ئەو رەفتار دەکەی. ژمارەیەک رووناکبیر (ناتوانم بڵێم زۆر) هەر وا بیر دەکەنەوە، لەماوەی ساڵانی ٦٠-٧٠دا وا نەبوو، هەستی کوردستانی بەهێز بوو، بەداخەوە ئێستا هەست دەکەم ئەوە کەمتر بووە لەجیاتی ئەوەی زیادتر بێ.

*** بۆ تەکمیلی ئەو پرسیارە.. لەساڵی ٧٥ بەم لایەوە ژمارەی کورد لەئەورووپا یەکجار زۆر زیادی کردووە، ئەگەر لەوڵات لەبەر هۆی جۆربەجۆر ئیمکانی هاتووچۆ و پێوەندی رووناکبیرانی بەشەکانی کوردستان بەرتەنگ بووبێ خۆ لەئەورووپا وا نییە،**

**باشە بەدیتنی تۆ رووناکبیر یان خوێندەواری کورد بۆ هێشتا نەیتوانیوە قالبە ناوچەییەکەی خۆی بشکێنێ؟ سەبەبە ئەساسییەکەی لەچیدا دەبینی؟**

– هەتا ژمارەمان کەم بوو لەناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات وەزع باشتر بوو، مەسەلەن بە ١٧ کەس کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دامەزرا. ئەو کاتی ئەمن هاتم نزیکەی ٣٠٠ کەس بوون لەهەموو وڵاتانی ئەوروپا. لەدوایە ژمارەمان زیادی کرد، بوو بە ٥٠٠ کەس، ئەو چالاکیەی کەئەوکاتە دەکرا ئێستا بەنزیکەی نیو ملیۆن ئینسانی کورد ناکرێ، یانی لەئاستی سیاسی و دیپلۆماسییەوە.. چونکە بۆ ئەو چوارچێوە گشتییە کارمان دەکرد وەکو مەسەلەی کوردستانی ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ خۆت باش دەزانی حیزبە کوردستانییەکان لەهەر بەشێکی وڵاتدا ئەوەندەیان گەشە نەکردووە کەلەچوارچێوەی ناوچەیی خۆیان بێنە دەر. مەسەلەی سکتاریسم و تاقمەگەری لەناو ئەو حیزبانەدا زۆر بەهێز بووە کەژمارەی کورد لەدەرەوەی وڵات زیادی کرد، ئەندامانی ئەو حیزبانەش زیادیان و کرد و بەشی زۆریان لایەنگری ئەو تاندانسە کوردستانییە نەبوون بەڵکو چوارچێوەی گشتی ئەو وڵاتە بەدەوڵەتەیان لەبەرچاو بوو کەلێوەی دەهاتن. ئەوەشت لەبیر نەچێ کەبەشی زۆری حیزبەکانی ئێمە بەحیزبە ناسیۆنالیستەکانیشەوە لەرووی رێکخستنەوە، لەرووی بیر و کارکردنەوە زۆر لەحیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە موتەئەسیر بوون و لەناویاندا پەروەردە کرابوون. بۆچوونەکانی ئەوانیان

قبــوڵ بــوو، کەدەبــێ لەچوارچێــوەی ئەو وڵاتە کــار بــکەی، لەئۆتۆنــــۆمی بەولاوە داوا نەکەی. نـــابێ خەبـــاتی چینــــی زەحمەتکێشـی گەلـی زۆربە و گەلـی کـورد لێک جیـا بکەیـتەوە. ئەوان کەئەو بۆچوونەیـان قبـوڵ بـوو لەدەرەوەش تەئسـیریان خستبووە سەر ئەندامانی خۆیان کەهەر لەو چوارچێوەیەدا کار بکەن. ئێمە ئەو چەند رووناکبیرە کەبیرمان لەهەموو کوردستان دەکردەوە، توانیمان ژمارەیەک لەئەندامانی ئەو حیزبانە بۆ لای خۆمـان رابکێشـین و هەوڵ بـدەین بیـانخەینە گەڕ.. بەڵام نەمـان تـوانی ئەو دیـوارە بشـکێنین. ئەو حیزبـانە، یـانی بۆچـوونێکی کەلەوەپێش باسم کرد، زۆر سکتاریست بـوون، خـۆیی بـوون و زۆریان بیر لەخۆیان دەکردەوە و لەسەرکردایەتی خۆیان، ئامادە نەبوون دەستەڵات لەدەستیان بچێتە دەرێ.

بۆچوونێـــک لەنێومانـــدا هەیە عەیـــن وەک بۆچـــوونی فەلەستینییەکانە تا رادەیەک، هێندێک ناوچەی خاک یان قوژبنێکی کوردستانی لەهەموو شتێک پێ موقەدەس ترە، لەدنیای سیاسەتدا ئەوە جایز نییە ئەوە بۆچوونێکی زۆر بێعەقڵانەیە، فەلەستینییەکان لە ٤٨ قبوڵیـان نەکـرد فەلەسـتین لەت ببێ دەوڵەتـی لەئێسـتایان گەورەتر دەست دەکەوت.. لەشـەڕی ٦٧ دیسـان ئیسـرائیلییەکان ئامـادەبوون گفتوگۆیـان لەگەڵ بـکەن و ئۆتۆنۆمییـان پێبـدەن کەلەئێسـتایان زۆر گەورەتـر دەبـوو، هەر قبوڵیـان نەکـرد، هەر داوای هەموو خاکی فەلەستینیان دەکرد، ئێستا لەنەتیجەدا زۆر کەمتر بەوەش رازی بوون.

جا لەلای ئێمەش جاری وایە هێندێک کەس دەڵێ: ئامادە نیم واز لەیەک بستی کرماشان بێنم، چونکە خاکی کوردستانە، یان ئامادەنیم واز لەکەرکووک بێنم کەقودسی کوردستانە. یان کوردستانی سووریا زۆر گرینگە، یان مەرعەش و مەلاتییە و... کاکە کەتۆ دێیە سەر گەمەی سیاسی و دەتەوێ چارەیەک بۆ مەسەلەی خۆت بدۆزییەوە، نابێ وا بیر بکەیتەوە.. ئێمە هەموومان دەزانین کەکوردستانی تاریخی و کوردستانی جوگرافیایی لەزەمانی خۆیدا، ئەو خاکە وا فراوان نەبووە وەکو ئەوەی ئێستا. بۆیە دەبێ لەبیر و فکری خۆماندا ئامادەبین کەئەگەر هاتوو ئیمکانێک بوو، دیالۆگێک بوو بیقۆزینەوە. من بەش بەحاڵی خۆم هەموو جارێ دەڵێم ئەگەر بزانم بەشەکانی تری کوردستان رزگار دەبن، کوردستانی سووریا با هەر بۆ عەرەب بمێنێتەوە، یانی ئەگەر مەسەلەکە تەنها لەسەر ئەوە راوەستاوە، یان ئەگەر کەرکووک دەبێتە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ و رێگا لەوە دەگرێ کەکوردستان رزگار ببێ با کەرکووک بۆ عەرەب بێ..

*** کاک عومەر.. هەرچەند ئەم قسانەی تۆ جوانە، بەڵام ئایا دەگەڵ ئەو تێزەی کەپێشتر باست کرد دژایەتی نابێ کەبیری کوردستانی بێ، یان پێکهاتنی دەوڵەتی یەکگرتوو؟**

- نا، من بەدژایەتی نابینم، لەبەرچی؟ مەبەستم ئەوەیە کەدەبێ ستراتیژییەکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان هەبێ، پیاو لەئاستی هەموو کوردستاندا کار بکا و هەوڵ بدرێ کەکوردستانێکی یەکگرتوو دابمەزرێ. بەڵام لەعەینی کاتدا، هەر

بسته خاکێکی کوردستان نابێ ئەوەندە موقەدەس بێ.. مەبەستم چییە؟ مەبەستم لەگەمەی دیپلۆماسی و سیاسی جیهانییە کەمومکینە شەڕایەتێکی وا بێنێتە پێش کەتۆ نەتوانی هەموو کوردستان بەدەست بێنی. ئێستا مەسەلەن: ئەگەر بتوانین دەوڵەتێکی کوردی لەکوردستانی عێراقدا دامەزرێنین، بەرای من قبوڵی کەین و کاری بۆ بکەین و پشتیوانیشی لێ بکەین. هەوڵ بدەین گەشە بکا. بەشەکانی تری کوردستان لەدواییدا رزگار هەر دەبن. هەروەکو چۆن ئێستا ئەرمەنستان هەیە بەڵام هەموو ئەرمەنستان رزگار نەبووە. بەلانی کەمەوە ئەوە بنکەیەکە بۆ دەوڵەتی ئەرمەنستان دامەزراوە. بۆچوونەکەم ئەوەیە.

*** دیارە هێشتا جوابی پرسیارەکەی منت نەداوەتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەبوو سەبەبی ئەساسی لەچیدا دەبینی کەئەوتانداسە لەنێو رووناکبیران لەدەرەوەی وڵات و لەئەوروپا کەئیمکانی یەکتر دیتنیان زۆرە و ئیمکانی ئاگاداربوونیان هەیە لەوەزعی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەلەبەرچاو گرتنی mediaو وەسایلی ئیرتیبات جەمعی کەهەیە، بۆچی ئەوە وەکو خۆت ئیشارەت پێکرد لەرابردوودا بەهێزتر بوو بەڵام ئێستا کزتر بووە، چۆن دەکرێ ئەو تانداسە بشکێ؟**

- بەراستی کاک حەسەن ئەوە پرسیارێکی زۆر گرینگ و قورسە. ئەگەر خۆم بمزانیبایە دەمتوانی دەستنیشانی بکەم، بۆ خۆشم تێی ناگەم بۆ وایە. شتێک لەفەرهەنگی ئێمەدا هەیە کەلەغز (موعەمما)یێکە، بۆ منیش لەغزە.. ئەویش ئەوەیە هەست دەکەی شتێک لەفەرهەنگی ئێمەدا هەیە کەرێگا لەوە دەگرێ. دوو

هونەرمەنـد نـاتوانن بەیەکەوە کـار بـکەن، دوو نووسـەر نـاتوانن بەیەکەوە کار بکەن، هەروەها دوو رووناکبیر یان دوو عالم... نازانم بـۆ وایە. ئەگەر بمزانیبـایە بێگومـان پیـاو دەیتـوانی چـارەیەکی بـۆ بـدۆزێتەوە. شـتێک هەیە... مەسـەلەی **status**، مەسـەلەی هێـز، دەسـتەڵات لەنـاو فەرهەنگـی ئـێمەدا هەیە کەنـازانم چییـە؟ کە... بـۆ وایە...

*** بەڵام دەبێ زۆر فکری لێ بکرێتەوە...**

- قبوڵمە...

*** .... کەپیاو سەردەری لێ دەرکا.**

- ... بەڵـێ قبـوڵمە و دەبـێ زۆر مێشـکی خۆمـانی پێـوە ماندووکەین، بەراستی.. (فرێدریک بارت) شتێکی نووسیوە..- فرێدریک بارت پسپۆرێکی بەنێوبانگی ئانترۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتی نۆروێژی- کەلەسەر عەشایری جاف تێزی دوکتورای نووسیوە لەساڵی ١٩٥٣دا، لەسەر هێز لەکۆمەڵی کوردەواری نووسیوە. ئەو وا نیشـان دەدا کە **concept**ی هێـز واتە **power**لەکـۆمەڵی کـوردەواری و لەفەرهەنگـی کوردیـدا هـۆی سـەرەکی گشـتییە کەلەکوردستاندا یەک نەگرتنەوە پەیدا نابێ. کەهەموو کەسێک هەوڵ دەدا بەشێوەی جۆراوجۆر دەستەڵاتی زێدەتر لای خۆی پەیدا کا، ئەوجا شەرت نییە دەستەڵاتی ماڵی و عەسکەری و نازانم چی.. بێ، بەڵام کۆکردنەوەی چەند فاکتۆرێکە کەدەبێتە هۆی هێز و دەستەڵاتداری لای ئینسانێکی کورد و دەڵێ چونکە ئەوە لەفەرهەنگـی کوردیـدا بـۆ هەمـوو کەس کـراوەیە کەئەو

(ستاتوس)انە کۆکاتەوە بۆ ئەوەی هێز و دەستەڵاتی زیادتر بێ، ئەوە دەبێتە هۆی ناکۆکی، دەبێتە هۆی موونافەسە و ڕێگا لەوە دەگرێ کەکورد بتوانێ یەک بگرێ. من بەتەواوی قەناعەتم پێ نەهێناوە بەڵام وا پێدەچێ شتێک بێ، فاکتۆرێک بێ.

*** باشە، ئەگەر ئێستا بچینە سەر موناقەشەی بابەتی تیئۆرێک، بەدیتنی جەنابت مەفهوومی (concept)ی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ (The Right of Self Determination) لەتێڕوانینی یەکەم بێ پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد و پاشان لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا چییە؟**

– بێگومان.. دەزانم مەبەستت چییە، پاش شۆڕشی فەرانسە و کەمێک پێشتریش بەتایبەتی لەئینگلستان و سویسرا دەوڵەتی میللی دامەزرابوو، بەڵام فەرانسە ئەو (کۆنسێپت)ەی چەسپاند. مەسەلەی کۆنسێپتی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی گەل بەدەستی خۆیەوە بێ، نەبەدەستی پادشا بێ، نەهیچ چینێک، بەڵکو بەدەستی میللەت خۆی بێ و بەدەستی ئینسانی فەڕەنسی بێ. وەئەوە دوایە تەئسیری کردە سەر هەموو گەلانی تر و بوو بەهەوێنی دامەزراندنی دەوڵەتی میللی. پاش ئەوەی دەوڵەتی میللی هاتە گۆڕێ بەتایبەتی لەئەوروپا دەستی پێکرد و تەئسیری کردە سەر بەشەکانی تری دنیاش و وردە وردە ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیزم لەئەوروپاوە شوێن پێی خۆی لەوڵاتانی جیهانی سێهەم پەیدا کرد. ئەو گەلانە، چ ئەوانەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دا بوون، یان دەوڵەتی فارس، یاخود ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، ئەوانیش ئەو مۆدێلەیان قبوڵ کرد، مۆدێلی

دەوڵەتی میللی. کەدەوڵەتی میللی بوو بەدیاردەییێکی جیهانی، بێگومان بەگوێرەی ئەو (کۆنسێپت)ە، هەموو میللەتێک حەق و مافی دانانی چارەنووسی بەدەستی خۆی هەیە و دەبێ هەیبێ. ئینجا ئەو شتە نامەنتیقییەی کەهێندێک گەلان توانیویانە هێندێک نەیاتوانیوە.. هێندێک گەلان خۆیان رزگار کردووە و هێندێکیان ئیستیعمار بەکەیفی خۆی، بەخەت کێشانێک دەوڵەتی بۆ دروست کردوون و دوایی رزگاربوون، هەرچەندە دەوڵەتی میللیش نەبوون یانی دەوڵەتێکی چەند میللییەتی بوون یان چەند گروپێکیئیتنیکی، ئەوە وردە وردە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و ئینجا شەڕی جیهانی دووهەم، ئەندامەتی کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپەنجا دەوڵەتەوە بووەتە سەت و حەفت و چەند دەوڵەت. بێگومان میللەتی کورد ئەوە دەبینێ، یانی روناکبیر و خوێندکار و جووتیار و کرێکاری کورد، هەموو ئەو ئومێدەیان لا پەیدا بوو لەکۆتایی سەدەی ١٨ و بیدایەتی ئەم قەرنەوە. بەڵام بەهێز نەبوو، نەیتوانی بەمافی چارەنووسی خۆی بگا. ئێستا هەموو نیشانەیەک چ لەدەرەوە و چ لەکوردستان ئەوە بەشتێکی نامەنتقی دەزانێ کەکوردستان بەمافی چارەنووسی خۆی نەگەیوە، یانی نەبوونی دەوڵەتی میللی خۆی. بەڵام من بەڕاستی ئەگەرچی لایەنگری ئەوە بووم و زۆریشم کار بۆ کردووە و هەموو عومری خۆشم بۆ ئەوە سەرف کردووە، من ئێستا موشکیلەیەکی فەلسەفی گەورەم بۆ هاتووەتە پێشێ وەکو شەخس. تەماشای دەوڵەتی میللی دەکەم، دەوڵەتێکی زۆر چەوسێنەرە، دەوڵەتێکی زۆر (ئێکستریم)ە، بەناوی میللەت و

بەناوی ناسیۆنالیزم، ناشیرینترین رەنگ بەخۆیەوە دەگرێ. شەرعییەت دەدا بەکوشتاری گشتی هەزاران ئینسان. لەسەر مافی زمان، ئینسانی بێ گوناه و ئینسانێک کەئەندامی گەلی زۆربە نەبێ، لەناوبردنی بەمەشروع دەزانێ. نموونە یەکجار زۆرە، مەسەلەن چەند مەجارییەکی بەستەزمان لەپاش شەڕی جیهانی یەکەم کەوتوونەتە ناو دەوڵەتی ڕۆمانی، لەسەر ئەوە کەداوای مافی زمانی خۆیان دەکەن، لەکاتی شۆڕشی ڕۆمانی دا، ٣٠ کەسیان لەسەر جادە کوشت لەبەرئەوەی ئەو داوایەیان دەکرد.

جا.. دەوڵەتی میللی وردە وردە خەریکە موشکیلەم بۆ پەیدا دەکا. موشکیلە فەلسەفییەکەش چییە؟ بۆ خۆم وەک ئینسانێکی کورد بیری لێ دەکەمەوە، جا باشە سوودی چییە دەوڵەتی میللیمان هەبێ، دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام حوسێن حوکمڕانیمان بکا. یان شێخێکی دواکەوتوو هەموو دەستەلاتێکی بکەوێتە دەستەوە. مانای ئەوەیە هەموو خەبات و تێکۆشانمان بەهیچ و خۆڕایی دەڕوا. ئەوە ڕاستە، دەوڵەتی میللی پێویستە، لەبەرچی؟ لەبەرئەوە پێویستە، چونکە بوونمان، هەوێتیمان، ژیانمان، زمانمان، فەرهەنگمان هەموو لەمەترسی دایە ئەگەر دەوڵەتی میللی نەبێ. وەکو چۆن ئاسورییەکان و ئارامییەکان و چەندین گەلی تر کەوەختی خۆی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست هەبوون، ون بوون و توانەوە. ئەگەر ئێمەش ئێستا (چونکە ئەوەندە تەعەدامان لێدەکرێ، فشارمان بۆ دێ لەلایەن فارس و عەرەب و تورکەوە) دەوڵەتی میللیمان دروست نەبێ، دەتوێینەوە و لەناو دەچین و نامێنین، ئەوەیە کەهانی داوم هێشتا باوەڕم بەدامەزراندنی

دەوڵەتی میللی هەبێ. بەڵام لەعەینی کاتدا وەکو گوتم موشکیلە فەلسەفییەکە ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەو دەوڵەتە دروست بوو، دیکتاتۆریەتێکی تێدا بێ کەلە سەدام حوسێن خراپتر بێ، سوودی ئەو دەوڵەتە چییە؟بۆ من وەکو ئینسان موشکیلەیەکە دیسان، ناتوانم لەوڵاتێکی وەهادا بژیم. دیسان دەبێ پەنا بەرمەوە بەر سوێد.

ئینجا، کەبیری لێ دەکەمەوە باشە، با ئینسان ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆی کەمێک فراوانتر بکا، ئەگەر لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، رژێمێکی دیموکرات و پێشکەوتنخواز و خاوەن کۆنترۆڵ بێتە کایەوە، مافەکانی ئێمەش قبوڵ بکا و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەوانە پێش بکەوێ، ئەوکاتە دامەزراندنی دەوڵەتی میللی مەرج نییە، پێویست نییە ئەمە یەک. دوو، نرخی رزگارکردنی وڵات گرانە، یانی من یەکێک لەو شتانەی ئێستا زۆری نارەحەت کردووم، لەقەرنی نۆزدەهەم را تا ئێستا چەندین ملیۆن ئینسان لەکوردستاندا شەهید بووە، تا ئێستاش نەمانتوانیوە رزگار بین. تەماشا دەکەم خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و رزگاری، زۆر گران لەسەر میللەتی ئێمە رادەوەستێ.

یەکێک لەشتەکان کەئەگەر ئیمکانی هەبایە یانی یەکێک لەگلەییەکانی ئێستا لەبزووتنەوەی کوردستانی تورکیا دەیکەم و هەموو جارێکیش پێم گوتوون ئەویش ئەوەیە لەکوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق فرسەت نەبوو رێگایەکی سیاسی بگرێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە، دەوڵەتی شا، دەوڵەتی خومەینی،

دەوڵەتی سەدام حوسێن و حکومەتەکانی پێشتری عێراق رێگایان لەوە گرتبوو تۆ بەرێگای سیاسیدا مافەکانی خۆت بەدەست بێنی. لەکوردستانی تورکیا ئەوە، ئیمکانی هەبوو. بەتایبەتی پاش ٨٩ بەولاوە ئیمکانی ئەوە، هەبوو هەتا ساڵی ٩٢، ئینجا پێویستی بەوە نەدەکرد ئەوان ئیللان و بیللان...- دەزانی چی، زۆر بەشێوەیەکی ساویلکانە، بەشێوەیەکی حیسسی، ئەوە نییە وەکو چۆن لەساڵانی شەستەوە وامان دەزانی کەخەباتی چەکداری بەرزترین پلەی خەباتی شۆرشگێڕییە، ئەوانیش بەدوای ئەو سلوکانە کەوتبوون وایان دەزانی ئیللان و بیللان کوردستانی تورکیا دەبێ بەخەباتی چەکداری رزگار بێ، دەنا رزگار نابێ. لەلایەکی دیکەوە، بەشەڕ و چەک ستروکتوری ئێکۆنۆمی لەکوردستاندا تێک دەچێ. بەم هەموو فەقیری و هەژارییەوە، ئەوەی کەهەشە نامێنێ. چەند جیلێک بێ خوێندن دەمێنێ، نەک جیلێک تەنێ، جیلێک و دوو جیل و سێ جیل لەکوردستاندا بێ خوێندن دەمێنێ. بەمە سەرمایەی میللی ئێمە لەناو دەچێ، بۆیە وا دواکەوتووین. زۆرجار هەمووومان قسەی لێدەکەین و دەڵێین کەمیللەتی ئێمە لەمیللەتانی دراوسێ پێشکەوتووترە، نەخێر وانییە. نەلەرووی عیلمییەوە، نەلەرووی خوێندنەوە، نەلەرووی تێکنیکەوە و نەلەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەمیللەتانی دراوسێ پێشکەوتووتر نین. راستە کادری وامان هەیە کەبتوانێ دەوڵەتێک بەڕێوەببا و قەناعەتم وایە کەدەتوانێ. بەڵام بەموقایسە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، نەخێر وانییە. ئەویش بۆ؟ چونکە هەر مەجبوور بووین دیفاع لەخۆمان بکەین، خەباتی چەکداری بکەین، بچینە شاخەکان و منداڵ و

گەنجەکانی ئێمەش هەموو واز لەخوێندن و کار و هەموو شتێک بێنن. ئەوە سەرمایە (**resource**)- مەبەستم دەوڵەمەندی نییە، مەبەستم سەرمایەی پسیکۆلۆژیک، خوێندکاری و فەرهەنگییە- هەموو لەدەست دەدا. ئینجا بۆیە شتێکم بەخەیاڵدا هاتووە! بەڵام بەڕاستی خەیاڵە، ئەویش ئەوەیە: من ئومێدم وا بوو- بەڵام زلهێزەکان بەداخەوە نەیان کرد، کەچۆن لەپاش شەڕی جیهانی دووهەم، بەزۆر ئالمان و ژاپۆنییان دیموکراتی کرد، لەنەتیجەی شەڕی کەنداودا (ئی ئەمجارە) عێراق داگیر بکەن و بەزۆر سیستەمێکی دیموکراتیک لەعێراق دامەزرێنن. سیستەمێکی ناوچەیی هێمن بێتە گۆڕی وەکو چۆن ( **Conference on Security and Cooperation in Europe**) (**CSCE**) لەرۆژئاوا هەیە، بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پەیدا ببێ، لەچوارچێوەی ستروکتورێکی هەرێمی ئەوهادا گەلی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراتیانە بەمافی خۆی بگا.. پێویستیشی بەگۆڕانی سنوورەکان نەبێ. یانی سنوورەکان وەک هەن، هەبن. بەو مەرجەی ئەگەر گەلی کورد لەهەر بەشێکی کوردستاندا، مافی دیموکراتی و کولتووری و ئێکۆنۆمی خۆی بەشێوەی فیدێرال بەدەست بهێنابایە، لەدوایە ئازاد بوایە لەناو ستروکتورێکی یەکگرتووی وەک بازاڕی یەکگرتووی ئەوروپا، بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو وەختە گەلی کورد دەبوو بەیەک، هەرچەندە بەفیعلی نا، بەڵام لەنەتیجەی ئینتیگراسیۆنی ئێکۆنۆمی و سیاسی و فەرهەنگی و ئەوانە.. دەبوو بەیەک، مەجالی ژیانی دەبوو. بەڵام ئەوە بەڕاستی ئومێد و هیوا و خەیاڵێکە کەبەدوای کەوتووم،

چونکە ئەو پرۆسەیە وا پێناچێ بێتە گۆڕێ. دیاردەیەکی سەیر لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، جا مومکینە ئێمەش ببینە قوربانی ئەو فێنومێنە. لەهەموو دنیا گۆڕان دەبێ، گەشە دەکا، بەرەو پێش دەچێ، کەچی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دواوە دەچن لەجیاتی ئەوەی گەشـەی ئێکۆنیمی بێتە کایەوە، دموکراسـی و ئازادیان هەبێ، ئیقتیساد پەرە بستێنێ، رۆژ بەرۆژ دواکەوتووتر دەبن. ئەوجا فوندێمێنتالیسمی ئیسلامی پەیدا بووە کەمەترسییەکی گەورەتـــر دروســـت دەبـــێ و لەو رژێـــمە دیکتـــاتۆری و دواکەوتووانەش خراپتر دەبێ چونکە زۆر تۆتالیتێر دەبێ بەناوی خوا و ئیسلامەوە... کەبەهاسانی ناتوانین لێی رزگار بین.

*** کاک عومەر،لەبەشێکی قسەکانتدا لەوەڵامی شیکردنەوەی (کۆنسێپت)ی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، ئەوەت بەجۆرێک گرێدا لەپرۆسێسی جێگیربوونی باوەڕی دیموکراسی. باشە دیموکراتی بوونی ئەو کۆمەڵگایانەی کەکوردی تێدا دەژین، چۆن دەبینی؟ پاشان مەسەلەی دیموکرات بوونی کوردان لەئاست یەکتری؟**

– ئەگەر بێینەوە سەر باسەکەی پێشترمان، یانی ئەو موشکیلە فەلسـەفییەی کەبـۆم هـاتووەتە گـۆڕێ، هێنـدێک کەس وا بیـر دەکەنەوە، مـومکینە ئەوان راسـت تـر بـن کەدەڵـێن: راسـتە، بـا دەوڵەتی میللی دروست ببێ، جا با دیکتاتۆریش بێ، لەئایندەدا گەشــە دەکـا و سیسـتـەمێکی دیمـوکراتیتر لەنـاو چوارچێـوەی دەوڵەتـی کوردیـدا دێـتە کـایەوە. ئەوەش (ئارگومێنـت)ێـکە کەلەجێگای خۆیەتی. مومکینە چارەیەکی باشـتریش بێ، چونکە

ئەو نرخەی کەتۆ ئێستا دەیدەی بۆ رزگارکردنی کوردستان، ئەوکاتە لەناو دەوڵەتی خۆت و لەناو میللەتی خۆتدا دەیدەی و ئەو مەترسییەی تێکچوون و لەناوچوونی میللەتی کورد، مومکینە نەیەتە کایەوە، ئەگەر دەوڵەتی میللی هەبێ. بێمە سەر پرسیارەکەت، جا ئەوەی سەیرە ئەگەر بگەڕێیەوە سەر سالآنی ٥٠، ئیمکانی دامەزراندنی دیموکراسی لەو ولآتانە زیادتر بوو لەوەی ئێستا. سەیرەکەی لەوەدایە، مەسەلەن لەسووریا، لەعێراق، لەتورکیا، یان لەئێران، نیمچە دیموکراسییەک هەبوو، نیمچە دەوڵەتێکی قانوونی هەبوو، پۆلیس بەکەیفی خۆی نەیدەتوانی خەڵک بگرێ، ببڕێ، بکوژێ و ئیعدام بکا. کەچی ئێستا دەوڵەتی توتالیتێر داندراوە و هیچ ئازادییەکی تێدا نییە. دەوڵەتێک کەپاسدار و حەرەس قەومی و دەزگاکانی سوریا بەکەیفی خۆی دەتوانێ خەڵک ببڕێ و بکوژێ. هەموومان ئومێدمان وابوو کەئەو گۆڕانکارییانەی لەئەوروپای شەرقی هاتە کایەوە، وردە وردە تەئسیر لەسەر ناوچەی رۆژهەلآتی ناوەڕاستیش بکا، بەلآم زۆر بەداخەوە لەبولغارستان راوەستا. بەراستی لێرەدا، لێپرسراوی ولآتانی غەرب و دەوڵەتی سەناعی پێشکەوتووش دەورێکی بالآیان هەیە. ولآتانی غەرب و ولآتانی شەرقی پێشکەوتووش، قازانجی ئیقتیسادیان پێ لەهەموو شتێک گرنگترە، گوێ نادەنێ لەو ولآتانە چ جۆرە رژێمێک هەیە. ئەو رژێمەی بۆ میللەتی خۆیان و بۆ ولآتی خۆیان قبوڵیان نییە، بەلآم بۆ گەلانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست دەڵێن نا، نابێ ئەو بالآنسە تێک بچێ، دەبێ ئەو سنوورانە و رژێمانە بپارێزرێن لەترسی ئەوەی قازانجی

ئیقتیســـادی و پیترۆلـــی و ســـتراتیژیکی ئەوان لەرۆژهەڵاتـــی ناوەڕاست تێک نەچێ.

هەمووم‌ـــان هومێـــدمان وابـــوو کەرۆژ بەرۆژ بـــزووتنەوەی دیموکراتیـک لەو وڵاتـانە گەشــە بکـا و بەهێـز ببـێ. ئینســـان (تانداس)یکیش دەبینێ، پاش گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای شەرقی هێندێک شت کرا. مەسەلەن لەتونس و لەئوردن هەڵبژاردن کرا، تورکیا مەجبوور بوو کراوەتر ببێ. سوریا و عێراقیش مەترسییان لێ پەیدا بوو پاش رووخانی (چاوشیسکۆ) و دەیانویست جۆرە گۆڕانێک لەرژێمەکانیاندا بێننە کایەوە، بەڵام وڵاتانی غەرب و بگرە کـۆمەڵی جیهـان، تەئسـیر و فشـارێکی ئەوتۆیـان نەهێنانەسـەر. مەسـەلەن ئێسـتا دەڵێن دەبێ رژێمێکی دیمـوکرات لە (هـایتی)دا دامەزرێ. بەڵام بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ رۆژێک لەرۆژان هەنگاوێکی وا نانێنەوە. بەپێچەوانە لەترسی ئەوەی کەرژێمێک و ئالترناتیڤێکی دیموکرات لەعێراق بێتە کایەوە، شەڕەکەیان راگرت بۆ ئەوەی سەدام حوسێن لەسەر کار بمێنێ و مەترسی لەسـەر وڵاتـانی خەلـیج دروسـت نەکـا. ئەوە هـۆی هەرە گەورە بـوو بـۆ راگرتنـی شـەڕ. ئێسـتا بەگژ ئێـران و عێراقـدا دەچـن، بەڵام قەت یـارمەتی ئۆپۆزسـیۆنی نـاو ئێـران و عێـراق نـادەن بـۆئەوەی رژێمێکـی دیموکراتیـک بێنـنە کـایەوە. ئایـا ئیمکـانی پرۆسـەی دامەزرانـدنی ئالترنـاتیڤی دیموکراتیـک لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەیە، یان نـا؟ بەقەنـاعەتی مـن هەیە، بەڵام مـاوەی دەوێ. ئێسـتا پیاو هەست دەکا، ژمارەیەک رووناکبیر لەناو عەرەبدا (وەک چۆن لەناو کوردیشدا) پەیدا بووە کەماندوو بووە، بێزار بووە. دەیـان

ساڵە چاوەڕێ دەکا گۆڕانێک لەناوچە و لەولاتی خۆی و دەوڵەتی خۆیدا ببێ، بەڵام نەبووە. بۆیە ئێستا کەوتوونەتە جموجۆڵ. کەوەزعی جیهانیش گۆڕاوە، مەسەلەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی زیادتر گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە، ئەو جۆرە رووناکبیرانە، چ هی عەرەب و فارس، چ هی تورک یان هی کوردیش، وردە وردە نفووزیان زیادتر دەکا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دیموکراتیک لەو ولاتانە. بەڵام ئەوە پڕۆژەیەکی ١٥-٢٠ ساڵییە، پڕۆژەیەکی سبەی و دووسبەی نییە بەقەناعەتی من. با ئەمن نموونەیەکی باشت بدەمێ، لەناو فەلەستینییەکاندا، بەشی هەرە زۆری ئەو کادرانەی موقاوەمەتیان دەکرد لەناو ئیسرائیلدا، ئەوانەی ناوەوە بوون. (حوسێنی)، (براسم نوسیبە)، (حەنانعەشراوی) و (دوکتور شافعی)، ئەوانە هەموو ئێستا تەماشا دەکەی کەدەوڵەتی فەلەستین خەریکە دروست دەبێ وازیان لە (یاسر عەرەفات) هێناوە و قبوڵیان نییە، چونکە دەڵێن سەرکردایەتی یاسر عەرەفاتسەرکردایەتییەکیٍنادیموکراتە. چوون ئەنیستیتۆی دیموکراسی و مافی مرۆڤیان دامەزراندووە و خەریکی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی فەلەستینن. تەبیعییە، لێرە لایەنێکی دیکە هەیە کەزۆر سەرنجڕاکێشە، ئەویش ئەوەیە: ئەوان لەناو سیستەمی عەرەبدا. راستە ئیسرائیل زۆری دەچەوساندنەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، فەرهەنگێکی سیاسی-دیموکراتیکی هەبوو. مافی مرۆڤ هەبوو. دەوڵەتی قانوونی هەبوو. ئەوان لەوەدا پەروەردە ببوون و تێگەیشتبوون و زانینی سیاسیان لا پەیدا ببوو. بۆیە ئامادەنین بگەڕێنەوە سەر

سیســتمێکی نــادیموکرات و ســەرەڕۆی وڵاتــانی عەرەبــی، یــان ناوچە، کەیاسر عەرەفات دەیەوێ بەڕێوەی ببا.

لەلای ئـێمەش ئومێد وایە ئێسـتا، (لەنـاو کـورددا) ئومێد وایە کەوردە وردە ئەو کــــــوردانەی لەدەرەوەی وڵاتـــــــن، ئەو رووناکبیرانەی کەچاویان کراوەتەوە و فەرهەنگی سیاسی وڵاتانی تریان بینیووە، زیادتر لەدیموکراسی بدوێن. خەڵک و جەماوەری کـــورد لەنــــاوەوەی وڵات، بــــاوەڕ بـــکە زۆر لەســــەرکردە سیاسییەکانمان دیموکراتی ترن. موشکیلەی ئێمە دەگەڵ خەڵک و جەمـاوەری نەخوێنـدەوار نیـیە. موشـکیلەی ئـێمە لەگەڵ ئیلیتـی سیاسی کوردە کەفەرهەنگێکی سیاسـی نادیموکراتییانەی هەیە، ئینجا لاعلی التعیین.. من لێرە پاکانە بۆ کەس ناکەم. باوەڕ بکە هەمــوو هێــزە سیاســییەکانی کوردســتان بەقەنــاعەتی مــن نادیموکراتن و فەرهەنگێکی سیاسی نادیموکراتیان هەیە، بەدوای دەستەڵات کەوتوون و خراپترین شێوەی ماکیاولیزم بەکاردەهێنن بـۆ وەرگرتنـی دەسـتەڵات. ئینجـا چ بەرانـبەر بەیەک، چ لەنـاو خۆیاندا، ئێستا لەناو ئیسرائیلییەکان و لەناو جوولەکان، میللەتێکی وەکـو جـوو کەئەوەنـدە زوڵمـی لـێ کرابـێ، تەعەدای لێکرابـێ، ئەوەندە لەناو چووبێ لەبەر پاراستنی هەوێتی خۆی، کەوتبێتە بەر قەتڵــی عــامی گشــتی کەلەدنیــادا شــتی وا رووی نەداوە، کەتاندانســی فاشیســتی و تاندانســی نــادیموکراتی و تاندانســی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەناویاندا پەیدا دەبێ، زۆر رووناکبیر پەیدا دەبێ کەزۆر رێئاکسیۆنی تونـد لەدژی ئەوە نیشـان دەدا، چونکە خۆی زەحییەی ئەوە بووە، قوربانی بووە.

جا ئەوەی سەیرە ئەوەیە کەگەلی کورد تەقریبەن ئەگەر بتوانم لەرووی تاریخییەوە (راستە زۆر میللەتی دیکەش جۆرە سیاسەتێکی قەتڵی گشتی وەکو جوولەکە لەدژی بەکارهێنراوە) بڵێم، لەقەرنی ئێستادا پاش جوولەکە، بەقەناعەتی من زۆرترین زوڵمی لێکراوە، مەترسی لەبوونی هەبووە لەلایەن سیاسەتی ئەو وڵاتانەوە. میللەتێک کەئەو تەجروبە تاریخییەی هەبێ ئینجا لەناو خۆیدا ئەوەندە نادیموکرات بێ بەلامەوە سەیرە. یانی ئینسانێک کەزەحییەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بێ، زەحییەی نەبوونی دیموکراسی بێ، قوربانی نەبوونی ئازادی بێ، ئینجا کەخۆی دەستەڵات دەگرێتە دەست ئەوەندە نادیموکرات بێ بەرانبەر بەخۆی و رەفیقەکانی و میللەتەکەی خۆی، ئەوە شتێکە کەمن لێی تێناگەم. دوو شت بەنیسبەت ئەوەوە، ئەمە نیشاندەدا کەئەو هەموو نوسینی جوان و بریقەداری کەلەرۆژنامەکان و گۆڤارەکانیان، یان شیعاری سیاسیاندا دەری دەبڕن و دەینووسن، نەباوەڕی پێدەکەن و نەرۆژێک لەرۆژان هیوایان وابووە، یان ئامانجیان وابووە کەئەوە جێبەجێ بکەن لەکوردستاندا یان لەهەر جێگەیەکی دیکە، هەر بۆ فریودان و فێڵبازی بووە چ بۆ میللەتی خۆی و چ بۆ خەڵکی بێگانە. ئەمە لەرووی فەرهەنگییەوە زۆر نزمە- من مەبەستم نییە قسە بەهیچ کەس بڵێم- بەڵام دەمەوێ وەک رەخنەیەک و بەگژداچوونێک لەسەر سیاسەتی دووڕوویی هێزەکانی کوردستان،دەست نیشانی کەم، ئەویش ئەوەیە تۆ لەلایەک پەلاماری حکومەتی دەستەڵاتدار، یان گەلی زۆربە دەدەی کەمافی تۆی خواردووە و سیاسەتێکی نادیموکراتییانە و ناڕاست

لەدژی تۆ بەکاردێنێ، بەڵام تۆ خۆت کەئەو دەستەڵاتە دەگرییە دەست خۆت، بۆ نابی بەنموونە بۆئەوەی ئەو سیاسەتەی کەبۆ خۆت داوات دەکرد بتوانی جێبەجێی بکەی و میللەتی خۆت گەشە بکا... جا لێرە ئینسان دەبێ بیر لەوە بکاتەوە، ئینسانی کورد بۆ خۆی بەکوشت دەدا؟! ئینسانی کورد بۆ ئامادەیە ماڵ و منداڵی خۆی بەبرسی بەجێبهێڵێ و بەدەیان ساڵ وازی لێبێنێ و بچێتە شاخ و داخ؟! بەهۆی ئەوەیە کەبتوانێ کەرامەتی خۆی بپارێزێ. وەکو ئینسان بەئازادی بژی، بتوانێ ژیانێکی باش بۆ ماڵ و منداڵی لەئایندەدا، دابین بکا.

ئەگەر لەناو سیستەمی خۆمدا نەتوانم کەرامەتی خۆم وەکو ئینسان بپارێزم، ئەوە رزگارکردن نییە، ئازادی نییە، دیموکراسی نییە... ئینجا ئەوە لەچییەوە دێ؟ لەشتێکرا دێ کەگەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهەموویانەوە بەداخەوە لێی بێ بەشن. ئێستا لەئەوروپا دا ژیانی تاکە ئینسانێک چییە بەلایانەوە زۆر گرینگە. زۆر ناڕەحەت دەبن کەئەندامێکی میللەتی ئەوان یان وڵاتی ئەوان بەفیڕۆ لەناو دەچێ، کەچی لەلای ئێمە ژیانی ئینسان نرخی نییە، نەک هی یەک، دەیان هەزار ئینسان نرخی نییە لەلای سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئێمە، ئەوە مانای ئەوەیە کەرێز لەمیللەتی خۆی ناگرێ، رێز لەهەویەتی خۆی ناگرێ، دەنا، ئەگەر نرخی بزانیبایە وای رەفتار نەدەکرد. جا با بێمە سەر دوو لایەنی ئەم مەسەلەیە، یەکیان ئەوەیە: زۆر رووناکبیری کورد و ئی هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو وەختێک وڵاتانی غەرب و پێشکەوتوو تاوانبار دەکەن کەدوبل ستانداردیان هەیە،

کەپێوانەی مزدەوەج بەکاردێنن لەسیاسەتیاندا. واتە سیاسەتێکی دووڕوویيان هەیە. ڕاستە ئەوە هەیە و دەبێ رەخنەی لێ بگیرێ و بەگژیدا بچین. بەڵم موشکیلەی هێزی سیاسی و سەرکردایەتی و حکومەتەکانی لای ئێمە ئەوەیە، نەک سیاسەتێکی دووڕوویی، بەڵکو سەت روویی بەکاردێنن. یەکێک لەرسیاسەتێکی دووڕوویی یان سەت روویی بەکاربهێنێ ئەو مافەی نییە کەرەخنە لەغەرب بگرێ کەسیاسەتی دووڕوویی بەکارهێناوە بەرانبەر بەمەسەلەی ئەو، ئەمە لایەنێک، لایەنی دیکەی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە، تۆ خۆت کتێبەکەی (کەنعان مەکییە)ت خوێندووەتەوە و لەسەریشت نووسیوە... رووناکبیری کورد زۆری پێخۆشە کەکەنعان مەکییە رووناکبیری عەرەب و حکومەتەکانی عەرەبی ریسوا کردووە، یان رەخنەی توندی لێگرتوون لەسەر ئەو سیاسەتی دووڕوویيەی کەبەکاری دەهێنن بەرانبەر بەمەسەلەی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام کەمافی مرۆڤ لای خۆمان پێشێل دەکرێ لەلایەن پدک و ینک و پکک و حدکا و هەموو لایەنەکانی تر، رووناکبیرانی کورد لێی بێدەنگ دەبن. بەچی؟! هەر بەعەینی ئەو (ئارگیومێنت)ەی کەرووناکبیری عەرەب بەکاری دێنێ و دەڵێ نابێ جلکە چڵکنەکانی خۆمان لەبەرچاوی خەڵک بشۆین یان راخەین. ئەوە بۆچوونێکی زۆر خراپە، بەقەناعەتی من ئەرکی سەرەکی رووناکبیری کورد کەباوەڕی بەدیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ هەبێ، ئەوەیە کەلەپێش هەموو شتێکدا دەبێ رەخنە لەهێزی سیاسی و بزووتنەوەکانی وڵاتی خۆی و گەلی خۆی بگرێ، ئینجا لەخەڵکی دیکە.

*** باشـه، میكـانیزمی پێكهـاتنی ئەو دیموكراسـییە چیـیە لەكوردستاندا؟**

– ئەوە پڕۆسـەیەكی درێژخـایەنە، شـتێكی زۆر هاسـان نیـیە، دامەزراندنی دیموكراسییەت بەچەند فاكتۆرێكەوە بەستراوەتەوە یەك: چەند فاكتۆرێك كەسۆبژێكتیڤن، ئەویش ئەوەیە كەئیلیتی سیاسی، رووناكبیر، رێكخراوە دیموكراتییەكان، ئینسانی كورد، لەفەرهەنگـی تـایبەتی خـۆیەوە بـاوەڕی بە (تـولێرانس) هەبـێ. بـاوەڕی بەبیـروڕای جیـاواز هەبـێ، بـاوەڕی بەپرۆسـەی دیموكراسـی هەبـێ. ئەوە لایەنێـك. لایەنـی دووهەم: مەرجـی دامەزرانـدنی رژێمێكـی دیمـوكراتیكە، ئەویـش بـوونی دەوڵەتـی قانوونە، بوونی دەستوورێكە، بوونی رێكخراوە مام ناوەنجییەكانە هەرئەوەی كەلەلای خۆمان پێی دەڵێین رێكخراوە دیموكراتییەكان و لەسـوێد پێـی دەڵـێن **folkrörelser**، ئەوانەی كەدەبنە ئـاڵقەی پێوەندی لەبەینی حكومەتی دەستەڵاتدار و جەماوەری گەلدا..

مەسەلەی سەربەخۆیی دەزگای عادلییەیە كەدەبێ بەهێز بێ. مەسەلەی چاكبوونی ئێكۆنۆمییە. مەسەلەی ئێكۆنۆمی لەتیۆری دیموكراسیدا وەكو مەسەلەی هێلكە و مریشكی لێهاتووە، هێندێك تیۆریسیەن دەڵێن كەدیموكراسییەت و ئاشتی و دەوڵەتی قانوون هەبێ، بەتەبیعەتی حاڵ وڵاتەكە گەشە دەكا و وەزعی ئیقتیسادی باشـتر دەبـێ، نیزامـی دیموكراتیـك قـوڵتر و چەسـپاوتر دەبـێ. هێندێك كەس دەڵێن نەخێر بوونی وەزعێكی ئیقتیسادی باش رێگا بۆ ئەوە خۆش دەكا كەرژێمێكی دیموكراسی بێتە كایەوە. جا هەردووكیان بەیەكەوە بەستراونەوە. جیا لەوە چەند میكانیزمی

دیکەی دەویّ، میکانیزمی هەڵبژاردنی ئازاد، هەبوونی پارلمان، قانوونی ئازادی حیزبەکان، میکانیزمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات.

یەکێک لەهۆیەکانی شەڕ لەکوردستانی عێراق ئەوەبوو، هەرچەند هەردووکیان بەناو دەڵێن ئێمە دیموکراتین و دیموکراسیمان قبوڵ کردووە، بەڵام چونکە مەترسی لەوەدا هەیە کەلەئایندەدا دەستەڵات لەدەستی بچێتەدەر و ئەوی تر بیباتەوە، قبوڵی نییە و لەئێستاوە شەڕ دروست دەکا. بەڵام ئەگەر باوەڕی بەدیموکراسی هەبووایە دەبوو قبوڵی بایە کەسبەی ئەو حیزب یان دووسبەی حیزبێکی تر سەردەکەویّ.. ئەو پرێنسیپەی قبوڵ بیّ کەلەنەتیجەی هەڵبژاردندا دەستەڵات دەگۆڕدریّ و دەبیّ لەچوارچێوەی ئەو گەمەیەدا کار بکا. میکانیزمێکی دی، رێکخراوی تازەیە.. کەهەرکەسێک مافی تەواوی هەبیّ حیزبی خۆی دامەزرێنیّ.. ئەم میکانیزمانە کەبەدەوڵەتی قانوون و دیموکراسی بەستراونەوە ئەگەر بچەسپێن لەتەجروبەی کوردستاندا، دیموکراسی قوڵتر و باشتر دەبیّ و ئیمکانی سەرکەوتنیشی دەبیّ..

*** بۆ وێنە ئەو بوارانەی کەدەکریّ دامەزراندن و رەچاوکردنی دیموکراسی تێدا تاقی بکرێتەوە، چلۆنایەی پێوەچاران بەزمان و لەهجەکان لەکوردستان، یان مەسەلەی بۆچوون سەبارەت بەژنان و هەروەها مافی کەمە نەتەوایەتییەکان لەکۆمەڵگەی کورد دایە. ئەو سیّ بابەتانە چۆن دەبینی؟**

- بەراستی ئێمە هەمموومان وەدوای میتۆلۆژییەک کەوتووین کەبەشی زۆری، بێگانەکان دەورێکی باڵایان هەبووە لەدروستکردنیدا، ئەویش پێوەندی بەمافی ژنانەوە هەیە لەکۆمەڵی

کوردەواریـدا. زۆر لەو بێگانـانەی بەسـەفەر چـوون و لەسـەر کوردستانیان نووسیوە، هەموو وەختێک باسی ئەوەیان کردوە کەچـۆن ژن لەکوردسـتاندا ئـازادتر بـووە... بەموقایسـە لەگەڵ گەلانی دراوسێدا. ئەوە راستە هەتا رادەیەک مومکینە وابێ. ئێمە بەشێوەیەکی ئیدیال، ئەو میتۆلۆژییەمان قبوڵ کردووە کەوایە، بەڵام راستییەکەی وانییە. ژن لەکۆمەڵی کوردەواریدا یەکسان نییە لەگەڵ پیاو. ئەو مافەی کەهەشیەتی، هۆیەکەی چییە؟! هێندێکیان ئـۆبژێکتیڤن، هێنـدێکیان پێوەنـدی بەفەرهەنگـی ئـێمەوە هەیە، ئۆبژێکتیڤەکەی چییە؟

١- دین، چونکە ئەوەندە بەهێز نەبووە لەکوردستان، بەموقایسە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ژنی جیاواز نەکردووەتەوە لەپیاو.

٢- ئێمە کۆمەڵێکی کشتوکاڵیین، کۆمەڵێکی لادێیین، هەرچەند ئەویـش خەریـکە وردە وردە دەگـۆڕێ، لەلادێـدا، نەک تەنهـا لەکوردستان لەهەموو دنیا، کۆمەڵ کراوەترە، پێوەندی بەینی ژن و پیاو یەکسانترە، ژن لەگەڵ کۆمەڵی پیاو تێکەڵاوترە، بۆیە ژن لەکوردستانیشـدا ئـازادتر بووە لەخوشکەکانی خـۆی لەوڵاتـانی دراوسێ. لەو وڵاتانە تەماشای شـارەکانیان کردوە، بەتەبیعەتـی حاڵیش لەشاردا مەسەلەی (شەڕەف) و (کەرامەت) و (پاراسـتنی ژن) جیاوازیان زۆر بەهێزە. تۆ ئەگەر تەماشای ئیسلامیش بکەی، لەحەقیقەتدا، لەبیدایەتدا ژن جیـاواز نەبـوو لەپیـاو. بەڵام لەدوایە کەدەوڵەتی (بیزانس) و (فارس)یان داگیر کرد، ئەو عادەتـانە لەو وڵاتـانەڕا هـاتوون چـونکە ئەوان دەوڵەتـی شارسـتانی بـوون. عەرەب لەسەحرا راهاتبوو، پێوەندی ژن و پیاو زۆر کراوەتر بوو.

جا ئێستا کەزۆرجار باسی ئەوە دەکەن کەئەمە بەشێک بووە لەئیسلام، نا، ئەوە لەدوایدا بوو بەبەشێک لەئیسلام لەهەوەڵێ وانەبوو.

٣- واپێدەچێ لەناو فەرهەنگی ئێمەدا رێزگرتن لەژن ئێلێمێنتێکی گرینگ بێ، یانی وەختێک تەماشا دەکەم ئەو کوردەی کەژنی بێگانەی هەیە لەگەڵ کەسێکی کەبڵێین خەڵکی وڵاتانی دراوسێیە، دەبینم کەبەشی زۆری کوردەکان بەشێوەیەکی لیبراڵتر لەگەڵ ژنەکانیان رەفتار دەکەن. جا ئەوە رەنگە فاکتۆرێکی دیکە بێ، ئەویش چییە، کەکورد وەکو چۆن پەنابەرەکان کەوەختی خۆی لەئەوروپای شەرقی هاتنە ئەوروپا هەموو پردەکانیان دەسووتاند، نییەتی گەڕانەوەیان نەبوو، چونکە ئەو سیستەمەیان قبوڵ نەبوو.. کەدەهاتنە وڵاتێکی بێگانە بەهەموو ئیمکانی خۆیان هەوڵیان دەدا، کەلەگەڵ ئەو کۆمەڵە بگونجێن و ژێر پێی خۆیان لەو کۆمەڵە بدۆزنەوە. کورد چونکە نە تورکیا، نە سووریا، نە ئێران و نە عێراق، بەحکومەتی خۆیان نازانن. چاویان لەگەڕانەوە نییە هەتا کوردستان رزگار نەبێ- کەئەویش مومکینە خەونێکی درێژخایەن بێ- بۆیە خێرا هەوڵ دەدەن لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە بگونجێن وەک قانوونێکی گشتی. مانای ئەوە نییە کەهەموو کوردێک وایە.. جا کەلەگەڵ فەرهەنگی ئەو وڵاتە دەگونجێ ئەو ئێلێمێنتەش پەیدا دەبێ. بەڵام من وا هەست دەکەم کەلەفەرهەنگی ئێمەدا، شتێک هەیە کەجیاوازە لەگەڵ فەرهەنگی گەلانی دراوسێ، ئەویش رێزگرتنی نیسبی زیادترە لەژن..

ئێستا ئەگەر بێینە سەر ئەو مەسەلەیە کەئایا ژن لەکوردستاندا مافی هەیە یان نا؟ نەخێر مافی تەواوی نییە... ئەگەر بمانەوێ وڵاتێکی یەکسان و دیموکرات و کۆمەڵێکی پێشکەوتنخواز دابمەزرێنین دەبێ پڕۆسەی رزگاربوونی ژن زۆر گەشەی پێبدرێ.

*** مەبەستت ئەوەیە کەیەک لەمەرجەکانی دامەزراندنی ژیانی دیموکراتیک ئاڵوگۆڕ پێکهاتنە لەپێوەندی نێوان ژن و پیاویشدا..؟**

- بێگومان.. بێگومان.

*** بەڵێ.**

- لەمەسەلەی زمان و لەهجەکانی کوردیدا.. بۆ خۆت دەزانی کەمن شتێکم نووسی لە (بەربانگ)دا و لەوێدا هێندێک لەبۆچوونەکانی خۆم باس کرد.. لەو سمینارەی کەلەسەر شەڕی کوردستانی عێراق لێرە لەستۆکهۆڵم بەسترا..

*** کەنگێ؟!**

- ... لەمانگی یونی بوو..

*** ئەو ساڵ..**

- بەڵێ، لەوێ شتێکم هێنایە گۆڕێ کەئەویش لەنەتیجەی پڕۆسەی بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن پێی گەیوم.. من ئێستا گەیشتوومە ئەو قەناعەتە ئەگەر دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانیش دابمەزرێ، مەسەلەی زمان مەسەلەیەکی گرینگە، یانی هەوێتی

ئینسان (ئیدیتێنت)ی ئینسان بەزمانەوە بەستراوەتەوە و بمانەوێ و نەمانەوێ، هەویێتی ئینسانی کورد- راستە خۆی بەکورد دەزانێ- بەڵام لەعەینی کاتیشدا (سوب ئیدیتێنت)ێک هەیە، یانی ئیدیتێنتێکی خوارەوەتر، کەدەورێکی باڵا دەبینێ، ئەوەی کەیەکێک خۆی بەسۆران دەزانێ، ئەوی تر خۆی بەکرمانج دەزانێ، یەکێکی تر خۆی بەزازا دەزانێ و یەکێکی تریش خۆی بەهەورامی دەزانێ.. لەبەرئەوەی بەداخەوە لەوەختێ خۆی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی دانەمەزرا، زمانی ستانداردی کوردی نەهاتە گۆڕێ.. بەڵام لەبارودۆخی ئێستادا من مەترسییەکی گەورەم هەیە، کەدەوڵەتی کوردیش دامەزرێ، لەنەتیجەی بوونی ئەم لەهجە جیاوازانە و خۆبەستنەوە بە (سوب ئیدیتێنت)ی زمانەوانی، ببێ بەهۆی شەڕی ناوخۆ و تێکچوونی دەوڵەتی کوردی، جا بۆیە لەئێستارا بیرم لەچارەیەک کردووەتەوە و ئەویش ئەوەیە کەدەوڵەتێکی فیدراڵی کوردستان دروست ببێ، نەک دەوڵەتێکی یەکگرتووی سانترالیست، بەڵکو دەوڵەتی کوردستان خۆی دەوڵەتێکی فیدراڵ بێ. (زازانشین) دەوڵەتی لۆکاڵی خۆی هەبێ، ناوچەی سۆرانی زمان دەوڵەتی تایبەتی خۆیان هەبێ، هەروەها هەورامییەکان و کرمانجەکان دەوڵەتی خۆیان هەبێ...

*** مەرکەزی دەوڵەتە سۆرانەکە لەکوێ بێ؟**

- (پێکەنین)... جا کاکە ئەوە شتێکە لەبەینی ساباڵخ و سلێمانی، ئەمن حەقم بەسەر ئەوەدا نییە.. دەبێ خەڵکی سلێمانی و ساباڵخ لەبەینی خۆیان رێکەون.. من بەگوناهی دەزانم، بەزوڵمیشی دەزانم و بەمەترسییەکی گەورەشی دەزانم لەسەر خۆمان و لەسەر

دەوڵەتـی خۆمـان، کەئینسـانێک یـان ژمـارەیەک ئینسـان لەبەر مەسەلەی زمان بەناوی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتوو، تۆ بچی بەدەیان دێهات و هەزاران ئینسان بکوژی، ئەوە چییە وەڵڵا دەبێ زمانی ستانداردی یەکگرتوو دروست بێ. کوڕە با نەبێ..

* کاک عومەر، وەک نموونە شتێکی وا هەبووە؟

- دەزانی چی چاوەکەم، ئێستا دەوڵەتی سویسرا لەبەرچاو بگـرە، دەوڵەتـێکە لەســەر ئەساســی کانتۆنـان دامەزراوە، ئەوە یەکیەتی وڵاتەکەش بەهێز دەکـا. چـوار زمانیشـن (فەڕانسـەیی، ئیتالیایی، ئالمانی و رۆمانش (گریشوون)) هـا! ئەم چوار زمـانە سفەتی رەسمیان هەیە لەو وڵاتەدا و نەبوونە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە زەعیف بێ یا تێکبچێ. جا ئێمە ئێستا تانداسێک دەبینین، زمانی سۆرانی، لەهجەی خۆی زۆر بەگرینگ دەزانێ، هەورامی ئێستا نا، چونکە بەداخەوە کەم بوونەوە، کەچی وەختی خۆی زمـانی (لینگوافرانکـا)ی کوردسـتان بـووە. زازا ئێسـتا هەسـتی خۆبەستن بەزمانی خۆیانەوە گەشـە دەکـا و بەهێـز دەبـێ و بەلایەوە گرینگە کەبیپارێزێ. ئینجا لەرووی دیموکراسییەوە کەتۆ بـاوەڕت پێـی هەبـێ دەبـێ ئەو مافەیـان بـدەیتێ. ئـاخر شـت لەمەسەلەی زماندا، لێکۆڵینەوەی عیلمی لەسـەر زمـان و کولتـور دەیسەلمێنێ کەچەند شێوەی بیلعەکس زمان دەوڵەمەندتر دەکا، نەک زەعیفی بکا، یانی کۆنسێپتی یەک خاک و یەک زمان و یەک دەسـتەڵات و یەک حیـزب و ئەوانە بـاوی نەمـاوە. ئەوە تاقیکردنەوەیەکی نا سەرکەوتوو بووە. ئێستا خۆ خۆمان دەبینین کەدەوڵەتـی میللـیش وردە وردە بەرەو نەمـان دەڕوا، جـا ئـێمە

کەبمانەوێ میللەتەکەمان گەشە بکا، دەتوانین فەرهەنگی خۆمان دەوڵەمەندتریش بکەین ئەگەر لەهجەکانمان گەشە بکەن و بەهێز ببن. تۆ دەتوانی لەسیستمێکی وادا، وردە وردە زمانێکی ستاندارد بکەیتە هۆی پاراستنی لەهجەی مەحەلی. بەڵام ئەگەر بەزۆر بیکەی..! شەڕ دروست دەبێ. ئەمە لەرووی مەسەلەی زمانەوە...

*** مەسەلەی کەمە نەتەوایەتییەکانیش...**

– مەسەلەی کەمە نەتەوایەتییەکان، یەکێک لەشتە ئاڵۆزەکانی مەسەلەی کوردستانە. سەیر ئەوەیە بەلای منەوە وەک ئینسانێک، لەسالآنی ٥٠ لەناو ئایدۆلۆژی هەموو حیزبە کوردستانییەکان، پاراستنی مافی کەمە نەتەوایەتیەکان لەکوردستاندا، بەئاسۆری، ئەرمەنی، تورکومان، عەرەب و ئازەرییەوە، بەلایانەوە زۆر گرینگ بوو. لەبەرنامەی حیزبەکانیشدا هەمیشە گرینگیەکی تایبەتی پێدەدرا. ئێستا تەماشا دەکەم وردە وردە جیلی تازەی ناسیۆنالیستی کورد عەینەن وەکو ناسیۆنالیستی عەرەب و فارس و تورک، مافی ئەو گەلانە دەخوا، ئینکاری دەکا، دەیانکاتە کورد، دەیەوێ بیانتوێنێتەوە، کەئەوە لەگەڵ دیموکراسی و کۆمەڵگەی پلۆرالیزم ناگونجێ. تۆ دەبێ زۆر کاری بۆ بکەی کەلەئێستاوە مافیان بپارێزی. دەبێ لەدەستوردا، لەدەزگاکاندا، لەتەفسیرکردندا مافیان بپارێزی. دەبێ یارمەتیان بدەی وەکو کەمایەتی. بۆ خۆت دەزانی هەموو کەمایەتییێک هەندیکاپ (نەقوستان)ە، دەبێ کۆمەڵ پشتیوانی بێ، بۆ ئەوەی گەشە بکا چونکە ناتوانێ مونافەسە لەگەڵ گەلی زۆربە بکا. دەبێ سیاسەتێکی تایبەتیمان هەبێ لەئایندەدا، ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک لەناو

خۆماندا بپارێزین. یەکێک لەشتەکان کەزۆرم پێ ناخۆشە ئەو تەعەدایەیە کەلەمەسیحییەکانی کوردستانی (عێراق) دەکرێ، بەتایبەتی لەبادینان (دێهاتەکانیان داگیر دەکەن، دەریان دەپەڕێنن، دەست بەسەر خاکەکانیاندا دەگرن، لەهیچ و خۆڕایی). زۆر سەیر بوو.. من پار هاوین لەکوردستان بووم، وەفدێکی ئاسۆرییەکانی ئەوێ هاتن ویستیان (مام جەلال) ببینن لەشەقلاوە. قەشەکەیان هات دانیشت و گلەیی کرد کەچۆن لەناوچەی بادینان تەعەدایان لێدەکرێ و دێهاتەکانیان داگیر دەکرێ و... چۆن هێندێک دێهاتیان ئاوەدان کردووەتەوە و چەند لێپرسراوی (پدک) هاتوون لێیان تێکداونەتەوە و ئەوانە... منیش کەزۆر بەلامەوە سەیر بوو گوتم ئەرێ کاکە ئەوە باشە هاتوون گلەیی دەکەن، لەگەڵ حکومەتیش باسی بکەن و لەرۆژنامەکاندا لەسەری بنووسن و.. گوتم بەڵام بۆ دەزگا مەسیحییەکانی دەرەوە نانێرن مەسەلەن بۆ بۆ ڤاتیکان نانووسن، بۆ بۆ (World Council of Churches) نانووسن؟! دەزانی کابرای قەشە چی پێگوتم کەبەراستی هەم زۆرم پێ خۆش بوو و هەم زۆریشم پێ سەیر بوو، گوتی: (نامانەوێ ناوی کورد خراپ بکەین). یانی بەو تەعەدایەش کابرا ئەوەندە دڵسۆز بوو بۆ کوردستان کەنەیدەویست ناوی کورد بزڕێنێ.

* کاک عومەر، با بێینە سەر باسی سوێد.. ساڵەهای ساڵە باسی ئەوە دەکرێ لانی کەم پێویستی ئەوە لەگۆڕێ دایە مرۆڤ داوا بکا رادیۆیەکی سەرانسەری دابمەزرێ. بەدیتنی تۆ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە چ بکرێ باشە؟

– لەوەختی خۆیدا داواکرا بۆ دامەزراندنی رادیۆیەکی وا، یان پرۆگرامێکی تێلیڤیزیۆنی.. ئەو (ئینسیاتیڤ)انە هەرکەسە لەلای خۆیەوە کردی، چونکە دەیەویست بیکاتە سەرکەوتن بۆخۆی بەتەنها، نەک بۆ هەموو کورد، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، لەجیاتی ئەوەی چەند کەسی لێوەشاوە و شارەزا، بەیەکەوە کار بکەن، پرۆژەیەکی رێکوپێک بنووسن و بەوەفد بچن دەگەڵ چەند دەزگایەکی سوێدی قسە بکەن بەرەسمی کەئەوە داخوازی پەنابەرەکانی سوێدە. بەڵام نەک شتێکی وا لەهەموو لاوە گلەیی لێبکرێ و لەدژی یەکدی قسە بکرێ.

یەکێک لەو شتانەی کەهەموو وەختێک دەزگا ئەوروپاییەکان دەترسێنێ و لێی دەسڵەمێنەوە ئەو جۆرە گیروگرفتەی ناو کوردەکان خۆیەتی. کەهەنگاوێک دەنرێ لەچەندین جێگاوە یەکسەر گلەیی لێدەکرێ کەئەمە ناڕاستە و بێ جێیە و نازانم چی..! موشکیلەی رادیۆی کوردیش ئەوە بووە کەچەند جارێک هێندێک ئینسانی بێعەقڵ بەداخەوە ئیسراڕیان دەکرد کەئیللان و بیللان دەبێ بەکرمانجی بێ، هێندێک دەیانگوت دەبێ سۆرانی بێ، هێندێک دەیانگوت دەبێ کوردی غەیرە سوێدی تێدا نەبێ. بۆچوونی زۆر جیاواز هەبوو.. کەچی ئێمە ئێستا دەبیستین کە (دەنگی ئامریکا) بەبێ موشکیلە کرمانجی و سۆرانی بڵاودەکاتەوە و هەموو کەسیش تێیدەگا... بەقەناعەتی من دەبێ چەند کەسێکی شارەزا و لێوەشاوە لەناو کۆمەڵەی کوردیدا، پڕۆژەیەکی رێکوپێک دەربارەی مەسەلەی کورد لەسوێد پێشکەش بەوەزارەتی فەرهەنگ، یان دەزگای کاروباری بێگانان بکەن،

پێشکەش بەحکومەتی بکەن، پێشکەش بە دەزگای رادیۆ و تێلیڤیزیۆنی بکەن.. ئەوە وەک هەموو شتێکی دیموکراتیک دەبێ ئەساسێکی بۆ پەیدا بکەی، دەبێ کارێکی وا بکەی پرۆڤوکاسیۆن و ئاژاوە دروست نەکا لەناو کورد. بەڵکو دەبێ لەگەڵ بنکەیەک پێوەندی پەیدا ببێ کەخەڵک قبوڵی بکا. مەسەلەن چەند دەزگایەکی کوردی هەیە دەبێ دەگەڵ ئەو لایەنانە باس بکرێ و رەزامەندی ئەوان و نوێنەری ئەوانی تێدا بێ، جا شەرت نییە وەکو رێکخراو..

*** سەبارەت بەدیموکراسی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا باست کرد.. ئەمن تا ئەو جێیەی بزانم بەهەموو حیسابان، دەبوو پرۆسەی دیموکراسی لەو ناوچەیەدا بەپێی ئەو تەجروبانەی کەدیتمان (وەک رووخانی سیستەمی شەرق و سۆڤیەت)... تەئسیر نەک لەسەر کورد بەڵکو دەبوو لەسەر فارس و تورک و عەرەبەکەش دابنێ، بەڵام تەئسیری خراپی بەتایبەت لەسەر فارس و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی داناوە.. هەر ئەوانەی پێشوو کەجاران دیفاعیان لەمافی گەلی کورد دەکرد ئێستا بوونە دوژمن و لەباری فکرییەوە تەواو دەگەڵ حکوومەتی ئێران یەکن بۆ لێدانی کورد بەتایبەت لەئاست ئەو دەوڵەتەی کەلەخوارووی کوردستانی دامەزراوە... ئێوە لەو بارەوە نەزەرتان چییە و ئەوە چۆن دەبینن؟**

- جا من با عەرزت بکەم، منیش عەینی تەجروبەم هەیە، بەڵام لەگەڵ رووناکبیری عەرەب و فەلەستینی. ئێمە لەناو ئەو برادەرانەی کەدۆستی (ینک) بوون، لەهەموان زیادتر دۆستی فەلەستینیمان هەبوو یانی لەناو ئینسانی پێشکەوتنخوازی عەرەب، لەمەسەلەی هەڵەبجە بێدەنگ بوون و هەوڵیان دەدا عوزرێک بۆ

سەدام بهێننەوە، کەچەکی کیمیایی بەکارهێناوە لەدژی کورددا کەهاوکارییان دەگەڵ ئێران کردووە. دوو؛ لەدژی فیدراڵی بەشێوەیەکی زۆر دوژمنانە راوەستان، ئەوە بەراستی چاوی کردمەوە، هەربۆیە ئێستا دەڵێم ئەو فەرهەنگی دووڕوویی یان سەت روویی بۆ ئینسانی رووناکبیر و مرۆڤی پێشکەوتنخوازیش زۆر بەداخەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە. بەڵام راستیش دەکەی کەپڕۆسەی دیموکراتی بوون لەوێ شکستی هێنا، حکومەتەکان لەجیاتی ئەوەی لاواز ببن و رێگا بدرێ کەپرۆسەی دیموکراسی گەشە بکا، وریا بوونەوە و خۆیان بەشێوەیەکی دڕندانەتر دەپارێزن و دەیانەوێ رێگا لەو پڕۆسەیە بگرن...

*** ئێوە وەک زانایەکی کورد کەلەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی سوێدی تێکەڵاویتان هەیە، نەزەریان سەبارەت بەکورد و رووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان چییە؟ راستییەکەی وام بیست گۆیا هێندێک لەکاربەدەستانی غەربی گوتوویانە ئێوە کەئەو چەند ساڵەی نەتان توانیوە هیچ بکەن، لەگەڵ سەدام رێککەونەوە باشترە... ئەوە تا چ رادەیەک راستە؟**

- نا نا قسەی وایان نەکردووە... بەڵام سەهمی گەلی کورد هاتە خوارێ...

*** مەبەستت پرستیژە...؟**

- .. بەڵێ، جاران ئەو تەعەدا و چەوساندنەوەی کەبەرانبەر بەگەلی کورد دەکرا، بەتایبەت قەتڵە گشتییەکان لەکوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق و لەدوایە کوردستانی تورکیاش زۆر

سەمپاتی بۆ گەلی کورد پەیدا کردبوو... بەتایبەت پاش هەڵەبجە و شــەڕی کەنــداو... بەهەڵبژاردنــی کوردســتانی عێــراقیش زۆر پرســتیژی گەلـی کـورد بەرزبـووەوە، کەمیللەتێک لەبرسـێتی و هەژاری و فەقیـری، لەتێکچـوونی سـتروکتووری کۆمەڵایەتیـدا، لەشەڕێکی درێژخایەندا بتوانێ هەڵبژاردنێکی وا ئازاد جێبەجێ بکا، ئەوە نیشاندەدا کەئەو میللەتە ئاواتی دامەزراندنی رژێمێکی دیمـوکراتیکی هەیە. راسـتە کەم و کـورِی زۆرە، بەڵام بەلانــی کەمەوە ئاواتی ئەوەی هەیە و بۆیە بەڕێزەوە تەماشای کوردیان دەکرد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام دوای ئەوەی کەئەو وەزعە هاتە گۆڕێ، من تەجروبەی راستەوخۆم هەیە، لەچەند روویێکەوە زۆر زەرەری دا، یەک، پـــێش هەمـــــوو شـــــتێک لەرووی دیپلۆماسـییەوە زۆر زەرەری دا، پرسـتیژی ئـێمەی زۆر هێنـایە خـوارێ، یـانی ئیتـر بەسـووکی تەماشـا دەکـراین. دوو، لەرووی سیاسـییەوە ئەو گـرینگییە ئیتـر بەبـزووتنەوەی کـورد نەدرا، کەجـاران پێـی دەدرا. سـێهەم؛ زەرەری ناوبـانگی گەلـی کـورد، ئەوسا ناوبانگمان پەیدا کردبوو کەپاش ئیسرائیل مومکینە کورد دووهەمــین مــیللەت بــێ کەبتــوانێ دەوڵەتێکــی دیموکراتیــک لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دامەزرێنێ و ئەوە تەئسیر بکاتە سـەر گەلانی تریش. بەداخەوە وانەبوو. ئینجـا بـا مـن قسـەی هێنـدێک بێگانەت پێ بڵێم لەسەر ئەوە، هێندێک ئەندامی کۆمیتەی سوێدی، ئەنــدامی پارلمــان و هێنــدێکیان ئەنــدامی کــۆمیتەی نــۆروێژ کەپشــتیوانی لەگەلــی کــورد دەکەن و ئەنــدامی پارلمــانن، زۆر پەرۆشی ئەوە بوون کەچ بکەن تاکو شەڕ رابوەستێ. نامەیەکی

موشتەرەکیان نارد بۆ هەموو ئەو کۆمیتانەی کەپشتیوانی لەگەلی کورد دەکەن و نامەیەکیشیان نارد بۆ (کاک مەسعوود بارزانی) و (مام جەلال تالەبانی) و داوایان کرد شەڕەکە رابوەستێنن. هەر لەو کاتەدا تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان جیا لەو نامەیە چی تر بکەین باشە..!! لەناو قسەکاندا هەموو جارێ کەباسی تەجروبەی دیموکراسیم دەکرد پێدەکەنین... دیموکراسی چی و حاڵی چی...

هەر عەینی ئەو قسەیەی کەپێشتر خۆم کردم لەوانم بیستووە کەدەیانگوت ئێمە تروسکەیەکی هیوامان لا پەیدا ببوو کەمیللەتی کورد شتێک لەناو فەرهەنگی دا هەیە کەدیموکراتی ترە لەفەرهەنگی سیاسی گەلانی تری رۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەڵام بۆمان دەرکەوت کەنەخێر، وانییە. ئینجا جیا لەوە ئەو راپۆرتانەی بەدەستیان گەیشتووە کە ینک و پدک لەدەرەوە بڵاویان دەکردەوە، ئەم ئیتیهامی ئەوی دەکرد کەچۆن مافی مرۆڤی پێشێل کردووە و ئەسیری کوشتووە و تەعەدای کردووە، لایەکەی تریش هەر هەمان شتی دەگوتەوە...

*** پێمان خۆش بوو بیروباوەڕت لەسەر (گزینگ) بزانین، چۆن گۆڤارێکە ئەوەی تاکو ئێستا دیوتە؟**

- من وەکو پرێنسیپ زۆر زۆرم پێ ناخۆشە کەجارجار لەپڕێکا گۆڤارێکی تازە دەردەچێ و بۆچوونێکی وام هەیە کەئەم رووناکبیرانە بۆچی هەموو جهود و ئیمکانی خۆیان ناکەنە یەک و گۆڤارێک بەیەکەوە دەرناکەن. بەڵام بەراستی پاش ئەوەی کەژمارە (١)ی گزینگم بینی کەجەنابت بۆت ناردم و لەدواییدا کاک سلێمان بۆی ناردم و بۆخۆشم بوومە ئابوونە، ژمارە

بەژمارە دەیخوێنمەوە، هەم مستەوای بەدڵمە هەم ناوەرۆک و ڕێبازەکەی. گۆڤارێکی مەوزوونە، ئومێدەوارم ئایندەیەکی باشی هەبێ و ئەگەر لەسەر ئەو خەتە بەردەوام بێ لەوانەیە ئایندەیەکی زۆر باشی هەبێ.

*** هیچ ڕا و شتێکی تایبەتیت نییە بۆ ئەوەی باشتر ببێ؟**

- سەرپێی ناتوانم هیچ بڵێم، بەڵام هەتا ئێستا ناوەرۆکەکەی بەدڵم بووە..

*** زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتمان گرتی..**

- سەرچاوان.

**ئەو وتووێژە لەزانکۆی ستۆکهۆڵم ١٩٩٤/١٠/١١ بەبەشداری کاک حەسەنی قازی و س.ج هێرش بەڕێوەبراوە. دەقی وتووێژەکە لە ژمارە ٦ی گۆڤاری گزینگ بڵاوبۆتەوە. ئەو گۆڤارە لە سوید دەردەچوو.**

# توركیا و مەسەلەی كورد

*** كاك عومەر زۆر خۆشحاڵم جارێكی دیكەش توانیم بێمەوە خزمەتت بۆ وتووێژێك لەسەر رووداوەكانی ئەم دوایـیەی كوردستانی باكوور، هەروەك ئاگادارن مەسەلەی رۆیشتنی كاك عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ ئیتاڵیا، یەكێك لەباس و خواسە گرینگەكانی ماسمیدیای ئەم چەند رۆژانە بوو، ئێوە وەك شارەزایەك ئەو رووداوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– هاتنەكەی سەرۆكی پكك، عەبدوڵلا ئۆجەلان چەند لایەنێكی باش و خراپی هەیە، با بەلایەنە خراپەكانی دەست پێبكەم: یەكیان، ئەوەی كەئەو، سەركردەی بزووتنەوەكە بوو، رێبەری موقاوەمەتەكە بوو لەكوردستانی باكووردا، كەكەوتووەتە رەوشێكی وا، بزووتنەوەكە بێ سەركردە ماوەتەوە.

دووهەم، ئەو ئاڵوگۆڕەی كەبەسەردا هاتووە و ئەو وەزعەی كەئۆجەلان تێیكەوتووە، توركیا ئەوەی بەسەركەوتنێكی گەورەی خۆیان دەزانی بۆ ستراتیژی خۆیان و بۆ سیاسەتی خۆیان، هەڵبەت لەهەوەڵی را، كەمەجبووریان كرد سوریا بەجێ بێڵێ و سوریاش مەرجەكانیان لەرووی عەسكەرییەوە قەبوڵ بكا. هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان كەهاوكاری توركیایان دەكرد رۆژ بەرۆژ وەزعەكەیان لێ تێكدەدان و مەجبوریان كردن زۆر ناوچە بەجێ بێڵن. توركیا ئەوەی بەسەركەوتن بۆ خۆی

دەزانــی و تورکیــا زۆر لەخۆبــایی بــوو، وای دەزانــی ئیتــر ئیمکــانی ئەوە هەیە ســـەرکەوتنێکی عەســـکەری بەدەســـت بێنـــێ و بەقەولـــی خۆیــان مەســـەلەی پرســـی گەلـــی کـــورد لەرێگــای چەک و شـــەڕ چارەسەر بکا، نەک بەرێگای ئاشتی و دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسی.

سـێهەم، جەمـاوەری دەوروپشـتی پکک، جەمـاوەری خەڵـک لەوێ، ورەیان هـاتە خـوارێ، جـاران زۆر بەورە بـوون، جموجۆڵیـان دەکـرد، هەمـوو جەمـاوەر کەوتبـوونە گەڕ و لەرووی سیاسـییەوە ئیبتکـاری زۆر باشـیان دەکـرد و دەیـانتوانی تەئسـیر لەسـەر سیاسـەتی تورکیـا و ناوچەکـانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دابنـێن. لەو چەنـد مـانگەدا ئەوە وایکـــرد کەئەنـــدامان و جەمـــاوەر و لایەنگرانـــی بزووتنەوەکەیـــان مۆراڵیان بێتە خوارێ. ئەمە لایەنە خراپەکانی ئەو رووداوە.

بەڵام بەرانبەر بەوە ئەگەر ئینسان تەماشای لایەنە باشـەکانی رووداوەکە بکـــا، دەســـتکەوتی سیاســـی و دیپلۆماســـی زۆر گەورەتـر بـوو لەشکسـتەکان و لایەنە خراپەکـانی کەهـاتبوونە گۆڕێ، ئەویش بەچی، لەیەکەمین شـتدا، مەسـەلەی گەلی کـورد بــوو بەمەســـەلەی کوردســـتان، نەک تەنهــا هەر لەکوردســـتانی باکوور، بەڵکو لەهەمـوو بەشـەکانی کوردسـتاندا لەپڕێک کەوتە سەر ئاجێندای سیاسەتی جیهانی.

من بۆ خۆم لەساڵی ١٩٦٢ەوە لەئەوروپا دەژیم، چەندین جار تەماشام کردووە کەوەزعی مەسـەلەی گەلی کورد لەچ ئاسـتێک دایە، چەنـدین جـار بەجیهـانی کـراوە، بـۆ نمـوونە لە ١٩٦٦، ١٩٩٠،١٩٧٥-١٩٩١، بەڵام ئەمجارە دەتوانم بڵێم کەزیاتر دەنگی داوەتەوە. ئەمە دووجارە لەئاستی جیهانیدا، مەسـەلەی بەسـتنی

کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ باسکردنی مەسەلەکانی گەلی کورد و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی سیاسی بۆ داخوازی و مافەکانی چارەنووسی گەلی کورد، باس دەکرێ واتە ساڵی ١٩٩١ پاش ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکە، ئێستاش لەکاتی هاتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئیتاڵیا. جا ئەوە خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکی دیپلۆماسی و سیاسی زۆر گەورەیە کەکەوتووەتە دەست گەلی کوردەوە. یەک، سەرۆک وەزیری ئیتاڵیا بۆ خۆی دەڵێ: ئێمە ئامادەین و داوا دەکەین کۆنگرەیەکی جیهانی لەسەر پرسی گەلی کورد ببەسترێ و ئێمە میوانداری بکەین، بەڵام بەشەرتێک ئەو کۆنگرەیە دەبێ لەلایەن ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی چاودێری بکرێ. دوو، دەبێ نوێنەری دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا تێیدا بەشداری بکەن، هەروەها نوێنەرانی گەلی کورد. ئەو کۆنگرەیە دەبێ هەوڵ بدا چارەیەک بۆ مەسەلەی گەلی کورد بهێنێتەدی.

قازانجی دووهەم: بەقەناعەتی من لەوەدا بوو کەهەموو کەس تێیگەیشت کەحکومەتی تورکیا چەند سیاسەتێکی ناماقوڵ و نامەنتیقی بەڕێوە دەبا. هەروەها بۆیان دەرکەوت کەعەبدوڵڵا ئۆجەلان و پکک و هێندێک لەسەرکردەکانی تری کوردستانی تورکیا ئامادەن بۆ گفتوگۆ، ئامادەن بۆ وازهێنان لەخەباتی چەکداری. ئامادەن کەداخوازییەکانی خۆیان بهێننە خوارێ لەدەوڵەتی سەربەخۆ و دەوڵەتی فیدراڵ و دەوڵەتی ئۆتۆنۆم، بەڵام بەشەرتێک حکومەتی تورکیا قبوڵیان بکات، بەرەسمییەتیان بناسێ و ئامادەبێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکا. ئەوە بۆچوونەکانی تورکیای بەتەواوی ئیزۆلە کرد، ڕیسوا کرد، بەتەواوی ئاشکرای

کرد کەبیروبۆچوونەکانی تورکیا وەکو جاران قەبوڵ نەکرێ کەئەمانە تیرۆریستن و ئیکستریێمیستن و چی و چی... بەڵام لەرۆژی یەکەمەوە، هێندێک لەهەنگاوەکانی هەڤاڵ ئاپۆ و ئەوانەی کەشارەزا و راوێژکار بوون و ئەو نامانەی کەبۆیان دەنووسی، زۆر بەقازانجی گەلی کورد تەواو بوو، بۆ ریسواکردنی سیاسەتی ناماقوڵی تورکیا.

مەسەلەی سێهەم: بەرانبەر بەوە وڵاتانی ئەوروپا وەک کوتلە و گروپێک بەگژ تورکیاداچوون لەسەر ئەو هەڕەشانەی بۆ ئیتاڵیای کرد کەئێمە بایکۆتی ئێکۆنۆمی و سیاسی دەکەین. ئەوروپا وەکو گروپێکی یەکگرتوو بڕیاری دا ئەگەر تورکیا ئەوانە جێبەجێ بکا، وەکو دەزگایەکی سیاسی، وەکو ستروکتورێکی سیاسی لەئەوروپا بەگژ تورکیادا دەچنەوە و ئەوەیان قەبوڵ نییە. لەعەینی کاتدا، داوایان کرد کەپێویستە عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێشکەش بەدادگەیەک بکرێ لەسەر هێندێک کار کەلەوەختی خۆی ئەمری داوە و وازیان لێهێناوە، وەک کاری تیرۆر و کوشتنی خەڵک و ئەوانە... بەڵام لەعەینی کاتدا داوایان کرد کەتورکیا دەبێ چارەیەکی سیاسی بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە.

هەروەها تەعینییان کرد کەدەبێ مافی کولتوری و دیموکراتی گەلی کورد لەکوردستانی باکوور قەبوڵ بکا. ئەوان ئامادەن وەک ئەوروپا، وەک دەوڵەتانی بازاڕی ئەوروپا، ناوبژی بکەن لەبەینی کورد و هێزەکانی کوردستان و حکومەتی تورکیا. بەڵام تورکیا ئەوە قەبوڵ ناکا و دەڵێ ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە لەگەڵ

کورد و تەنها لەگەڵ تیرۆریستەکان هەمانە، بەڵام دنیای تر ئەوە قەبوڵ ناکا. یانی ئەوەش یەکێک لەسەرکەوتنەکانە.

سەرکەوتنی تر بەقەناعەتی من، لەوەدایە ئەگەر هاتوو دادگایەکی جیهانی پێکبێ، ئەوە هیچ کەپاشگەزبوونی ئاڵمان خۆی لەخۆیدا هەنگاو و دەستکەوتێکی زۆر گەورە بوو بۆ میللەتی کورد (کەئاڵمان وازی لەداخوازییەکانی خۆی هێنا)، هەروەها کاسلێری ئاڵمان و سەرۆک وەزیری ئیتاڵیا داوایان کرد کەبەیەکەوە چارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەکان بدۆزرێتەوە. ئێستا کەمەسەلەی دادگا هاتووەتە پێش، ئەو دادگایە خۆی لەخۆیدا، تورکیاش دەخاتە هەڵوێستەوە، ئەویش بەرپرسیار دەبێ، هەربۆیە تورکیا دادگایەکی نێو نەتەوەیی قبوڵ ناکا دەڵێ یان دەبێ لەئاڵمان بێ یان لەتورکیا. بەڵام ئەوەی کەمن لێی تێگەیشتووم، دادگایەکی نێونەتەوەیی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا، لەرووی قانوونییەوە ناتوانێ کارێکی وا بکا، ئەوە دەبێ لەلایەن رێکخراوی نێونەتەوەیی وەکو دادگای بۆسنی، وەکو دادگای رواندا، یان ئەوەیکە بۆ لیبیا دانرا کەفڕۆکەی پانئەمریکەنییان لەناو برد، ئەوە دەبێ بڕیاری شورای ئەمنییەتی تێدا بێ، بڕیاری رێکخراوی نێو نەتەوەیی تێدابێ. ئەوەش دیسان خۆی لەخۆیدا، ئەگەر هەنگاوێکی ئاوانرا، بەرزکردنەوەی ئاستی دیپلۆماسی و سیاسی پرسی گەلی کوردە، لەکوردستانی باکووردا، چونکە یەکسەر دەچێتە ناو شورای ئەمنییەتی رێکخراوی نێونەتەوەیی. دیارە تورکیا لەوە زۆر ناڕەحەت دەبێ. هەربۆیە دەڵێ دادگاکە دەبێ تایبەت بێ، جا یا لەتورکیا یان ئاڵمان و یان ئیتاڵیا بێ.

*** بمبەخشە قسەکەت دەبڕم، هیچ فاکتۆرێکی ئاوا هەیە، ئەوەیکە فەرمووت دادگایەک لەلایەن شورای ئەمنییەتەوە بەڕێوە بچێ بەزوویی؟**

– نەخێر، ئەوە بۆ ۲۲ی مانگە، بەتایبەت کەمەحکەمەی ئیتاڵیا بڕیاری دا، کەئەو (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) وەک زیندانی ناوماڵیش مەشروع نییە، ئازادە، بەڵام ۲۲ی مانگ لەرووی قانوونییەوە (رۆژەکەی ئاڵمان کەلەسەر ئەو ئەساسە لەوەختی خۆیدا گیرا)، رۆژەکە تەواو دەبێ. پاش ٤٠ رۆژەکە دەوڵەتی ئیتاڵیا، مەجبورە بڕیاری خۆی بدا. یان دەبێ پرۆسەی داواکردنی پەنابەری عەبدوڵڵا ئۆجەلان قەبوڵ بکا و پەنابەری بداتێ یان لەوڵاتی خۆی دەری بکا. چونکە ئاڵمان پاشگەزبووتەوە، بەڵام دوێنێ خەبەرێکم بینی کەلێی ئەمین نیم جارێ چی بەسەر دێ، ئاڵمان دەڵێ ئێمە لەسەر داخوازی خۆمان پاشگەز نەبووینەوە، ئیتاڵیا دەڵێ مومکینە هەر لەوڵاتی خۆمان دادگایی بکرێ. من ئەوەی کە لەنوێنەرانی پکک بیستوومە، دەڵێن ئێمە لەدژی دادگا نین، تەنانەت ئەگەر دادگایەکی ئیتاڵیاییش بێ، ئێمە ئامادەین مەسەلەکانی خۆمان ببەینە نێو دادگا و هەموو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیاش دەبێ بێتە نێو دادگا. ئەوان ئەوە بەزەرەری خۆیان نازانن. من یەکێک لەقازانجەکان کەبۆ بزووتنەوەی گەلی کورد، بۆ پکک و هەروەها بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەتایبەتی، دەیبینم ئەویش ئەوەیە کەئەوان ئێستا بۆیان مەعلوم بووە کەلەوەختی خۆیدا هێندێک سیاسەتی توندڕەوی و هێندێک سیاسەتی تیرۆر و هێندێک کاری ناڕاست بۆ لەناوبردنی خەڵکی ناو خۆیان کەوازیان لێهێناون، کردوویانە،

ئێستا تێدەگەن و پەشیمانن کەچەند کارێکی خراپ و ناڕاستیان کردووە، ئێستا نرخی ئەوە دەدەن، دەنا ئەگەر ئەوەیان نەکردبایە، ئێستا لەدنیادا وەزن و گرینگییەکی دیکەیان دەبوو.

***کاک عومەر سەرەڕای ئەو شتانەی کەفەرمووت، ئەمن پێموایە، ئەگەر پشتیوانی خەڵک بەتایبەت خەڵکی کوردی ئەورووپا نەبایە، رەنگە ئەو هەڵوێستەی ئەورووپا بەرانبەر بەکاک عەبدوڵڵا شتێکی دیکە بوایە... وا نییە؟**

- من لەگەڵتام، ئەوە راستییەکە کەئینسان نابێ هیچ وەخت لەبیری بچێتەوە، بەپێچەوانەی هێندێک لەحیزبەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەوەختی خۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی و هەروەها حیزبی دیموکراتیش بەداخەوە، مەقالەیان دەنووسی لەسەر کوردی ئەورووپا کەئەوانە هەروا دانیشتوون و هیچ ناکەن و هەر رەخنەمان لێدەگرن. بەڵام ئەو راستییەیان لەبەرچاونییە کەبوونی ئەو هەموو کوردە لەدەرەوەی وڵات و بەتایبەت روناکبیرێکی زۆری گەلی کورد کەلەکاتی پێویستدا، جموجۆڵێکی ئێجگار گەورەی سیاسی و جەماوەری دەخەنە ناو وڵاتانی ئەورووپا و رای گشتی ئەو وڵاتانە دەجووڵێنن، زۆر گرینگە. هەروەها دەبێ ئەو راستییە بسەلمێنن کەجموجۆڵی کورد لەدەرەوە لەئەورووپا، بۆ پشتیوانی لەداوای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەوڵدان بۆ خستنەگەڕی رای گشتی، کەتەسلیمی دەوڵەتی تورکیا نەکرێتەوە، زۆر دەوری بینیوە..

*** بمبورە، بەتایبەت ئەو خەڵکانەی کەئاوریان دە خۆیان بەرداوە و خۆیان سووتاندووە و ئەو حەرەکەتانەیان لەخۆیان نیشـان داوە، پێمـوایە تـا ئێسـتا شـتی وا، کەمتـر بـۆ هـیچ بزووتنەوەیەک یان بۆ هیچ ڕێبەرێک کرابێ؟**

– نا، تۆ دەبێ ئەوەت لەبیر بێ کەلەڤێتنام ژمارەیەک قەشـەی بودیست لەوەختی خۆیدا وەکو پرۆتێست ئاگریان لەخۆیان بەردا لەدژی سیاسەتی ئەمریکا. ئەوە لەساڵی ١٩٦٢ بوو کەبەسـەدان راهیبی بودایی خۆیان سووتاند. لەکامبۆجیا عەینی شت روویدا. شتی وا بووە، بەڵام راست دەکەی، ئەوە رای گشتی ئەورووپا و جیهانی جووڵاند و چاویشی کردەوە. من هەم لایەنێکی خراپ و هەم لایەنێکـــی باشـــی ئەم دیـــاردەیەش دەبیـــنم، ئەو لایەنەی کەبەقازانجیان تەواو بووە چییە؟ دنیا تێگەیشت کەوەزعی گەلی کورد ئەوەندە خراپە، ئەو گەنجانە دەیانویست رای گشتی جیهانی تەنها لەرێگای ئەوەوە وریا بکەنەوە، بزانن وەزعی کورد چەندە خـراپە کەئامـادەن گیـانی خۆیـان فیـدا بـکەن بـۆ سـەلماندنی ئەو راسـتییە بـۆ رای گشـتی جیهـانی، ئەوە یەکێکیـان. ئەوەی دووەم کەلایەنە خراپەکەیەتی ئەوە نیشان دەدا کەچۆن شەخس پەرستی و رادەی شـەخس پەرسـتی لەنـاو پکـک، ئەوەنـدە بەهێـز بـووە کەئەندامەکان و لایەنگرانی، سەرۆکەکەی خۆیان وەکو شێخێک و پێغەمبەرێـک دەپەرسـتن و هەر بـۆیەش ئامـادەن خۆیـانی بـۆ قوربـانی بـکەن. هەرچەنـد لەسـەر داوای خـۆی، ئەو دیـاردەیە راوەستا. بەڵام هەروەک عەرزم کردی، دنیا و رای گشتی جیهانی ئەوە تێگەیشت، نە تەنها ئەمانە خۆیان لەبەر خاتری ئەو سووتاند،

ئەوەش تێگەیشتن کەوەزعی میللەتی کورد چەندە خراپە، چەندە زوڵمی لێدەکرێ، چەندە دەچەوسێندرێتەوە، بۆیەشە دەڵێن لەیەئس و دیسپراشونەوە ئەو دیاردەیە روودەدات کەخەڵکەکە ئیتر هیچی نەماوە غەیری ئەوە نەبێ. ئینجا ئەوە بێگومان رای گشتی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشا، بەڵام ئەو فەقیرانەی کەخۆیان سووتاند، نەیاندەزانی کەسەرکردەکەیان بەراستی مەترسییەکی ئەوتۆی لەسەرە. چونکە بەشێکی زۆریان لەزیندانندا بوون، یان لەدێیەک یان لەشوێنێک بوون.

با بێمە سەر ئاخرین خاڵ کەزۆر قازانجی هەیە ئەویش بەرای من جیا لەو دەرس وەرگرتنە، چاوکردنەوەی پکک و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو، کەچۆن لەرێگای دیپلۆماسی و سیاسیەوە دەتوانرێ دەستکەوتی گەورەتر بەدەست بێنن، نەک لەرێگای خەباتی چەکدارییەوە، ئەوەیان بۆ سەلمێندرا، تێگەیشتن کەئەوە دەرسێکی باش دەبێ بۆ ئایندەیان. من ئەخیر لایەنی باشی رووداوەکە وا دەبینم و زۆر لێی بە ئومێدم، ئەویش هاتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گرتنی لەئیتاڵیا فرسەتێک و رێگایەک بۆ هەموو کادرەکانی سەرکردایەتی پکک کەلەناوەوەی وڵاتن و سەرپەرشتی خەباتەکە دەکەن، پێکدێنێ. هەتا ئەو، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کۆنترۆڵی هەموو شتەکانی دەکرد، ئێستا فرسەتیان بۆ پەیدا بووە، کەبتوانن سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو، سەرکردایەتییەکی کۆلێکتیڤ دروست بکەن و مەجالی مانۆر و مەجالی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە بەگوێرەی ئیمکانات و بەشێوەیەکی کاریگەرتر، لەخۆیان نیشان بدەن. من ئەوەی

بەقازانجی پکک دەبینم کەسیاسەتێکی بەرفراوانتر، کۆلێکتیڤتر، رێکوپێکتر بەڕێوەبچێ، نەک هەموو شتێک لەژێر سێبەری ئەودا بجوولێ، ئەوە مومکینە قازانجی بزووتنەوەکەی تێدا بێ.

*** ئایا ئەو چەند خاڵەی کەکاک عەبدوڵلا پێشنیاری کردووە بەعەقیدەی جەنابت، رێبازی پێشووی خەباتەکە ناخاتە ژێر پرسیارەوە، کەزیاتر لەسەر چەکداری پێدادەگیرا؟ کەچی ئێستا وادەردەکەوێ کەرێبازەکە بەرەو لایەنی سیاسی دەڕوا و داخوازییەکان زیاتر بەرێی بیروڕای گشتی جیهانییەوە نیشان دەدرێن... بێ لەوەش، وەزعی ئەو هەموو چەکدارەی کەلەوڵات ماونەوە چۆن دەبێ؟ چونکە ئەوان لەوێ پشتی جەبهەیان هەبوو، کەیەک لەوان سوریا بووە و ئەوە ئێستا نەماوە...**

- جا لێرەدا، کاک سولەیمان ئینسان دەبێ ئەو راستییەش بزانێ، ئەگەر ئەمانە لەکاتی خۆیدا (بەداخەوە سیاسەتی دنیا وایە) ئەو سیاسەتە توندڕۆیانەیان بەکار نەهێنابایە، کەسێک گوێی نەدەدایە کەلەکوردستانی باکووردا چ دەقەومێ، یانی ئەمە دوو لایەنی هەبوو یەک: وشیارکردنەوەی دنیا کەلێرە گیروگفتێکی زۆر گەورە هەیە، چەوساندنەوەیەکی زۆر نابەجێ لەدژی کورد هەیە، داخوازی میللەتێک هەیە، دوو: تورکەکانیشی وشیار کردەوە، حکومەتی تورکیا کەئینکاری بوونی ئەو پرسەی دەکرد، ئێستا گەیشتووەتە ئەوە کەیەکێک لەشتە هەرە گرینگەکانی سیاسەتی ناو تورکیایە کەدەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. دەبێ مافی گەلی کورد، بوونی گەلی کورد، فەرهەنگی گەلی کورد،

داخوازییەکانی میللەتی کورد، قەبوڵ بکا، دەنا نا، دەوڵەتی تورکیا بەبەردەوامی لە بوحراندا دەبێ.

ئینجا سەبارەت بەرێباز دەبێ بڵێم، ئەوانە کەمەجبوور بوونەتەوە، بیر لەوەزعێکی دیکە بکەنەوە، چاویان کراوەتەوە کەدەتوانن دەستکەوتی گەورە بەرێگای سیاسی و دیپلۆماسی بەدەست بێنن، بەقناعەتی من لەسەر ئەو رێبازە بەردەوام دەبن، چونکە دیتیان کەچەندە سوودی هەیە. بەتایبەتی کەخۆی (ئۆجەلان) لەئەوروپا ماوەتەوە، مەجبوورە ئەو رێگایە بگرێ، چونکە رێگای دی نابێ. بەڵام باوەڕ ناکەم بەتەواوی واز لەخەباتی چەکداری بێنن و باوەڕیش ناکەم شوێنیان نەبێ، شوێنیان هەیە و چەندین وڵاتی دراوسێ هەیە و پێویست ناکا باسی بکەم، هەم رێگایان دەدەن و هەم دەتوانن سوودی لێوەرگرن، چونکە تورکیاش دەوڵەتێکی ئەوەندە عاقڵ نییە، هەموو دنیای کردووتە دوژمنی خۆی، لەرووسیاوە بگرە تا ئەرمێنیا (ئەرمەنستان)، ئێران، عێراق و سوریا و تەنانەت وڵاتانی ئەوروپا وەک یۆنان و قوبرس... لەهەموویاندا ئیمکانی ئەوە هەیە، بەڵام من وادەزانم پکک دوور نییە کەجاران سەدی هەشتای قورسایی خۆی خستبووە سەر خەباتی چەکداری، ئێستا مومکینە تەرازووەکەی گۆڕابێ و لەمەودوا لەسەدا شەستی ئیمکاناتی خۆی بخاتە سەر خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی و سەدی چل بۆ خەباتی چەکداری... ئەویش وەکو خۆیان بڵاویان کردەوە ئەگەر حکومەتی تورکیا ئامادەبێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکا، ئامادەن چەک

دابنـێن وەکو باسـکەکان، وەکـو ئیرلەنـدییەکان کەئەوە لەسـەر هەڵوێستی تورکیا راوەستاوە.

*** وەک دەزانن، ئێستە مەرکەزی دەسەڵاتی تورکیا لەدەست ژەنەراڵەکان و لەچنگ ئەرتەشدایە، بەنەزەری ئێوە دەکرێ ریفۆرمێکی کۆمەڵایەتی ئیقتیسادی بکرێ و کوردیش تێیدا بەشدار بن، ئەگەر راستەوخۆش حیزبی پکک-ش بەشدار نەبێ، کەنابێ، (هادەپ HADEP) و ئەوانی دیکە دەتوانن بەشدار بن، شانسێک بۆ کورد هەیە؟ یانی گەیشتن بەهێندێک لەداخوازییەکان بەشێوەی ریفۆرمیستی و سیاسەتی خشکەیی...**

- تێـدەگەم، ئێسـتا ئەوەی لەتورکیـا دەیبینـی... (تـۆ واز لەسیاسەتی ئەجەویت و مەسعود یەڵماز و ئەوانە بێنە) کەئەوانە لایەنـی فاشیسـت و شـۆڤێنیزمیان گرتـووەتەوە کەمەبەسـتیان ئەوەیە لەهەڵبژاردنـی ئایندەدا دەنگـی زیـاتر بهێنـنەوە. دیـارە ئەجەویـت چـاوی لەسـەرەک کۆمـارییە و بەتەبیعەتـیش لەمەدرەسـەی کەمـالیزم گەورە بـووە و پەروەردە کـراوە. ئەو کابرایە قوبرسی داگیرکردووە، بەقەناعەتی من ئەو، لەسەر شەڕ بەردەوام دەبێ و سیاسـەتێکی زۆر شۆڤێنیسـتییانە بەکـاردێنێ لەبەرانبەر میللەتی کورد. بەڵام لەناو تورکیا خۆی بوحڕانێکی گەورە پەیـدا بـووە، ئەرتەش لەلایەک، ئیسـلامییەکان لەلایەک، خەڵـک لەلایەک، میللەتـی کـورد لەلایەک، زۆر گیروگرفتـی کۆمەڵایەتی و ئیقتیسادی لەلایەک، جگە لەمەش، تورکیا لەبەرانبەر بیـروڕای گشـتی جیهـانی بەرپرسـیارە کەنەموکراسـییەکەی

دیموکراسییەکی تەواوە، نەمەسەلەی مافی مرۆڤ کەزۆر گران لەسەری تەواو بووە، شتێکی زۆر گرینگە.

ئەوانە بەداخەوە بەتایبەت ئەجەویت و مەسعود یەڵماز و عەسکەرەکان فرسەتی ئەوەشیان نەهێشت کەهادەپ بتوانێ دەورێکی وەک (شن فەین) ببینێ و ببێ بەوەجهەیەکی سیاسی بۆ پکک، ببێ بەئۆرگانی سیاسی بۆ پکک، لەهیچ و خۆڕایی نزیکەی ٣٥٠٠ کەسی ئەوانیان گرتووە و کوشتووە و سەربڕیوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە مەسەلەی داخوازییەکانی ئاپۆ هاتووەتە گۆڕێ. یانی ئەوە بۆچوونێکی زۆر نامەعقوڵ و نامەنتیقییە و ئەوەیە کەلەرووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە زۆر گران کەوتووەتە سەر تورکیا. بەڵام لێرە چەند شت هەیە کەدەتوانێ ئینسان پێیان خۆشبین بێ:

**یەک**؛ لەوان ئیلیتی ئیقتیسادییە لەتورکیا، تاجر و بازاڕ و لایەنگرانی سەرمایەداری تورکیا دژی شەڕی کوردستانن، وەکو چۆن سەرمایەدار و ئیلیتی ئیقتیسادی دەوڵەتی خوارووی ئەفریقا، دژی بەردەوامبوونی شەڕ بوون لەگەڵ ANCو بەنهێنی پێوەندییان پێوە کرد و چوونە زیمبابوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا کردن.

لەتورکیاش تاجرە گەورەکان، بازاڕی سەرمایەدارە گەورەکان، دەورێکی باڵا دەبینن و داوا دەکەن کەئەو شەڕە نەبێ، چونکە تورکیا یەکێک لەو دەوڵەتانە بوو کەنیسبەتی پێشکەوتنی ئیقتیسادی لەسالانی ٨٠دا بەرچاو بوو، هەروەها یەکێک لەوڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان بوو و وەزعی ئیقتیسادیشی رۆژ بەرۆژ

باشتر دەبوو. ئێستا ئەو شەڕە مانگێ نزیکەی ٧ تا ٨ ملیارد دۆلاری تێدەچێ. جا بۆیە ئیلیتی ئیقتیسادی لەتورکیا، دژی شەڕە و داوا دەکا هێندێک لەمافەکانی گەلی کورد قەبوڵ بکرێ.

**دوو**؛ هێندێک پیاوی سیاسی بەجورئەت لەتورکیا پەیدا بوون کەلەمەدرەسەی کەمالیزم پەروەردە نەکراون، لەمەدرەسەی دیموکراسی پەروەردە بوون، لەئەوروپا و ئەمریکا خوێندوویانە، دەیانەوێ وەزعی دەوڵەتی تورکیا باش بکەنەوە، دەوڵەتێکی دیموکراسی دابمەزرێنن، دەیانەوێ ببن بەبەشێک لەئەوروپا، دەزانن کەئەو میراتە کۆنە نامەعقولەی کەمال ئاتاتورکی ساڵانی ٢٠، بۆ ئەوڕۆ ناگونجێ و دەبێ فەرهەنگێکی سیاسی دیکە و ستروکتورێکی سیاسی دیکە بهێننە گۆڕێ.

**سێ**؛ لەناو ئەرتەش خۆی، تەنانەت لەناو دەزگای میت خۆی، ئینسان دەبینێ کەچۆن لەوەختی خۆی، لەشەڕی ڤێتنام، لەشەڕی پورتوگال، لەشەڕی موزامبیک و ئانگولا و ئەوانە... خەڵک پەیدا بوون کەئیتر باوەڕیان بەو شەڕە نەماوە، ئێستا پیاو دەبینێ لەتورکیا هێندێک ژەنەڕاڵی نائومێد، هێندێک کەسی ناو حیزبە سیاسییەکان پەیدا بوون و زۆر دڵخۆشکەرانەیە کەئەو حیزبەی (دێنیز بایکاڵ) کەلەراستیدا میراتگری کەمال ئاتاتورکە، یەکێک لەحیزبە هەرە لایەنگرەکانی ناسینی ماقەکانی گەلی کوردە و هەوڵدەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گیروگرفتی مەسەلەی کورد و شەڕی کوردستان. چوار؛ ئاخر تاقم کەدەورێکی باڵا دەبینێ، هێزە دیموکراتخوازەکانن لەتورکیا، یانی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەرەکانن، کەهەوڵ و جموجۆڵییەکی زۆر و

نرخێکی زۆر گرانیش دەدەن بۆ دیموکراسی کردنی تورکیا، وەکو یاشار کەمال، ئیسماعیل بێشکچی و دەیان رووناکبیری تر. جا ئەم فاکتەرانە هەمووی بەقەناعەتی من، کارێکی وا دەکەن کەلەگەڵ ئەم گۆڕانەی عەبدوڵلا ئۆجەلان بگونجێن.

راستی بۆچووی، من لەگەڵتام، ئەوە مومکینە ستروکتورێکی سیاسی بهێنێتە گۆڕێ کەبتوانرێ ببێتە زمانحاڵی بزووتنەوەی گەلی کورد و ئەمن پێمخۆشە بزووتنەوەی پکک لەناوەوە لەگەڵ لایەنگرانی حیزبەکانی تری کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکانی تری کوردستان پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو بدۆزنەوە و نوێنەرایەتییەکی یەکگرتوو بەدیبێنن کەببێتە تەرەف بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا. یانی ئەوەندە مۆنۆپۆلیست و سێکتاریست نەبن کەهەم بۆ خۆشیان باشە و هەم بۆ میللەتی کورد. بەڵام لێرەدا لایەنێک هەیە، هێندێک لەهێزەکانی تری کوردستان- کەمەبەستم هێزەکانی پارچەکانی تری کوردستانە- خۆشبەختانە هیچکام لەو هێزانە هاوکاری دەوڵەتی تورک ناکەن، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک هێزی کوردستانی باکوور بەداخەوە زۆر بۆچوونێکی چەوتیان هەیە، وا دەزانن بەزەعیف بوون و لەناوبردنی هێزی پکک، بەگرتنی هەڤاڵ ئاپۆ، فرسەت و هەل بۆ ئەوان دێتە گۆڕێ و حکومەتی تورکیا لەگەڵیان دادەنیشێ و مافەکانی گەلی کورد لەرێگای ئەوانەوە قەبوڵ دەکرێ، ئەوە خەیاڵی خاوە. ئەوان بەهەموو خەیاڵی خۆیان وادەزانن ئەگەر هاتوو ئەمان (پکک) لەناوچوون دەوڵەتی تورک ئیتر لەگەڵیان دادەنیشێ و گفتوگۆیان

لەگەڵ دەکا. بەپێچەوانەوە، ئەوەی من لەتاقیکردنەوەی قوبرس وەبیرم دێتەوە، شۆڤێنیزمێکی وا دێتە گۆڕێ کەئەگەر هێزێکی موقاوم لەبەرانبەریاندا نەمێنێ، هیچ شتێک قەبوڵ ناکەن. ئەو شتە سیمبۆلیکییانەی ئێستا قەبوڵیان کردووە، ئەوەش ئینکار دەکەنەوە.

*** هەروەک ئاگادارن ئەو رۆژانە، ئەمریکا و بریتانیا پەلاماری وڵاتی عێراقیان داوە لەسەر ئەو بڕیارانەی کەسەددام لێی پاشگەز بووەتەوە، بەبۆچوونی جەنابتان ئەوە هیچ تەئسیرێکی لەسەر رووداوەکانی کوردستانی باکوور دەبێ، یانی تەسیری بیروڕای گشتی سەبارەت بەمەسەلەی کورد لەکوردستانی باکوور و خودی مەسەلەی کاک عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەم رەنگ ناکاتەوە؟**

- بێگومان، لە ١٢ی نۆڤامبر کەعەبدوڵڵا ئۆجەلان لەفڕۆکەخانەی ئیتاڵیا گیرا، ئەگەر ئەوکاتە ئەمریکا و بریتانیا پەلاماری عێراقیان بدابایە، لەرووی ماسمێدیا و لەرووی باسکردنی وەزعی گەلی کورد، ئەو مەسەلەیە ون دەبوو و گوێی نەدەدرایە و کەس ئیهتیمامی پێ نەدەدا. ئێستا بەقەناعەتی من شانسی هەیە، پێش ٢٢ی مانگ پەلامار بۆ سەر عێراق راوەستا، ئەگەر وانەبا مەسەلەکە وەک هەموو مەسەلەیەکی تر لەناو ماسمێدیادا کەم رەنگ دەبۆوە. دیارە خۆشیان جموجۆڵ دەکەن بۆ نموونە دوێنی بەدەیان هەزار ئینسان لەئەڵمان خۆپیشاندانیان کرد بۆ پشتیوانیکردنی داخوازی هەڤاڵ ئاپۆ بۆ پەنابەری، ئەمن قەناعەتم وایە لەشوێنی دیکەش ئەوە بکەن. من تەنها یەک هیوا و مەترسیم هەیە. هیوادارم لایەنگران و کادر و سەمپاتیزانی پکک کاری وا بێجێ نەکەن کەزەرەر لەخۆیان و لەمیللەتی کورد بدەن.

دەبێ شێوەیەکی شەرعی و قانوونی- وەکو خۆی (ئاپۆ) لەنامەکانیدا نەسیحەتی کردوون- بدۆزنەوە بۆ دەربڕینی بیروڕا، پشتیوانی کردنی سەرۆکی خۆیان، ئەوکاتە کوردی هەموو بەشەکانی تری کوردستان دەتوانن بەبەردەوامی یارمەتییان بدەن و پشتیوانیان لێ بکەن.

*** ئەگەر ئیجازەت لەسەر بێ پرسیارێکیش لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی بکەین کەوابزانم دوێنێ (١٩٩٨/١٢/١٩) بەڕێوەچوو. خۆی گیرانی ئەو کۆنگرەیە. مەسەلەی پەنابەری کاک عەبدوڵڵا ئۆجەلان ناخاتە ژێر پرسیار لەنەزەر دەوڵەتی تورکیاوە کەلەکۆنگرەی نەتەوەییدا مەسەلەی گشتی کوردستانی مەترەح دەبێ، بەڵام ئێستە مەسەلەی خودی پەنابەری سەرۆکی پکک گرینگترە، ئایا لەباری زەمانییەوە ئەو دوو داوایە پێکەوە ناکۆک نابن؟ یانی دەوڵەتەکانی خاوەن مەسەلەی کورد و بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا لەو حەرەکەتە ناپرینگێنەوە؟**

- بێگومان تورکیا لەهەموو حەرەکەتێکی کوردی دەپرینگێتەوە، تەنانەت لەدامەزراندنی باخچەی منداڵان و مەدرەسەی کوردی لەسوێد و ئەوانە زۆر نارەحەت دەبێت. من بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی- هەرچەند وەکو بیر و پرۆژە شتێکی زۆر باشە و لەجێی خۆیەتی- بەداخەوە بەو شکڵ و فۆرمەی کەهەتا ئێستا بووە، بەکارێکی جیددی نازانم، چونکە لەلایەن برادەرانی پککەوە بەکاردێ بۆ قازانجی تایبەتی حیزبەکەی خۆیان، بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەئێستەشدا هەر لەپێناوی پشتیوانی کردنی داوای سەرۆکی پکک یە، من لەگەڵ ئەو برادەرانە زۆر هەولم

داوە، نابێ بەو فۆڕمە بێ، نابێ بەو شکڵە بێ، ئینسان دەبێ بەجیدی تر خۆی بۆ ئامادە بکا. بەڵام بەداخەوە ئەوان، چ دامەزراندنی پارلمانی کوردی لەدەرەوەی وڵات و چ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی، کار و ناوەرۆکی کارەکە سووک دەکەنەوە، کەئینسان بیهەوێ لەئایندەدا کارێکی جیدی بکا، لەوەدا بەقەناعەتی من بەهەڵە چوون. بەڵام بەپێچەوانەوە، برادەرانی پکک بەتاکتیکەوە، بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییان، ئێستا بۆ پشتیوانی کردنی داخوازییەکان، هەروەها ئەوە نیشانی دنیا بدەن کەکوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پشتیوانی لەداخوازییەکانی ئاپۆ دەکەن کەپەنابەری بدرێتێ و وەک نوێنەرێکی گەلی کورد قەبوڵ بکرێ. جا لەو بارەوە، پێویست بەبەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی نەبووە، ئەگەرچی بەکردەوە کراوە، چونکە رووناکبیر و رێکخراوەی سیاسی و هەموو کەسێک پشتیوانی خۆی دەربڕیوە بۆ تەسلیم نەکردنی ئاپۆ بەدەوڵەتی تورکیا.

*** کاک عومەر، ئایا پێتوایە تاوانی کوشتنی ئولوف پالمێ کەکاتی خۆی بەسەر پکک یان داهێنابوو، بەتەواوی سڕابێتەوە؟ چونکە ئەودەمی کەکاک عەبدوڵلایان گرتبوو، باسی ئەوە دەکرا کەپۆلیس و چەند نوێنەرێک لەلایەن دەوڵەتی سویدەوە دەیانویست بچنە ئیتاڵیا و ئەو مەسەلەیەی بێننەوە گۆڕێ و لێیبکۆڵنەوە... لەو بارەوە نەزەری جەنابت چییە؟**

– ئاخر ئێوە دەزانن جموجۆڵی پۆلیس و لیژنەی تەحقیقی کوشتنی پالمێ شتێکە و سیاسەتی حکومەت و دەوڵەتی سوید شتێکی تر. هێندێک لەو پۆلیسانە خۆیان مەسەلەکەیان هێنایە

گۆڕێ و ئەو داوایە بێدەنگی لێکرا، لەبەرئەوەی خۆیان تێگەیشتن وا نییە، چەندین جار خۆیان چوونەتە لای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نوێنەری پۆلیس چووە، بەوردی و بەفراوانی ئەم مەسەلەیان لەگەڵدا باس کردووە، هەر لەزەمانی خۆیدا نەک ئێستا. یانی ئەم پۆلیسانە کەئەم کارەیان کرد، لەنەبوونی ناشارەزایی و لێوەشاوەیی بوو، ماسمیدیاش مەسەلەکەی گەورە کردەوە. تۆ شتێکت لەبیر نەچێ کەزۆر لەو دەنگ و باسانەی کەپکک ی پێ تاوانبار کرا، دەزگای میت دەورێکی باڵای بینی و هێندێک کەسی سوێدیشیان بینیبوو کەئێستا لەشیمالی قوبرس، لەو ناوچانەی کەتورکیا داگیری کردووە لەوێ دەژین.

هەر بەرێگای ئەوان بوو کەزانیارییەکی زۆر بڵاوکرایەوە. یانی ئەوە وەکو ئۆپێراسیۆنێک بوو کەلەلایەن دەزگای جاسووسی تورکیاوە بەڕێخرابوو، بەداخەوە سوێدییەکان ئەوەندە شارەزا نەبوون، بەڵام پاشان لەئاستی حکومەت و دەوڵەتدا وەزعەکە بەتەواوی گۆڕا و تێگەیشتن. هەتا لەدوایی ئەوان بەشێک لەبازاڕی یەکگرتووی ئەوروپا و هەڵوێستی یەکگرتووی ئەوروپاییەکانیان بەدڵنەبووە. شتێکی دیکەشت لەبیر نەچێ. لەو دواییەدا من موساحەبەیەکم بینی لە گەل هەڤاڵ ئاپۆ لەئیتاڵیا، لەلایەن ئافتۆن بلادێت. لەوێدا باسی کوشتنی ئەو کوردانە دەکا کەلێرە (سوێد) لەوەختی خۆیدا گیراون و کوژراون. ئەو دەڵێ: لەوەدا من لێپرسراو نیم و خەڵکی دیکە ئەمری داوە و مومکینە ئەندامی حیزبی ئێمەش بووبن، بەڵام لەلایەن منەوە ئەمری وا نەدراوە. جا ئەوە بوو بوو بەهۆی مۆری تێرۆریزم کەلەسەر

پکک مابۆوە. ئێستا ئەگەر تۆ تەماشا بکەی، دوێنێ شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش لەستۆکهۆڵم روویدا. حیزبی سۆسیال دیموکرات، لقێکی گەنجانی سۆسیال دیموکراتی کوردی لەریزی خۆی دەرکرد، بەحیساب ئەوانە هێندێک گەنجی کوردیان فریوداوە بۆ ناو پکک... سەرۆکایەتی (ئاربێتار کۆمونن) کەرێکخستنی سیاسی پارتی سۆسیال دیموکراتە، ئەوەی قەبوڵ نەکردووە و ئەوەی رەتکردووەتەوە و گوتی: لەکاتی خۆی ئەندامی ئێمە هەبووە کەلایەنگری (ئێڤلن FLN) بووە لەکاتی شەڕی ڤێتنام دا، ئەمانەش هەقی تەواوی خۆیانە و وەکو شەخس لایەنگری میللەتی خۆیان بن، میللەتی خۆیان رزگار بکەن و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن، ئەوە نابێ ببێ بەهۆی ئەوە کەلەحیزب دەریان بکەین. مەبەستم لەو خاڵە چییە؟ مەبەستم ئەوەیە کەدەوڵەتی سوێد، وەکو حکومەت و دەوڵەت سیاسەتی تایبەتی نەبووە، ئەوکاتە هەبووە کەپکک بەتیرۆریزم موتەهەم کرابوو، بەڵام ئەوە ساڵی ١٩٩٠ یا ١٩٩١ هەڵگیرا، پاش ئەوە ئیتر دەوڵەت وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی چاولە پکک ناکا و ئیتیهامەکە هەڵگیراوە. چونکە کاتی خۆی نوێنەری زۆر بەرزیان ناردۆتە لای ئاپۆ و گفتوگۆیان کردووە، خۆشیان دەزانن و ئاپۆش دەزانێ. جا ئەوە شتێکی چکۆڵەیە کەجارجار دەقەومێ یان پۆلیسێکی ناشەرەزا و ناحاڵی مەسەلەکان دەتەقێنێتەوە، من ئەوەی هەست دەکەم کەمەسەلەی پکک و کوشتنی پالمێ بەتەواوی سڕاوەتەوە.

*** کاک عومەر زۆر سپاس لەوەی کەوەختمان گرتی لەکۆتاییدا، ئەگەر سەبارەت بەوەزعی داهاتووی سەرۆکی پکک و رووداوەکانی ئەم رۆژانەی دوایی پەیامێک یان شتێکی تایبەتیت هەیە دەتوانن بیفەرموون.**

– زۆر سپاس کاک سولەیمان، من شتێکی دیکەم نییە، تەنها هیوام ئەوەیە کەپەنابەری سیاسی بدەنێ و بتوانێ لەئەوروپا بمێنێتەوە، دیارە چەند لەئەوروپا بمێنێتەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەبێ، چونکە ئەو، لەناو فەرهەنگێکی سیاسی توندڕەودا گەورە بووە، لەناو فەرهەنگێکی سیاسی وەک تورکیا... ئەگەر لەئەوروپا بمێنێتەوە چاوی دەکرێتەوە، فەرهەنگی دیموکراتیک دەبینێ و ئەوە دەرسێکی زۆر باشە بۆ سەرکردەیەکی کورد کەئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بکا کەئەوە قازانجی خۆی و قازانجی گەلی کوردیشی تێدا دەبێ. ئومێدەوارم بەرەو ئەوە بڕوا، نەک توندڕەوی و کاری بێ جێ. زۆر سپاس کاکە.

تێبینی: ئەم وتووێژە لەسەعاتی ٣ی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٩٨/١٢/٢٠، لەزانکۆی ستۆکهۆڵم لەگەڵ مامۆستا عومەر شێخموس، بەشێوەی پەیڤین لەسەر کاسێت بەڕێوەچووە و عینوانەکەش: تورکیا و مەسەلەی کورد لەلایەن منەوە داندراوە. (سلێمان) هێرش.

( هێرش سەرنووسەر و خاوەنی گۆڤاری گزینگ بووە). ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٢، زستانی ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوە.

# موحافزكارانی ناو یەكێتیی، رێیان لەگۆڕان گرت

ئەندامێكی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەهەڤپەیڤینێكی تایبەت لەگەڵ (وارڤین)دا ئاشكرای كرد كەهێزە موحافزكارەكانی ناو یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەكۆنگرەدا لەسەر بەرژەوەندییەكانیان رێككەوتوون و پاڵێوراوەكانی خۆیان پێشخستووە. عومەر شێخموس، دەڵێ كەئەو هێزانە پێشتر لەناو خۆیاندا كێشە و گرفتیان هەبووە و لەسەر زۆر پرس ناكۆك بوون، بەڵام لەكۆنگرەدا بۆئەوەی رێ لەگۆڕانخوازان، بەتایبەت توێژی ژن و گەنج بگرن یەكیان گرتووە.

*** لەكۆنگرەی سێی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستاندا بۆ یەكەمجار ١٠ ژن چوونە ئەنجوومەنی سەركردایەتییەوە. پێشتر لەناو یەكێتیدا ژن ئەو پۆستە باڵایانەی نەبوو. هۆكاری ئەو گۆڕانە چی بوو؟**

– دوو سێ هۆکار هەبوون بۆئەوەی پرسی ژن لەناو یەکێتی نیشـــتیمانیدا بێنـــنە پـــێش. یەکەم، لەکـــۆنگرەی دووهەمـــدا نە لەسەرکردایەتی و نەلەمەکتەبی سیاسیدا هیچ ژنێک نەبوو. پاش کـۆنگرە لەسـەر ئەو پرسـە موناقەشـەیەکی گەرم پەیـدا بـوو و گەلەک کەس لەسـەری بەدەنگ هـاتن. بەتـایبەت شـەپۆل فـاخیر مێرگەسۆری، چەند بابەتێکی لەسەر نووسی و هەڤپەیڤینی لەگەڵ من و گەلەک سیاسەتمەداری دیکە ئەنجام دا، مام جەلال وەڵامی دایەوە. ئـێمە ئەوەمـان بەشـەرمەزارییەکی گەورە بـۆ یەکێتیـی نیشتمانیی دەزانی کەپارتێکی پێشکەوتوو و رادیکاڵ بـوو، بەڵام نەیتوانیبـوو ژن بێنێتە سـەرکردایەتی. دووهەم، باڵادەسـتبوونی هزری پیاوسالاری بوو، چـونکە هەنـدێک ژن خۆیـان پـاڵاوتبوو، بەڵام کەس ئامـادە نەبـوو دەنگیـان پێبـدات. لەزۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا ئەو چینـەی نـاو کۆمەڵگـا کەرەوشـیان لاوازە هەمـوو کۆمەڵگا هاریکارییان دەکات، بۆئەوەی ئەو جیاکارییەی کەهەیە نەمێنێت. بۆ نموونە لەئەمریکا بۆ رەشپێسـت، ژن، کەمئەنجـام و هەندێک توێژی دیکە هەنگاوی جیاکاری ئەرێنی پێڕەو کرا، تا ئەو توێژانەش بتوانن لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا رۆڵی خۆیان بگێڕن. ئێستا لەسوید و گەلەک وڵاتی پێشکەوتووی تر وەهـایە. بۆیە ئێمەش بەپێویستمان زانی لەم رەوشـەدا یەکێتیی ژن بێنێتە سـەرکردایەتی. لەلایەکـی دیـکەوە بەبەردەوامـی هەرکاتێـک چ یەکێتیی و چ پارتی دیموکراتی کوردستان لەدەرەوە دانووستانیان دەکرد، رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرا کەبۆچی لەناو سەرکردایەتیدا ئەندامی ژنیان نییە. یەکێتیی نیشتمانیش چاوی لەوە بوو کەببێتە

ئەندامی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆناڵ. بەڵام پارتێکی سۆسیال دیموکرات بێ ئەوەی نوێنەری ژنی تێدا بێت چۆن دەبێت. ئێمە دەمانویست رێژەکە لەم کۆنگرەیەدا ٣٠% بێت، بەڵام لەسەر ٢٠% رێککەوتن هەبوو. ئەوە هەنگاوی سەرەتاییە و دواهەنگاو نییە. ئەوەی مایەی دڵخۆشی بوو چوار ژن بەدەنگی خۆیان هاتنە سەرکردایەتی، پێویستیان بەکۆتا نەبوو. ئەوەی کەدڵی من خۆشتر کرد گەلەک ژن لەکۆنگرەدا هەڵدەستانەوە و لەدژی کۆتا دەوەستانەوە و دەیانگوت ئێمە لەپیاو کەمتر نین و پێویستمان بەکۆتا نییە. بەڵام ئەوەش ئاساییە و راستییەکەی ئەوەیە کەکۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی نیمچە پیاوسالارییە و پرسی ئیسلام و دابوونەریت و کەلتور و زۆر فاکتەری دیکە لەبەردەم هاتنە پێشەوەی ژنان رێگرن.

*** تۆ باسی سوید و وڵاتانی پێشکەوتووت کرد. ئایا ئەو سیستەمەی کەلەوێ لەبواری مافی ژندا پێڕەو دەکرێ، کۆپیکراوەکەی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان و پارتێکی وەک یەکێتیی نیشتمانیدا دەگونجێت؟**

- نا بەتەواوەتی. دەتوانم بڵێم کۆمەڵگای سوید لانیکەم ٢٠٠- ٢٥٠ ساڵ لەکۆمەڵگای کوردستان لەپێشترەوەیە. گرنگ ئەوەیە کەهیوا، داخوازی و پلان هەبێ و هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەڵبگیردرێت. چونکە ئەوانیش هەر لەخۆیانەوە پێشنەکەوتوون بەڵکو رەنجیان بۆ داوە.

*** وەک بینیمان ژمارەیەکی بەرچاو لەمیوانانی ناوخۆ و بیانی لەکۆنگرەدا ئامادەبوون و پەسنی کۆنگرەکەیان دا. بەڵام ئەگەر سەیری هەیکەلی یەکێتیی بکەی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. بۆ نموونە ژن و گەنجی نوێ نەهاتنە پێشەوە. هۆکارەکەی چی بوو. تۆ پێشبینی دەکەی لەکۆنگرەی چوارەمدا گۆڕان رووبدات؟**

- راستیت بوێت دانووستانی ناو کۆنگرە گەلەک باش بوو. یەکەم، گەلەک کێشە و سەرئێشە و گیروگرفتی یەکێتیی نیشتمانیی لە ٩ ساڵی رابردوودا کۆببوونەوە کەپێویستبوو بێنە چارەسەرکردن. دووهەم، ئەوەی راستی بێ یەکێتیی نیشتمانیی دوو شکستی گەورەی خوارد لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ و ٢٠١٠/٣/٧دا و پێویستبوو لێکۆڵینەوەی لێکرابا و چارەسەرێکی بۆ بدۆزرابایەتەوە. سێهەم، لەناو رێکخستنەکانی یەکێتیدا گەلەک تەکەتول و تەکەتولکاری هەبوو و لەکۆنگرەدا باس لەهەموویان کرا. کۆنگرە بەگشتی باش بوو، چونکە پرۆگرامێکی نوێ و پێڕەوێکی ناوخۆی نوێ بۆ یەکێتیی بنیاتنرا. بەڵام بەداخەوە زۆرێک لەو ئەندامە ژن و گەنجانەی کەدەیانویست لەکۆنگرەدا گۆڕانکاری بکەن هەڵنەبژێردران. دەتوانم بڵێم وەک زۆربەی حزبە تەقلیدییەکان لەوڵاتانی دیکەی جیهاندا هێزە موحافزکارەکان رێیان لەگۆڕان گرت. هێندێک کەس هەڵبژێردران، بەڵام زۆر کەم بوون. وەک دەزانن لەهەموو جیهاندا هێزە دەسەڵاتدار و کۆنەپارێزەکان هەتا رۆژی کۆتایهاتنی دەسەڵاتیان لەبەردەم گۆڕاندا رێگرن، چونکە زیانیان پێدەگەیەنێت. بەداخەوە لەم کۆنگرەیەی یەکێتی

نیشتمانیشدا ئەوە روویدا. واتە هێزە موحافیزکارەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان ڕێککەوتن و پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشخست. ئەوانە پێشتر لەناو خۆیاندا کێشە و گرفتیان هەبوو و ڕێکنەدەکەوتن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێ لەوانە بگرن کەدەیانویست لەناو یەکێتیی نیشتمانیدا گۆڕانێکی گەورە دروست بکەن یەکیان گرت.

*** باست لەسەرکەوتنی کۆنەپارێزەکانی ناو یەکێتیی کرد. وەک دەزانن بەڕێز مام جەلال، یەکێک لەو کەسانە بووە کەهەمیشە ڕێگەی بەتوێژی ژن و گەنج داوە کەپێشبکەوێت. بەپێی ئەو پۆلینەی کردت مام جەلال، دەکەوێتە کام هێڵەوە. کۆنەپارێزە یان نوێخواز؟**

- مام جەلال دەکەوێتە بەرەی نوێخوازەکانەوە، ئەوەی ڕاستی بێت ئەو تەکەتولەی کەبۆ دەنگدان دروست بوو بەبێ ڕەزامەندی مام جەلال بوو.

*** ئەگەر سەیری هەیکەلی باڵای یەکێتیی بکەین. کۆنگرە نەیتوانی هیچ گۆڕانێک لەهەیکەلیدا دروست بکات. بۆ نموونە دوو جێگرەکەی مام جەلال، واتە کاک کۆسرەت و د. بەرهەم لەپۆستەکەیاندا مانەوە. بەڕای ئێوە باشتر نەبوو یەکێک لەجێگرەکانی سکرتێری گشتی ژن بێت؟**

- وەک دەزانن بەپێی بڕیاری کۆنگرە دەبێ ٢ کەس لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی ژن بێت. بێگومان داواکاری بۆ ئەوە هەبوو کەکەسانی دیکە بێنە پێش. بۆ نموونە سێ کەس کشانەوە. د.

کەمال فوئاد و کاک عادل موراد خۆیان خانەنشین کرد و هەروەها د. فوئاد مەعسوم خۆی هەڵنەبژاردەوە. داواکاری هەبوو کەهەندێ کەسی دیکەش بکشێنەوە، بەڵام بەداخەوە نەکشانەوە.

*** تۆ باسی پرسی تەکەتولت کرد لەناو یەکێتیی نیشتمانیی دا. کۆنگرەی سێ هیچ میکانیزمێکی بۆ بنبڕکردنی تەکەتول دەستنیشان کرد؟**

- تەکەتول و تەکەتولکارییان قەدەغە کرد و بڕیاردرا کەهەرکەسێک ئەو کارە بکات سزا بدرێت و هەروەها دەربکرێت. بڕیاردرا کەکۆنگرەی چوارەم لەئۆکتۆبەری ۲۰۱۳دا بەڕێوەبچێت و جەختیش لەوە کرایەوە کەئەگەر نەگیرێت سەرکردایەتی شەرعی خۆی لەدەست دەدات.

*** بەڕێز مام جەلال، دوو پۆستی گرنگی بەدەستەوەیە: یەکەم سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵە و دووهەم سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ە، ئایا بەڕێوەبردنی ئەو دوو پۆستە بۆ بەڕێزیان زەحمەت نییە. باشتر نەبوو سەرۆکایەتی یەکێتیی بداتە کەسێکی دیکە؟**

- (بەپێکەنینەوە) بەڵێ، بێگومان باش بوو، بەڵام بۆ وای نەکرد، من نایزانم.

**لە گۆڤاری وارڤین بڵاوبۆتەوە**

**هەڤپەیڤین: عەبدولرەحمان عەلی**

# دوور نیە دوای کۆنگرە، گۆڕان و یەکێتیی پێکەوە کار بکەن

هەندێک لەبەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەراگەیاندنەکاندا ئاشکرایان کردووە بڕیارە ئەو حزبە لە ٢٠١٠/٦/١ کە سی و چوارەمینساڵیادی دامەزراندنیەتی، کۆنگرەی سێیەمی خۆی ببەستێت، ئەمە لەکاتێکدایە کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو ماوە دوور و درێژەدا تەنیا دوو کۆنگرەی بەستووە و لەئێستاشدا لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەکرێت بۆ بەستنی سێیەمین کۆنگرە و ئەو بابەتانەی پێدەچێت تێیدا بێتە ئاراوە. عومەر شێخموس ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دۆستی دێرینی یەکێتی لەو بارەیەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی رادیۆی نەوا دەداتەوە.

*** زۆرێک لەچاودێران و شارەزایانی سیاسی پێیانوایە بڕیاری بەستنی کۆنگرە لەئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فشاری جدی کەبەهۆی هاوکێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانەوە خراوەتە سەر ئەو حزبە، بەڕێزت وەک ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و کەسایەتی نزیک لەو حزبە چۆن دەڕوانیتە ئەم بۆچوونە؟**

- فشارەکان یەکێک لەفاکتەرەکانن، هەموو هۆیەکان نین، چونکە دوو ساڵ پێش ئێستا باس لەوە دەکرا کەپێویستە

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی ببەسترێت ئەویش لەبەر گۆڕانکاریی رەوشی عێراق، رەوشی کوردستان، رەوشی یەکێتیی نیشتمانی خۆی، بەڵام دیارە هەڵبژاردنەکانی ٧/٣ی ئەمساڵ بۆ پەرلەمانی عێراق فشاری درووست کرد بۆ ئەو مەبەستە، هەرچەندە من لەپاییزی ٢٠٠٨ەوە ئاگام لێیەتی کەبڕیاریان دابوو بەزووترین کات کۆنگرە ببەستن.

*** هەندێک لەشارەزایانی سیاسی پێیانوایە هاتنە ئارای هێزێکی تازەی وەک بزووتنەوەی گۆڕان هاوکێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی وا تووشی گۆڕانکاری بووە کەگومانی خستوەتە سەر بەردەوامبوونی هاوپەیمانیی ستراتیژی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی و پارتی دیموکرات، هەر لەم چوارچێوەیەدا باس لەوە دەکرێت کەژمارەیەک لەکادیرە باڵاکانی یەکێتیی هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن لەکۆنگرەدا ئەو هاوپەیمانێتییە هەڵبوەشێننەوە، پێتوایە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی بەچ ئاقارێک کار لەسەر ئەو هاوپەیمانێتییە بکات، لەکاتێکدا کەنیشانەکانی ناکۆکی لەراگەیاندنەکانی پارتییەوە بەتایبەت بەرامبەر دکتۆر بەرهەمی سەرۆکی حکومەت چەندین جار دەرکەوتووە؟**

- پرۆسەی دیموکراسی و مشتومڕی دیموکراسییانە کەلەسەر ئاستی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا دروست بووە، من بەدیاردەیەکی باش و تەندروستی دەزانم، لەلایەکی دیکەوە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی رێکوپێک جا چ گۆڕان و هێزی ئیسلامی یا هێزی تری عەلمانیش بێت، ئەوە هەروەک بوونی ئۆپۆزسیۆن خۆی لەخۆیدا دیسان بەدیاردەیەکی تەندروستی دەزانم و بەپێویستی

دەزانم بۆ قوڵبوون و گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستاندا. بۆ مەسەلەی هاوپەیمانی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوە چەندینجارە هەردوولا جەختی لەسەر دەکەنەوە و دەڵێن ئێمە هەردوولا پێی پابەندین و هیچ کەسێک داوا ناکات کەگۆڕانکاری تێدا بکرێت. دوور نییە هەندێک نووسراو لەلایەن هەندێک لەلایەنگرانی پارتییەوە نوسرابێت بەڵام لەدواییدا روونکردنەوەیان بڵاوکردوەتەوە کەئەوە بۆچوونی حزبەکەی ئێمە نییە، دووریش نییە لەناو ریزی یەکێتیی نیشتمانیی دا هەندێک کەس رای وابێت کەئەو هاوپەیمانێتییە زیانی پێگەیاندوون و پێویستە پێیدابچنەوە، ئەوە بەشێکە لەپرۆسەی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسی و موناقەشە و مشتومڕ لەسەر ئایندەی هەر حزب و رێکخراوێک. ئەوەی کەزۆر روون ئاشکرایە دوور نییە ئێستا هەندێک کەس وای لێکبداتەوە کەئەو هاوپەیمانێتییە، لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا لەزیانی یەکێتیی نیشتمانیی کەوتوەتەوە و دوور نییە هەندێک کەسیش بۆچوونی ئەوتۆ و موناقەشەی وا بەرنە ناو کۆنگرەوە، بەڵام من نازانم ئەوە سەر دەکەوێت یان نا.

*** لەراپۆرتێکی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی دا کەبۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی تازەی یەکێتی ئەنجام دراوە و پوختەیەکی لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاو بوەتەوە، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو حزبە دەستنیشان کراوە کەتێیدا پێنج خاڵ وەک خاڵی بەهێز و زیاتر لەپانزە خاڵیش وەک خاڵی لاواز خراوەتەڕوو، ئەو راپۆرتە هەژمونی گیانی تەکەتول لەحزبەکەدا**

**و دروستبوونی کەلێنێکی فراوان لەنێوان جەماوەر و سەرکردایەتی یەکێتیدا لەریزی خاڵە لاوازەکاندا دادەنێت، پێتوایە کۆنگرە بتوانێت ئەو خاڵە لاوازانە چارەسەر بکات؟**

- من بەشتێکی ئاسایی دەزانم کەکۆنگرەی هەر حزبێک یەکێک لەئامانجە سەرەکییەکانی ئەوە بێت کێشەکان و کەموکوڕییەکانی ئەو حزبە چارەسەر بکات و بەرنامەیەکی رێکوپێک بۆ داهاتووی ئەو حزبە دابنێت. لەلایەکی ترەوە ئێمە هەموومان دەزانین کەبەشێکی زۆری بزوتنەوە و حزبەکانی کوردستان پێویستیان بەریفۆرم و نوێبوونەوە و بەخۆداچوونەوە هەیە، یەکێتیی نیشتمانیی یەکێک لەو هێزانەیە، من لەوە ئەمینم کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپلینۆمدا بەهێزتر دەرچوو، قەناعەتم وایە کەئەو کۆنگرەیەش جەماوەر و ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی دەخاتە گەڕ و لەجاران بەهێزتر دەبێ بەتایبەتی ئەگەر بتوانێ هەندێ لەکێشەکان و گیروگرفتەکان و کەموکوڕییەکانی ناو ریزەکانی خۆی چارەسەر بکات، وەکو مەسەلەی نوێبوونەوە و ریفۆرم، هێنانی گەنج، هێنانی ژنان و بەرنامەیەک کەلەگەڵ ئەم سەردەمەدا دەگونجێ، هەروەها لێکۆڵینەوەیەک و شیکردنەوەیەکی جدی بکات لەوەی کەبۆچی یەکێتیی نیشتمانیی وای بەسەر هاتووە و لەهێزێکی سەرەکی لەئاستی کوردستاندا ئێستا خەریکە دەبێتە هێزی دووەم یا سێیەم.

*** هەندێک لەبەرپرسانی یەکێتیی باس لەنزیکبوونەوەی حزبەکەیان دەکەن لەبزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەک کەوەکو هێزێکی ناو گۆڕەپانەکە قبوڵی بکەن و وەک لایەنە سیاسییەکانی**

**تر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، پێتوایە کۆنگرە بڕیارێکی ئەوتۆی بەرامبەر بزوتنەوەی گۆڕان لێ بکەوێتەوە لەکاتێکدا کەپلینۆمەکەی بەهێرشکردنێکی توند بەرامبەر بەو بزوتنەوەیە دەستی پێ کرد؟**

– من هیچ بەدووری نازانم، خۆیشم لەچەند گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیدا کەلەکوردستان بووم، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد پاش ئەوەی ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕێت گۆڕان وەکو حزبێک بەتایبەتی کەئێستا داوای مۆڵەتی رەسمییان کردووە لەکوردستاندا کار بکات، شتێکی زۆر ئاساییشە کەپارتی و یەکێتیی و لایەنەکانی تریش لەگەڵ گۆڕاندا دانیشتن و گفتوگۆ بکەن و بزانن چی لەیەکیان نزیک دەکاتەوە و چی لەیەکیان جیا دەکاتەوە، ئەوەی پێوەندی بەیەکێتیی نیشتمانیی- ەوە هەیە لەبەرئەوەی کەجیابوونەوەکە تازە بوو لەوانەیە ناکۆکییەکان کەمێک توند بن بەڵام من قەناعەتم وا بوو کەپاش ماوەیەک پێوەندییەکانیان ئاسایی دەبێ و دوور نییە بتوانن لەدوارۆژیشدا لەسەر بابەتە نیشتمانییەکان پێکەوە هاوکاری بکەن، بەش بەحاڵی خۆم ئەوەیشم بیستووە کەجۆرە دیالۆگێک لەنێوان کادیرەکانی یەکێتی و گۆڕاندا هاتووەتە ئاراوە، راستییەک هەیە کەدەبێ هەموومان دانی پێدا بنێین ئەویش ئەوەیە سەرنەکەوتنی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەڵبژاردندا، لەئەنجامی ئەو جیابوونەوە بووە و لەزیانی هەردوولا تەواو بووە، جا دوور نییە بۆ دوارۆژ بیر لەوە بکەنەوە کەچۆن بتوانن هاوکاری بکەن بۆ هەڵبژاردنی ئایندە لەسەر ئاستی سیاسی، جا با بۆچوون و

پلاتفۆڕم و بەرنامەی جیاوازیشیان هەبێ، من چاوەڕێی ئەوە دەکەم کەرۆژێک لەرۆژان وای لێ بێت.

*** بەبۆچوونی ئێوە پێدەچێت لەکۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتمانیدا سکرتێر بگۆڕێت یا باسی گۆڕینی بێتە ئاراوە؟**

- من ئەوەم لەگەڵ مام جەلال خۆی باس کردووە، مام جەلال خۆ نایەوێت هەتا هەتایە هەر سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت، دوور نییە پۆستێکی دیکە وەربگرێت وەکو سەرۆک یا هەر پۆستێکی دیکە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی دا، بەڵام ئەوە دواجار پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە، دوریش نییە ئەو باسە لە کۆنگرەدا بێتە ئاراوە بەڵام من ئێستا ناتوانم بڵێم وا دەبیت، لەوانەیە موناقەشەیەکی وا بێتە ئاراوە، یەکێک لەو شتانەی کەپێویستە باس بکرێت مەسەلەی گۆڕینی ئۆرگانەکانی دەسەڵات و ناوەکان و ناوەرۆک و ئەندامەکانیانە کەحەق وایە هەر کۆنگرەیەک ئەوە بێنێتە ئاراوە، بەڵام ئایا بەشێوەیەکی تایبەتی مەسەلەی پۆستی سکرتێری گشتی دێتە ئاراوە من نازانم.

**رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٥ لە رادیۆی نەوا و سایتەکەیان بڵاوبۆتەوە**
**سازدانی: شەهرام عەبدوڵلا**

# سەرکردایەتی تازەی یەکێتیی نەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات

عومەر شێخموس ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدیمانەیەکی تایبەت بەگۆڤاری (ساماڵ پۆست) ئاماژە بەچەند پرسێکی یەکێتیی دەدات و پێی وایە کەکۆنگرە جێی دڵخۆشی زۆربەی کادیران و رۆشنبیرانی ناو ئەو حیزبە نەبووە، هاوکات ئەوەش دەڵێت کەمحافزاکارانی ناو یەکێتیی لەنیوەی کۆنگرەدا نەیانهێشتووە گۆڕانکاریی تەواو بکرێت، لەمەڕ نزیکبوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی رای وایە کەبۆ داهاتوو دوور نییە تێکەڵببنەوە، هاوکات ئەوەش رەتدەکاتەوە کەنەوشیروان مستەفا میراتگری یەکێتیی بێت.

*** بەڕێزتان وەک کوردێکی سوریا، دەکرێت بزانین چۆن خۆتان لەناو حیزبێکی کوردستانی باشووردا دۆزییەوە و بوونە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئایا هیچ پێشینەیەکی هاوڕێیەتیت لەگەڵ تاڵەبانی دا هەبوو؟**

– من هەردەم بۆچوونێکی کوردستانیم هەبووە لەتێکۆشان و خەباتدا، بۆ من وەکو کوردێکی سوریا هیچ جیاوازیم نەدیوە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی کوردایەتیدا، لەهەر بەشێکی کوردستاندا پێویستی بەخەبات هەبوایە بەشداریم تێدا کردووە،

ئینجا چ لەکوردستانی سوریا، عێراق، ئێران، یان تورکیا بوایە. لەبەرئەوەی من لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد-ی سوریا بووم، لەساڵی ١٩٦٢ زۆر چالاک بووم لەناو بزووتنەوەی کوردیدا لەئەوروپا، پەیوەندییەکی زۆر بەهێزم هەبووە لەگەڵ شۆڕشی کوردستانی عێراق و سەرکردەکانی. هەر لەو ماوەیەشدا بوو کەمام جەلال-م لەنزیکەوە ناسی لەکاتی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لەساڵی ١٩٦٣ لەشاری میونخی ئەڵمانیا، پاش ئەوە دۆستایەتیەکی بەهێز لەبەینماندا دروست بوو، بەهۆی بۆچوونی فیکری لەیەک نزیک. ئەو دۆستایەتیەش هەتا ئێستاش بەردەوامە، مام جەلال ئەوکاتە سەرۆکی وەفدی گفتوگۆ بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەسەردان هاتبووە دەرەوە.

پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٥دا، زۆر لەتێکۆشەرانی کوردستان بیریان لەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازە کردەوە بۆ بەردەوامبوونی خەبات لەکوردستانی عێراق، بۆیە مام جەلال پەیوەندی پێوە کردم لەگەڵ کاک د.کەمال فوئاد، بیری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بەناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هاتە کایەوە و بەشداریم تێدا کرد و بووم بەئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بوونی ململانێکانی چ لەناوخۆ، چ لەگەڵ لایەنەکانی تر، ئایا وەک خۆت تا چەند قەناعەتت بەو ململانێیانە هەبووە؟**

– لەسەرەتای دروستبوونی ی.ن.ک هیچ کەسێکمان باوەڕی بەململانێ لەگەڵ هیچ لایەنێک نەبوو، زۆریش هەوڵماندا لەگەڵ هەموو هێزەکانی سەر ساحەی سیاسی لەکوردستانی عێراق و بەشەکانی تری کوردستان پەیوەندی باش و هاوکاریمان هەبێت. هێزی وەکو بارزانی و سەرکردایەتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی تورکیا و سوریاش. ئەوەی ئاگاشم لێیە مام جەلال نامەیەکی بۆ بارزانی نووسیبوو کەدروستبوونی ی.ن.ک لەدژی ئەوان نییە و داوای هاوکاری لێکردبوون، بەڵام زۆر بەداخەوە کە قیادەی موەقەتەی پ.د.ک دروست بوو هەڵوێستێکی زۆر دوژمنانەیان لەیەکێتیی وەرگرت،ئەنجامەکەشی دیاربوو دوای چەندان ساڵ ئینجا کۆتایی پێهات.

سەبارەت بەململانێی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر سروشتی ڕێکخراوەکە وەکو نیمچە بەرەیەک، دەستەی دامەزرێنەر لەدەرەوەی وڵات بیری لەهاوپەیمانێتی نێوان تەیاراتی فیکری لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا کردبووەوە، بەڵام سەرکردایەتی ناوەوە بیریان لەتەیاراتی ڕێکخراو دەکرد، واتە باڵی جیاوازی ڕێکخراو. ئەمەش بووە هۆی ململانێی توند لەپێگە و دەسەڵات لەنێوان کۆمەڵە، بزوتنەوە و خەتی گشتیدا لەناو ریزەکانی ی.ن.ک دا، ئەنجامەکەشی چەند ناکۆکی، لێکترازان وناخۆشی لێ پەیدا بوو.

*** زیاتر ئەو ئینشیقاقانەی کەلەناو یەکێتیدا ڕوویانداوە هۆکاری سەرەکی چی بوون؟**

– هەموو ئینشیقاقەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناگەڕێتەوە سەر یەک کەس، یان یەک فاکتەر، شیکردنەوەی وا زۆر ساویلکە و سەتحییە، چەندین هۆ و فاکتەری فکری، پێگە، دەسەڵات، هەروەها بۆچوونی جیاواز و سروشتی تاقم و کەسایەتی ڕۆڵی خۆی بینیووە، هەروەها شێوەی ڕەفتارکردن لەگەڵ دید و بۆچوونی جیاوازدا، لەبیریشمان نەچێت کەهەندێ جار فاکتەری دەرەکیش ڕۆڵی خۆیان بینیوە، وەکو ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی حکومەتەکانی عێراق و ئێران ودەزگاکانیان، فەرهەنگی نا دیموکراسیانەی زۆر لەبزووتنەوەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش فاکتەرێکی ترە.

*** بێینە سەر کۆنگرەی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا چەند ئەو گۆڕانکارییانەی کەلەکۆنگرە ڕوویاندا بەشێک بووە لەبەخۆداچوونەوە، پێتوایە لەگەڵ خواستی کادیرانی بووە، یان وەک خۆت تا چەند گەشبینیت بەم کۆنگرە و دەرەنجامەکانی؟**

– بەستنی کۆنگرەی سێیەمی ی.ن.ک خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی باش و پۆزەتیڤ بوو، باس و لێکۆڵینەوەکانی ناو کۆنگرە زۆر بەسوود بوون. هەڵبژاردنی ژمارەیەک ژن و هەندێ گەنج بۆ ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی هەنگاوێکی گرنگ بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە گۆڕانکارییەکان لەئاستی پێویستدا نەبوون. لەو باوەڕەدا نیم کەئەم سەرکردایەتییە تازەی ی.ن.ک بتوانێت کێشە

و گیروگرفتەکانی سەرەکی ی.ن.ک چارەسەر بکات. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕێککەوتنەی نێوان هێزە محافزکارەکانی ناو ی.ن.ک بۆ ڕێگا گرتن لەگۆڕانکاری و ریفۆرم و نوێبوونەوە، بێگومان ئەم گۆڕانکارییانە لەئاستی خواستی بەشی هەرە زۆری ڕۆشنبیران و کادیرە پێشکەوتوو و دڵسۆزەکانی یەکێتی نەبوون، پرۆسەکە لەنیوەی ڕێگا ڕاگیرا.

*** گرژیەک لەنێوان بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دا هەیە، تۆ وەک خەتی وەسەت لەو نێوەندەدا تا چەند قەناعەتت هەیە کەهەردوولا لەدواجاردا لێکنزیکبوونەوەیەک، یاخود تێکەڵ بوونەوەیەک ڕووبدات؟**

- لەکاتی ئێستادا بەدووری دەزانم تێکەڵبوونەوەیەک، یان لێکنزیکبوونەوەیەک لەنێوان یەکێتیی و بزوتنەوەی گۆڕان ڕووبدات. ئەم پرۆسەیە پێویستی بەتێپەڕبوونی کات هەیە، بەڵام بەدووری نازانم پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێن و گرژییەکان کەم بکرێن و لەدواییدا نەمێنێت، ئەمەش ڕێگا خۆش بکات بۆ هاوکاریکردنێک لەسەر پرس و کێشەی کۆنکرێت و دیار کەڕووبەڕووی کۆمەڵگا و خەڵکی کوردستان دەبن. دووریش نییە پاش چەندساڵێک دەیان زەمینە خۆش ببێت بۆ یەکگرتنەوەی هەردوولا، وەکو چۆن لەگەڵ حسیک و ئاڵای شۆڕش کرا، بەڵام بۆ ئێستا بەدووری دەزانم.

*** دەکرێت بڵێین بزوتنەوەی گۆڕان یاخود شەخسی نەوشیروان مستەفا میراتگری یەکێتیی نیشتماني-ن؟**

– نەخێر ناتوانین ئەوە بڵێین، لەبەرئەوەی میراتگری ی.ن.ک هەموو یەکێتییە بەهەموو جەماوەر و ئەندام و ڕێکخراو و سەرکردەکانیەوە، نەک تەنها بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا، بزووتنەوەی گۆڕان تەنها بەشێک بوون لەیەکێتیی و نەوشیروان مستەفاش تەنها یەکێک لەسەرکردەکانی بوو.

*** بەپێی ئەزموونی خۆت لەدوای تاڵەبانی یەکێتی بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات، ئایا بەشی زۆرینەی یەکێتییەکان دەچنە ناو بزووتنەوەی گۆڕان؟**

– بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆم و بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی زۆر وڵات و بزووتنەوە و حیزبی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (چی لەرووسیا و چین، یان هەندێ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست). لەبەرئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەن مێژوو و ڕێباز و میراتێکە، دوای تاڵەبانی هەر بەردەوام دەبێت و گەشە دەکات بەهەندێ گۆڕانکاری و ریفۆرمەوە. قەت لەو باوەڕەدا نیم کەزۆرینەی ئەندام و کادیرەکانی یەکێتی بچنە ناو بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام دوور نییە زەمینە خۆش ببێت بۆ گفتوگۆ و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە لەنێوان هەردوولا. ئەم ئەگەرە لەئارادا نییە لەبەرئەوەی هەندێک دەنگوباس و نیشانە هەن کەبزووتنەوەی گۆڕان خەریکە تووشی گیروگرفت و قەیران دەبن.

*** خاڵی لاوازی یەکێتیی لەئێستادا لەچیدایە، هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەڵێن لە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتیدایە، کەیەکێتیی**

**پێ بچووکبووەتەوە، هەندێ لەسەرکردەکانی پارتیش دەڵێن لەجیابوونەوەی نەوشیروان مستەفایە، بەرای ئێوە کامیان خاڵی سەرەکی لاوازی یەکێتین؟**

- گومانی تێدا نییە، کەجیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ی.ن.ک، یەکێتی لاواز کرد لەزۆر رووەوە، ئەنجامەکەشی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ و ٢٠١٠/٣/٧ باشترین ئیسپاتن بۆ ئەوە، بەڵام یەکێتیی پاش ئەوە توانی هێزی خۆی بخاتەوە گەڕ بەبەستنی پلنیۆم و کۆنگرە و جۆرە هەڵسانەوەیەک دروست بکات، دوور نییە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی داهاتوو ببێتە پێوانەیەک لەسەر رەوش و هێزی ئێستای یەکێتی.

من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کەرێککەوتنی ستراتیژی لەنێوان یەکێتیی و پارتی فاکتەرێک بووبێت بۆ لاوازکردنی یەکێتیی، دوور نییە هەندێ لەجەماوەری یەکێتیی تووڕە بوون لەو رێککەوتنە لەبەرئەوەی یەکێتی رێباز و پرۆفایلی خۆی نەپاراست لەناو هاوپەیمانیەکەدا، بۆیە دەنگیان بەبزووتنەوەی گۆڕان دا، یان لەماڵەوە دانیشتن و بەشدارییان نەکرد لەهەڵبژاردنەکان، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی کاتییە، یەکێتیی دەیتوانی رێککەوتنەکە بپارێزێت، بەڵام پێویست بوو سیاسەت و رێباز و بۆچوونەکانی خۆی باشتر دەربخات لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

بەرای من پاراستنی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیی و پارتی پێویستییەکی مێژووییە بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی و ئاشتی لەکوردستاندا وەگەشەکردنی سیستەمی سیاسی لەوێ.

*** بێینە سەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق، دەوترێت کەپۆستی سەرۆک کۆمار نادرێتەوە بەکورد، ئایا لەو کاتەدا تاڵەبانی بەردەوام دەبێت لەکاری سیاسی، یان دادەنیشێت؟**

– هەموو دەنگ و باسەکان وا نیشان دەدەن، کەتەنها کاندید بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لەعێراق مام جەلال–ە، زۆر زەحمەتیشە بۆ من بتوانم بڵێم تاڵەبانی چی دەکات ئەگەر هەڵنەبژێردرا بۆ سەرۆک کۆمار، بەدووری دەزانم دابنیشێت لەبەر رەوشی ئێستای یەکێتی.

*** پۆستی سەرۆک کۆماری کەدرایە کورد، ئایا ئەو پۆستە لەپێناو ئەوە بوو کەکورد نەتەوەی دووەمە لەعێراقدا، یان تەنها لەپێناو خودی تاڵەبانی بوو وەک کەسێکی سیاسی؟**

– بەگوێرەی هەموو لێکدانەوە و شیکردنەوەی سیاسی، دانی پۆستی سەرۆک کۆمار بەکوردێک لەعێراق مانای ئەوە دەگەیەنێت کەجۆرە ناساندنێکە بەماف و قورسایی کورد وەکو نەتەوەی دووەم لەعێراقدا، بەڵام دووریش نییە کەلێوەشاوەیی و قورسایی مام جەلال وەکو سیاسییێک و رۆڵی مێژوویی لەناو خەباتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا ئەو کارەی ئاسانتر کردبێت.

*** ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە، دەسەڵاتی سیاسی کورد هەمیشە دەڵێن ئێمە پێداگری دەکەین و دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئایا کارتی کورد بۆ جێبەجێکردنی بەهێزە؟**

– بەرای من رەوشی ئێستای کورد لەهەموو کاتێک بەهێزترە بۆ چەسپاندنی ماف و داخوازییەکانی خۆیان، بەجێبەجێ

کردنیماددەی ١٤٠یش بەتایبەتی هێزی کوردی یەکگرتووە و بەرامبەرەکەیان پەرت و بڵاوە و ناتوانن لەبەینی خۆیان ڕێکبکەون، وەبێ هاوکاری و پشتیوانی کورد ناتوانن حکومەتی تازەی عێراق دابنێن.

**لە ژمارە ٩، مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٠ گۆڤاری ساماڵ پۆست بڵاوبۆتەوە.**

# مام جەلال نزیکترین هاوڕێمە

که لە نـزیکەوە دانیشـتین هێمنیـیەکەی سەرسـامیکردم، ئەو بەکـاوەخۆ لەگەڵ مێژوویەکـدا کەوتە دوان، لەبـارەی منـداڵی و سـەرەتاکانی ژیـانی لە عـامودا و کوردسـتانی ڕۆژئـاواوە قسـەمانکرد، لە زۆر وێسـتگە وەسـتاین و قسـەمان کـرد، سەرەنجام ئەم بەشەمان لە مێژوو کردە دۆکۆمێنتی مرۆڤێک که خۆی بە زمانی خۆی بۆمان ئەگێڕێتەوە.

شـێخمووس لەبارەی لەدایک بوون و منداڵییەکەیەوە وتـی "لە شـارۆچکەیەک بەنـاوی عـامودا لە کوردسـتانی ڕۆژئـاوا لەدایـک بـووم لە ١٩٤٢/٢/٧". بەسەرسـوڕمانەوە لێمپرسـی: ببـوورە ڕۆژئـاوای کوردسـتان یـان کوردسـتانی ڕۆژئـاوا؟ شێخموس دووبارەی کردەوە "بەڵێ کوردستانی ڕۆژئاوا".

*** چەندەمین منداڵی خێزانەکەتان بووی؟**

- منداڵی یەکەم، واتە گەورەی هەموو منداڵەکانمان بووم، ١٣ خوشک و برای ترم هەیە.

*** ئەوانە بەتەنیا بەرهەمی یەک دایک بوون؟**

- نەخێر من تەمەنم ٦ ساڵ بوو کە دایکم وەفاتی کرد، خوشکم و برایەکی ترم لە دایکی من بوون، برایەکەم لە تەمەنی یەک ساڵیدا وەفاتی کرد، ئیتر باقی منداڵەکانمان لە دایکی دووەم بوو.

*** زۆرجاران بەهاتنی دایکی دووەم، خانەوادەکان کێشە و گیروگرفتیان بۆ دروست دەبێت، لەماڵی ئێوەیشدا هەمان شت دووبارە بووەوە؟**

– چونکە ئێمە منداڵ بووین گیروگرفتێکی ئەوتۆ دروست نەبوو، باوەژنیشم مرۆڤێکی باش بوو و نێوانمان لەگەڵی زۆر خۆش بوو و ئێستاش باشە.

*** ئەوان لە سوریا ئەژین؟**

– بەڵێ هەر لە سوریا ئەژین، بەڵام لە ساڵانی (١٩٥٦)ەوە ماڵمان چوو بۆ حەڵەب بەهۆی خوێندنەوە، چونکە قوتابخانەی ئامادەیی لێ نەبوو و منداڵەکان ناچار دەبوون بچن بۆ ئەوێ بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنەکەیان.

*** ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی عامودا چەندێک دەبوون وا حکومەت قوتابخانەی لە ئاستەکانی ئامادەیی لێ نەکردبووەوە؟**

– نزیکەی ١٠٠٠٠ دە هەزار کەس دەبوون، بەڵام ئێستا نزیکەی ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار کەس دەبێت.

*** زۆرینەیان کوردبوون؟**

– تەبعەن وەکو شارەکانی کوردستانی عیراقیش ٩٩%یان کوردبوون، هەندێک بنەماڵەی کریستیان و ئەرمەنی لێ بوون، بەڵام تەنیا چەند ماڵێک بوون، عەرەبەکانیش تەنیا فەرمانبەری حکومەت بوون.

*** ئەگەر یەکێک لەم کاتەدا بهاتبایەتە شارەکە بەسیمایدا دیاربوو شارێکی کوردییە؟**

– بەڵێ وەکو زۆرینەی شارە کوردییەکانی تر هەستت پێدەکرد کە ئەمە شارێکی کوردییە.

*** ئەگەر بتوانێت لەبارەی خێزانەکەتانەوە قسەمان بۆ بکەیت؟**

– وەڵـڵا لە زۆر ڕووەوە ئـێمە بەخـتەوەر بـووین، مـن لە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەند لەدایک بووم، یەکێک بووین لەو بنەماڵانەی کە لە کۆنەوە باب و باپیرانم لەگەڵ ٩ بنەماڵەی تر شارۆچکەی عامودایان دروستکردبوو، بۆیە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری باشمان هەبوو لە شارۆچکەکەدا.

*** لەبارەی ژیانی منداڵیتەوە چیت بەبیر دێتەوە؟**

– من بەتەبیعەت زۆر تێکەڵاو بووم لەگەڵ خەڵکدا، هاوڕێکانی منـداڵیم زۆربـوون و تـاکو ئێستایشدۆسـتایەتیمان هەیە لەگەڵ ئەوەی من لە ساڵی ١٩٦٢ەوە سوریام بەجێهێشتووە، هەندێکیان هاتوونەتە ئەوروپا.

*** لە ساڵی ١٩٦٢ەوە نەگەڕاویتەوە بۆ عامودا؟**

– هەتـا سـاڵی ١٩٨٠ نەمتـوانی بگەڕێـمەوە، ڕژێمـی سـوریا بڕیاری گرتنی بۆ دەرکردبووم و ڕەگەزنامەی سوریشـی لـێ سـەندبوومەوە، بەڵام بەهـۆی ئەوەی مـن ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم و یەکێتیش پەیوەنـدی هەبـوو لەگەڵ سـوریا و پشـتیوانیان دەکـرد لە

ئۆپۆزسیۆنی عیراقی، بەوەی من ئەندامی وەفدی یەکێتیی بووم بۆ دامەزراندنی بەرەی جوقد تەنیا بۆ دوو هەفتە ڕێگەیان دامێ بگەڕێمەوە سوریا و توانیم سەردانی ماڵەوەیشمان بکەم، بەمەرجێک کە نەچمە دەرەوە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ تێکۆشەر و چالاکوانانی کورد، پاشان جارێکی تریش ساڵی ١٩٨٥ باوکم کۆچی دوایی کرد بۆ پرسەکەی گەڕامەوە، بەڵام لەوێ گرتمیان، پاشان نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی هەوڵیان بۆ دام و ڕێگەیان دامێ سوریا بەجێبهێڵم.

*** هەستی خۆشی لا دروستکردیت دوای ئەوەندە ساڵ کە گەڕایتەوە بۆ شارەکەت؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە.

*** ئەی لەبارەی خوێندن و چوونە قوتابخانەتەوە، چۆن و کەی دەستت پێکرد؟**

- لە شارۆچکەی عامودا چوومە قوتابخانە، قوتابی هەموو نەتەوە جیاکانی تێدابوو، بەڵام دەرسی کوردیمان نەدەخوێند و قەدەغەبوو، هەروەها زۆربەی مامۆستاکانیشمان عەرەب و چەندێکیشیان مەسیحی بوون.

*** ناوی چی بوو؟**

- قوتابخانەی غەزالی سەرەتایی کە بەناوی شاعیرێکی گەورەی عەرەبەوە ناونرابوو.

کاتێک پرسیاری ئەوەم لە مامۆستا عومەر شێخمووس کرد کە ئایا بیرت ماوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ناوی چی بوو، دوای پێکەنینێکی درێژ وتی نەوەڵڵا هەر بیریشم نەماوە.

*** هەر لەو قوتابخانەیە خوێندنی سەرەتاییت تەواوکرد؟**

– بەڵێ هەتا ساڵی ١٩٥٤ لەوێ بووم، پاشان چووینە حەڵەب بۆ قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی. بەڵام من چوومە کۆلیجێکی ئەمریکی و لە بەشـەناوخۆیی دەمـامەوە، ئەمریکییەکـان وەختـی خۆی لە سالانی ١٩٣٠ەوە دایانمەزراندبوو.. پێشتر لە ساڵی ١٨٦٧ لە شـاری عەنتـابی تورکیـا لەلایەن موبەشـیرە ئەمریکییەکـانەوە بەتایبەت بۆ ئەرمەنییەکان دامەزرابوو، کاتێک کە شەڕی یەکەمی جیهانی تەواو بوو، کۆماری تورکیا لەلایەن ئەتاتورکەوە دامەزرا، ئیتر لە سالانی ١٩٣٠ەوە گواستیانەوە بۆ حەڵەب، جگە لەوە چەند کۆلیجێکی تری ئەمریکی هەبوو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەکو ئەستەنبوڵ و قاهیرە و بەغدا، ئەمانە هەموویان بەسترابوون بە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت.

*** چەند پارەت دەدا؟**

– بەهەمووی ٣٠٠٠ سێ هەزار لیرەی سوری بوو. بۆ ئەوکاتە بڕێکی زۆر بوو، بەشێکی زۆری ئەو مندالانەی لەوێ بوون یان کوڕە دەوڵەمەند بوون یان کوڕی بەرپرسەکان بوون.

*** هاوڕێکانی ئەوکاتت کێیانت لەیادماوە؟**

– یەکێک لەوانە کوڕە کوردێکی شاری عەفرینە کە بۆ ماوەی ١٢ ساڵە ئەندامی پەرلەمانی سوریایە، هاورێی تری عەرەبم هەبوو، کە من بوومە ئەدامی پارتی و ئەویش بووە ئەندامی حزبی بەعسی سوریا و بۆ ماوەیەک بوو بە بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سوریا..

*** پەیوەندیت ماوە لەگەڵیان؟**

– بەڵێ پەیوەندیمان هەبوو. یەکێک لە هاورێکانم لە شێخەکانی ئیسماعیلییە بوو کە خزمایەتیان لەگەڵ خانەوادەی ئەسەد هەیە.

*** تاکەی لەو کۆلیجە مایتەوە؟**

– تاکو ساڵی ١٩٦١

*** دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١ خوێندنی کۆلیجی ئەمەریکیت تەواو کرد چوویتە دەرەوە بۆ خوێندن، ئەو سەرگوزشتەیە چۆنە؟**

– بەڵێ چوومە ئینگلستان بۆ درێژەدان بە خوێندن لەسەر حیسابی خۆم. تەبعەن نیەتم وابوو بچم بۆ ئەمریکا، داوام ناردبوو بۆ چەندین زانکۆی ئەمریکی، هەروەها من بەزحمەت توانیم پاسپۆرتی سوری بەدەستبخەم. کە چوومە ئەوێ کۆمەڵێک لە برادەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا وەکو سەعدی دزەیی و هەندێکی تر قبوڵیان بۆ وەرگرتم، شتێک هەیە

له سیستەمی خوێندنی ئینگلیز کە بڕوانامەی هیچ وڵاتێکیان قبوڵ نییە، بەڵکو دەبوو دوو ساڵ کۆلیج بخوێنی و پاشان بچیتە زانکۆ، من لەسەرەتادا چوومە کۆلیجێک لە گەڕەکی ئەکتن لە لەندەن و پاشان چوومە زانکۆی لەندەن.

*** ئەوە ساڵی چەند بوو؟**

- من (١٩٦٢-١٩٦٤) لە کۆلیج بووم، پاش ئەوە یەکسەر چوومە زانکۆ.

*** لە چ ڕشتەیەکدا درێژەت بەخوێندندا؟**

- سەرەتا دەمویست لە ئەندازیاری کیمیاوی یان ئەندازیاری نەوت بخوێنم و هەر بەو نیەتەیش چوومە ئەوێ..

*** بۆچی حەزت دەکرد لەیەکێک لەو دوو بوارە درێژە بەخوێندنەکەت بدەیت؟**

- ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆری قوتابی کە لەو دوو کۆلیجەدابوون خەڵکی عەرەبستانی سعودی و کوێت و لیبیا بوون، تازەیش پەترۆڵ لەو وڵاتانە دۆزرابووەوە، یانی وەکو چاولێکەرییەک بوو و بیریشمان لەوەدەکردەوە کە ئەگەر خوێندن تەواوبکەین ئەوا دوورنییە لە یەکێک لەو کۆمپانیایانە دابمەزرێین. بەڵام پێش ئەوەی کە لە سوریا دەربچم من چالاکوان بووم لەناو پارتی دیموکراتی سوریا و زیندانیکرام، کە چوومە دەرەوەیش یەکسەر چوومە ناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و ناوچەی پارتی، دەستمکرد بەچالاکی سیاسی، شۆڕشیش لە ساڵی ١٩٦١

لە کوردستانی عیراق دەستیپێکردبوو، ئیتر هەمووکاتی خۆمان تەرخانکردبوو بۆ ئەو جۆرە کارانە، بۆیە ڕشتەکەم گۆڕی بۆ بەشی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان.

*** پاشان چۆن درێژەت بەخوێندندا؟**

بەڵێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێویستی هەبوو بۆ یارمەتیدانی شۆڕش هەندێک ماندووی کردم، لەگەڵ ئەوەیشدا بەردەوام بووم و خوێندنەکەم تەواوکرد، ویستم لە ئینگلستان بمێنمەوە..

*** ئەگەر لەبارەی خوێندنەوەوە دەستپێبکەین، چۆن دەستتپێکرد؟**

-لەماڵەوە باوکم کتێبی دەخوێندەوە، خۆیشم کە لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە دەستمکرد بە چالاکی سیاسی، لە حزبدا کتێبی زۆرمان دەخوێندەوە، بەڵام لە دەرەوە بەتایبەت لەناو کۆلیجی ئەمریکی کتێبخانەیەکی باشیان هەبوو، هەر لە گەنجێتییەوە عاشقی کتێب بووم، لەگەڵ ئەو کوڕەی کە پێشتر وتم بوو بە بەعسی، جۆرە پێشبڕکێیەکیمان لەنێواندا بوو بەوەی کاممان دەتوانین زۆرترین کتێب بخوێنینەوە لەو کتێبخانەیەی کۆلیجەکەمان، لە پیتی ئەلیفەوە دەستمانپێکرد هەتا ساڵی کۆتایی لە ١٩٦١ کتێبێکی یەکجار زۆرمان خوێندەوە و ئەوە زۆر چاوی کردمەوە و زانیارییەکی زۆرم لاپەیدابوو و هەر بەو گەنجێتییە تێگەیشتنێکی فراوانم هەبوو لەسەر ڕەوشی جیهان. خوێندن لە کۆلیجەکەمان لە حەڵەب بەزمانی ئینگلیزی بوو، بۆیە من کتێبەکانی شکسپیرم دەخوێندەوە، بەڵام دوایی لەناو ئەدەبیاتی سیاسیدا کتێبەکانی

مارکس و ئەنجلس و چەندین کتێبی تریش بەشێک بوون لە پەروەردەی سیاسی ئێمە. تەبعەن ئەوانەیش زیاتر پەیوەندی بەحەزی شەخسی خۆمەوە هەبوو.

*** کاریگەری خراپی لەسەر خوێندنەکەت دروستکرد؟**

– نەخێر باوەڕناکەم، چونکە بۆم باسکردیت لەو قوتابخانە ئەمریکییە دەمانخوێند و دەشماینەوە، دیسپلینێکی بەهێزی تێدابوو بۆ نموونە دوای نانی ئێوارە دەبوو بچین بۆ ماوەی سێ سەعات لەژێر چاودێری مامۆستایەکدا دەرسەکانمان بخوێنین و ئەو ئەرکانەی رۆژی پێشتر پێمان سپێردرابوو ئامادە و جێبەجێی بکەین. پاشان تەنیا رۆژی یەکشەممە ئازادبووین و ئەو رۆژەیش سەرقاڵی وەرزش و هەندێک کاری تر دەبووین، بۆیە ئەو کۆلیجە بۆ من وەکو خوێندکارێک سوودێکی زۆری هەبوو.

*** لەگەڵ هاوڕێکەت موونافسی یەک بووین لە کتێب خوێندنەوە، گفتوگۆتان دەکرد پاش خوێندنەوەی هەر کتێبێک؟**

– بەڵێ، پاشان هەستمکرد ئەو بەرەو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەچێت، بەڵام کە گفتوگۆ دەبوو لەنێوانماندا بەتایبەت پاش ئەوەی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز ڕوویدا لە عیراق، کورد وەکو نەتەوەیەک لە عیراق قبوڵ کرا، پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕەسمی مۆڵەتی وەرگرت و جار جار ڕۆژنامەی (خەبات)مان بەدەست دەگەیشت، گفتوگۆکەمان زۆر توند دەبوو لەسەر ڕەوشی عیراق و سوریا و میسر و ئەوانە.

*** ئەو ماوەیە نەبوویتە خاوەن کتێبخانەی تایبەتی خۆت؟**

– من ئیمکانی کتێبکڕینم هەبوو، وەکو پێشتریش باسمکرد باوکم کتێبی زۆری بۆ خۆی دەکڕی و منیش دەمخوێندنەوە، بۆیە کتێبخانەیەکی باشمان هەبوو لە ماڵەوە، بۆیە هەندێک کتێبی مێژوویی و ئەدەبی کوردی باشمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە کە فشاری سیاسی بەهێزە دەبوو بەرانبەر بزووتنەوەی کوردی و چەپەکان و دووجار ناچار دەبووین کتێبەکانمان بشارینەوە، بەتایبەتی کتێبە مێژووییەکان و گۆڤاری هاوار و کوردستان فەوتان و زۆریشمان پێ ناخۆش بوو، چونکە هەمووکات حسابی ئەوەمان دەکرد کە ئەگەر هاتوو دەزگای هەواڵگری و یەکە تایبەتەکانی ئەمن بێن ماڵەکانمان بپشکنن هیچ بەڵگەنامەیەکیان دەستنەکەوێت.

*** باست لەوەکرد لە کۆلیجەکەتان کتێبخانە هەبووە، ئەی لە شارۆچکەی حەڵەب کتێبخانەیەکی گشتی هەبوو بۆئەوەی سوودیش لەو وەربگرن؟**

– پێویستمان بەسەردانی کتێبخانەی گشتی حەڵەب نەبوو، چونکە هەم کتێبخانەکەی خۆمان زۆر دەوڵەمەند بوو هەم کاتی ئەوەیشمن نەبوو بچین بۆ ئەو جۆرە شوێنانە بەهۆی ئەوەی تەنیا یەک شەممان ڕێگەیان دەدان بچینە دەرەوە، بەڵکو زۆربەی کاتەکان لە کۆلیج بووین.

*** ئەی لەبارەی سازکردنی کۆڕ و سیمینارەوە چۆن بوون؟**

– زۆربەی جار خەڵکی بێگانە دەهات، هەروەها کەسایەتی سیاسی و فەرهەنگی دەهاتن و موحازەرەیان دەوتەوە، لە

ئەمریکـا و بریتانیـا و چەنـدجارێکیش مامۆسـتاکانی زانکـۆی ئەمریکـی لە بەیـروت دەهـاتن بـۆ ئەوێ و سـیمیناری گشـتیان سازدەکرد.

*** ئەوەت پێوتین لە خێزانێکی بەناوبانگ بوون لە عامودە، لەگەڵ ناوی تۆ (شێخمووس) دەبینین، ئەوە یانی چی و بۆچی ئەو نازناوە؟**

- ناوی بنەماڵەی ئێمە (شـوێش)ە، بەڵام لەنـاو بنەمـاڵەی ئێمە تەنیا ماڵی ئێمە بە (شێخموس) ناوبراوە کە ئەویش ناوی باپیرمە، هەروەها ناوی (شێخموس) زۆر باوە لە ناوچەی جەزیرەی بۆتان لە تورکیا و کوردستانی سوریا کە هەمووی پێی دەڵێین جەزیرە، چـونکە لەکـاتی خـۆی لە نـاوچەی مـاردین شـێخێکی زۆر خۆشەویست هەبـووە نـاوی شـێخ موسـا بـووە، کـورد کـورتی کردووەتەوە و کردوویەتی بە شێخومس، واتە جگە لە نـاوچەی جەزیرەی کوردستانی سوریا و تورکیا نەبێت لە هـیچ کوێیەکی دنیا ناوی شـێخموس نییە. هەروەهـا لەنـاو ئێزدییەکانیش هەیە، سـاڵی ١٩٩٣ لە زاخـۆوە داخڵـی کوردسـتان بـووم لە مەڵبەنـدی یەکێتیی هەندێک برادەری ئێزیدی هەبوون و یەکەمینجار بوو لە نـزیکەوە بیـانبینم و قسـەیان لەگەڵ بکەم "هەرچەنـدە ئێزیـدی لە ناوچەی ئێمەش هەبوو"، بەڵام هەستمکرد ڕێزێکی یەکجار زۆرم لێدەگرن، کە گەیشتمە هەولێر میوانی مام جەلال بـووم، لە مـامم پرسی ئەو ئێزیدیانە بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێشوازییان لێکرد و ڕێزیانگرتم و تێنەگەیشتم لەوە. وتی نازانی بۆچی؟ وتم نەوەڵڵا. وتی یەکێک لە پێغەمبەرەکانیان ناوی شێخموسە.بەڵام هەر ئەوان

لێیان پرسیم به ئەسڵ خەڵکی کوێی؟ منیش وتم ئێمه به ئەسڵ گەرگەرین له ناوچەی تەلعەفەر و شەنگار کۆچمانکردووه بۆ کوردستانی سوریا، لەبەرئەوەی ناوی بنەماڵەی ئێمەیش شوێشه بەدووری نازانم ئێمه به ڕەگەز و ئەسڵ ئێزیدی بین.

*** له حەڵەبەوه بۆ لەندەن بەمەبەستی خوێندن، دەرچووی کۆلیجی ئەمریکا و چالاکوانی سیاسیش بوویت، ئەم سەفەره چۆن دەستپێدەکات؟ ئایا ئاسان بوو یان تووشی دەردەسەریی کردیت؟**

- زۆر زەحمەت بوو، چونکه ڕێگایان نەدەدام سوریا بەجێبهێڵم، من ساڵی ١٩٦٠ گیرابووم لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی، ئیتر شەهادەی (حسن سلوک)یان نەدەدامێ که بۆ پاسپۆرت وەرگرتن پێویستم بوو، بەڵام له بەختی من کودەتایەک کرا له سوریا له ساڵی ١٩٦١ و سوریا له میسر جیابووەوه، هەروەها کوردێک که زۆر هاوڕێی باوکم بوو، بوو به ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی تازه هەڵبژێردراوی ئەوکاتەی سوریا کوڕەکەی هاوڕێم بوو، زۆر دۆستبووین (واته کوڕەکەی نازم قودسی)، بەهۆی یارمەتیدانی هەردووکیانەوه پاسپۆرتم وەرگرت. بۆیه له ڕۆژی ١٩٦٢/٢/٧ سوریام بەجێهێشت که تەمەنم بوو به بیست ساڵ، ئەوکاته به فڕۆکه چوومه ئەستەمبوڵ و لەوێوه سواربووین بۆ لەندەن.

*** تۆ له سوریاوه (یەکێک له وڵاته ڕۆژهەڵاتییه دواکەوتووەکان) ڕۆیشتی بەرەو یەکێک له پێشکەوتووترین**

**وڵاتانی دنیا (بەریتانیا)، چۆن دەستتپێکرد، ئایا پێکدادانی نەریت و بیرکردنەوە ڕووینەدا؟**

- بۆ من سەیر نەبوو، چونکە لە کۆلیجی ئەمریکی شارەزاییەکمان هەبوو لەسەر کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەمریکی، لە کۆلیج زۆر کتێب (هی مەنهەج و دەرەوەی مەنهەجیش)مان دەخوێند دەربارەی مێژوو و جوگرافیا و فەرهەنگی ئەوروپا و ئەمریکا، بۆیە بۆ من زۆر زەحمەت نەبوو، ئەوە یەک، دووەم من زمانی ئینگلیزیم دەزانی بەشێوەیەک کە پێویستی نەدەکرد بچم زمانی ئینگلیزی بخوێنم بۆئەوەی داخڵی کۆلیج ببم لەوێ، لە سوریا ٦ ساڵ لەو کۆلێجە بووم، ساڵی یەکەم هەموو شتێکمان بە ئینگلیزی بوو بۆئەوەی بە باشی فێرببین و تەنیا وانەکانی ئایین و زمانی عەرەبی نەبێت. بەڵام ئەوەی کە زۆر یارمەتیدام تووشی گیروگرفت نەبم لە ڕۆژی یەکەمەوە گەیشتمە لەندەن ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەوێ کە کوردی عیراق بوون یەکسەر چوومە لایان زۆر یارمەتیاندام...

*** ناوی کێیانت لەبیرە لەو ئەندامانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد؟**

- بۆ نموونە سدقی دزەیی، کاک بەختیاری ئەحمەد ڕەفیق (زاوای د.بەرهەم ساڵحە)، زۆری تریش کە لەگەڵیان تێکەڵاوبووم تەنانەت، بەهۆی ئەوانەوەی فێری سۆرانی بووم و پێشتر تەنیا کرمانجیم دەزانی، زۆریشم پێناخۆش بوو کە بەعەرەبی قسەیان لەگەڵ بکەم، ئەدەبیاتی پارتیشم زۆر دەخوێندەوە لەماڵەوە، بۆیە

پاش نزیکەی شەش مانگێک فێری سۆرانی بووم، من تەنیا کوردی سوریابووم لەگەڵیان و یەک دوو کوردی تری بادینیشی لێبوو، بەڵام لەلەندەن نەبوون.

*** کاک عومەر کرمانجیەکەت بیرنەچۆتەوە؟**

- (بەپێکەنینەوە) نەخێر بیریان نەبردمەوە، چونکە ئێمە ساڵانە کۆنگرەمان هەبوو لە شارێکی ئەوروپی و زۆرینەی کوردانی ئەوروپا دەهاتن و لەویێ یەکترمان دەبینی، بەڵام ئەوان بۆ شۆخی دەیانوت سۆرانییەکان تۆیان تواندووەتەوە و کرمانجیت بیرچووەتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی وانەبوو، چونکە من ئەدەبیاتی کرمانجیشم زۆر دەخوێندەوە.

*** لە لەندەن زانکۆت تەواوکرد، پاشان یەکسەر دەستتکرد بە خوێندنی ماستەر یان خۆت بەچییەوە سەرقاڵکرد؟**

- تەبعەن ئەوە بابەتیکی خۆشە، من جیا لەوەی لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی زۆر چالاکبووم، چەپیش بووم، لەناو بزووتنەوەی چەپی قوتابیان لە بەریتانیا زۆر چالاک بووم، من هەتا ساڵی ١٩٦٧ لە بریتانیا مامەوە، بەڵام لە ١٩٦٥ حکومەتی سوریا ڕەگەزنامەی سوری لێسەندمەوە لەبەر چالاکی سیاسی، دیسانەوە شاڵاوێکی گرتن و ڕاوەدونان لە کوردستانی سوریا دەستپێکردەوە و لەو چوارچێوەیەشدا بەو شێوەیە سزای منیاندا، بەڵام لەوکاتەدا ڕەگەزنامەی سوری بۆ ماوەی ٥ ساڵ بوو، من لە ١٩٦٢ وەرمگرت، واتە هەتاکو ساڵی ١٩٦٧ ماوەی هەبوو، ئەو وەختە هێشتا لە ئەوروپا مەسەلەی پەنابەرێتی ئەوەندە بەهێز

نەبوو، من داوای مافی پەنابەرێتیم کرد، بەڵام نەیاندامێ و وتیان تۆ زۆر چەپ و چالاکیت، بەڵام ئیقامەی کار و مانەوەیان دامێ، کە خوێندنەکەم تەواوکرد نیەتم وابوو کە لە بەریتانیا بمێنمەوە، بەڵام کە مافی پەنابەرێتیان نەدامێ ئیتر پاسپۆرتەکەم تەواو دەبوو، بۆیە بیرمکردەوە کە بچم لە مۆسکۆ بخوێنم، لەوێ پەیمانگایەک هەبوو بۆ ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حزبە شوعییەکان کە پەیمانگای پەیوەندییە جیهانییەکانی ناوبوو، د.کەمال فوئاد کە ئەوکاتە لێپرسراوی ڕێکخراوی پارتی بوو لە ئەوروپا پەیوەندی کرد و زەمالەیەکی بۆ وەرگرتم، بەڵام لەبەرئەوەی من زۆر بەلای چەپدا دەڕۆیشتم و ڕەخنەیشم لە سۆڤێت دەگرت بەپەسندم نەزانیبچم بۆ مۆسکۆ، بەڵام هیچ ڕێگاچارەیەکی باشترم نەبوو، لەڕێگای چوونمدا بۆ مۆسکۆ لە بەرلین دوو هاورێی خۆمم بینی کە هاتبوون بۆ کۆنگرەی خوێندکاران، یەکێکیان لە ساڵانی ١٩٦٠ەوە لە سوید دەژیا و دەمناسی وتی بۆ نایەیت بۆ سوید و دەچیت بۆ مۆسکۆ؟ بۆیە چووم بۆ سوید و ماوەی پاسپۆرتەکەیشم مابوو هەتا مانگی ٢ی ١٩٦٨، ئەوکاتەیش هەر خوێندکارێکی زانکۆ لە ئەوروپا دەیتوانی بچێت بۆ سوید بەهاوینانان کاربکات بەبێ مۆڵەت، من لەسەر ئەو بنەمایە فیزەم وەرگرت و چووم بۆ سوید، کاتێکیش لەوێ مامەوە بۆ کارکردن داوای مافی پەنابەرێتیم کرد، بێگومان لەو ڕووەوە سوید باشتربوو، چونکە سۆسیال دموکراتەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٧٦) لە حوکمدابوون و بۆچوونێکی چەپتری هەبوو بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی جیهان..

*** ساڵی چەند بەڕەسمی مافی پەنابەرێتیت وەرگرت لە سوید؟**

– لە سێپەتەمبەری ١٩٦٧ چووم بۆ سوید، لە شوباتی ١٩٦٨ مافی پەنابەرێتیاندامێ.

*** دواتریش دەستتکرد بەخوێندن؟**

– بەڵێ یەکسەر دەستمکرد بەخوێندن، ئەوکاتە لە سوید خوێندن بەجۆرێکی تر بوو کە دوایی لە ساڵی ١٩٦٩ ئەو یاسایەیان گۆڕی، پێشتر بەشێوەیەک بوو هەرکەسێک بخوێنێ پێویستی بەوە نەبووفێری زمانی سویدی ببێت، بەڵکو دەکرا بەهەر زمانێکی تر بخوێنی، دەرسی رۆژانەیش نەبوو، بەڵام دوایی مەرجی ئەوەیان دانا کە هەر خوێندکارێک پێویستە زمانی سویدی بخوێنێ و خۆی فێر بکات.

*** بەڵام بەتەواوی بۆت ڕوون نەکردمەوە کە بۆچی نەچوویت بۆ مۆسکۆ؟**

– لە ١٩٦٤ بەولاوە هەڵوێستێکی زۆر چەپم هەبوو، زۆرتر بەلای بیری ترۆتسکی و ماوتسی تونگدا دەچووم، بەڵام دوایی هەڵوێست و بیروبۆچوونی چێ گیڤارا کاریگەریی تەواوی لەسەرم دروستکرد و بەچاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری یەکێتی سوڤیەتم دەکرد، هەروەها پەیوەندییەکی زۆر بەهێزم هەبوو لەگەڵ حزبی تودەی ئینقیلابی، هەروەها پەیوەندیم لەگەڵ مارکسییەکانی تری ئێران و قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عیراقی هەبوو و یەکێک لە سەرکردەکانیان کە ناوی خالد ئەحمەد

زەکی بوو و لە ناوچەکانی خوارووی عیراق دەستیان بە شۆڕش کرد و شەهید بوو. کە هاتمە بەرلین کوڕێکم بینی خەڵکی ئامێدی و ناوی نەوزاد موفتی بوو و ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی بوو لە لەندەن و دۆستایەتیمان باش بوو، کە هاتمە بەرلین وتی ئەوە چ دەکەیت؟ وتم وەڵڵا هاتووم ئەمەوێت بچم بۆ مۆسکۆ، وتی وەڵڵاهی عومەر من دەتناسم، تۆ ڕەخنە لە قیادەی حزبی شیوعی عیراق دەگریت و بیری ماویت هەیە، ئەگەر بێیت یان خۆت بەدەرکردن دەدەیت یان دەردەکرێیت، بۆیە بەلای منەوە باشترە نەیەیت. بەڕاستی ئەو سەرنجەی بۆ من زۆر سوودی هەبوو لەگەڵ ئەوەی خۆیشی ئەندامی حزبی شیوعی بوو، بەڵام ڕەخنەی هەبوو و زۆر ناڕەحەت بوو لە مۆسکۆ.

*** باست لەوەکرد، جەنابت و خەڵکی تریش ڕەخنەیان لە مۆسکۆ بوو، ئەوان دەیانوسیت حزبی شیوعی چۆن بێت وا ئێوە قبوڵتان نەبوو یان ڕەخنەتان لێدەگرت؟**

- مۆسکۆ دەیوست حزبی شیوعی، کۆپی حزبی شیوعی روسیا بێت ئەوەیش سوودی نەبوو بۆ کۆمەڵگای کوردستان و عیراق، هەروەها شتێکی تریش هەبوو، لەکاتی ناکۆکی لەگەڵ مەلا مستەفا من لایەنگیریم لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد و یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو باڵە بووم لەناو پارتیدا، یەکێتی سۆڤیەت لەکاتی ئەو ناکۆکیەدا پشتیوانی لە مەلا مستەفا کرد، ئەوەیش بو بەهۆی ناخۆشی لەنێوانماندا.

*** پێشتر هەندێک سەرەداومان لەبارەی ئاشنابوونی تۆوە بە سیاسەت دەستکەوت، ئەگەر بتوانی وردتر لەو بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت؟**

– من بەتەبیعەت لەماڵێکی تاڕادەیەک سیاسی پەروەردەبووم، باوکم بۆ خۆی چالاک و ئەندامی پارتی خۆیبوون بوو، کە لە ساڵی ١٩٢٧ لەلایەن تێکۆشەرانی تورکیا و سوریاوە دامەزرا، لەدواییدا بوو بە سەرۆکی یانەی لاوانی کورد لە ساڵی ١٩٣٧دا، بۆیە زۆر تێکۆشەر دەهاتنە ماڵی ئێمە و ئەوەیش چاوی کردمەوە لە مەسەلەی خەباتی کوردایەتیدا، کە چوومە قوتابخانەیش لەوێ هاوڕێی زۆرم هەبوو پەیوەندییان یان بە پارتی یان بە حزبی شیوعی هەبوو، بەڵام لە هەمووی زیاتر چەند پورزا و ئامۆزام هەبوون لە کە لە شام و حەڵەب دەیانخوێند پەیوەندییان کردبوو بە کاک حەمید دەرۆیش و مامۆستا عوسمان سەبری و ڕێکخراوێکیان دروستکردبوو بەناوی یەکێتی خوێندکارانی کورد بەنهێنی، تێکەڵاوی من لەگەڵیاندا بەهێز بوو و بۆیان باسکردم، منیش یەکسەر چوومە ناو ئەو ڕێکخراوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ڕێکخراوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردی سوریاوە دامەزرابوو، بوو بوو بەڕێگایەک بۆ ڕاکێشانی گەنج بۆ ناو پارتەکە، پاش ساڵێک خەباتکردن لە یەکێتی خوێندکاران ئینجا بوومە ئەندامی پارتی، لەناو ڕیزی پارتیشدا هەر زوو بووم بە بەرپرسی ڕێکخراوی خوێندکاران لە حەڵەب، کاری حزبی و خوێندنیشم دەکرد، ساڵی ١٩٦٠ حکومەتی عەبدولناسر بەشێکی زۆری چالاکوان و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی گرت کە من

یەکێک بووم لەوانە، زۆر ئەشکەنجە درام لەماوەی بیست رۆژدا، باوکم پارەیەکی یەگجار زۆریدا بۆئەوەی من ئازادبم، بۆ خۆیشم توانیم مقاوەمەت بکەم و شتێکی وایان لە من دەستنەکەوت. ئەو وەختە چاپخانەیەکمان هەبوو من بەرپرسی گواستنەوەی بووم، زوو زوو لەماڵێکەوە ئەمانگواستەوە بۆ ماڵێکی تر بۆ ئەوەی ماڵەکان بەهۆی تەقە تەق و کاغەز فڕێدانەوە هەستمان پێنەکەن. من لە یەکێک لە کۆبوونەوەی شانە حزبییەکانماندا باسم لەوەکرد بەهۆی مەترسیی و گواستنەوەی چاپخانەکەمانەوە بڵاوکراوەکانمان دوادەکەوێت، بەداخەوە یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە جاسوسی حکومەت بوو، بۆئەوەی بزانن چاپخانەکەمان لەکوێیە زۆر ئەشکەنجەی منیاندا، بەڵام پێمنەوتن.

*** یانی چاپخانەکەت لە گیانی خۆت خۆشتر دەویست؟**

بێگومان لە خەباتی نهێنیدا یەکێک لە ئەرکە نهێنییەکان ئەوەیە کە دانبەخۆدابگریت و نهێنی نەدرکێنیت، لەو ڕووەیشەوە پەروەردەی باشیان دەکردین و کتێبی زۆریشمان دەخوێندەوە، دەربارەی ئەوەی ئەگەر گیرایت چۆن قسە و ڕەفتار بکەیت.

*** تاکو کەی لە ئەندامێتی ئەو حزبەدا مایتەوە؟**

- تاکو ئەو ڕۆژەی سوریام بەجێهێشت ئەندام بووم.

*** بەڵام کە چوویتە لەندەن پەیوەندیت بە حزبێکی ترەوە کرد؟**

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەشی زۆری کوردی عیراق بوون، چونکە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم

خوێندکاری زۆری دەنارد لەسەر حیسابی حکومەت بۆ ئەوەی بڕوانامەی باڵا بەدەستبهێنن، کاری زۆر باشیان دەکرد و ساڵانە نزیکەی ١٠٠٠٠ دە هەزار خوێندکاریاندەناردە دەرەوە، هەندێک لەو قوتابیانە ئەندامی حزبی شیوعی عیراق و هەندێکی تریشیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا کوردی پارچەکانی تری کوردستان (ئێران، سوریا و تورکیا) کەمبوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩ەوە ڕێککەوتنێک هەبوو لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا و ئێران ئەگەر هاتوو ئەندامەکانیان بچنە دەرەوە و بچنە ناو ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە دەرەوە. من بۆ خۆم سەرکردایەتی حزبەکەم لە سوریا نامەیەکی دامێ کە چوومە دەرەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوی پارتییەوە بکەم. کارەکانمان لەوێ زیاتر کاری دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن و خۆپیشاندان و پەیوەندیکردن بەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بوو. پاشان من چوومە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا، لە مانگی ئایاری ١٩٦٢ چوومە لەندەن و لە سەرەتای ١٩٦٣ەوە بووم بە سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لەناو ڕێکخراوی پارتیش چالاک بووم، لە کۆنگرەی دوایش من بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ئەورپای کۆمەڵەی خوێندکاران و ئەندامی کۆمیتەی پارتی لە ئەوروپا، ئەوکاتە سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکاران عیسمەت شەریف وانلی و سکرتێری ڕێکخراوەکەیش د.کەمال فوئاد بوو.

*** چالاکییەکانتان چۆن بوو؟**

- پێش ساڵی ١٩٦٢ ژمارەی خوێندکارانی کورد لەوێ کەم بوون دەتوانم بڵێم نزیکەی ٣٠ کەس دەبوون، بەڵام پاشتر ٣٠٠ ئەندامهان هەبوو کە هەموویان فیعلی و چالاک بوون. بڕیارماندابوو کە هاوینان پێویستە هەموو کادیر و خوێندکارە چالاکەکانمان بێن بۆ لەندەن بۆئەوەی لەوێ زیاتر چالاکی بکەین و ڕیزەکانی خۆمان تۆکمە بکەین، خۆپیشاندان و کاری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی دنیا و زۆر چالاکی تریشمان دەکرد.

*** لە بریتانیا باڵیۆزی هەر چوار وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان لەوێ بوون، کێشە و گرفتیان بۆ دروست نەدەکردن؟**

- بەڵێ کێشەیان بۆ دروست دەکردین، بۆ نموونە ئەو ماوەیەی لە بەریتانیا بووین کۆمەڵێک خۆپیشاندانمان لە دژی تورکیا کرد لەبەرئەوەی ژمارەیەک تێکۆشەری کورد لە تورکیا گیرابوون لە ساڵی ١٩٦٣، ئێمە کەمپەینێکی فراوانمان کرد بۆ ئازادکردنیان، تورکەکان زۆر قەڵس بوون، چونکە ئێمە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنمان لێ ئاگادارکردنەوە و ئەوانیش ئیشەکەی ئێمەیان ئیدانەکرد. هەروەها هەموو جۆرە چالاکییەکمان دەکرد دژی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، ئەو حکومەتانە بەناوی سەربەخۆوە خەڵکیان دەهێنا و بەرانبەری ئێمەیان دەگرت و جاسوسیان لەسەر دەکردین، لە دژی ئێرانیش چالاکی زۆرمان دەکرد.

*** جەنابت سکرتێری لقی لەندەنی کۆمەڵەی خوێندکاران بوویت، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ەوە لە سوید نیشتەجێ بوویت، چۆن کار و پەیوەندییەکانت ڕێکدەخستەوە؟ بۆچی وازتهێنا؟**

– لە دژی ئەو پەیوەندییە بووم کە لەنێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و عیراقدا دروستبوو..

*** تۆ لایەنگری کامیان بوویت؟**

– لایەنگیرم لە مەلا مستەفا نەکرد و بەلای چەپدا رۆیشتم، من وەکو بەرپرسی کۆمەڵەی خوێندکاران نەمام، بەڵام برادەرانی سوید لەبەرئەوەی دەیانزانی من زۆر چالاک بووم، لە لەندەن پێیان خۆش بوو کە لەوێیش هاوکارییان بکەم و لە کۆبوونەوەکان بەشداری بکەم. هەروەها من پەیوەندیم لەگەڵ پارتی دیموکراتی کردستانی سوریاش کزبوو، چونکە ئەوانیش بووبوون بە دوو بەش و زۆر هەوڵمدا یەکبگرنەوە، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووم.

لە ١٩٦٧ کە بزووتنەوەی مەلا ئاوارە و ئیسماعیلی شەریفزادە و کاک سمایلی موعینی دەستیپێکرد من لە سوید زۆرم یارمەتیمدان لەهەموو ڕوویەکەوە، بەڵام لە حەفتاکان کە شەڕ دەستیپێکردەوە لە کوردستانی عیراق دیسان پشتیوانی شۆڕشم کردەوە.

*** لە شەستەکان چەندین جیابوونەوە لەنێوان حزبە کوردییەکاندا ڕوودەدات، بەشێوەیەکی گشتی جەنابت تێڕوانینت چییە لەسەر ئەو جیابوونەوانە؟**

– بێگومـان پیـاو کە گەورە دەبێـت عـاقڵتر دەبێـت، بـۆیە مـن لەئێستا وای بۆ دەچم کە ئەو جیابوونەوانە زۆر خراپ بوون، بۆ نموونەلەوکـاتەدا هەرچەنـد هەوڵمـدا هەردوو بەشـەکەی پـارتی دیموکراتی کورد لە سوریا یەکبگرنەوە، بەڵام پشتگیریم لە باڵە چەپەکەیان دەکرد، لە کوردستانی عیراقیش پشتیوانیم لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد لە ١٩٦٤تاکو ١٩٦٦، چونکە من لە ١٩٦٤ یەکێک لە سەرکردەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی بووم لە دەرەوەی وڵات و ئەندامی کۆمیتەی ئەوروپایان بووم، بەڵام لە ١٩٦٦ من لەڕووی فکرییەوەبەڕاستم نەزانی و پێمباش بوو لەناو شۆڕشدا بمێنـنەوە و ئۆپۆزسـیۆن بـن لەدژی مەلا مسـتەفا، نەک بچـن هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عیراق بکەن.

ماوەی ئەو ساڵانەی دوایی سەربەخۆبووم تاکو ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشـی کـورد شکسـتی گەورەی بەسـەرداهات و بـووم بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*** ماوەی چەند ساڵێک دووردەبیت لە حزبایەتی و تاڕادەیەک ژیانی تایبەتی خۆت دەژیت، لەوماوەیەدا ژنت هێنا و چۆن بوو؟**

– من لە خەباتی سیاسی دوورنەکەوتمەوە، لەگەڵ هێزی چەپی ئێرانـی، عیراقـی، سـوری و کـوردی پەیوەنـدیم زۆرباش بـوو، لەوماوەیەی کە وازم لە باڵی مەکتەبی سیاسی هێنا زۆر یارمەتی کوردی سوریا و تورکیا و ئێرانمدا وەکو کەسایەتییەک، هەڵبەت برادەرانـی حزبـی دیمـوکرات زۆرهەوڵیـان لەگەڵمـدا بچـمە ڕیزەکانیانەوە، بەڵام داواکەیانم ڕەتکردەوە. هەر لەناو کۆمەڵەی خوێنـدکاران و لەو مـاوەیەدا دووجـار بـووم بە سـکرتێری لقـی

سوید، له سالانی ١٩٧٠ و ١٩٧٤. هەروەها تێکەڵاوییەکی زۆرم هەبـوو لەگەڵ ڕێکخـراوە سـویدییەکان لەوێ لە زانکـۆ و لە دەرەوەی زانکـۆ، پەیوەنـدیم زۆرباش بـوو لەگەڵ ڕێکخـراوە خوێندکارییەکانی باشووری ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، لەگەڵ ئەوەیشدا گرنگی زۆرم بەخوێندنەکەمدا و ماستەرم تەواوکرد، پاشان دەستمکرد بەخوێندنی دکتۆرا و لە ساڵی ١٩٧٣ بووم بە مامۆستا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە بەشی زانستە سیاسییەکان. پاشان لە ساڵی ١٩٧٤ ژنم هێنا.

*** خێزانەکەت کورد نییە، ئەم پەیوەندییەتان چۆن دورستبوو؟**

– خێزانەکەم سویدییە، بەعەکسی سیاسەتەوە لە بنەماڵەیەکی بورجوزای گەورەبووە، چالاکی سیاسی نەبوو و بەهۆی هەندێک دۆست و ناسیاوەوە لە ساڵی ١٩٦٨ یەکترمان ناسی، بەڵام پاشان لە ١٩٧٤ خێزانمان پێکهێنا و تاکو ئێستایش پێکەوەین.

*** تۆ سیاسەتمەدار و ئەویش لە خێزانێکی دەوڵەمەندی سـویدی، تاچەنـد هاوکـاری و پشـتگیری دەکردیـت لە کاروبارەکانتدا؟**

– زۆر هاوکاری دەکردم و یەکێک لەو ژنانە بوو کە لە شۆڕش لەگەڵم بەشداری کرد، لە سـاڵی ١٩٨١ لەگەڵم هات بۆ ناوزەنگ، نـزیکەی ١٠ مانـگ لەوێ مـایەوە، لەبـواری چاپکردنـدا زۆری هاوکاریـدەکردم، بڵاوکراوەکـانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەشـێکی زۆر مـن وەرمـدەگێڕا و ئەویـش چـاپی دەکـرد، نـامەی شۆڕش و سەرکردایەتی زۆری بۆ دەبردین بۆ وڵاتانی ئەوروپا.

*** بەهۆی تۆوە کوردی ناسی یان پێشتریش هاوسۆزی دۆزی کورد بوو؟**

– وەڵڵا بەهۆی منەوە کوردی ناسی و زۆر نزیکبووەوە، بەڵام پاشان بۆ خۆی زۆر کتێبی خوێندنەوە لەسەر کورد و منیش زانیاریم دەدایە، پاشان ماوەیەک هات لەناو ناوزەنگ لە کوردستانی عیراق و لەناو پێشمەرگە ژیا و زۆری پێخۆشبوو، زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی دەناسی و هەندێک سیاسەتمەداری کوردستانی ئێرانی وەکو شەهید د.قاسملوو و مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی دەناسی کاتێک ساڵی ١٩٧٧ هاتە سوید بەسەردان و لەنزیکەوە یەکتریان ناسی. هەروەها بەهۆی ئەو ناملیکە و نووسینانەی لەسەر کورد بەزمانی ئینگلیزی و سویدی چاپمان دەکرد شارەزاییەکی باشی لەسەر کورد پەیداکرد، بەهۆی ئەوەیشەوە کە پێکەوە دەژیاین و ژن و مێردی یەکتربووین هۆگرییەکی باشی پەیداکرد لەگەڵ کورد و کێشەکەی، هەتا بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٧٨ گەڕامەوە بۆ کوردستان لە پاش کارەساتی هەکاری و بڕیارمدا بەیەکجاری لە کوردستان بمێنمەوە وتی؛ منیش لەگەڵت دێم و لێرە نامێنمەوە، هەرچەند پێموت بارودۆخی ئێمە، خواردنمان، شوێن و ڕێگەمان زۆر خراپە و تۆپبارن دەکرێین و بارەگای گەڕۆکمان هەیە ئەو هەر وتی قبوڵمە و لەگەڵت دێم. ئینجا بەڕاستی هەر زۆر چاک تەحەمولی کرد، بڕۆ لەو ژنە کوردانە بپرسە کە لە شاخ بوون بزانە دەڵێن چەند بە تەحەمول و ئازا بوو.

*** له ساڵی ١٩٧٠ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراق ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداریان ئیمزا کرد، تۆ وەکو کەسێکی بێلایەن لەوکاتەدا تێڕوانینت چی بوو لەسەری؟**

– بەگشتی بە سەرکەوتنی کوردم ئەزانی کە حکومەتی عیراق بۆ جاری یەکەم دان بە مافەکانی خەڵکی کوردستاندا دەنێت لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمیدا مافی ئۆتۆنۆمی دەدات بە کورد، هەرچەندە بۆچوونی سەرکردایەتی ئەوکاتەی پارتیم بەدڵ نەبوو، بەڵام بەهەنگاوێکی گەورەم دەزانی بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی میللەتەکەمان، چونکە شوناسی کورد لە بزووتنەوەیەکی شۆرشگێڕی چەکدارەوە بوو بەکیانێکی ڕەسمی و دانپێدانراو نەک تەنیا لە عیراق، بەڵکو لە ناوچەکە و جیهانیشدا، بێگومان ئەوەیش هێز و قورسایی دا بە کورد لە بەشێکی کوردستاندا. ئیمکانیەتێکی زۆری بۆ پەیداکردن، هەروەها لەڕووی فەرهەنگییەوە ئەو چوار ساڵەی هێمنی لە کورستان، گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینی لە دامەزراندنی زانکۆ لە سلێمانی، لە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و کردنەوەی چاپخانە و ئەو جۆرە شتانە، لە باسکردنی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، سەرەڕای ئەوەی ئۆتۆنۆم بوو، بەڵام جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دروستکردبوو، ئەوەیش پرسی گەلی کوردی خستە ئاست وپلەیکی ترەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا کەموکوڕی هەبوو و ڕەخنەی لێدەگیرا لەسەر ڕەفتار و بۆچوونەکانی تریان، ئەوەی خراپ بوو دەرەنجامی ڕێککەوتننامەکە بوو کە شۆڕش هەرەسی هێنا و بەزیانی کورد شکایەوە.

*** تەسەوری ئەو پاشگەزبوونەوەیەی سەدامت دەکرد لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە؟**

- لە سیاسەتدا هەموو شتێک ڕوودەدات و دروستە، ڕاستییەکەی ئێمە هەمووومان بیرمان لە مەترسییەکی وەها دەکردەوە، چونکە مێژووی هەبوو، بۆ نموونە لەکاتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥، فەرەنسا ڕێگەیاندا هێزی تورکیا بەناو خاکی سوریادا بچێت بۆ ئەوەی گەمارۆی شۆڕشگێڕان بدەن و لەناویانبەرن، لە ساڵی ١٩٣٧ پەیمانی سەعدئاباد لەنێوان تورکیا و عیراق و ئێران دامەزرا و خاڵێکی ڕەشی تێدابوو لە دژی گەلی کورد کە هاوکاری یەکبکەن بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکانی، لە ساڵی ١٩٦٣ کە شۆڕش گەشەی کرد و دەنگ و ناوبانگی پەیداکرد لەسەر ئاستی جیهان، دیسانەوە سۆڤیەت ڕێکەوتنێکی نهێنی ئاشکراکرد کە تورکیا و ئێران لەگەڵ حکومەتی بەعسی ئەوکات ڕێکەوتوون کە ئۆپراسیۆنی سەربازی بکەن لە کوردستانی عیراق بەناوی (ئۆپراسیۆنی تابگرس واتە دیجلە) کە د.قاسملوو لە کتێبەکەیدا باسیکردووە. ئەم ئەزموون و مێژووە تاڵانە بوونە مایەی ئەوەی کە مەترسی پیلانگێڕی لەسەر کورد لای ئێمەومانان نەڕەوێتەوە. من ئەوکاتە پەیوەندیم لەگەڵ د.مەحمود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان و موحسین دزەیی باشبوو و چەندینجار یەکترمان دەبینی و سەرنجیانم بۆ ئەوە ڕادەکێشا بۆئەوەی کە ئەوەندە پشت بە دەوڵەتی ئێران نەبەستن و زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن، ئەمریکا جێگای متمانەی هەتاهەتا نییە و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل خراپە، ئەم شتانەمان

هەمـــوو باســـدەکرد، لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەنـــدی تەحکـــوم بەسیاســەتەوە دەکـات و دوژمـن دەکـاتە دۆسـت، بەڵام قەت بڕوامان نەدەکرد کە شۆڕش بەو ئاسانییە لەناو بچێت. من مام جەلال لە ١٩٦٣ەوە لەنزیکەوە دەناسم، پاش ئەوەی وازیشم هێنا هەر پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو، پاشان ئەو چوو بۆ میسر و لوبنان و لیبیا و بوو بە نوێنەری شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی لە ١٩٧٤، نـامەیەک هەیە لەنێوانمانـدا کە باسـی مەترسـییەکانی دوارۆژی شـۆڕش دەکەیـن و سـەرکردایەتی شـۆڕش هەڵە دەکـات بەو پشتبەستنە بە ئێران و ئەمریکا، چونکە مێژووی ئێران بەتایبەت دیاربوو، لەگەڵ ئەوانەیشدا بڕوامان وابوو کە شۆڕش بەردەوام بێت لەسەر خەبات.

*** هەستت بەچی کرد کە هەواڵی کۆتایی شۆڕشت بیست؟**

- ئەو ڕۆژە زۆر زۆر ناخۆش بوو..

*** چۆن هەواڵەکەت بیست و لە چ ڕێگەیەکەوە؟**

- لە دوو ڕێـــــگەوە هەواڵەکەم بیســــــت، یەکێکیـــــــان ڕۆژنامەنووســێکی ســویدی هەبــوو کە نــاوی هایمرشـــنە، ڕۆژنامەیەکی ئێواران هەیە لە ستۆکهۆڵم دەردەچێت لەویَ کاری دەکـرد نـاوی ڕۆژنـامەکە (ئەفتـون بـلادت)ە، ئەو شــەوەی مەلا مستەفا گەیشتبووە ئێران ئەو لە شاری شنۆ بوو و چاوپێکەوتنی لەگەڵی ئەنجامـدابوو و پێـی وتبـوو، بڕیارمانـدا ئیتـر کۆتـایی بە شـۆڕش بهێنـین. هەروەهـا ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمریکـی کە لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆست کاری دەکرد ناوی جیم هۆگلاند بوو

ئەویــش دەنگوباســەکەی بڵاوکــردەوە، پێموابێــت ژمــارەیەک ڕۆژنامەنووس بوون پێکەوە چووبوون و ئێران ڕێگەی پێدابوون کە بچن بۆ شنۆ و مەلا مستەفا ببینن، هەروەها هەواڵمان بۆ دەهات کە شۆڕش بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە و هەندێک خەڵک وەکو شەهید خاڵە شیهاب و برادەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی و زۆر لە هێــزی پێشــمەرگە و هەنــدێک ئەنــدامی کــۆمیتەی مەرکەزی پارتی بەردەوام دەبن لەسەر خەبات، بەڵام بەداخەوە لەدواییدا شکست بوو بە واقیع. ئێمە دەستبەجێ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کوردی عیراق، سوریا و ئێران و تورکیا کۆبووینەوە و بیرمان لەوەکردەوە کە چی بکەین؟ چونکە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەبوو بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی، سەبارەت بەخەباتی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان پرس و ڕاوێژمان کرد.

ئـێمە هەواڵـی ئەوەمـان بیسـت کە ئێـران و عیـراق خەریـکە ڕێکدەکەون، ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی سویدی لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٥ وتارێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (شۆڕشی گەلی کورد بەرەو نەمان دەچێت)، منیش چوومە لای و وتم تۆ بۆ وتاری وا لەخۆتەوە دەنووسیت بەحساب چەپیت و شارەزای سیاسەتی جیهانیت و بزووتنەوەی گەلێک چۆن کۆتایی دێت؟ وتی؛ تۆ ئاگات لێ نییە ئێمە زانیاریمان هەیە کەوا کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ئەنقەرە هەبووە لەنێوان عیراق و ئێراندا و خەریکە ڕێکدەکەون، هەروەها کۆبوونەوەیەکیش لە میسر کراوە و ئەنوەر سـادات نـاوبژی کـردوون، ئەگەر هـاتوو ئەوان ڕێککەوتـن ئەوا بزووتنەوەی گەلی کورد گەمارۆ دەدرێت و لەناو دەچێت، بۆیە

من ئەو وتارەم نووسیوە. مام جەلال ئەوکاتە لەبەیروت بوو، بریماکۆڤ باڵیۆزی سۆڤیەت بوو لە لوبنان و دۆستایەتییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ بارزانی و مام جەلال و گەلی کورد، ئەوکات سۆڤیەتیش زۆر دۆستی عیراق بوو، بەڵام کە زانیان رێککەوتن دەبێت لەنێوان عیراق و ئێران ئەوانیش زۆر نارەحەت بوون، چونکە واتای ئەوەبوو کە نفوزیان لە عیراق بەرەو لاوازی دەڕوات و ئەوانیش پێیان ناخۆشبوو کە شۆڕشی کورد شکست بخوات یان لاوازبێت، پەیوەندی کردبوو بە مام جەلالەوە و پێموابێت لەو بیرەوەرییانەی خۆی کە لە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاوبووەوە باسی ئەوە دەکات کە بریماکۆڤ نامەیەکی بە مام جەلال داوە بۆ مەلا مستەفا و وشیاری دەکاتەوە لەوەی کە ئێران و عیراق خەریکن رێکدەکەون و ئێمە بەلامانەوە پەسەندە کە شۆڕش بەردەوام بێت و ئامادەین یارمەتیشتان بدەین، ئەمە مانای ئەوەیە چەند نیشانەیەک هەبووە لەبارەی ئەوەی کە شتێک روودەدا.

*** جەنابت لەگەڵ مام جەلال پەیوەندیت هەبوو لەوکاتەدا؟**

- بەڵێ، ئەوکاتەی لە بەیروت و شام و میسر بوو نامەی بۆ نووسیوم و منیش بۆچوونی خۆمم پێوتووە و لە کتێبەکەشمدا بڵاوبۆتەوە. لە مانگی دوو هاتە پاریس و کارتێکی بۆ ناردبووم کە ئێستا من چالاکم و خەریکە پەیمانێکی زۆر خراپ لە دژی کورد ئیمزا دەکرێ و دەبێت خۆمان بۆ ئەگەرێکی وا ئامادەبکەین، بەڵام زۆری نەبرد نسکۆی بەدواداهات.

## * کەی مام جەلالت بینی؟

- لە مانگی ئەپریلی ١٩٧٥ لە بەرلین لەگەڵ د.کەمال فوئاد و مام جەلال بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ پێکەوەبووین، باسمان لە ئایندەی خەباتی کوردایەتی کرد، هەروەها ژمارەیەک لە کادرە کۆنەکانی پارتی پەیوەندییان کردبوو بە مام جەلال-ەوە و هەشیانبوو لە ئێرانەوە وەکو عادل موراد و عەبدولڕەزاق فەیلی و د.فوئاد مەعسوم هاتبوونە شام و لەوێوە پەیوەندییان بە مام جەلال-ەوە کردبوو، پاشان کە لەبەرلین یەکمان بینی بیرمان لەوە کردەوە کە چی بکەین بۆئەوەی شۆڕش بەردەوام بێت؟ بڕیارماندا ژمارەیەک کورد لە کۆتایی مانگی ٥ لە بەرلین کۆببینەوە و قسەوباسێک لەسەر ئەوە بکەین کە چی بکرێت باشە. پاشان کۆبوونەوەکەمان کرد و موناقەشەیەکی دووردرێژمان کرد و بیرمان لە سێ شت کردەوە، ئایا حزبێکی کۆمۆنیستی کوردستان دروست بکەین یان بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی کوردستانی سەرانسەری؟ ئایا جارێکی تر لە کوردستانی عیراق دەست بەخەباتی چەکداری بکەین یان قورسایی خۆمان زیاتر بخەینە کوردستانی ئێران یان تورکیا (من بۆ خۆم پشتگیری ئەم بۆچوونەیانم ئەکرد)؟ چونکە ڕەوشەکە لەو دوو شوێنە زیاتر یارمەتیدەرە. بەڵام پاش سێ ڕۆژ لە موناقەشە نەگەیشتینە ئەنجام، پاشان مام جەلال پێشنیارەکەی خۆی خستەڕوو کە ئەو لەگەڵ چەند کەسێکی تر بیران لە دامەرزاندنی ڕێکخراوێکی سیاسی کردووەتەوە بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی و بۆ کوردستانی عیراق بێت، بەڵام ڕێگا هەبێت کە تێکۆشەری بەشەکانی تریش بەشداری تێدابکەن. بۆیە

ئەو پێشنیارە پەسندکرا و دەستمانکرد بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکانی کوردستانی سوریا و عیراق و ئێران و تورکیا، مام جەلال پەیوەندی لەگەڵبرادەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی ( کۆمەڵەی ڕەنجدەران) کرد، بەڵام بڕیارمان نەدایەکسەر دەست بە شۆڕش بکەینەوە، پاشان لە کۆبوونەوەی نیسانی ١٩٧٦ بڕیاری دەستکردنەوە بە شۆڕشی چەکداری پەسندکرا لە کوردستانی عیراق.

*** کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی لەکوێ بوو؟**

- لە بەرلین بڕیارەکەماندا، برادەرانی شام-یش لەوێ کۆبووبوونەوە، بەڵام ئەوان پەلەیانکرد و لە ٥/٢٢ بەیاننامەکەیان بڵاوکردەوە لەکاتێکدا ئێمە بڕیارماندابوو کە ڕۆژی ٦/١ بکەینە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو بەیاننامەیەی ئەوان بڵاویانکردەوە، ئێمە لە کۆبوونەوەی بەرلین هەندێک گۆڕانکاریمان تێداکرد، ئەوان هەندێکیان گەیشتنە ئەوێ، بەڵام بەشێک لەوانە لە ئەڵمانیای ڕژهەڵات نەیانهێشت فرۆکەکە بفرێت بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئامادەبن لەوێ، عادل موراد و عەبدولڕەزاق فەیلی هاتن، بەڵام نەیانهێشت بێن بۆ شام، هەندێک لە تێکۆشەرانی کوردی کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا نەبوون بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر، بەڵام من بووم.

*** بەرنامەتان بۆچی داڕشت؟**

- بێگومان وەکو ڕێکخراوێکی تازە چەندین بڕیارماندا، یەکەم دەست بکەین بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانمان، پاشان پەیوەندی

بکەین بە کەسایەتی و تێکۆشەرانەوە و بەتایبەت بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، مام جەلال پێشتر سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوو، بەڵام لە ١٩٧٢ وازیلێهێنابوو و شەهید خاڵە شیهاب بووبوو بە سکرتێری کۆمەڵەی ناوبراو، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیش کرا، بڕیارماندا ڕێکخراوێک لەناو پەنابەرانی کورد لە ئێران دروستبکەین زۆر کەس بۆ خۆیان ڕێکخراویان دروستدەکرد و پەیوەندیان پێوە دەکردین، پاشتر کارەکانمان لەنێوان خۆماندا دابەشکرد، بڕیارماندا کاک نەشیروان کە ئەوکاتە لە نەمسا دەژیا بچێت سەردانی چەند وڵاتێک بکات، هەروەها د.کەمال فوئاد بچێت بۆ چەند وڵاتێکی تر و منیش بۆ چەند وڵاتێک چووم لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، هەروەها من بووم لە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات و یارمەتیدان و سەرپەرشتیکردنی کارەکانیان، بەداخەوە سەرکردایەتی پارتی ئەوکاتە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەکانی کوردایەتی لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری کوردستان تێکدابوو، لەگەڵ کوردی ئێران بەینیان نەبوو و هاوکاریان لەگەڵ ئێران دەکرد، لەگەڵ کوردی تورکیاش هەروابوون، لە کوردستانی سوریاش بەهەمان شێوە، بۆیە ئێمە بڕیاماندا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو هێزە کوردییەکان لەهەموو پارچەکانی کوردستان ئاسایی بکەینەوە و بگرە زۆر باشیشی بکەین، بەپێی ئەوەی من پەیوەندیم لەگەڵ حزب و کوردی ئێران باش بوو دانرام بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵیان، د.کەمال فوئاد بۆ کورد و حزبەکانی

تورکیا دانرا، مام جەلال-یش بەتەبیعەتی ئەوەی لە سوریا دەژیا هەستا بەچاکترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی ئەوێ.

کە لە کۆبوونەوەی بەرلین گەڕامەوە لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات دانیشتم کە شەهید د.قسملوو و کەریمی حسامی و کاک محەمەدی موهتەدی و ئەمیری قازی و د.حەسەن شەتەویی بوون، پێموتن یەکێتی نیشتمانیی دامەزراوە و پێمانخۆشە هاوکاری هەبێت لەنێوانمان و پشتگیری یەکتربکەین و ئەو پەیوەندییە خراپانەی لە ڕابردوودا هەبوو چاکی بکەینەوە و بەرەوپێشیان ببەین، تەبعەن ئەوان ئاگاداری جموجوڵەکانی ئێمەبوون.

ئێمە بڕیارماندا بزووتنەوەییەکی وا لە کوردستانی عیراق دابمەزرێنین و دوورنییە لەداهاتوویەکی نزیکدا خەباتی چەکداری دەستپێبکەینەوە جارێکی تر، بەڵام ئەگەر بزانین ئێوەی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران یان کوردستانی تورکیا نیەتی ئەوەتان هەیە کە خەباتی چەکداری لەو بەشانە دەستپێبکەن ئێمە هەموو هێز و توانای خۆمان لای خۆمان سەرف ناکەین، بەڵکو هاوکاری ئێوە دەکەین، برادەرانی حزبی دیموکرات وتیان کۆبوونەوەمان هەیە چەند ڕۆژێکی تر وەڵامتان دەدەینەوە، پاش سێ ڕۆژ پەیوەندییان گرت و وتیان بڕیاری کۆمیتەی مەرکەزی ئێمە ئەوەیە کە جارێک ئیمکانی ئەوەمان نییە خەباتی چەکداری دەستپێبکەین، بۆیە ئەگەر ئێوە شتێکی واتانکرد ئەوا ئێمە دژتان نابین و ئەوەندەی پێمان بکرێت هاوکارتان دەبین و کوردی

تورکیاش هەمان شتیان بە د.کەمال فوئاد وتبوو. بۆیە ئێمە لەسەر کاری ڕاگەیاندن و ڕێکخستن و دروستکردنی پەیوەندییەکانمان بەردەوام بووین.

لە کۆبوونەوەی نیسانی ١٩٧٦ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڤیەننا (تەبعەن بەڕاوێژ لەگەڵ برادەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیست و کۆمەڵە، چونکە کۆمەڵەی ڕەنجدەران ٣ کەسیان نارد بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئێمە کە بریتی بوون لە شازاد سائیب، فەرەیدون عەبدولقادر و حەمە چاوشین و نامەش هەبوو لەنێوانماندا و بڕیاریاندابوو کە بێنە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها برادەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستیش کاک عومەر دەبابەیان نارد و ئەوانیش بەڕەسمی بڕیاریاندا بێنە ناو یەکێتیی نیشتمانیی)، بڕیارماندا کە لە ١٩٧٦/٦/١ دەست بە خەباتی چەکداری بکەینەوە لە کوردستانی عیراقدا، هەواڵمان بۆ ناردن کە مەفەرزە سەرەتاییەکان بنێرنە شاخ و وردە وردە دەست بە چالاکی پێشمەرگانە بکەنەوە.

*** چۆن گەیشتنە ئەو بڕیارە؟**

- چەند هۆکارێک هەبوو، حکومەتی عیراق دەستیکرد بە پرۆسەیەکی فراوانی ڕاگواستن و مەترسییەکی گەورە لەو بارەیەوە دروستبوو کە حکومەت دەیەوێت ڕێگری لە دورستبوونی مەقاوەمەتێکی نوێ بکات، چونکە هەموو ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ سنووری تورکیا و ئێران چۆڵکردبوو و بنکەی عەسکەری لێدەدەنا، ئێمە لە فاکتەری سایکۆلۆجی زۆر دەترساین کە خەڵکی کوردستانی عیراق ئەوکاتە ورەی روخابوو،

باوەڕی بەسەرکردایەتی سیاسی نەمابوو، بۆیە پێویستە ئیسپاتی بکەین کە ئێمە چین و دەتوانین چی بکەین بۆئەوەی ورەی خەڵک کەمێک بەرزببێتەوە لەگەڵ ئەوەی ئەوەشمان دەزانی کە هێشتا کە هۆکاری بابەتی بەتەواوی یارمەتیدەرمان نییە. ئێمە دەمانویست بەشـێوەیەکی ورد دیراسـەی ئەوە بکەیـن کە بـزانین ئیمکـانی دەسـتپێکردنەوەی شۆرشـی چەکـداری هەیە یـان نـا؟هەر لەو مـاوەیەدا کە ڕاگواسـتن دەسـتپێکرد بەشـێوەیەکی عەفەوی لە ناوچەی پشدەر  وەکو کوێخـا حەمەشـەریفی مەنگوڕی و چەند کەسی تر چوونە شاخ و دەستیان بە مقاوەمەکرد، ئەوە چاوی ئێمەی کردەوە زانیمان کە خەڵک ئامادەگی تێدایە و ئەوە یەک لە هۆکارەکان بوو. دووەم چەند لایەنێک لە دەرەوە ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆئەوەی هاوکاریمان بکەن بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە کوردستانی عیراق، بۆ نموونە لیبیا "لەوکاتەدا پەیوەندییەکانی لیبیا و عیراق تێکچووبوو و مام جەلال-یان دەناسی و پێیانوتبوو ئەگەر ئێوە شۆڕش دەستپێبکەنەوە ئەوا ئێمە ئامـادەین مانگـانە یارمەتیتـان بـدەین بەهەمـوو شـێوەیەک"، سـورییەکان لەبەر ناکۆکییەکـانی نێـوان حزبـی بەعسـی عیـراق و سـوریا لەسـەر مەسـەلەی ئـاوی فـورات خەریکـی بـوو شـەڕێکی گەرم بقەومـێ لەنێوانیانـدا "بـۆیە پشـتوانیان لە ئۆپۆزسـیۆنی عیراقـی دەکـرد لەنێویانـدا یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان"، هەروەهـا یەکێتـی سۆڤیەت بەنهێنی پەیوەندی پێوەکردین کە ئەگەر ئێوە دەست بەشۆڕش بکەنەوە، ئەوا ئێمە زۆر بەنهێنی ئامادەین هاوکاریتان بکەین، ئەوانە هاندەری باشـبوون بۆ ئێمە و وەکـو پێشـوتریش

باسمکرد پەیوەندی باشمان دروستکرد لەگەڵ هێزە کوردییەکانی پارچەکانی تری کوردستان و ئەوانیش ئامادەبوون هاوکاریمان بکەن، بۆ نموونە کوردەکانی باکووری کوردستان ئامادەبوون هاوکاریمان بکەن لە گەیاندنی چەک و پێداویستی و خەڵکی ئێمە بۆ کوردستانی عیراق لە سنووری تورکیاوە. بەڵام فاکتەری تر هەبوو کە زۆر زەرەری لە ئێمەدا بوو بەهۆی دەستپێکردنی شۆڕش، بەبڕوای من پێشوەخت بوو ئەویش ئەوەبوو بەعسییەکانی عیراق کە سەر بە سوریا بوونلە قیادەی قوتری عیراق ئەوان ڕێکخراویان هەبوو لەناو سوپای عیراقیدا، هەواڵیان هێنابوو بۆ مام جەلال کە لە مانگی حەوتی ١٩٧٦ کودەتایەکی عەسکەری لە عیراق دەکرێ، جا ئێمە بەڕاستی لە کۆبوونەوەی نیسانی ١٩٧٦ لە ڤیەننا ئەم مەسەلەیەمان زۆر باسکرد کە ڕاستە ئێمە بیرمان لەوەکردووەتەوە چەند ساڵێکی تر دەست بە خەباتی چەکداری بکەین، بەڵام ئەگەر هاتوو کودەتایەک ببێت لەلایەن باڵی بەعسی سورییەوە لە عیراق و ئێمە هیچ هێزێکمان نەبێت بۆ خەباتی چەکداری مومکینە نەتوانین مەرجەکانی خۆمان فەرزبکەین، بەڵام ئەگەر دەستمانکرد بە خەباتی چەکداری و هێزەکەیشمان زۆر گەورە نەبێت "لانی کەم وجودمان هەبێت لە شاخەکانی کوردستان" ئەوا ئەوکاتەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەتوانین داوای مافەکانی گەلەکەمان بکەین، بۆیە بڕیارماندا لە ١٩٧٦/٦/١ مەفرەزە چەکدارەکانمان بچنە شاخ.

*** کێتان بۆ ئەو ئەرکە راسپارد؟**

- لەنــاوەوە پەیوەنــدی بە برادەرانـــی کــۆمەڵەوە کرابــوو و ئەوان مەفـــرەزەی یەکەمیـــان لە شـــارەزوور و قەرەداغ پێکهێنـــابوو و ناردبوویـــانە قەنـــدیل، مـــام جەلال پەیوەنـــدی لەگەڵ برادەرانـــی بـــزووتنەوەی سۆسیالیســـتیش لەگەڵ شـــەهیدان عـــومەر دەبـــابە و د.خالیـد و عەلــی عەســکەری کردبــوو و ئەوانــیش لەگەڵ شـــەهید ڕەسوڵ مامەند کردبوو مەفرەزەی خۆیان ناردبووە شاخ. هەروەها لە دەرەوەیــش ژمــارەیەک لەو کــوردانەی لە ســوریا بــوون و لە ئێرانەوە هـاتبوون هێزێکـی پێشـمەرگەی ٣٠٠ کەسـیمان هەبـوو کە مەشـــقیان دەکـــرد و پـــڕچەک کرابـــوون و کـــاک نەوشـــیروان سەرپەرشـتی ئەو هێزەی دەکرد بۆ ئەوەی بێنە ناو کوردستانەوە. پاش ئەوە هەوڵدرا مـام جەلال بێـتەوە بـۆ کوردسـتان، ئەگەر ڕێگە تەئمـین کـرا. بـۆیە هەمـوو لایەک خۆمـان ئامـادەکرد و ئیعلانمـانکرد کە شۆڕشـــی چەکـــداری دەســـتپێ دەکەیـــنەوە، بەڵام بەداخەوە لە پـــایزی ١٩٧٦ کـــاک نەوشـــیروان نەیتـــوانی بەنـــاو خـــاکی تورکیـــادا تێپەڕێت و بێتە ناو خـاکی کوردستانەوە، دواتـر و پـاش مـاوەیەک گەڕایەوە. مـــام جەلال بـــۆ خـــۆی لە هـــاوینی ١٩٧٧ بەیـــارمەتی دۆســـــتەکانمان لە کوردســـــتانی تورکیـــا و بەقاچـــاغ گەڕایەوە کوردستان.

*** تۆ ئەو ماوەیە خەریکی چی بوویت؟**

- من ئەو ماوەیە لە ئەمریکا بووم، بەشـی تیـۆری و کۆرسـی دکتۆراکەم تەواوکردبوو، داوام لێکردن سـاڵێک ئیجـازەم بدەنێ بۆئەوەی بچم بۆ ئەمریکا و تەواوی بکەم، بەڵام کە چووم بۆ ئەمریکا لە پایزی ١٩٧٦ لە زانکۆی ماریلاند کە هەمووی پازدە

کیلۆمەتر لە واشنتۆنەوە دوورە دەستمکرد بەخوێندن، کە من گەیشتمە ئەوێ مەلا مستەفاش نەخۆشکەوتبوو و هاتبوو بۆ ئەوێ بۆ چارەسەر، لەهەمانکاتدا نزیکەی ٨٥٠ پەنابەری کوردی عیراق هاتبوون بۆ ئەمریکا، ئیتر من بەڕاستی لەسەری ساڵی ١٩٧٦ەوە وازم لە نووسینی تێزی دکتۆراکەم هێنا "هەرچەندە یەک لەسەر سێی ئیشەکەیم تەواوکردبوو" و دەستمکرد بەڕێکخستنی پەنابەرانی کورد لە ئەمریکا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەیوەندی سیاسیشم دەکرد لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. هەروەها دەستمکرد بەدەرکردنی رۆژنامەی ذسپارک بەزمانی ئینگلیزی و دۆکۆمێنتە سەرەتاییەکانی یەکێتیم هەموو کرد بەئینگلیزی و لەدووتوێی کتێبێکدا بڵاومانکردەوە، ساڵی ١٩٧٧ دیسان گەڕامەوە سوید.

*** کەی گەڕایتەوە بۆ شاخ؟**

– لە نیسانی ١٩٧٨ مەکتەبی سیاسی لەناوەوەی کوردستان بڕیاریدابوو بگەڕێینەوە بۆ ناوچەکانی سەرسنوور کە پێشووتر بارەگاکانی ئێمەی لێبوو و لەوێ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکەین و خۆمان بۆ ئەوە ئامادەبکەین، بۆ گەڕانەوەی ئێمەش مانگی حوزەیران دەستنیشانکرابوو، بەڵام کاتێک کارەساتی هەکاری ڕوویدا کۆبوونەوەکە دواخرا، دوای ڕوودانی ئەوکارەساتە ڕەوشی برادەران لە ناوەوەی وڵات زۆر خراپ بوو بوو، بۆیە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوەی وڵات بڕیارماندا هەموومان

بگەڕێینەوە و خۆیشیان داوایان کردبوو. بۆیە مانگی ١٢ی ١٩٧٨ گەیشتینەوە بارەگاکانمان لە کوردستانی عیراق.

*** دوای گەڕانەوەتان کۆبوونەوەی سەرکردایەتیتان سازکرد، چیتان وت و بڕیاری چیتاندا؟**

- پێش هەموو شت شیکردنەوەیەک لەسەر ڕووداوەکانی هەکاری، لەوماوەیەدا شۆڕشی ئێران ڕوویدا، ئێمەش بارەگاکانمان گواستەوە بۆ شێنێ و ناوزەنگ و ئەو شوێنانەی تر، برادەرانی کۆمەڵەی ئێران زۆر یارمەتی ئێمەیاندا و کادری سەرکردایەتی خۆیان دەنارد بۆ یارمەتیدانمان، چوار ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان نارد بۆ هاوکاری ئێمە "مامۆستا ئیبراهیم، د.جەعفەر شەتەویی، حەمەسور و حەمەحسێن کەریمی"، ئەو ماوەیە خەریکی مەشقکردن بەپێشمەرگە و خۆڕێکخستنەوە بووین.

*** جەنابت چ بەرپرسیارێتییەکت وەرگرت؟**

- من ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم و لەگەڵ مام جەلال کارمدەکرد. شتی تریش کە زۆر زیانی لێداین ئەویش ئەوەیە لە نەورۆزی ١٩٧٩ باڵێکی گەورەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی جیابووەوە بەسەرۆکایەتی رەسوڵ مامەند و ئەوە زۆر مەشغوڵی کردین، لەپاش جیابوونەوەی برادەرانی بزووتنەوەش ئێمە لەناو دەستەی دامەزرێنەر و سەرکردایەتی کاک عادل موراد ئیستیقالەی دا و رۆیشت، گیروگرفتێکی زۆرمان هەبوو، بۆیە من بۆ ماوەی دوو هەفتە مۆڵەتم وەرگرت و هاتمەوە بۆ کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی نزیکەی ٧ مانگ مامەوە، پاشان

ئیجازەیاندام بێمە دەرەوە وەکو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

من کە هاتمە دەرەوە هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستانی ئێران دەستیپێکردبوو، ئێمە هێزێکی زۆرمان ناردبوو و لە زۆر شوێن یارمەتیمان دەدان، هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش بەشـــێکی زۆری خۆپیشـــاندانەکانی دژی ئێـــران ئـــێمە ڕێکماندەخستن،چونکە ئەوان ژمارەیان زۆر کەمبوو، هەروەها دەستمکرد بە پەیوەندی لەگەڵ زۆر وڵات و ڕێکخراو و لایەن، بۆ وەرگرتنی یارمەتی مرۆیی و ئێستگە و هۆکی هۆکی و ئەو جۆرە شتانە و ناردنەوەیان بۆ ناوەوەی وڵات، لەدواییدا ڕەوشی ناوەوەی وڵاتم زۆر پێخۆش بوو و زۆر گەشەمان کردبوو، بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و لەوێ درێژە بەخەباتی چەکداری بدەم، لە مانگی ٢ی ١٩٨٠ دیسانەوە گەڕامەوە بۆ کوردستان و ئەمجارە خێزانیشم لەگەڵ خۆم هێنایەوە و هەتاکو کۆتایی ١٩٨١ لەوێ مامەوە. دیسان هاتمەوە دەرێ بۆ پەیوەندیکردن و بەشداریکردن لە کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا و جەولەیەکم کرد بۆ زۆر وڵاتی ئەوروپی و پاشان ڕێگام لێگیرا بۆ گەڕانەوە، ماوەیەک لە بەرلین بووم و نووسینگەی پەیوەندییەکانمان دانا بۆ یەکێتیی، کە من و د.کەمال فوئاد و کاک سەلاح ڕەشید لەوێ بووین، پاشان بەرەی جوقد لە لەندەن نووسینگەیەکیان دانا و من بووم بە لێپرسراوی هەتا ساڵی ١٩٨٥ لەوێ بووم، پاشان گەڕامەوە بۆ سوید و لە ساڵی ١٩٨٦ بەڕەسمی وازم لە یەکێتیی هێنا.

*** بۆچی وازتهێنا؟**

- هـۆی زۆر بـوو، بەڵام کە وازمهێنـا ئەوە نەبـوو کە ئیتـر پەیوەندیمان تێکبچێت.

*** ئەمەوێت هۆکارەکانیم پێ بڵێی؟**

- هۆی شەخسی، سیاسی و فیکری جیاوازبوون.

*** کە وازتهێنا لە یەکێتیی بەچییەوە سەرقاڵ بوویت؟**

- گەڕامەوە سـەرکارەکەی خـۆم وەکـو مامۆسـتا لە زانکـۆی سـتۆکهۆڵم و وەکـو لێکـۆڵەرەوەیەکی زانسـتی ئیشـمکرد، بەڵام پەیوەنـدیم هەر دۆسـتانەبوو لەگەڵ یەکێتیـی و هاوکـاریم دەکـردن و شتم بۆ دەنووسین، تاکو ساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بووم لەو زانکۆیە و لەسـەر ئیشـەکەم. پاش ئەوە چـووم بـۆ بەشـی کـوردی ئێسـتگەی دەنگی ئەمریکا و تاکو ساڵی ٢٠٠٧ لەوێ کارم کرد، لە ٢٠٠١-٢٠٠٥ سەرنووسـەری بەشـی کـوردی بـووم، لە ٢٠٠٥-٢٠٠٧ بەڕێـوەبەری بەشی کوردی بووم پاش ئەوەی کاک هۆمەر دزەیی وازی هێنا.

*** یەکەمەکانی ژیان، کێ بە یەکەم مامۆستای خۆت ئەزانی؟**

- لە کوردسـتانی سـوریا ٣ کەس کـاریگەری زۆر گەورەیـان کـردووەتە سـەرم لەڕووی سیاسـی و فەرهەنگیـیەوە، یەکەم د.نورەدین زازا کە یەکەمین سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە سوریا، حەمید دەرۆیش کە ئەو منی ڕاکێشا بۆ ناو پارتی لە سوریا، سێیەم مامۆستا عوسمان سەبری.

*** کێ نزیکترین هاوڕێتە؟**

- مام جەلال و د.کەمال فوئاد.

*** لە چی پەشیمانی؟**

- لەیەک شت پەشیمانم پەیوەندیدار بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەویش ئەوەیە ئێمە زۆر گوێماندا بە داخوازی کوردی پارچەکانی تری کوردستان دەدا، لەبەر سیاسەتی نادروستی پێشووتر یەکێتیمان نەکردە ڕێکخراوێکی سیاسی سەرانسەری کوردستانی گەورە کە ئەگەر بمانکردایە لە هەموو هێزەکانی تر کوردستان گەورەتر و کاریگەرتر ئەبووین.

*** شانازی بەچییەوە دەکەیت؟**

- شانازی بەوە دەکەم کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانم.

**ئەم دیدارە لە ژمارە (٢٨)ی پاشکۆی (یادەوەری ئاسۆ)ی ڕۆژنامەی ئاسۆی ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٣ بڵاوبۆتەوە. دیداری: خەڵەف غەفور**

# مێدیای ئەمریکا و کورد

عومەر شێخمووس زیاتر لە چل ساڵە لە ئەورووپاو ئەمریکا دەژیت و کەسایەتییەکی بە ئاگاییە بەرامبەر بە ناوەندەکانی بڕیار لە جیهان، رووناکبیرێکی خوێندەوارو خاوەن بۆچوونی خۆیەتی بەرامبەر بە رەوشی سیاسی و رووناکبیری لە کوردستان، لە رێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان کاریکردووەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ماوەیەکیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە، لە دەستەی دامەزرێنەری یەکەمین گروپی دۆستایەتی سویدی- کوردی بووە.دوا کاریشی لێپرسراوی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بووە.

لەم چاوپێکەوتنەدا لە مێدیای ئەمریکا، کوردو ئەمریکا، ئەمریکاو عێراق دەدوێت:

*** لە ئەمریکادا ئایا کۆماری و دیموکراتەکان تا چەند پشکیان لە رۆژنامە گەورەکان و تەلەفزیۆنەکاندا هەیە؟**

- ئەوەی من ئاگام لێیە، هەردوو حزبە زلەکانی ئەمریکا (کۆماری و دیموکرات) هیچ پشکیان لە رۆژنامە گەورەکان و تەلەفزیۆنەکاندا نیە. تەنها لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ( بۆ سەرۆکایەتی، سینات واتە ئەنجومەنی پیران)و ئەنجومەنی

نوێنـــەران.. هتـــد دەتـــوانن ڕیکـــلام بـــە پـــارەییێکی زۆر بـــۆ کاندیدەکانی خۆیـان بکڕن. دوور نیـە لـە هێنـدێ ویلایـەت یـان شـار رادیـۆ یـان ڕۆژنامـەو یـان تەلـەفزیۆنی خـۆجێیی ( لۆکاڵ) (ناوچەیی) بە کرێ بگرن بۆ هەڵمەتی هەڵبژارنـەکان، بـەڵام قـەت و قـەت لـە سـەر ئاسـتی نەتەوەییدا ئەمـە ناکرێـت، لەبەرئـەوەی ئـازادی بیـروڕا و ئـازادی بڵاوبوونـەوەی راگەیانـدن و زانیـاری سنووردار دەکات.

*** تا چەند هەستت بە گوتاری ئاڕاستەکراوی حزب کردووە لـە مێـدیای ئەمەریکیـدا، بـە تایبـەتی لـە کـاتی بانگاشـەی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- وەکـــو لەســـەرەوە باســـم کـــرد، لـــە کـــاتی هەڵمـــەتی هەڵبژاردنـەکان، هـەموو کاندیدەکانی حزبـەکان و سـەربەخۆکان بـە شـێوەیەکی چـڕ ( ئەگـەر پارەیـان هـەبێت) لـە کەناڵـەکانی راگەیاندندا پەیامەکانی خۆیان بە پارە و بە زۆری مەرجـەکانی بازاڕی راگەیاند بڵاودەکەنەوە.

بێگومان لەو کاتانەشدا شیکردنەوە لەسـەر هەڵبژاردنـەکان و گفتوگۆ لەگـەڵ کاندیـدەکان بـە بـەردەوامی لـە لایـەن زۆربـەی کەناڵـەکانی راگەیانـدن ڕێکـدەخرێن لەبەرئـەوەی بـە ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان دەزانـن کـە هەڵوێسـت و پەیامـە جـۆراو جۆرەکـان و کاندیـدەکان و حزبـەکان پێشـکەش بکـەن و بـە جـەماوەر رابگەیـەنن، ئەمـە بـە پـارە نیـە بـەڵکو بـە بەشـێک لـە ئەرکی ڕۆژنامەوانی خۆیان دەزانن. هـەردەم هـەوڵ دەدرێت بۆ راگرتنی تەرازوو و بەلانس لە نێوان کاندیدەکاندا.

*** ئایا ئاڕاستەی ( ئەمریکای گەورەو تاکە هەڵسوڕاوی جیهان) تا چەند لە میدیای ئەمریکیدا کاری لەسەر دەکرێت؟**

- ئەمریکا وڵاتێکی گەورەیە، فراوان و رەنگاو رەنگە، بە هەزاران دەزگای میدیای جۆراوجۆری تێدایە، ئازادی میدیا، راگەیاندن، زانیاری، بیرورا و رێکخستن پیرۆزییێکی تایبەتی هەیە لە مێژوو و فەرهەنگی ئەمریکادا. بێگومان هێندێ میدیا لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەن و بایەخێکی تایبەتی پێ دەدەن، بەڵام زۆر میدیایتر بە چاوێکی رەخنەگرانە تەماشای ئەو رۆڵە دەکەن.

*** سەنتەر یاخود کەناڵێکی سیاسی دەوڵەتی هەیە کە ئاڕاستەی کاری رۆژنامەنووسی لە ئەمریکا دیاری بکات؟**

- ئەوەی من ئاگام لێیە، شتی وا لە ئەمریکا نیە، قانوونی ئازادی زانیاری گشتی هەیە، بەڵام هەر دەزگایەکی راگەیاندن، پرەنسیپ و پێوانەکانی ئەخلاقی خۆیان هەیە. بە گشتی هێندێ قانوون هەن سەبارەت بە سەروەریی تاکە کەسی و رێگا گرتن لە دەزگاکانی راگەیاندن بۆ دەستدرێژیی کردن بۆ سەر ئەو سەروەرییە. بە پێچەوانەی ئەوە، ئەگەر هەر دەزگایەکی دەوڵەتی یان حزبی دەستبخاتە ناو کاروباری رۆژنامەوانی دەبێتە هۆی مشت و مرێکی توندو قەیرانێکی گەورەی سیاسی لە ئەمریکادا.

*** لە دوای رووداوی ١١ی سپتمبەر جۆرج دەبلیو بۆش سەرۆکی ئەمریکا وتی؛" ئەم شەڕە، شەڕی خاچپەرەستەکانە"**

**ئەگەر لە بیرت مابێت، مێدیای ئەمریکی چۆن پاساوی بۆ ئەم قسەیەی بۆش هێنایەوەو ئەو لێدوانەی بۆ راست کردەوە؟**

- وشـــەی CRUSADEلـــە زمـــانی ئینگلیزیـــدا واتـــای جۆراوجۆری هەیە، تەنیا بە واتای شەڕی خاچپەرستان نایەت. بـە گشـتی واتـای شـەڕی پیـرۆزە ( لێـرە لـە دژی تیرۆریزمـی جیهانییـــە). راســـتە لـــە کـــاتی خـــۆی و لـــە مێـــژوودا وشەیCRUSADEبۆ شەڕی ئایینی خاچپەرستەکان لە نێوان سـاڵانی ١٠٠٠ و ١٥٠٠ زایینـی بـەکارهاتووە، بـەڵام سـەرۆک جـۆرج بـۆش وشـەیCRUSADEپـاش ١١ی سـیپتەمبەر بـە مەبەسـتی شـەڕی پیـرۆز بـەکارهێنا. ئەوکاتـەش بەشـی هـەرە زۆری مێـدیای ئـەمریکاو جیهـان بـە تـەواوی پشـتگیرییان لـە خەڵکی ئەمریکا کردو دژ بەو هێرشە تیرۆریستانە بوون کە لـە لایـەن هێنـدێ ئیسـلامی توندڕەوی وەکـو القاعـدة کرابـوون. هێندێ لایەنی کەمایەتی سەر لێشێواو خاوەن مەنتیقێکی زۆر خـوار نـەبن لـە هێنـدێ قـوژبنی جیهـان کـە دەیـانگووت گوایـە؛" ئیسـرائیل، جوولەکـە یـاخود ( سـیا) بـەو کـارە هەڵسـاون، بـۆ درووسـتکردنی شـەڕێکی فـراوان لـە دژی ئیسـلامدا"، هـەروەها وشـــەیەکیتر لـــە لایـــەن ســـەرۆک بـــۆش و وەزیـــری دەرەوە کۆنـدولیزا رایـس بـەکارهێنراوە، ئـەویش وشـەی " ئیسـلامۆ فاشیزم"ە، کە کەوتـە بـەر هێنـدێ رەخنـە لەلایـەن هێنـدێ هێـزی چەپ، لیبراڵ و هێندێ وڵاتی ئیسلامی.

بـە رای مـن، بـەکارهێنانی ئـەو وشـەیە بـۆ هێـزە ئیسـلامییە توندڕەوەکانی تیرۆریست و توتالیتێر زۆر لە جێگای خۆیـەتی،

لەبەرئەوەی ئەو هێزانە بە راستی بە کردەوە فاشستن، مێتودەکانیان و هەڵوێستی چەوساندن و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی هەر بیرێکی جیاواز لە خۆیان ( ئەنجا چی ئیسلامی، کریستیان، جوولەکە یان سەکیولێر ) بێت. چۆن دەتوانین ئەو وشەیە بۆ هێزی کریستیان، جوولەکە، هیندۆ وە هەندێ‌تر دەتوانرێت بگووترێت ( هێزی ئیسلامۆ فاشست) بۆ ئەو هێزە فەندامەنتالیستی توندڕەوە، بێ ئەوەی مەبەست هەموو ئاایینی ئیسلام بێت.

بە رای من ئەو کەسانەی کە رەخنە لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە بۆ هێزی ئیسلامی توندڕەوی توتالیتێر دەگرن، بە هەڵە دادەچن. لەبەرئەوەی ئەو هێزانە بە هەموو پێوانەیەک فاشستن.

*** بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ یاخود بابەتێک لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا. ئایا فلتەر هەیە؟**

- نەخێر، هیچ فلتەرێک نەبوو. بەڵام بەشی کوردی ( وەکو هەموو بەشەکانی‌تری دەنگی ئەمریکا) بەوە بەستراوە کە رێز لە چارتری ( واتە دەستوورنامە)ی دەنگی ئەمریکا بگرێت. پرنسیپە گشتییەکان ئەمانە بوون:

+ دەنگ و باسەکان دەبێت هەمە لایەن، گشتی و فراوان بن.

+ دەنگ و باسەکان دەبێت مەوزوعی بن و بیروڕای جیاواز بڵاوبکەنەوە.

+ دەبێت هەموو کاتێک راستی بڵاوبکرێتەوە، ئەنجا چی دەنگ و باسە خۆشەکان بن یان ناخۆشەکان.

+ دەبێت پرنسیپی ئەخلاقی رۆژنامەوانی لەبەر چاوبگیرێت و نابێت بیروڕای تایبەتی رۆژنامەنووس تێکەڵاوی راپۆرتەکان ببن.

+ دەبێت دەنگ و باسەکان وەکو ئاوێنەیێکی راستەقینە رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەمریکا بن.

بەڵام هەموو بەشەکانی دەنگی ئەمریکا یەک ناوەندی دەنگ و باسیان هەیە کە سوودی لێوەردەگرن (وەکو؛ بەشی هەرە زۆری رادیۆکانی جیهان) لە ناو بەرنامەکانیاندا. تەنها بەشێک هەیە کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پەسەند دەکرێت، ئەویش وتاری سەرەکی رۆژانەیە لەسەر دیدو بۆچوونی حکومەتی ئەمریکا، کە سەبارەت بە هەندێک رەوشە لە شوێنی جۆراوجۆری جیهاندا.

لە هەندێ کاتدا ( وەکو پاش هێرشەکانی ١١ی سپتمبەر) رێبەرایەتی دەنگی ئەمریکا دەتوانێت بڕیار بدات یان راوێژ بکات کە بە پەسەند نازانن هێندێ کاربکرێن. وەکو؛ گفتوگۆ کردن لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوی تیرۆریستی القاعدة و رژێمی تالیبان... هتد. یان هیچ تەدەخول ناکاتە ناو ناوەڕۆکی دەنگ و باس یان شێوەی کارکردن. بێگومان سەرنووسەری هەر بەشێک ( واتە رێداکسیۆنی بەشی جۆراوجۆر) مافی تەواویان هەیەبۆ بڕیاردان لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی نووسینی رۆژنامەنووسان و ئەمەش لە کاری رۆژنامەگەریدا لە هەموو جیهان شتێکی ئاسایی و باوە.

*** ئێستا دێمە سەر حزبو سیاسەت لە ئەمریکاو کێشەی کورد، بە رای جەنابتان ئایا لە ئەمریکادا هەتاوێک هەیە یاخود، هەبوو بە ناوی کورد، دەکرێت بزانین کەی هەتاوی کورد تیرۆژەکانی لە ئەمریکادادەردەکەوێت؟ ئایا دەتوانین بڵێین رای گشتی ئەمریکامان لەگەڵ دایە؟**

- باوەڕ ناکەم هیچ گەلێک هەبێت ئەوەندە خۆشەویست بێت لە لای رای گشتی ئەمریکا ( پاش جوولەکە، ئیسرائیل و گەلانی بەریتانیا) وەکو گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی کوردستانی عێراق بە تایبەتی، ئەویش لەبەرئەوەی رای گشتی ئەمریکا لەم سالانەی دواییدا باشتر لە جاران تێگەیشتووە کە پاش ئینگلیزو ئیسرائیل تەنها لایەنێک هەبێت کە دۆستایەتی و پشتیوانی دەکات گەلی کوردە. کە في سبیل الله و بێ چاوەڕێکردنی پاداشتە، بەڵام، زۆر بەداخەوە هەتا ئێستا سەرکردەکان و نوێنەرانی گەلی کورد نەیانتوانیوە بە چاکی سوود لەو رەوشە وەربگرن و رای گشتی ئەمریکا بخەنە گەڕ بۆ پشتیوانیکردنی بەرژەوەندی، داخوازی و ئاواتەکانی گەلی کورد.

دەبێ، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە رای گشتی زۆربەی گەلان زوو زوو دەگۆڕێت و هەتا هەتایێ وەکو خۆی نامێنێتەوە، هەروەها پێویستە دیاردە ناشیرینەکانی دەسەڵات وەکو؛ گەندەڵی، خزم خزمێنە، واسیتە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پشتیوانیکردن لە توندوتیژیو تیرۆر لە ناو کۆمەڵگای کوردی چارەسەر بکرێن و هەڵبگیرێن، بۆئەوەی پشتیوانیکردنی رای گشتی ئەمریکی و جیهانی بەردەوام بێت.

ئەگـەر دەسـەڵات لـە کوردسـتان بـە شـێوەیەکی راسـتەقینە دیمـوکرات، سـینگ فـراوان ( لیبـراڵ) و لەگـەڵ قـانوون رەفتـار بکات و دەسەڵاتێکی رێک و پێک بێت، گومـانی تێدانیـە کـە رای گشتی ئەمریکا، ئەوروپاو جیهان بە شێوەیەکی بەهێز بـەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد.

دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە رای گشتی هەموو کاتێک وەکـو حکومـەت و دەوڵـەت بیـر ناکاتـەوە (یـان پێچەوانەکـەی راسـتە؛ حکومـەت و دەوڵـەت هـەموو کاتێک وەکو هەڵوێسـتی رای گشـتی ناجوولێـت) لەبەرئـەوەی زیـاتر بیـر لـە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەکاتەوە و لەسەر ئەوە راوەسـتاوە کـە دەسـەڵات لـە ئـەمریکا لـە دەسـتی کێدایـە ( ئایـا حکومـەتێکی ریالیستە یان ئیدیالـە) بـەڵام، هـیچ حکومـەتێک ناتوانێت لـە دژی رای گشتی وڵاتی خۆی بجوولێت.

بـۆ کـورد، حکومـەت و رای گشـتی ئـەمریکی پشـتیوانی لـە داخوازییـەکانی گـەلی کـورد بـۆ فیدرالیـەت لـە عێـراق و ئێـران دەکات. لە سـوریا پشـتیوانی لـە داخـوازی کولتـوری، سیاسـی و دیموکراتی بۆ کورد دەکات. لە تورکیاش هەمان شـت. بـەڵام، لـە دژی بزووتنەوەی توندوتیژی وەکو پ. ک. ک-یـە، هـەروەها لـە دژی هێـزی تونـدڕەوی ئیسـلامین لـە کوردسـتان. ئەگـەر بزووتنەوەیـەکی ئاشـتیخوازو دیمـوکرات لـە نـاو کوردسـتانی تورکیـا گەشـە بکـات، رای گشـتی ئـەمریکی و ئـەوروپی بـە شـێوەیەکی بـە هێـز پشـتیوانی لـێ دەکـات. لـە کوردسـتانی

عێراقیش ئەمە چەند ساڵێکە پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدرالی سێ قۆڵی لە عێراق دەکەن.

پشتیوانێکی کەم بۆ بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەیە لە ئەمریکاو ئەوروپادا.

ئەوەی تا ئێستا ئاگام لێیەتی یەک دوو حزبی بچکۆڵەی کوردی نەبن، ئەگەرنا هیچ پارتێک لە کوردستان داوای کوردستانی سەربەخۆ ناکات، هەر چەندە ژمارەیەکی زۆر لە کوردو خەڵکی کوردستان پشتیوانی لەو بیرۆکەیە دەکەن.

*** لە ئەمریکادا کێ دژی کێشەی کوردە، یاخود باشترە بڵێین دژی فایلی کورد کار دەکات؟**

- ئەو لۆبیانەی کە سەربە وڵاتانی عەرەبی، تورکیا، ئێرانن لە دژی کێشەو داخوازییەکانی گەلی کورد هەڵوێست وەردەگرن. ئەم لۆبیانە کەم هێزنین. هەروەها بەرژەوەندییێکی زۆری کارداری، بازرگانی و دەوڵەتییان لە ئەمریکا هەیە. بە ژمارەش زۆرن و سەرماییێکی زۆر دەخەنە گەڕ بۆ کارتێکردن لەسەر رای گشتی ئەمریکا بە قازانجی ئەو وڵاتانە لە رێگای میدیاکان، زانکۆکان، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و رێکخراوەکانی کارداری و بازرگانی. بەرامبەر بەوەش لۆبی کوردی ( لەگەڵ ئەوەی رای گشتی ئەمریکای لەگەڵدایە) کز و لاوازەو بێ ئیمکانیاتە. بۆیە نەیتوانیوە بە چاکی بەرەنگاری ئەو لۆبیانە ببێتەوە.

*** ئایا ئەمریکا بە بێ گەڕانەوە بۆ رای وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، دەتوانێت رۆڵی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی بەرامبەر بە کوردو خەڵکی کوردستان هەبێت؟**

- باوەڕ ناکەم ئەمریکا ئێستا و تا لە ئایندەی نزیکیش هەڵوێست لە دژی گەلی کورد وەربگرێت، یان ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی هەبێت بەرامبەر بە گەلی کورد. من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە هێندێ نووسەری کورد باس لە دووبارەکردنەوەی کارەساتێکی وەکو ١٩٧٥ دەکەن.

ئەوەی روون و ئاشکرایە، ئەمریکا ناتوانێت هەمان هەڵوێستی حزب و جەماوەرو خەڵکی کوردستانی هەبێت لەسەر کێشەی کورد، بەڵام هەڵوێستی هەر دۆستانە دەبێت (هەتا حزبو بزووتنەوەکانی گەلی کورد دۆستانە بن لەگەڵیدا).

بەڵام ئەمریکا ڕۆڵی نێگەتیڤی هەیە دژ بە بزووتنەوە توندڕەوەکانی کوردستان وەکو ئەنسار ئەلئیسلام و پ. ک. ک و هەندێ بزووتنەوەی توندتیژیی تریش لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا.

بەڵام ناتوانم بڵێم لە دوارۆژدا و لە ماوەیەکی درێژخایەندا هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە کێشەی گەلی کوردستان چۆن دەبێت. ئەمە لەسەر چەندین فاکتەری ناو ئەمریکاو لە کوردستان و هەموو هەرێمەکە وەستاوە.ئێستا ئاسۆی هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە لە لایەن ئەمریکا لە دژی گەلی کورد نابینم.

*** بۆچی تا ئێستا ئەمریکا تەنیا بە زارەکی بەرگری لە کێشەی کورد دەکات، ئایا لە رووی یاساو ڕێسای نێودەوڵەتیدا، وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا، دەتوانێت پرۆتۆکۆلێکی رەسمی لەگەڵ هەرێمێکی فیدراڵی وەک کوردستان مۆر بکات؟**

- پرسیارەکە بەلامەوە زۆر سەیرە، ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١-ەوە هەتا ئێستا بە خوێنی گەنجەکانی خۆی بە هێزی لەشکری خۆی و بە ملیاردەها دۆلاری خۆی، گەلی کوردی لە کوردستانی عێراق پاراستووە و یارمەتی داوە و لەم دواییە رێژیمی سەددام حوسێن-ی رووخاندووە، کە بووە هۆی دەستکەوتی زۆر بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا. ئایا ئەمە تەنها پشتیوانی زارەکییە؟ باشە، نۆرەی منە بپرسم؛ پشتیوانی لەوە زیاترچی دەبێت؟ بێگومان بۆچوونی ئەمریکا جیاوازە لەگەڵ بۆچوونەکانی گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی، بەڵام مانای ئەوە نیە کە ئەمریکا تەنها بە زارەکی پشتیوانی لە کێشەی گەلی کورد دەکات.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، جاران یاسای نێونەتەوەیی رێگای نەدەدا کە دەوڵەتان رێککەون یان پرۆتۆکۆڵی رەسمی لەگەڵ هەرێمێکی فیدراڵی وڵاتێک مۆربکەن. بەڵام لە ساڵانی ٩٩٠-ەوە یاسای نێونەتەوەیی خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت و هەرێمەکانی ناو وڵاتان گرنگی زیاتر وەردەگرن. بۆیە بە دووریی نازانم کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەمریکاو زۆر وڵاتیتریش رێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق مۆر بکەن. بە تایبەتیش کە لە ساڵی رابردوو ئەمریکا رێگای دا بە ولایەتێکی فیدراڵی خۆی ( کە کالیفۆرنیا بوو) لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا رێککەوتنێکی تایبەتی بە پاراستنی ژینگە مۆربکات، بێ ئەوەی دەوڵەتی فیدراڵی ئەمریکا تێیدا بەشداربێت.

*** کارتی بەرژەوەندی کورد چییە کە بەرامبەر بە بەرژەوەنییەکانی ئەمریکا بەکاری بێنێت؟**

- زۆر بە کورتی؛ بە رای من کورد دەتوانێت ئەم چەند کارتە بەکاربێنێت؛ کارتی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان، کارتی دۆستایەتی و رێگادان بە دامەزراندنی بنکەی لەشکری ئەمریکی لە کوردستان، کارتی خستنەگەڕی سەرمایە و وەبەرهەمهێنانی ئەمریکی و رۆژئاوایی لە کوردستان، کارتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی نموونەیی لە هەرێمی کوردستان، کارتی کردنی کوردستان بە بنکەیەکی گرنگی بانکی جیهانی و سەرمایە وەکو لوبنانی جاران، سویسراو سەنغافورە، هەروەها کارتی دۆستایەتی هەموو گەلی کوردستان ( لە هەموو پارچەکانی کوردستان) لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا.

*** لە دوو حزبە گەورەکەی ئەمریکا کامەیان زیاتر دۆستی کوردن، بۆ؟**

- زۆر کەس و لایەن هەن لەناو هەردوو حزبەکە واتە"کۆماری" و "دیموکرات" زۆر دۆستی کوردن. هەندێ کەس و لایەنیش هەن لەناو هەردوو حزبەکە ئەوەندە دۆستی کورد نین. ناتوانرێت بە تەواوی بگوترێت کە هەڵوێست چۆنە، لەبەرئەوەی حزبەکانی ئەمریکا زۆر جیاوازن لەگەڵ حزبەکانی وڵاتانیتری جیهان. هەندێ شارەزا دەڵێن کە حزبەکانی ئەمریکا تەنها حزبی دەنگدانن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە بە تەواوی

حزب نین.بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد لە عێراق و ئێران و سوریا هەڵوێستی سیناتۆرەکان، هیلاری کلینتن و جۆزف بایدن لە ناو دیموکراتەکان زۆر دۆستانەیە لەگەڵ کورد، لە ناو کۆمارییەکانیش سناتۆر ماکەین زۆر دۆستی کوردە.

*** ئێستا سەبارەت بە عیراق لێت دەپرسم؛ بۆچی ئەمریکا ناتوانێت دەستبەرداری عیراق بێت؟ئایا ئاساییە، کە مەیدانی ئەمڕۆی عیراق ناوبنرێت، گەمەی بازاڕی چەکو تاقیگایەک بۆ تاقیکردنەوەی بەرنامەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ئیسلامی؟**

- بە لامەوە زۆر سەیرە هەتا ئێستا ئەمریکا بە هەموو توانای خۆیەوە ناتوانێت دەستبەرداری عێراق بێت. لەوە تێ ناگەم و نازانم هۆیەکانی چین! وا تێ ناگەم کە عێراقی ئەمڕۆ لە لایەن ئەمریکاوە وەکو بازاڕی گەمەی چەک تەماشا بکرێت، لەبەرئەوەی تەنها چەکەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، نە چەک بە کەس دەفرۆشێت لەعێراق و نە چەکیش لە هیچ کەسێک دەکڕێت بۆ بەکارهێنانیان لە عێراق.فرۆشتنی فراوانی سیستێمی چەک بە سعودیەو وڵاتانی کەنداو زیاتر پەیوەندی بە مەترسییەکانی ئێران هەیە نەک عێراق.

دوورنیە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی هاوپەیمان، هەندێ چەک و هەندێ تیئوری لەشکری و ستراتیجی لە عێراق تاقی بکەنەوە، بە تایبەتی لە دژی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان نەک لە دژی هەموو وڵاتانی ئیسلامی. وەکو سەرۆک بۆش و ئوسامە بن

لادن چەندین جارگوتوویانە شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان بڕیاردەردەبن لە شەڕی نێوان هەردوولادا.

*** ئایا شەڕی ئەمڕۆی عیراق دەتوانین ناوبنێین شەڕی جیهانی ئیسلامیو ئەمریکا؟**

– نەخێر، ئەوە راست نیە. ئەمە شەڕێکە بۆ رووخاندنی رژێمێکی دکتاتۆری مەترسیدار، پاش رووخانەکەش شەڕێکە لە نێوان هێزی دیموکراتخواز لە دژی هەندێ هێزی ئیسلامی توندڕەو کە دەیانەوێت بە زۆر دەوڵەتێکی ئیسلامی فاشستانە لە عێراق دامەزرێنن. ئەم شەڕە بە هیچ شێوەیەک بە لای منەوە نابێت پێی بگووترێت شەڕی نێوان ئیسلام و ئەمریکا، بۆچوونێکی لەو شێوەیە چەواشەکردنی راستیەکانە بە مەبەست.

*** فەرامۆشکردنی ئەوروپا لە لایەن سەرکردایەتی کورد، تۆ چۆنی تێدەگەیت؟ ئایا تۆ ئەمە بە فشاری ئەمریکا لێک نادەیتەوە؟**

– پێش هەموو شتێک، سەرکردایەتی کورد بە تەواوی ئەوروپای فەرامۆش نەکردووە. پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیاو یەکێتی ئەوروپا بە گشتی باشە. دەکرێت بەهێزتر بکرێت. لەگەڵ هەندێ وڵاتیتریش وەکو هۆڵەندا و سویسرا، هەروەها پەیوەندیشیان لەگەڵ روسیاخراپ نیە.ئەم رەوشە بە هیچ شێوەیەک لە ژێر فشاری ئەمریکا نەهاتۆتە گۆڕێ. بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە تازەیی و کەموکوڕیی حکومەتی هەرێمەوە هەیە.

*** پرسیارەکانم بەم پرسیارە تەقلیدی‌یە کۆتایی پێدێنم، ئایا تۆش بەرامبەر بە ئایندەی رۆڵی ئەمریکا لە کوردستان نیگەرانیت؟**

- نەخێر، هیچ نیگەران نیم. بە پێچەوانەوە ئەمریکا جێگای ئومێدێکی زۆرە لە لام. لەبەرئەوەی بوونی هێزی ئەمریکا لە ناوچەی ئێمە، گەلی ئێمە لە هێرشە دڕندەکانی ئیران و تورکیاو سوریا و هێزی توندڕەوی عەرەبی ناسیونالیست و ئیسلامی لە عێراق دەپارێزێت، لە مەترسییەکانیش دووری دەخاتەوە. هەروەها زەمینە خۆش دەکات بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابووری و ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا. مانەوەی هێزی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی‌تری ئەوروپا لە عێراق و کوردستان دەبنە فاکتەری پاراستن و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان و گەلەکەی، هەروەها هۆی بە هێزبوونی دەسەڵاتی کوردی لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ‌یە.

ماوەیەکی زۆر بوو، سەرکردایەتی کورد هەوڵی دەدا کێشەی خەڵکی کوردستان بهێنێتە ئاستی جیهانی‌و پشتیوانی لە هەندێ هێزی گەورەی جیهان وەربگرێت. بە رای من ئێستا ئەو ئاواتە هاتۆتەدی و دەبێت بە هەموو شێوەیەک ئەو پەیوەندییە بپارێزرێت و گەشەی پێ بدرێت.

**لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە**
**سازدانی؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید**

# شۆڕش و ڕاپەڕینی سوریا

*** بارودۆخ لە سوریا بەرەو خراپی و ئاڵۆزی زیاتر هەنگاو دەنێ، هۆکاری ئەمە چییە ئایا تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چین و روسیا و ئێران پشتیڕژێمەکەی ئەسەد دەگرن یان هۆکاری ناوخۆیی کاریگەری زیاترە؟**

– دەتوانین هۆیەکانی ئاڵۆزی و خراپی رەوشی سوریا و مانەوەی بەشار ئەسەد لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە: یەکەم: شۆڕش و راپەڕینی سوریا لە شارۆچکەیەکی بچکۆلەوە کە دەرعا بوو دەستپێکردووە لەبری ئەوەی لە حەلەب یان دیمەشقەوە دەستپێبکات بە بەراوردلەگەڵ تونس و میسر. هۆی ئەمەیش بەستنی بژاردەی ئابووری و بازرگانی سوریا لەم دوو شارە لەگەڵ دەسەڵات زۆر بەهێز بوو، هەتا رەوشی ئابووریلە سوریا تێکنەچوو جموجۆڵی دژ بە حکومەت لەم دوو شارە زۆر کەم بوو، بەڵام ئێستا رەوشەکە زۆر جیاوازە. دووەم: لە میسر و تونس سوپای ئەو دوو وڵاتە وەکو دامەزراوەی دەوڵەتی قبوڵیان نەبوو تەقە لە هێزی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەر بکەن و راسپاردەکانی دەسەڵاتبەتەواوی جێبەجێ بکەن، بەڵام لە سوریا لەشکر و سوپا وەک دەزگایەکی ژێر کۆنترۆڵی عەلەوییەکان هەر دڵسۆزی رژێمە و شەڕی مان و نەمانی بۆ دەکاتلەگەڵ ئەوەی زیاتر لە (١٢٠.٠٠٠) سەد و

بیست هـەزار سـەرباز وازیـان هێنـاوە و چوونەتـە ریزەکـانی ئۆپۆزسـیۆنەوە بـەناوی لەشـکری ئـازادی سـوریا.

سـێیەم: لەبەرانبـەری ئـەوەی کـە ئێـران و روسـیا و عێـراق و حزبـوڵڵای لوبنـانی پشـتگیری زۆری ئـابووری و دیپلۆماسـی و سـەربازی و سیاسـی رژێمەکـەی بەشارئەسـەد دەکـەن، کـەچی وڵاتـانی عـەرەبی و رۆژئـاوا بەشـێوەیەکی بـاش و بـەهیز پشتگیری ئۆپۆزسیۆنی سـوریا ناکـەن لەگـەڵ ئەوە ی تورکیـا و قەتـەر و عەرەبستانیسـعودیە پشـتگیری باشـیان کـردوون، بەڵام بەشێوەیەکی کاریگەر نەبووە. هەروەها قەتـەر و سـعودیە لەجیاتی ئەوەی یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی عەلمانی و دیموکراتبدەن یارمـەتی هێـزە ئیسـلامی و سـەلەفییە تونـدڕەوەکان دەدەن، ئەمەیش رۆڵێکی سلبی هەبوو لەسەر هەڵوێستی هێزە عـەلمانی و دیموکراتەکان لە سوریا، لەگەڵ کەمایەتی ئایینی و نەتـەوەیی وەکو دروز و کریستانەکانو کورد.

چوارەم: لاوازی و پەرتوبڵاوی هێزی ئۆپۆزسیۆنی سـوریا و درەنگ یەکگرتنەوەی ریزەکانیـان لەسـەر بەرنامەیـەکی روون و ئاشکرا و نەچوونیان بۆ نـاوەوەیوڵات بەمەبەسـتی دامەزرانـدنی بنکەیەکی ئازاد بۆ خۆیـان زۆر زیـانی بـەوان گەیانـدووە، لەگـەڵ ئـەوەی زیـاتر لـە ٧٠%ی خـاکی سـوریا لەدەسـتی رژێمەکـەی ئەسەددا نەماوە.

پێنجـەم: بـەهێزبوونی هێـزی ئیسـلامی تونـدڕەو بـەناوی جۆراوجـۆر بەتایبـەتی بـەرەی نوسـرە (جبهـە النصـرە) کـارێکی وایکردووە کە زۆربەی جەماوەری خەڵکە سوریا پاشەکشـەیان

کردووه و وەکو جاران بەدڵ و گیان پشتگیری لە ئۆپۆزسیۆن نەکەن لەگەڵ ئەوەی بەردەوامن لە خەبات و تێکۆشان بۆ روخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەد.

شەشەم: درێژەکێشانی شەڕەکە و ئاڵۆزییەکانی بەرەو شەڕێکی تایەفەگەری لەجیاتی خەباتێکی ئاشتیانە بۆ رووخانی رژێم و هێنانەکایەی سیستمێکی دیموکراسی بۆ سوریا هۆکارێکی ترە.

*** زۆر باس لەوە دەکرێ بەهاری عەرەبی یان ئیسلامی لەسەر سنوورەکانی دیمەشق تێکشکاوە یان کۆتاییهاتووە، ئەمە تاچەند راستە؟**

– بەبۆچوونی من جارێ زووە بۆ وەرگرتنی نەتیجەیەکی وا، ئەمە پرۆسەیەکی مێژووییە و چەندین ساڵی تریش دەخایەنێ، بەڵام دەتوانم بڵێم کە بەهاریئیسلامی بەتەواوی کەوتە لەرزین پاش لادانی مورسی لە میسر و جموجوڵی ئۆپۆزسیۆن لە تونس لەدژی دەسەڵاتی ئیخوان لەو وڵاتە. بەباوەڕی من خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی لەو وڵاتە هەر بەردەوام دەبێت، رژێمی ئەسەدیش هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کورت سوودی لەو رووداوانە وەرگرت،بەڵام هەر بەرەو نەمان دەڕوات. ئەم ئەزموونەی میسر و تونیسش لە بەرژەوەندی هێزی عەلمانی و دیموکراتی لە سوریا دەبن.

*** ئەگەر باس لە رۆڵی چەندین لایەن بکەین پەیوەندیدار بەشۆڕشی گەلانی سوریاوە، بۆ وێنە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆچی ئەم رێکخراوە بەهێزی خۆ و تەواوەتی دەخالەتی لەم کێشەیە نەکردووە؟**

- کاری نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایش هەر لە رۆژی یەکەمەوە ئیفلیج کرا بەڤیتۆی روسیا و چین، ئەوەیش چەند هۆیەکی هەبوو وەکو: یەکەم: روسیا و چین گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە وڵاتانی رۆژئاوا لە مەسەلەی لیبیا فێڵیان لێکردن.

دووەم: روسیا و چین دژی ئەوە وەستانەوە کە وڵاتانی رۆژئاوا خەریکن و دەیانەوێ نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن بێ ئەوەی راوێژیان پێبکەنوبەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو بگرن.

سێیەم: روسیا و چین لە دەرەنجامی ئەم جۆرە بڕیارانە دەترسن کە لەدوارۆژدا دژی کەیس و کێشە ناوخۆییەکانی خۆشیان بەکاربهێنرێن لەسەر پێشێلکارییەکانیمافی مرۆڤ و چەوساندنەوەی هەندێک کەمایەتی نەتەوەیی وەکو تبتییەکان و سینکیانگ لە چین و ناوچەکانی قەوقاس لە روسیا.
چوارەم: روسیا و چین لەئاکامی هاتنە سەرکاری هێزی ئیسلامی لەو وڵاتانە دەترسن بەوەی لەدوارۆژدا کاریگەری هەبێت لەسەر مسوڵمانانی ناوخۆیوڵاتەکانیان.
پێنجەم: روسیا بەرژەوەندییەکی زۆری ئابووری و سەربازی و ستراتیژی لەگەڵ سوریای ئەسەددا هەیە و هەموو هەوڵێک

بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەی دەدات. هەرچەندە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و رۆژئاوایش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەوڵی زۆر دەدەن بەوەی کە هەندێ متمانە بە روسیا بدەن بۆ پاراستنیبەرژەوەندییەکانی لە سوریای ئاییندە، بەڵام هێشتا بەتەواوی قەناعەتیان نەهێناوە. بەڕای من نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵەی گەورەیان کردووە لە سوریا، ئیمکانی ئەوە هەبوو چاودێرەکانی لە سوریا بهێڵێتەوە و بگرە زیاتریشیان بکات، چونکههەندێ ئەزموونی مێژوویی هەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت هەنگاوبنێت تەنانەت ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایشیش نەتوانێت بڕیارێکی یەکگرتوو دەربکاتئەویش ئەگەر ئەنجومەنی گشتی یان سکرتێری گشتی بگەنە ئەو نەتیجەیە کە ئەو رەوشە مەترسی لەسەر ئاسایش و ئاشتیی جیهانی دروست دەکات. هەنگاویلەمجۆرەیش لە کوریا و کۆنگۆ و کۆسۆڤۆ و بۆسنیا گیراونەتەبەر.

*** بەڵام فاکتەری هەرێمایەتی بۆ نموونە ئێران و تورکیا هەست پێدەکرێت کە هەر یەکەیان بەئاڕاستەی پێچەوانە دەیانەوێت باڵانس و هاوکێشەی سوریابگۆڕن، ئەمە ئاراستە و دەرەنجامی شۆڕشەکە بۆ کوێ دەبات؟**

- گومانی تێدانییە کە دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمایەتی بۆ ناو ئیشوکاری سوریا رەوشەکەی بەتەواوی ئاڵوزکردووە، ئینجا ئەم دەستتێوەردانە لەلایەن تورکیا، ئێران، قەتەر، عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی خەلیج، هەروەها ئیئتیلاف و ئۆپۆزسیۆنی سوریایش ئەوەندە بەهێزنین کە سەربەخۆیی

خۆیان بپارێزن.ئێرانیش باش دەزانێت کە رەوشی ستراتیژی لەناوچەکەدا بەتەواوی تێکدەچێت ئەگەر رژێمی ئەسەد بڕوخێت، بۆیە بەهەموو توانایەک هەوڵدەدات ئەو رژێمەبپارێزێت، تورکیا و وڵاتانی کەنداویش مەبەستیانە تۆڕی شیعە لە ئێران بۆ عێراق و سوریا و لوبنان تێکبشکێنن. بۆیە شەڕەکە بووە بەشەڕێکی هەرێمیی لەسەرحسابی گەلانی سوریا و شێوەی شەڕێکی درێژخایەنی لەخۆگرتووە. لەئەنجامدا دوورنییە تەنیا چارەسەر بۆ کێشەی سوریا چارەسەرێکی سیاسی و دیپلۆماسی بێت، مەگەر لەپڕێکدا رووداوێکی چاوەڕواننەکراو رووبدات.

*** قسە لەسەر رۆڵی ئەمەریکایش هەیە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت ئەمەریکا تاوەکو ئێستا لەگەڵ مانەوەی بەشار ئەسەدە و ئیسرائیلیش بەهەمان شێوە، ئەمە تاچەند لەگەڵ واقیع یەکدەگرێتەوە؟**

- ئەوەی من ئاگام لێیەتی، ئەمەریکا و ئیسرائیلیش بڕیاری یەکلاییکەرەوەی خۆیان داوە بۆ گۆڕینی رژێمەکەی ئەسەد، بەڵام هەرلایەک لەبەر هۆی ناوخۆیی هەنگاوی جۆری و یەکلاییکەرەوە نانێن. ئەمەریکا لەبەر رەوشی ئابووری وڵاتەکەی، هەروەها لەبەر شەڕی عێراق و ئەفغانستان خەڵکی ئەمەریکا ناخوازن وڵاتەکەیان بچێتە شەڕێکی ترەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بۆیان دیارنییە کە رژێمی بەدیلی رژێمەکە ئەسەد چی جۆرە رژێمێک دەبێت، ئایا دۆست یان دوژمن دەبێت؟ بەڕای من ئەمەریکا هەڵەیەکی گەورەی

کرد کە هەنگاوی زۆر خێرای نەهاویێشت بۆ گۆڕینی رژێم لە سوریا، هەروەها وڵاتانی تری رۆژئاوایش ناتوانن بەبێ ئەمەریکا هەنگاوی کاریگەر بنێن بەو ئاراستەیەدا. لەسەرەتاوە ئەمەریکا گوتارێکی سیاسی بەهێزی بەکارهێنا، بەڵام هەنگاوی کرداریی لەگەڵ نەبوو، بۆیە روسیا و چین توانیویانە تەمەنی رژێمەکەی ئەسەد درێژبکەنەوە و سوود لە سیاسەتی خاوی ئەمەریکا وەربگرن. ئێستا هەندێک ئاماژە هەیە بۆئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر روسیا و سوریا و ئێران بگۆڕێت، بەڵام مەرجیش نییە ئەمە رووبدات. بۆ ئیسرائیل گرفتی بوونی چەکی ئەتۆمی ئێران گرنگترە لە گۆڕینی رژێمی سوریا، هەروەها مەترسی لەوەیش هەبوو کە هاوشێوەی میسر لەوێیش رژێمێکیئیخوانی بێتە سەرکار، ئەوکاتە لەلایەن سوریا و حەماس و میسرەوە دەورە دەدرا، بەڵام ئێستا کە رژێم لە میسر گۆڕدرا و مورسی لەسەر کار لابرا دەتوانێت هەنگاوی بەهێزتر بنێت لە دژی رژێمی سوریا.

*** با هەندێک باس لە پێگەی کورد لەسەر ئاستی سوریا بکەین، تۆ ئەو پێگەیە چۆن دەبینی؟**

- زۆر بەداخەوە هێزەکانی کوردستانی سوریا، چی ئەوانەی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا و چی پەیەدە و چی دەزگای باڵا، دەرفەتی مێژوویی گەورەیان لەدەستدا لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:

یەکەم: بەنەچوونیان بۆ ناو ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا، خۆیان لە ٣ شت مەحروم کرد:

- کـەناڵی سیاســی و دیپلۆماســی لەگـەڵ کۆمـەڵگای جیهـانی.
- وەرگرتنــی یارمــەتی مرۆیــی بــۆ ناوچــە کوردنشــینەکان.
- بەشداربوون لـە بڕیارە گرنگەکان لـەناو ئەنجومـەن لەسـەر ئایندەی سوریا.

دووەم: سەرنەکەوتن لەپاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی خۆیان و دامەزرانـدنی دەزگـا و ئۆرگـانی یـەکگرتوو بـۆ پەیوەنـدییکردن لەگــەڵ ئۆپۆزســیۆن و کۆمــەڵگای جیهــانی، هــەروەهــا بــۆ بەڕێوەبردنی ناوچە رزگارکراوەکانی خۆیان. هەربۆیەشە پاش دوو ساڵ و نیوێک لەدەستپێکردنی شۆڕشی سوریا، پەراوێز و فــەرامۆش کــراون، لەبــەر نــەبوونی بەرنامەیــەکــی دیــار و یـەکگرتوو. بۆیـە زۆر گرنگـە بەخۆیانـدا بچنـەوە و سـتراتیژێکی نــوێ دابڕێــژن بۆئــەوەی لەهــەموو ئاســتەکاندا کاریگــەرتربن.

* لەســەرەتاوە تـاوەکو ئێسـتا کـورد بـەدوو ئاراسـتە بینـراوە، ئاڕاسـتەی پەیـەدە کـە نزیکـە لـە ئەسـەد و پەکەکـە، ئاڕاسـتەی دووەم حزبەکانی ترە کە وەکو باس دەکرێت یـەکێتی و پارتی کاریگـەرییان لەســەریان زیـاترە، ئەمـە تاچەنـد هاوکێشـەیەکی واقیعی و راستە، رۆڵی لەسـەر پێگـەی کـورد لـە سـوریا چییـە؟

- شیکردنەوەکان بەو شێوەیە راستە و لەجێگای خۆیـەتی، هـەر لە رۆژی یەکەمەوە دیاربوو کە پەیـەدە پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ ئەسـەد ناپچڕێنێت بەتایبـەتی کـە ئامادەنـەبوون ببن بـە ئەنـدام لـەناو ئەنجومـەنی نیشتمانی کورد لـە سـوریا. هـەروەها پەیـەدە رێکخراوێکی سیاسی سـەربەخۆ نییە، بـەڵکو بەشـێکە لـە پارتی کرێکـارانی کوردسـتان و قەنـدیل بڕیـار دەدات کـە ئـەوان چـی

جۆره سیاسەتێک بەڕێوەببەن. هەتا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەستیپێنەکرد، پەیەدە تورکیای بەدوژمنی سەرەکی بۆ کوردی سوریا حساب دەکرد نەک رژێمی بەشار ئەسەد و بەرێککەوتن لەگەڵ ئێران و سوریا ناوچە کوردنشینەکان تەسلیمی ئەوان کران و رێگەیاندا ١٥٠٠ هەزار و پێنج سەد چەکداری پەکەکە لە قەندیلەوە بێن بۆ ئەوێ بۆ بەهێزکردنی پەیەدە لە کوردستانی سوریا، هەروا بەشی هەرە زۆری چەکە قورسەکانی پەیەدە لەلایەن رژێمەکەی ئەسەدەوە پێیاندراوە. مەبەستی ئێران و سوریا لەم هەنگاوە زۆر روون و ئاشکرابوون، ئەویش دوورخستنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەناوچەکانی کوردنشیندا بەتایبەتی کە لەوکاتانەدا بەرنامەیەک هەبوو بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام و دژەفڕین لە کوردستانی سوریا لەلایەن وڵاتانی تورکیا و رۆژئاواوە. پەیەدە بەڕەسمی چووە ناو ئۆپۆزسیۆنی سەر بە حکومەتی سوریا بەناوی (هیئە التنسیق) بەناوی ئەوەی کە نە سەر بە حکومەتن و نە سەر بە ئۆپۆزسیۆنیشن، هەروەها بەناوی ئەوەی کە ناوچەکانی کوردنشین دەپارێزن رێگەیان نەدا کە هیچ هێزێکی تری کوردی نە چەکداری هەبێت نە بەشێوەیەکی ئازاد و دیموکراسیانە خەباتی سیاسی خۆی بکات تەنیا ئەو هێزانە نەبێت کە سەر بەخۆیان بوون و پاش دامەزراندنی دەزگای باڵاش هەمان سیاسەتیان بەڕێوەبرد و سیاسەتی ترس و تۆقاندنیشیان بەرانبەر بەهێزە کوردییەکانی تر بەڕێوەبرد. ناوبەناو یان سەرکردەیەکی کورد دەکوژرا یان

بارەگای حزب و لایەنێک دەسوتێنرا بەشێوەیەکیگومانلێکراو، هەتا جینایەتە گەورەکەیان لە عامودا لەکۆتایی حوزەیرانی ئەمساڵدا بەکوشتنی ٦ گەنج وبریندارکردنی ١٦ هاوڵاتی سیڤیل و گرتن و ئەشکەنجەدانی ١٠٠ کەس لەخۆپیشاندەرانی بێ گوناە ئەنجامدا. لەلایەکی تریش هێزەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا هەر ناکۆک بوون و نەیانتوانی دەزگاکەی خۆیان بخەنەگەڕ و هەمووکات زۆر درەنگ هەنگاویان دەنا بەرانبەر رووداوە گرنگ و گەورەکانی ناوچەکە. بەمشێوەیە خۆیان پەراوێزکرد و رێگاشیان خۆشکرد بۆ زاڵبوونی پەیەدە بەسەر رەوشەکەدا. بۆیە ئێستا لەبری ئەوەی ئازادی و دیموکراتی لەناوچە کوردنشینەکان هەبێت، پەیەدە رژێمێکی تۆتالیتار و دژە دیموکراتی لە کوردستانی سوریا دامەزراندوە. هەروەها لێپرسراوێتی یەکێتی و پارتیش لەم رەوشەدا هەیە، بەناوی ئەوەی شەڕی براکوژی لە کوردستانی سوریا روونەدات (کە ئامانجێکی زۆر پیرۆزە)، فشارێکی زۆریان نەخستە سەر پەیەدە بۆ گۆڕینی هەڵوێست و رەفتارەکانی خۆی. لەهەمانکاتدا لەجیاتی ئەوەی هەموو پێکەوە یارمەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا بدەن و بەهێزی بکەن، هەر لایەنە و بەجیا یارمەتی دۆستەکانی خۆیان دەدا، هەروەها لەجیاتی ئەوەی هەڵوێستێکی مەوزون و مەعقول بەرانبەر هێزەکانی رۆژئاوا بگیرێتەبەر سیاسەتی یەکلایەنەیان وەرگرت کە بووە هۆی بەهێزکردنی پەیەدە لەسەر حیسابی لایەنەکانی تر.

*** دەبینن پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریا کە لایەنی عەرەبی تیایدا باڵادەستە لەگەڵ لایەنە کوردییەکان بەتایبەت پەیەدە تەندروست نییە، تورکیایش فشار دەهێنێت، کورد لەم نێوەدا دەتوانێت چی بکات؟**

– ئێستا سەرکردایەتی ئەنجومەنەکە گۆڕاوە و هەوڵدەدات بارودۆخی خۆی باشبکات، سەرۆکی پەیەدە و پارتی لە کوردستانی سوریا بەیەکەوە سەردانی تورکیایان کردووە و هەروەها دوورنییە تارانیشزەمینە خۆش بکات بۆ رێککەوتنێکی گشتی و باشتر چی لەناو هێزە کوردییەکان و چی لەناو ئەوان و ئۆپۆزسیۆنی سوریا. هەرچەندە زۆری خایاند، بەڵام هەر درەنگ نییە.

*** شەڕی تیرۆریستان و لایەنی کوردی ئاکامەکەی بەکوێ دەگات؟**

– وەکو ئاگادارم ئەم شەڕانە هیچ پەیوەندی بەپرسی نەتەوەییەوە نییە، بەڵکو لەسەر کۆنترۆڵکردنی بیرە نەوتییەکان و خاڵە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراق و تورکیایە، واتە لەبەر داهاتی داراییە و ئەمەیش شەڕەکانی کوردستانی عێراق لەسەر داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیلی کوردستانی عێراقم بەبیردێنێتەوە، زانیارییە وردەکانیش بەو شێوەیە کە چی بەرەی نوسرە و چی پەیەدە نەوت بە حکومەتی سوریا دەفرۆشن. بەری نوسرە لەبیرەکانی جبسیە و دیر الزور و پەیەدەش لە بیرەکانی رومێلان و تل کۆچەر. بەگشتی شەڕەکە

زیانی زۆری بۆ لایەنی کوردی و ئۆپۆزسیۆنی سوریایش هەیە و تەنیا رژێمی سوریا قازانجی لێدەکات. بۆ ئاگاداریشتان بەوجۆرەی رۆژنامەنووسێکی هۆڵەندی بەناوی (ڤلادیمیر فان فیلکینبۆرگ) کەوا کوردی و عەرەبی دەزانێ و لە هەولێر دادەنیشێ لە رۆژی ٢٠١٣/٨/١٣ لە نووسینێکدا لە رووداوی ئینگلیزی دەڵێت؛ کە دوو لەو ڤیدیۆیانەی پەیەدە بڵاوی کردوونەتەوە درۆ و ساختەن. یەکێکیان هی ساڵی ٢٠٠٨ە کە رێکخراوی قاعیدە هەندێک عێراقی دەسوتێنێ و ئەویتریشیان هی نیسانی ٢٠١٣یە کە هێزی لەشکری سوریا بۆمبارانی گوندێکی کوردی دەکات بەناوی (تل حداد) و تیایدا ١٦ کوردی سڤیل دەکوژرێن. لەهەمانکاتدا هەندێک شیکەرەوەی ئەمەریکی نووسیویانە کە ئەم شەڕانە لەلایەن پەیەدەوە لەسەر راسپاردەی ئێران و سوریا دەستپێکراون، هەر بۆیەشە ئێران و روسیا وا بەهەڵەداوان و بەشێوەیەکی بەهێز هاوار بۆ پەیەدە دەکەن و پشتیوانی لێدەکەن (تەماشای بۆلیتینی ئەلیکترۆنی (**mesop**) بکەن، کە لە ئەڵمانیادەردەچێت هی رۆژی ٢٠١٣/٨/٧)، بەگوێرەی ئەو نووسینە حکومەتی سوریا سوودی لە حزبوڵڵا وەرگرتووە بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی (القصیر) و سوودی لە پەیەدە وەرگرت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەناوچە کوردنشینەکاندا.

*** دەوترێت ئەوە شەڕی تورکیا و پەکەکەیە، بەڵام بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێت؟**

- بەڵێ لەسەرەتادا وابوو، بەڵام ئێستا خەریکە هاوکێشەکە دەگۆڕێت.

*** بەم دواییانە ساڵح موسلیم سەرۆکی پەیەدە سەردانی تورکیای کرد، ئەو سەردانە چی مانایەکی لێدەخوێنیتەوە؟**

- وەکو پێشتر باسمکرد ساڵح موسلیم ئێستا لە تورکیایە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و میتی تورکیا، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ عەبدولحەکیم بەشار سەرۆکی پارتی لە سوریا و ئیبراهیم برۆ سەرۆکی پارتی یەکێتی لە سوریا چووە.بەڕای من ئەوە هەوڵێکی تورکیایە بۆ راکێشانی پەیەدە بۆ ناو ئۆپۆزسیۆنی سوری، بەڵام نازانم لەوەدا سەرکەوتوو دەبن یان نا؟ دووریش نییە پەیوەندی بە پرۆسەی ئاشتییەوە لەناو تورکیا هەبێت.هەندێ شیکەرەوەی تر لە ئەوروپا واتێدەگەن ئەمە هەوڵێکە لەلایەن تورکیاوە بۆ رێککەوتن لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی سوریا بۆ قۆناغی پاش ئەسەد.

*** دروستکردنی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان خەونە یان زەمینەی دروستکردنی هەیە؟**

- دروستکردنی حکومەت بەهەنگاوێکی ناواقیعی و نامەعقول دەزانم، بەڵام ئیمکانی ئەوە هەیە بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی دروستبکرێت ئەویش لەشێوەی ئەنجومەنی شار و دێهاتەکان بەشێوەی ئازاد و دیموکراتیانە و نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدابێ وەکو کورد و عەرەب و کریستیان و ...هتد، نەک تەنیا

یـەک لایـەن هـەموو شـتێک دروسـتبکات و بڵێـت وا حکومـەتم دانـــاوە. ئەگـــەر ئـــەم ئەنجومەنانـــە بەشـــێویەکی دیمـــوکراتی دروســـــتبکرێن، شــــەرعیەت بەنوێنەرایـــەتی خــــەڵک دەدات و ڕێگـایش بـۆ ئـەوە خۆشـدەکات کـەوا کۆمـەڵی نێـودەوڵـەتی یارمەتیان بدات و پەیوەندییان لەگەڵ بگرێت، بەڵام ئەگـەر تـەنیا پەیەدە ئەو کارە بکات ئەوا هیچ لایـەنێک ئامادەنییـە هاوکارییـان لەگەڵ بکات جگە لە روسیا و ئێران و رژێمەکەی ئەسەد.

**چاوپێکەوتنی: خەڵەف غەفور**